# پایزەساڵ

ڕووداو و یاداشت

لە ٢٣ی یونیۆی ١٩٩٢ تا ٢٣ی یونیۆی ١٩٩٣

نووسینی: شێرزاد هەینی

ناوی کتێب: پایزەساڵ

نووسینی: شێرزاد هەینی

بابەت: ڕووداو و یاداشت

نەخشەسازیی : هونەر عوسمان

قەبارە : (١٤*٢١)، ٢٤١ لاپەڕە

نۆبە و ساڵی چاپ: چاپی یەکەم/ ٢٠١٩

شوێنی چاپ : ناوەندی سارا _ سلێمانی

تیراژ: ٥٠٠ دانە

نرخ : ٥٠٠٠ دینار

پایزەساڵ

ناوەندی سارا

بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە

سلێمانی_بازاڕی ئاوباریك

٠٧٥١ ٥٣٨ ٣٥٠٥

SARA CENTER

BookShop - prenting - cafe

# بۆچی پایزەساڵ...؟!

لــەناو کتێبخانــە گچکەکــەم، بــەردەوام دەفتــەرێکی تایبــەتی خــۆمی رۆژانەی ساڵانی پاش راپەرین دەکەوتە بندەستم، دەستم درێژدەکرد، بۆ رۆمانەکەی حیسام بەرزنجی (نۆڕینگ) تا بیخوێنمەوە، دەفتەرە دەموچاو بەتۆزەکــە، خــۆی نیشــاندەدام، دیوانــە شــیعرییەکەی "کــەریم دەشــتی"یم دادەنایــەوە، دووبــارە دەفتــەرە رەنــگ رەساســییەکە چــاوە گریاوەکــانی نیشاندەدام. لە پسولەیەک دەگەڕام، لەکۆنە سیدییەک، ئەو دەفتەرە پایزییە خشــەی دەهــات، داوای دەکــرد بینووســمەوە، منــیش لــەدڵی خۆمــەوە دەمگوت: ئەوە تۆشم نووسیوە و بڵاومکردەوە، ئەدی دەفتەرە زستانییە بەرگە ڕەشەکە! ئەوەی بۆنی خوێناوی و دووکەڵی شەڕە ناشیرینەکەی براکوژی پێوەیە! ئەدی ئەو دەفتەرەی بەرگی کەسکە، بۆنی گوڵاوی راپەرینی شکۆداری پێوەیە.

بۆیە دوودڵ بووم نەمدەزانی کامیان بنووسمەوە، بەڵام ئەو دەفتەرە پایزییــە ئامــادەبوو، لەبــەرچاوان بــوو، کــورد گوتوویــەتی: ئــەوەی لەبــەر چاوانــە لەبــەر دڵانــە، بۆیــە بەبــەردەوامی وەک خــۆی و دەقــاودەق دەفتەرەکەم نووسیەوە. بەنووســینی دێرەکــانی تــووڕە دەبــووم. مانــدوو دەبــووم. شــانازیم پێوەیــان دەهــات. هەنــدێ لــە دێرەکــانی زۆر دروســت بوون، هەبوو درۆی شاخداربوون. خۆهەڵکێشان و فشــەی زلیشــی تێدایــە. هەواڵی وای تێدایە سەرت سوڕدەمینێت و شاگەشکەت دەکات.

لەنــاو ئــەو دەفتــەرەدا، هــەواڵی تــاریکی بێکارەبــای تێدایــە. بڵاوکراوەی دژونی پیســی بێ ئــاوی تێدایــە. دۆلار دادەبــەزێت و هەڵدەســتێت و پشــتی بازاڕ و میللــەت دەشــکێنێت. بازاڕەکــە چەنــد کەسێــک گەمــەی تێــدا دەکــەن. لەورۆژانــەدا دیــارە ئەفەنــدی پایــەدار و ژنــی خــانم دەســت بــەدوو کیلــۆ

ئاردەوە، لەبازاڕ بەڕیمە بەدووکەڵە شەق و شڕەکان، هەناوی برسی و چاوی ماندووی دەهەژاندن دەگەڕانەوەماڵەوە.

لەو پایزەیە ساڵەدا، هەموو رۆژێ مووچەخۆرەکان، چاوەڕوانی مووچە کەمەکە بوون. ئیمڕۆ دێت یان بەیانی ژمێریارەکە پارە دەهێنێت و مووچەکە دەدرێت. مانگێک پارەکە "پێنجی" دڕاوی رەنگ پەڕیوی نەخۆش بوو. مانگێکی تریش "دەیی" شینی لاوازی ماندووە. هەر ئەوانەش بوون زوو و زۆر وتیان سەری بەرزمان بۆ مووچە نەوی ناکەین. بەلام لەوەتی بەرەی کوردستانی ململانێی دەسەلات و گومرگی دەکرد. لەودەمانە حزبەکان هەموو کۆلان و زۆر لە دەزگاکانیان کردبوو بارەگا.

لەورۆژانەی دانوستان، لەگەڵ رژێم گەرم بوو پاشان کە ساردیش دەبێتەوە. پاش کۆچڕەوەکە دەزگاکان دەگەڕێنەوە. لەورۆژە تاریکانەش ئەو مووچە کەمە، ئەو پارە ماندووە هەر دەدرا، رەنگە یەکێک لە شانازییە گەورەکانی حکومی بەرەی کوردستانی و حزبەکان ئەوە بێت، یەک موچەی فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستانیان نەخواردبێت. هەموویان مانگانە یان دوو مانگ جارێک، یان لەناکاو یان کە وەریان دەگرت بڕوایان نەدەکرد. بەلام هەموویان بەژمارە و بەئینسافەوە دراوە. ئەگەرچی چاوەڕوانی تاڵی لەگەڵدا بوو، ئەگەرچی مووچەکە یەک بەرمیلی نەوتی پێ نەدەهات، یەک فەردە ئاردی کۆنی ئیرانی، جووتێک تایەی کۆنە ئۆتۆمبێلەکانی پێ نەهاتووە، بەلام وەرگیراوە، لە سەر ئیستمارە پان و درێژەکەی قائیمەکە، ئیمزای لەسەرکراوە.

لەو ساڵە پایزەدا، دەستمان بە دەبەی نەوت بوو. شانمان بەقنینەی غازی بوو. تەقەی خۆشی، تەقەی دزی، تەقەی لەناکاو، تەقەی تاقیکردنەوەی چەکفرۆشەکان، تەقەی بەزاوابوون، کە لە حکومەت دەدرا دەستریژی تەقە چەند کەسی پەلاواژ دەکردەوە. تەقە لەبارەگای حزبەکان دەکرا، تەقەی لە سەیتەرەکانەوە، لە بارەگاکانەوە دەکرا.

بەلێزمەش بۆیان دەهات، لەماڵە بەرپرسەکانەوە، لەمزگەوتەکانەوە، لەسەر بەفر دابەشکردن و یارمەتی وەرگرتن و نۆرەی ئاش و ئۆتۆمبێلی بووکێ. لەکاتی نەوت وەرگرتن، لەودەمانەی مامۆستاییەکی بێبەخت قوتابییەکەی لەیەک دوو دەرس ئیکماڵ دەکرد. تەقە بۆ نان و ئاو و ماچ و .... بوو. لەسەر شەقامە گشتییەکان مەڕ، بزن، گا، گیسک، بەرخیان سەردەبڕی و بەناشیرینی، بەپیسی، بەبێزەوقی، بەبێتامی بۆ فرۆشتن هەڵیاندەواسی. لەجەرگەی گۆڕەپانەکان هەرزانتر دەیانفرۆشت. لەناو چایخانەکان چەکی گەورە، گچکە، تەقەمەنی دەفرۆشرا، زۆریش تاقیدەکرایەوە.

سێ کیلۆ ئاردی هەیڤی سووری تورکیمان وەرگرتووە. چوار کیلۆی ئاردی هەیڤی سووری کوێتی، ئیرانی، هێلپی ئەڵمانی، مناڵپارێزی بریتانی، روونی زەیتی دەبلیو پی ئێف، کۆنەجلکی کیری ئیسترالی، شەکری لیبرتی فەرەنسی، تۆچای شیلتەری جیهانی، ئاردمان لەدائیرە، گەنمان لەحزب، سابوونمان لەنووسەران، تایتمان لەمەڵبەند، نیسک و نۆکمان لەرابیتەی ئیسلامی و ... بەسوپاسەوە وەردەگرت. سەدەقە و زەکاتیان داوەتە مامۆستایان، خێریان بە قوتابی زانکۆ کردووە، بووکیان بێ زێڕوجل بەڕێکردووە.

لەو پایزە ساڵەدا، هەموومان زۆرمان بینی، دووشەو و دوورۆژی نۆرەی بەنزینمان لە بەنزینخانەکان گرت. بەنزین هەر نەهات و هەزار قسە و قسەلۆکمان بۆ خاوەنەکان و بەرپرسەکانیش هەڵبەستا. زۆریان راست بوون کەمیان درۆ.

دارستانی کورانانمان بەتەورداس، بەچەقۆ، بەنینۆک دەبڕیەوە. ئوردی و کەڵاوەکانی فەیلقمان تەختکرد. شیراتۆنمان تالانکرد. عاموودەکانمان هەڵقەلاند و مەحەویلەکانمان هەڵوەشاند و گوڵەتۆپەکانمان تاواندەوە و

مس، سفرمان کردە قالب. بەترس، بەقاچاخ، بەپارەیەکی کەم ئاودیو دەکرد.

لەو پایزە ساڵەدا، دکتۆرەکان بەرێگای قاچاغ دەرۆیشتن. بڕوانامە و پارە و ئەزموونەکانیان، بەهەڵدێر، بەدەریا، بەترسەوە وەدەنا. لەو ساڵەدا مامۆستاکانی زانکۆ، زاناکانی فیزیا، کیمیاگەرەکان، پسپۆڕانی ئینگلیزی و عەرەبی رێزمانیان لە دەست قاچاخچییەکانی ئەو رێگا ترسناکەی هەندەران کرد و دەرۆیشتن. راهێنەرەکەی یانەی وەرزشی برایەتی رۆیشت. ئەوانەی لەیاری شەترنج پسپۆر بوون رۆیشتن. ئەوانە جوان و نازدار و بسکرەش بوو شوویان بە کوڕانی دەرەوە کرد و دوورکەوتنەوە، بۆن و مێخەک و تیری تیژی برۆکانیان لەگەڵ خۆیان برد.

لەناو جەرگەی بازاڕدا، منداڵانی ساویلکە دەرمانیان دەفرۆشت. پیر و خوێندەوارەکانیش لە ناو توورفرۆش و تۆڵکەفرۆش و کۆنەفرۆشەکانەوە راچێتەی دەرمانیان دەنووسی. لە گیرفانە قووڵە گەورەکانیانەوە حەب و دەرزیان دەردەهێنا و سوێندیان لەسەر دەخوارد. بەدزی و بەپستەپست بۆ کەسە نەخۆشەکە چارەسەریان دەگوتەوە.

لەو ساڵەدا ماڵ بەتاک و بەکۆ دەفرۆشرا. رۆیشتن بەرەو لیبیا، یەمەن، پاکستان، ئیران، تورکیا، ئۆکرانیاش رەواجیان هەبوو. تەنیا مانەوە و ژیان لە کوردستان رەواجی نەبوو، کارەبای نەبوو، ئاوی پاک نەبوو، لەو شارەدا کەس بڕوای بەهەواڵەکان، بەحکومەتی دڕندەی بەعس و بڕیارەکانی پەرلەمان و کۆبوونەوەکانی مەکتەبی سیاسی و گیرانی بەکرێگیراوەکان و دۆزینەوەی دزەکان و دادگاش نەمابوو. کەس لە ئۆتۆمبێلی خۆی دڵنیانەبوو. تەنیا لە تایەکانیشی مسۆگەرنەبوون. لە دەرمانخانەکەی دڵنیانەبوون. کولێژی ئەهلی کرابۆوە و بڕوایان پێنەدەکرد. تاپۆی کاری جوانی دەکرد و بازاڕ ساردبوو. مەکتەبەکان

هــــەبوون بــــەڵام کتێبــــەکان کــــۆن بــــوون. بکالۆریــــا هــــەبوو، بــــەڵام دەسەڵاتدارەکان پرسیارەکانیان دەدزی، وەڵامەکانیان دەبردە ژوورەوە.

لەو ساڵەدا فرەحزبی هەبووە. دەزگای ڕاگەیاندنی سەربەخۆ زۆر و بۆر بوون. خەڵکیش حەسوودیان بە ڕەوشە سیاسی و ئابوورییەکەشمان دەهات. ئێستگە و ڕاپۆرتەکان گەواهی باشیان لە سەر ئەزموونە ساوەکەمان دەدا. دکتۆرەکان دڵسۆز و برینپێچەکان وریا، دائیرەکان بێ تزویر و سەدان وەفدی ئەمریکی، بریتانی، فەرەنسی، ئێرانی، بەلژیکی، سویدی ... دەهاتن. تەنیا نمایندە و مێوانی موسلمان و عەرەب نەدەهاتن. لەو ساڵەدا هیوا و ورە بەرز بوو، فڕۆکەکانی هاوپەیمان لەدوورەوە و لەئاسمانەوە دیاربوون. جارجاریش کۆپتەرەکان لەپەنایەک دەنیشتن.

خەڵک هەبوو بەو باو هەناسەوە دەژیان لە سەدام و لە حکومەتەوە دەهات. زۆریش لەناوەکەی، لەرابردووەکەی لەکۆمەڵکوژییەکانی، لەشەڕە دوورودرێژە خوێناوییەکانی زۆر ترسابوون، ئامادەی هەموو قوربانییەک بوون، کۆشش گەرم و دڵسۆزانە بوو تا ئەو ئەزموونە کوردییە تێکنەچێت.

پایزە ساڵ بوو، لەو شارەوانییە گەورەیەی هەولێر تەنیا سێ بارهەڵگری کەبسی زەبڵ ئیشی دەکرد. لۆریەکانیش شان دەرپەڕیوو، تایە خوراو، جامشکاو، شوفێر تۆراو، مەکینە سوتاو بوون، یەک بلدۆزەر و دوو شۆفڵ و ... کاریاندەکرد. لەو شارەدا لە قوتابخانەکان نیوە بەشە نەوتی پۆلی مناڵە سەرمابردووەکانیان دەدزی. جامی قوتابخانەکان شکاوبوون. ئاوی خواردنەوەیان پیس. لەو شارەدا بلۆکی کۆن و شیشی رزیو و کۆن و کۆنە دەرگا و پەنجەرەی ئۆردوگاکان دەفرۆشران. دروستکردن و چاککردنەوە کەم بوو، بەڵام رووخاندن زۆرتر و فرۆشتن زۆر و کڕین کەمتر.

وەک ئێستا کەس باجی نەدەدا.گومرگیش کە وەردەگیرا بەزۆربوو. سەنەوییە و مۆڵەتی لێخورین ئۆتۆمبێل نوێ نەدەکرانەوە. مەحەویلەکانی کارەبای گەڕەکەکان زۆر دەتەقی، فەنجانەکان دەشکان، بە بار تێلی کارەبا دەدزرا. دکتۆری پسپۆر، خاوەن عیادە، سۆنەر، ئێکس، موختبەر دەکوژران. یەکێکیان کوشت باشم دەناسی، سی رۆژیش لە مزگەوت لەگەڵیان لە پرسەکەدا بووم.

تەنیا لەبەرئەوەی بڕێک پارەی لەناو کیسەیەک لە مستدا بوو. ئەو پارەکەی نەدابوونێ. کیژێکیان دایە پیرێکی گەردی باکوور، بە پارەیەکی کەم و سەر بە هەوێ، بەبێ ئەوەی پیاوەکە خۆی بێتە ئوردوگاکە. کارمەندێکی کارەبا لەبەرئەوەی دەستەوانەیەکی گونجاوی لەبەر نەبوو، لەسەر عاموودە بەرزەکە بە تێلەکانەوە رەق بۆوە.

بەشانازییەوە رۆژانە رۆژنامەی کوردستانی نوێ و خەبات دەردەچوو. چەندان بڵاوکراوەی تری هەفتانە و مانگانە و وەرزانە ئازادانە دەردەچوون. لە هۆلی گەل، میدیا، رۆشنبیری بەردەوام کۆڕ و کۆبوونەوە و کۆنفراس هەبوو. کوردەکانی باکوور و رۆژهەڵات دەهاتن، جموجۆلی سیاسی، کولتووریان زۆر بوو. لەو ساڵەدا، گرانی شەکر و چا دانیشتن و میواندارییەکان سارد و کەم کردبوو. لەو ساڵەدا، هەموو شەوێ دەیانگوت ئیمشەو حکومەت دێتەوە. پێشمەرگەکان ئامادە و سازبوون. گوندەکان ئاودەدان بەڵام ماندوو و سادە. رێگاکان هەبوون بەڵام خراپ، ماوەیەکی زۆر پردەکەی بەستۆرە لایەکی رووچووبوو، زۆر خەریکی بوون تا توانیان راستی بکەنەوە.

لەگەڵ هەموو تاڵییەکان و ناخۆشییەکان و چاوەڕوانییەکان. دڵمان خۆش بوو، هیوامان بەرزبوو، خۆمان حکومی خۆمان دەکرد. دەمانزانی جارێکی تر سەدام، سوپاکەی و دکتاتۆرییەکەی ناگەڕێتەوە، هاوپەیمانان بەتەنیا جێمان ناهێڵن. هەموو گوندەکان ئاوەدان دەکرێتەوە و شارەکان

دەبنە شاری مۆدریێن و لەناوەوە و لەدەرەوەش دەبینە نمونەی وڵاتێکی هاوچەرخ و پێشکەوتوو. منیش دەمزانی ئەو دەفتەرەشم چاپ دەبێت، وەک هەردوو نامیلکەکەم (هەولێر تا دبلن) و (بەغدا بۆ هەولێر) دەبنە لاپەڕەیەک بۆ مێژووی نوێمان.

شێرزاد هەینی
ستۆکهۆلم ٢٠١٩

# پایزەساڵ
# هەیڤی یەکەم

لەنێوان ٢٣ی یونیۆ تا ٢٣ی یولیۆی ١٩٩٢دا

## ٢٣ی یونیۆی ١٩٩٢

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٢٢ دەرچوو. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٢٢ دەرچوو.

مامۆستایانی هەولێر کە مانیانگرتبوو، مووچەی مانگێکیان وەرگرت، پارەکەش ٦٠% پارەی ئەسلی بوو، تەلەڤزیۆنی یەکگرتن داوای لێدەکردن بەردەوام بن، داوای دەکرد تەواوی پارەکەیان ئەسلی بێت، بۆچی پارەی عادییان دەدەنێ، لەناو بانکی رەشید قسەی لەگەڵ ئەو بەڕێوەبەری قوتابخانەکان دەکرد کە پارەی مووچەکانیان وەردەگرت، ئەوانیش گلەیی لە یەکێتیی مامۆستایان هەبوو، سەرۆکی حکومەتیش بەڵێنی پیدابوون بڕێک ئەرزاقیان بۆ دابین بکات، لە تەلەڤزیۆنی پارتی فەرەنسۆ هەریری لەسەر ئەو مەسەلەیە قسەی کردبوو، لەوێ بەڵێنی دابوو تەواوی مووچەکانیان بۆ دابین بکات.

ئەو کرێکارانەی لە دەواجنی ئەحمەد ئیسماعیل کار دەکەن، بۆ جێبەجێکردنی چەند مەرجێک بۆ باشکردنی گوزەرانیان مانیان گرتووە لەسەر داواکانیان سوورن، لەبازاڕی شێخەڵاش چەند کەسێک بۆ پشتیوان لەو کرێکارانە پشتیوانیان نیشاندەدا.

بەنزینخانـەكانی ناوشـار زۆر بـە كـەمی بـەنزین وەردەگـرن، لەسـەر شەقام و شۆستەكانیش بەنزینفرۆشی دەستی زۆرە، گالۆنی بە ١٠ تـا ١٢ دینـار دەفرۆشـن، ئـەو بەنزینـەش بـەقاچاغ لـە ناوچـەكانی مـەخموور و موسڵەوە دەگاتە هەولیر. لەبازاڕ ئارد گرانە و سەوزە هەرزانە یـەك كیلۆ ئاروو بە ٥٠٠ فلسە.

تـاریق جامبـاز ژمـارە (١٧)ی گۆڤـاری "وڵات"ی پێشكەشـكردم، بابەتەكانی باشن، لەو ژمارەیەدا ئاماژە بەو كراوە چەند گۆڤاری كوردی لە قاجارستان بەزمانی كوردی دەردەچێت، لەو ژمارەیە باسێكی لەسەر كوردستانی سوور تێدایە.

## ٢٤ی یونیۆی ١٩٩٢

(كوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٢٣ دەرچوو.

لەگـەڵ هونەرمەنـد فـەتحی یاریـدەری دەرهێنـەری فیلمـی گەلـەگورگ چووینـە لای سـەرۆكی شـارەوانی هـەولێر تـا یارمەتییـەكیان بـدات، تـا فیلمەكە لە هەولێر نمایش بكرێت، دیارە ئەویش بەڵێنی پێدا. فەتحی لە وڵاتـی سـویدەوە هـاتبوو، ئـەو گـوتی لـە ئـەڵمانیا برادەرانـی پەكەكـە ئامادەییان هەبوو یارمەتیمان بدەن، بەڵام ئێمە بەدەنگەوەیان نەچووین، ئێمـە لەسـەر فیلمەكـە ٢٠ هـەزار دۆلار قـەرزارین، ئەگـەر لـەو فـیلم دەستكەوتمان هەبێت، ئەوە كاری تریشمان پێدەكرێت.

پێكهێنانی كابینەی یەكەم بەسەرۆكایەتی دكتۆر فؤاد مەعسووم دوا كەوت، خەڵكیش لەوەیان نیگەرانە، دیارە حزبەكانی دەرەوەی پەرلەمان هاوكاری ناكەن، بۆیەش ئەندامانی پەرلەمان بێزارن، چاوەڕوانییەكە درێژبوو.

## ٢٥ی یونیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٢٤ دەرچوو.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دانیشتنێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ڤییەنا نیشاندا، رۆژنامەنووسی ناسراوی عێراقی سامی عەلی فەرەج، ئەوەی بەردەوام لە ئێستگەکان دەنگی هەیە و زۆر چالاکە بەرنامەکەی بەناوی (هیئة الارسال العراقیة) بەڕێوەدەبرد.

راگەیاندنی حزبی زەحمەتکێشان وا خەریکن کەناڵێکی ناوخۆیی تەلەڤزیۆنی وەک پەخشی ئەزموونی نمایش دەکەن.

هەواڵەکان وا دەگەیێنێت کابینەی حکومەت پاش جەژن سوێندی یاسایی لەبەردەم پەرلەمان دەخۆن.

چوومە سەناعەی ناو فیتەران لەوێ روون و سویلی ئۆتۆمبێلەکەم گۆڕی، داوای ٥٠ دیناریان کرد زۆرم لا سەیربوو، جاران ئەوە هەر ٥ دیناری دەویست، دیارە دووکانەکەی سەناعە چۆڵە و فیتەرەکان کاریان نییە و ئێواران ناکەنەوە و ئیشیان زۆر لاوازە.

## ٢٦ی یونیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٢٥ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٢٣ دەرچوو.

حکومەتی تورکیا رایگەیاندووە لەسەر رەزامەندی پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ و نارەزایی ١٣٦ دەنگ، مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پاراستنی کوردەکان درێژکردەوە. سلێمان دیمیریلیش راگەیاندووە تا سەدام حوسێن لەسەر حوکم بمینێتەوە ئێمە ئەو هێزەمان قبووڵە.

تەلەڤزیۆنی پارتی گەل دوا یاری فوتبۆلی نێوان دانیمارک و ئەڵمانیا راستەوخۆ زۆر بەجوانی و بەسافی و رەنگاورەنگ نیشاندا، تەلەڤزیۆنی پارتیش بەتەعلیقەوە نیشانیدابوو.

ئاهەنگی دەرچووانی خوێندکارانی زانکۆی سەلاحەددین بەڕێوەچوو. نوێنەری پارتی و یەکێتیی خەڵاتیان بەسەر قوتابییە سەرکەوتووەکان دابەشکرد ، بەڵام دەلیلەکەیان هەر بەزمانی عەرەبی بوو، کیژەکان جلی کوردییان لەبەربوو.

## ٢٧ی یونیۆی ١٩٩٢

دەنگی ئەمریکا: مەسعوود بارزانی رێبەرێکی کوردە، خۆشحاڵە بە درێژکردنەوەی ماوەی هێزەکانی چەکوچی ئامادە لە تورکیا.

## ٢٨ی یونیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٢٦ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٢٨ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا کە تێدا بابەتێکم لەسەر مووچەی مامۆستایان نووسیبوو بڵاوکرایەوە.

کوردستانی نوێ: مانگرتنی ئاوارە کەرکووکییەکان لە سلێمانی پاش نیوەڕۆ کۆتایی هات.

شیعەکانی عێراقی ناو کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن بەراستی لەگەڵ بڕیارەکانی کۆنگرەی ڤییەنادا نین، مەسەلەی مافی چارەی خۆنووسین و فیدراڵییەت بەرێگا چارەیەک نازانن بۆ کۆتایی هاتنی مەینەتەکانی گەلی کورد، ئەوان تەسکبینن و زۆرتر وەک عەروبیەک بیردەکەنەوە، بەراستی وادیارە حکومەتی عێراقی هەندی شیعەکان لەو پێشهاتانەدا سەخڵەت نین.

مامۆستایانی هەرێم هەر یەکە و ١٠ کیلۆ ئارد و ١٠ کیلۆ برنج و ٢ کیلۆ شەکر و دوو کیلۆ نۆک و یەک کیلۆ زەیتیان وەردەگرن.

## ٢٩ی یونیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٢٧ دەرچوو.

ڕاگەیاندنی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەسەرۆکایەتی دکتۆر فؤاد مەعسووم دواکەوت، ئەو بۆ نیشاندانی بۆچوونی خۆی بە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان و کوردستانی ڕاگەیاند و گوتی: دواکەوتنی ڕاگەیاندنی کابینە، بەرنامەی حکومەتەکەمان پەیوەندی بەبوونی ناکۆکی و ململانێیەوە نییە، مەسەلەکە تەنیا مەسەلەیەکی هونەری و سازکردنی کاروبارەکانە و بەس، لە دوو حاڵەت کابینەی حکومەت خێرا و بێ کێشە سازدەبێت، یەکەمیان ئەگەر سەرۆکی کابینە و حزبەکە دیکتاتۆر و تاکڕەو بن. دووەمیان ئەوەیە ئەگەر زۆرینەی کورسییەکانی پەرلەمان بۆ یەک حزب بێت. ئێمە لەو کابینەیەدا حەز دەکەین حزبەکانی تری ناو بەرەی کوردستان و دەرەوەی بەرەش، ئەوانەی لە پەرلەمانیشدا نین بەشدار بن، چونکە ناکرێ چاو لە خەباتی ئەوانیش بپۆشین، ئەوانیش کەم خەباتیان نەکردووە.

ئەلحەکیم دەچێتە کوێت، کۆشش دەکات لەدەرەوەی کۆنگرەی ڤییەنای ئۆپۆزسیۆن ببەستێت.

سەوزە زۆر هەرزانە، یەک کیلۆ تەماتە بەیەک، کوودی، خیار بە نیو دینارە.

بڕیاربوو ئیمڕۆ مووچە وەرگرین، بەڵام پارەکەی مووچەکەیان دایە فەرمانبەرانی قەزاو ناحیەکان.

## ٣٠ی یونیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٢٨ دەرچوو. (ڕێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو، لەسەرکار و بەرنامەی پەرلەمان گلەیی تێدابوو.

تەلـەڤزیۆنی گـەلی کوردسـتان رادەگـەیێنێت کە دانیشـتنی پەرلـەمان لەرۆژی ٢ی یولیۆ، لەسەعات دەی بەیانییدا دەبێت.

بەتیرۆرکردنی سەرۆکی جەزائیر هەموو جیهان نیگەرانە، هەموولایەک ئیسلامییەکان تاوانبار دەکەن.

هەواڵـەکان وا رادەگـەیێنن ئەگـەر حکومـەتی عێـراق رازی نـەبێت ١١٠٠ پۆلیس و کرێکاری فریاکەوتنی نێودەوڵەتی بۆ ماوەیەکی تر لە کوردستان بمینێنـەوە، ئـەوا ئـەمریکا و بریتانیـا و فەرەنسـا ناچـارن بـۆ ئـەو مەسـەلە رێگاچارەسەرییەکی تر بدۆزنەوە.

خـــەڵکێکی زۆر کۆنـــەجلی لەنگـــە دەکـــڕن، بـــەوەش وا نرخەکـــەی بەرزدەبێتـەوە، ئـەو بـازاڕەش خـەڵکێکی زۆر کـاری تێدا دەکـەن و بژێـوی ژیانیان مسۆگەر دەکەن.

## **١ی یولیۆی ١٩٩٢**

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ١٢٩ دەرچـوو. (خـەبات)ی ژمـارە ٦٢٤ دەرچوو، ئێستا هەفتانە دەردەچێت.

ئیمڕۆ بەبۆنەی دەیەمی محەرەم پشوودان بوو.

مـام جـەلال بـە کۆپتـەری هاوپـەیمانان گەیشـتەوە شـاری شـەقلاوە، چەندان گەورە ئەفسەری ئەمریکیشی لەگەڵدابوو.

ئەگەرچی حکومەتی عێراقیش رەزامەندی لەسەر مانەوەی پۆلیسـەکانی نەتـــەوە یـــەکگرتووەکان نـــەبێت، بڕیاردەدرێـــت ئـــەو کارمەندانـــە بـــۆ پێشکەشکردنی جۆرەها شێوەی فریاکەوتن بمینێنەوە.

یەک کیلۆ تەماتە بە ٧٥٠ فلسە، باینجان بە ٣ ، ٥ کیلۆ خیاریش بەیەک دینارە، لە بازاڕ مامەلە بەپارەی عادی ناکرێت.

ئیمڕۆ جیاوازی نێوان پارەی ئەسلی و عادی مووچەی مامۆستایان گەڕاندەوە دەیکردە ١٨ دینار، لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەش ڕێکخراوی هێلپی ئەڵمانی ١٢ کیلۆ برنجیان دایە مامۆستایان.

ڕۆژنامەکانی حکومەت خۆشیان بە ڕێپێوانەکی مامۆستایان دەهات، زۆر بایەخیان پێدابوو.

ڕۆژنامەی (وڵات)ی ژمارە ١٦م بە ٨ دینار کڕی.

ئیمڕۆ سەرم لە لیژنەی ئاسایشدا، لەوێ بینینم کوردی ئێرانی زۆر بۆ پسولەی مانەوە لە هوتێڵەکان راوەستاون، زۆریان جلی کوردیان لەبەردابوو.

## ٢ی یولیۆی ساڵی ١٩٩٢

ڕۆژنامەی (پارێزگاران)ی ژمارە ٣ دەرچوو. بەزمانی عەرەبی و کوردییە.

ئیمڕۆش پەرلەمانی کوردستان بۆ پێکهێنانی حکومەت بۆ ماوەی حەوت سەعات کۆبوونەوە، بەڵام ئەنجامی نەبوو، بۆیە کۆبوونەوەکە بۆ دووڕۆژی تر دواخرا. لەو دانیشتنەدا چەندان ڕۆژنامەنووسی بێگانە دەبینرێن، کامیرای نوێ و سەیریان پێیە.

کەسایەتی نەیاری حکومەتی عێراقی (لیث کبە) بەدەنگی ئەمریکی ڕاگەیاند، لەنزیک بەغدا ئیمڕۆ کودەتایەکی سەربازی کراوە، بەڵام سەری نەگرتووە.

بۆ لەناوبردنی چەکە کیمیاوییەکانی عێراق، دوو کورەی سوتاندنی گازەکان لە پارێزگای موسنا دروستکردووە، بەوەش کارمەندانی پسپۆر لەو مەیدانە دەگەنە بەغدا تا کار لەو بەرنامەیە بکەن.

## ٣ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٣٠ دەرچوو.

تەلەڤزیۆنی زەحمەتکێشان تا عەسرێکی درەنگیش هەبوو، گۆرانی خۆشی بڵاودەکردەوە، خەڵکی زۆریان پێخۆش بوو.

شەو لە تەلەڤزیۆن مام جەلال باسی گرینگی کۆنگرەی ڤییەنای کرد، گوتی: ئەوە یەکەمین جارە کورد بەیەکەوە هاودەنگن لەسەر مافی چارەی خۆنووسین. حکومەتی نەمساش بەڵێنیداوە مەسروفاتی زانکۆی سەلاحەددین بکات، بەکردنەوەی کولێژ و بەشی نوێیش یارمەتیمان دەدەن، دەعوەتی پەرلەمانیش کراین من سێ پەرلەمانتارم لەگەڵدا بوو، ئەوانیش سەعدی پیرە و قادر عەزیز و مام رۆستم بوون.

سنووری حاجی ئۆمەران گیراوە و ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر ئاودیو نابن.

## ٤ی یولیۆی ١٩٩٢

رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٢٩ دەرچوو.

کۆبوونەوەی پەرلەمانی کوردستان لەنیوەڕۆ کرایەوە، ناوی وەزیرەکانی کابینەی یەکەمی حکومەتی هەرێم ئاشکرا، لەو مەراسیمەدا چەندان رۆژنامەنووسی بێگانە مێوان بوون، من وەک پەیامنێری رۆژنامەی ئاڵای ئازادی لەوێ بووم، ژمارە رۆژنامەنووسەکانی خۆمان لە پەنجەی دەست تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام بێگانە بەتایبەتی تورک زۆر هاتبوون، لەو دانیشتنەدا قادر عەزیزی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشان پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری وەرگرتبوو، منیش هەواڵی راگەیاندنی کابینەکەم زوو گەیاندیە رۆژنامەکەمان، بۆ دانیشتنی دووەمی هەمان رۆژ رۆژنامەکەمان دابەشکرد، مانشێتی سەرەوەی نووسرابوو، هاوڕێ قادر عەزیز پۆستی وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری وەردەگرێ،

ئامادەبووان کە رۆژنامەکەیان بینی هەواڵی دانیشتنی یەکەمی پەرلەمانی تێدایە زۆریان لا سەیر بوو، رۆژنامەکەش ژمارە ٢٩ی پێوە بوو.

شەو لەسەر شەرەفی دانیال میتران و بیرنار کۆشنەری میوانی پەرلەمان کاک مەسعوود داوەتێکی گەورەی سازکردبوو، لەو داوەتەی لەیانەی ئەندازیاران سازکرابوو سی پەرلەمانتار و وەزیرەکان و نوێنەرانی بەرەی کوردستانی ئامادەبوون. تیپی مۆسیقای سلێمانیش ئاهەنگەکەی رازاندەوە، ئاهەنگەکە تا سەعات دوازدەی شەوی خایاند.

لە دانیشتنی ئێوارەکەی پەرلەمان دانیال میتران و بیرنار کۆشنەر وتەی کورتی پیرۆزباییان پێشکەشکرد، هیوایان خواست ئەزموونەکە سەرکەوتوو بێت، دەقی قسەکانیشم تۆمارکرد.

## ٥ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ١٣١ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسینێکی کورتم بڵاوکرایەوە. هەر لەو ژمارەیەدا ناوی وەزیرەکانی یەکەم کابینەی حکومەت بڵاوکرایەوە.

هاتنی دانیال میتران و بیرنار کۆشنەری وەزیری تەندروستی و کاروباری مرۆیی فەرەنسی بۆ کوردستان و بەشداربوونیان لە دانیشتنێکی پەرلەمان هێز و پشتیوانییەکی توندی دەگەیاند، خەڵکەکە ئەو میوانداریيان بەگەورە دەزانی، ئەوانیش سەردانی زانکۆی سەلاحەددینیان کرد، سەریان لە شارەکانی رانیە و قەڵادزەش دا.

سەوزە هەرزانە، بۆیەش بەرە و بەغداش دەڕوات، بەڵام کە میوەفرۆشەکان دەگەڕێنەوە، لە سەیتەرەکانی حکومەت بوار نادەن سەندووقەکانیان بگێڕنەوە. سنووری ئێران و سوریاش ماوەیەکە داخراوە، بەتایبەتی سنووری حاجی ئۆمەران زۆر توندکراوە و کۆنترۆڵەکەی بەشێوەیەکە بواری هیچ نادەن، دەڵێن لە ئێران لە راپەڕین

دەترسێن، بەڵام وادیارە پەیوەندی بە شیعەکان و کۆنگرەکەی ڤییەناوە هەیە، ئەوەش ئەنجومەنی وەزیرانی نیگەران کردووە و بەوەش ناڕەزاییان هەیە، بەڵام ئەوەی باشە دەروازەی ئیبراهیم خەلیل کراوەتەوە، زۆربەی کەرەستەکان بەو سنوورەوە دەگەنە کوردستان، تەنها تایەی ئۆتۆمبێل لە ئێرانەوە دێت.

## ٦ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٣٢ دەرچوو.

کۆبوونەوەی پەرلەمان تایبەت بوو بە پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجومەنی وەزیران.

بەرپرسی تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشکنینی دەزگاکانی عێراقی، خاتوو کارت جانسن دەڵێت: نیازم پشکنینی وەزارەتی کشتوکاڵی بەغدایە، بەڵام عێراقییەکان بوارنادەن و دەڵێن ئەوە دەزگایەکی مەدەنییە و هیچ پەیوەندی بە چەکە کۆمەڵکوژەکانەوە نییە، پێویست بە پشکنین ناکات، چونکە ئەوە جۆرێکە لە شەڕفرۆشتن. بەرپرسەکانی تیمەکەش دەرگاداخستن بەرووی ئەوان بەپێشێلکردنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانە بۆ ئاگربەست و شکاندنی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەزانێت، لەلایەن خۆیانیشەوە عێراقییەکان دەست بەوێنەی سەدام حوسێنەوە لەپێش وەزارەتەکە وەستاون و دەرگایان گرتووە و بواری چوونە ژوورەوەی تیمەکانی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان نادەن.

هەندێ رادیۆی ئۆپۆزسیۆن دەڵێن تەقەتەق لەناو شاری موسڵ هەیە.

لەرێگای هەڵەبجە، بۆ کوشتنی دانیال میتران و بیرنار کۆشنەر ئۆتۆمبێلێک دەتەقێتەوە، بەڵام هەردووکیان سەلامەت دەردەچن، لەو رووداوەدا پێنج پێشمەرگە بوونەتە قوربانی، ژمارەی بریندارەکانیش

دەگاتـە ١٩ کـەس، بـەڵام وەفدەکـە لەسـەر گەشـت و سـەردانەکەیان بـۆ هەڵەبجــە و ســەید ســادق و بەســەرکردنەوەی کەمپــەکانی ئاوارەکــان بـەردەوام بـوو، ئـەو هەواڵـە لـە هـەموو ئاژانسـەکان بەبایەخـەوە باسـکرا، هاوسـەری دانیـال میتـران سـەرۆک فەرەنسـوا میتـران بـۆ دڵنیـابوون و سـەلامەتیان تەلـەفۆنی بـۆ کردبـوون، دەزگاکـانی راگەیانـدنی حکومـەتیش بەخۆشـییەوە هـەواڵی کۆششـی تیرۆرکردنـی ئـەو دوو میوانـە پایـەدارە فەرەنسییەیان بەبایەخەوە بڵاو دەکردەوە. خەڵکەکەش بەو رووداوە زۆر نیگەران بوون، وایاندەزانی ئەوە کاریگەری لەسەر کێشە و دبلۆماسییەتی کورد دەبێت.

مـام جـەلال لـە شـەقڵاوە چـاوی بـە دانیـال میتـران و برنـار کۆشـنەر دەکەوێت، لەوێشەوە بە فڕۆکەی هاوپەیمانان بەڕێکرانەوە.

## **<u>٧ی یولیۆی ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٣٣ دەرچوو.

کۆبوونەوەی پەرلەمان بەردەوام دەبێت، وەزیرەکان دەوام دەکەن. لـە رۆژنامـەی ئێـران تـایمزەوە دیـارە ئێـران نیگەرانـە بـە پێکهێنـانی کابینـەی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان، لەورۆژنامەیـەدا پێـی وایـە ئـەو پێشـهاتە هەنگاوێکــە بــۆ دابەشــبوونی عێــراق. حکومــەتی فەرەنســی رادەگــەیێنێت ســەردانی دانیــال میتــران بــۆ کاروبــاری مرۆیــی بــووە و وەزیرەکــەش سەردانەکەی تایبەتی بووە، ئێمە لەگەڵ دابەشبوونی دەوڵەتی عێراقدا نین، بەڵام پشتیوانی لە حوکمی زاتی کوردەکانیش دەکەین

تیمە پشکینەرەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە پێش وەزارەتی کشـتوکاڵ ماونەتـەوە و عێـراقیش سـوورە لەسـەر ئـەوەی کارەکـەیان ناشـەرعییە و بواری چوونە ناو وەزارەتیان نادات.

وەزیری بەرگری ئەمریکی دیک شینی دەڵێ: ئێمە دەزانین شتێک لە بەغدا روویداوە، تەمەنی سەدامیش زۆری نەماوە، لەورۆژانە حکومەت زۆرتر لە ١٣٠ ئەفسەری پلەداری لەسێدارە داوە.

کۆبوونەوەی حەوت دەوڵەتە پیشەسازییەکەی جیهان، رادەگەیێنن کە دەبێ پشتیوانی و پاراستنی کوردەکان و شیعەکان بکرێت.

لە عەنکاوە مینێک لەبن ئۆتۆمبێلیکی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتەقێتەوە و زیانی گیانی نەبووە، بەڵام ئۆتۆمبێلەکە سووتاوە.

رەوشی ئابووری ناو حکومەت خراپە، سنووری ئوردن بواری هاتنی زۆری ئازووخە نادات.

## ٨ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٣٤ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٢٥ دەرچوو.

کێشەی پشکێنەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک خۆی ماوەتەوە و جەماوەری بەغدا بە تەماتەی بۆگەنی پیسیان کردوون، بەڵام ئەوان سوورن لەسەر ئەوەی دەچنە ناو وەزارەتەکە و بینایەکەیان گەمارۆداوە.

حکومەتی عێراقی دیسان باسی کوێت دەکات، وەک پارێزگایەکی عێراقی ناوی دەبات، ئەو قسەیەش لە هەموو ئاژانسەکان بە بایەخ و بەمەترسییەوە باسی دەکرێت.

ئیمڕۆش مینێکی تر بۆ کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەتەقێتەوە و خەڵکی بریندارکردووە.

شوفێری ریمەکانی گۆڕەپانی نیشتمان لە هەولێر مانیانگرتووە و داواکارن شەقامەکانیان بۆ چۆڵ بکەن، چونکە لەبەر دەستفرۆش و عارەبەنەکان ئەوان ناتوانن رێ بکەن، بۆیە کارەکەیان ناچێتە سەر.

## ٩ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٣٥ دەرچوو.

لەگەڵ چەند برادەرێک چووینە پیرۆزباییکردنی قادر عەزیزی وەزیری کشتوکاڵ، ئامادەبووان باسی سەلاحەتی وەزیر و جێگرەکەیان دەکرد و کە وەزیر لە دەرەوە دەبێت کێ جێگەکەی پڕدەکاتەوە، ماوەیەک دانیشتین ئەویش بە گەرمی بەخێرهێنانی کردین.

رێکخراوی مافی مرۆڤی عەرەبی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی کوردەکان و شیعەکان لە عێراق نیگەرانە و بەیانی دەرکردووە.

پوترس غالی سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان بە برینداربوونی دوو کارمەندە نەمساوییەکان لە عەنکاوە نیگەرانە، داواکارە حکومەتی عێراقی سەلامەتیان بپارێزێت و دەڵێت سەلامەتی ئەوان لە ئەستۆی حکومەتی بەغدایە.

سەرۆکی نووسەرانی عێراق لە بەغدا عەبدولئەمیر معلە، سەبارەت بە سەردانەکەی دانیال میتران بۆ کوردستان ناڕەزایی نیشاندابوو.

## ١٠ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٣٦ دەرچوو.

ئەوە چوار رۆژە تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لەپێش وەزارەتی کشتوکاڵی بەغدا چاوەڕوانن بچنە ژوورەوە.

لە دیمانەیەکی هەردوو وەزیری دەرەوەی ئێرانی و هیندی، وەزیری ئێرانییەکە دەڵێت ئێمە دژی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردین لە عێراق.

## ١١ی یولیۆی ١٩٩٢

برادەرێک لە بەغداوە هاتبۆوە، دەیگوت لە سەیتەرەی کەرکوک هەولێر لەناو حکومەت، وێنەی رەنگاورەنگی ژنێکیان لەگەڵ پیاوە بێگانەکانی

نەتـەوە یـەکگرتووەکان نیشـاندەداین گوایـە لـە رەوشـی خراپدا گیـراون، لـەژێـرەوەی وێنەکـەدا نووسـراوە، ئێـوە چـۆن بـەو حاڵەتـە رازی دەبـن، شورەییە بۆتان بەو شێوەیە ئەو جۆرە خەڵکەکە ئیهانـە دەکـەن، کەسـیش ناوێرێت یەک قسەش بکات.

ئیمڕۆ نـەهرۆی برام لـە دهـۆک هـاتبۆوە لەگـەڵ خۆییدا چەند کتێب و بڵاوکراوەیـەکی نـوێ هێنـابوو، لەوانـە ژمـارە ٢ و ٣ ی گۆڤـاری (بانگـا سەرخۆبوون)ی پەکەکە، ژمارە ٦ی بڵاوکراوەی (الاتحـاد) کە یەکێتیی لـە دهـۆک دەریـدەکات،ناميلکـەی (لمحـة مـن تـاريخ الكـرد وكردسـتان) لـە ئامـادەکردنی دڵشـاد و لاوەند لـە بڵاوکراوەکانی حزبی زەحمەتکێشـان و ژمارە ٨ی رۆژنامەی (نەورۆز)ی پاسۆک کە لە بادینان بـەزمانی عـەرەبی دەردەچێت.

گۆڤاری (کەلەپوور) ژمارە ١ی ١٩٩٢ لە سلێمانی دەرچوو.

رۆژنامـەی (پێشـکەوتن)ی ژمـارە ٢٧ ی یەکێتیـی قوتابییـان و لاوانـی دیموکراتی کوردستان دەرچوو. رۆژنامـەی (بـۆ پێشـەوە)ی ژمـارە ٧ و ٨ دەرچوو، هەروەها رۆژنامەی (الى الامام)ی ژمارە ٧ی رەوتی کۆمۆنیست دەرچوو.

## **١٢ی یولیۆی ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٣٧ دەرچوو. (ئاڵای ئـازادی)ی ژمـارە ٣٠ دەرچوو. لەو ژمارەیە چەند کورتە هەواڵ و ریپۆرتاژم بڵاوکرایەوە.

حکومەتی نەمساویی لەسەر برینداربوونی دوو هاوڵاتییە نەمساوییەکە لـە هـەولێر بـانگی سـەفیری عێراق لـە نەمسـا دەکات، نامەیەکی نـاڕەزایی دەداتـە دەسـت. هـەردوو نەمسـاوییەکە گەیشـتنەوە نەمسـا یـەکێکیان چاوەکانی برینداره رەنگە لە ئەنجامدا چاوێکی لەدەست بدات. حکومـەتی عێـراقیش خـۆی لـە بەرپرسـیاریەتی دوورخسـتووتەوە، چونکـە ئـەو

ناوچەیەی ئەوان تێدا بریندداربوون لە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی مەرکزی نییە و دەستیان نایگاتێ، دەڵێت ئەمریکاش بە ناشەرعی هاتووتە ناوچەکە.

کێشەکەی وەزارەتی کشتوکاڵی بەغداش هەر ماوەتەوە و ئەفسەرە بەرپرسەکەی تیمەکەی جانس گەڕاوەتەوە نیویۆرک، تا راپۆرتێک لەسەر ئەو رووداوە پێشکەش بە نەتەوە یەکگرتووەکان بکات. جەماوەری بەغداش لەسەر داوای حکومەت بەردەوام خۆپیشاندان دەکەن و ناڕەزاییان هەیە لەو رەفتارەی تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان.

## ١٣ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٣٨ دەرچوو.

بۆ دیمانەیەکی وەزیری شارەوانی بۆ رۆژنامەی هەولێر سەردانی وەزیرم کرد.

پەرلەمان داوا دەکات وەزارەتی ناوخۆ رێگا بگرن لە ئاودیوبوونی گەنم و جۆ.

لەناو ساڵۆنی پەرلەمان هێروخان لە هۆڵەکە هاتبوودەر، لەگەڵ رۆژنامەنووسەکان قسەی دەکرد و دەیگوت، من حەز بەو دیمانەی ئێستای بڵاوبوونەوەو راگەیاندن ناکەم، بۆیەش کەم دەردەکەوم. کە لە شاخ بووین کاری راگەیاندن خۆش بوو، ئەو گوتی: حوسێن سنجاری خۆمان قسەیەکی هەیە دەڵێت کورد وەک کۆمەڵە کیسەڵی ناو تەنکەیەک وایە، ئەگەر یەکێکیان بیەوێت دەربازی بێت، هەموویان رایدەکێشنەوە خوارەوە.

## ١٤ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٣٩ دەرچوو. گۆڤاری (بیری نوێ)ی حزبی شیوعی ژمارە ١٧ دەرچوو. گۆڤاری (دیموکراسی) ژمارە ١٨

دەرچـوو. رۆژنامـەی (کوردسـتان)ی دیمـوکراتی ئێـران ژمـارە ١٨٧ی دەرچوو.

ئەنجومـەنی وەزیـران بڕیـار دەدات رۆژی ١٤ی گـەلاوێژ بـە رەسـمی پشـوودان بێـت، ئـەوەش یـادی بـەرز راگرتنـی شۆرشـی گـەلاوێژە، کـە رووخانی پاشایەتی دەگـەیێنێت، هـەروەها لـە بەیانەکدا هـاتووە رۆژەکانی تری ئەو مانگە پشوودان نییە و یادەکانی کۆنی بەعس دەوام هەیە وەک ١٧ و ٣٠ گەلاوێژ.

گوتیـان گوایـە شـێرکۆ بێکـەس بـە تاکسـی چوویتـە دەوام، پۆلیسـەکان بڕوایان نـەکردووە ئـەوە وەزیـرە، هـەروەها دەڵێن دکتۆر ئیـدریس هـادی وەزیری گەیاندن ئۆتۆمبێلێکی لـە هاوڕێیـەکی قـەرزکردووە تـا سـەفەرێکی سلێمانی پێکردووە.

## ١٥ی یولیۆی ١٩٩٢

بـۆ رێگـاگرتن لـە ئـاودیوکردنی دانەوێڵـە سـەرۆک وەزیـران لەگـەڵ وەزیرانـی کشـتوکاڵ و دارایـی و نـاوخۆ کۆدەبێتـەوە. وەزیـری کشـتوکاڵ قادر عەزیز گوتی: رژێم مەبەستیەتی خەڵکە بێ دانەوێڵە بهێڵێتـەوە، بۆیـە هـانی ئـاودیوکردنی دانەوێڵـە دەدات، بۆیـەش پێویسـتە بەتونـدی بـەرووی ئـەو پلانـە بوەسـتینەوە. دکتـۆر رۆژ نـوری شـاویس جێگـری سـەرۆک وەزیران گگوتبووی: پێشمەرگە بۆ پاراستنە و پۆلیس بۆ ئاسایشـە، بۆیـە دەبێ دیاردەی چەکداری بنبڕ بکەین. وەزیری ئەوقاف محەمەد مـەلا قـادر گـوتی: ئەگـەر حکومـەت مزگەوتـەکانی رووخانـد، ئێمـەش نـۆژەنی دەکەینەوە. ئێستگەی گەلی کوردستان.

لەبەرئەوەی سەوزە لە هەرێم دەرناچێت، بۆیە هەرزان بووە.

## ١٦ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٤٠ دەرچوو. (خەبات)ی ژماره ٦٢٦ دەرچوو.

لە بارەگای کورستانی نوێ، یەکێتیی نووسەرانی کوردستان لقی هەولێر بڕێک ئازوخەیان دابەشدەکرد، بەشی خۆم وەرگرت کە بریتی بوو لە ١٠ کیلۆ ئارد و ١٠ کیلۆ برنج و ٣ کیلۆ روون. ئیمڕۆ بیست دینار پاداشتی نووسینم لە کوردستانی نوێ وەرگرت.

پۆلیسێکی نێودەوڵەتی کە هاوڵاتی فیچی بوو لە دهۆک کوژرا، ئەوەش حکومەتی ئەمریکی و فەرەنسی و نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەران دەکات، بۆیەش داوایانکرد بەزووترین کات تاوانباران بدۆزرێنەوە و دادگایی بکرێن.

پەنجا دیناری عادی لە بازاڕ کەم بەکاردێت، تەنها ٣٥ دینار دەکات، دەڵێن لەناو حکومەتیش ئەو پارەیە کەم رەواجی هەیە.

برادەرێکی ئەندازیار گوتی: حکومەت وا خەریکە لە ناوچەی فایدەی نزیک دهۆک خاڵێکی سنووری بۆ پشکنین و چاودێری دەرەوە دروست دەکات، ئەوەش نیشانەیەکی هەیە کە مامەڵەیان لەگەڵ هەرێم وەک دەرەوە دەبێت.

## ١٧ی یولیۆی ١٩٩٢

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٤١ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسینێکم بڵاوکرایەوە. ئەو گۆشەیەش شەو لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان خوێندرایەوە.

رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژماره ٨ دەرچوو.

دەنگی ئۆپۆزسیۆن: رەنگە مەسعوود بارزانی لەو ماوەیەدا بچێتە سوریا. ئەو ئێستگەیە زۆر خەمی یەکپارچەیی عێراقیەتی بەردەوام

جەخت لەسەر یەکپارچەیی عێراق دەکات، دەڵێت میسریش نیگەرانە لەو دابەشبوونەی عێراق.

دەنگوباسی وا هەیە کاک مەسعوود و مام جەلال دەچنە ئەمریکا.

دانیال میتران و بیرنار کۆشنەر لە نامەیەکدا بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان داواکارن ئابلۆقە ئابوورییەکەی سەر ناوچەکانی کوردەکان هەڵگیرێت، چونکە بەراستی ژیانیان لە مەترسی دایە، دەبێ چارەسەرێک بۆ ئەو ناوچەیە بەزووترین کات بدۆزرێتەوە. بی بی سی سەعات دەی شەو.

بی بی سی: ئەو کارمەندانەی لە رێکخراوی مناڵپارێزی بریتانی لە بواری بوژانەوە و گەشەپێدانی کوردستان کاردەکەن، پاش ئەوەی بۆیان روون بوویتەوە ژیانیان لە مەترسییدایە، بڕیاردەدەن بگەڕێنەوە وڵاتەکەیان، بەڵام دوو کەسیان سوورن لەسەر مانەوەیان.

حکومەتی عێراق ناوی لە تیمەکانی پشکنین ناوە (زۆڵەکان و مشکەکان و سەگەکان).

ئۆتۆمبێلی رێکخراوە خێرخوازەکان بەردەوام هەڕەشەیان لەسەرە، دوێنێ ئۆتۆمبێلەکەی سەرۆکی کۆمپانیای کوردستانیش بە مینێک لە پێش ماڵەکەی خۆییدا سوتێندرا.

## ١٨ی یولیۆی ١٩٩٢

لە هەفتەی رابردوو لەناو شاری رانیەدا لەنێوان دوو بنەماڵە شەڕێک روودا، تێدا چەند هاوڵاتیەک بوونەتە قوربانی، بۆیەش خەڵکەکە لەو دیاردە چەکداریە نیگەرانە و داواکارن بەزووترین کات ئەو دیاردە ناشیرینە نەمینێت.

## ١٩ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٤٢ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٣١ دەرچوو.

## ٢٠ی یولیۆی ساڵی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٤٣ دەرچوو.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان سەعات ١٢ی شەو دەچێتە پاڵ کەناڵی ئاسمانی بریتانی سوپەر کەناڵ، بۆ ماوەی نیو سەعات دەنگوباس بڵاودەکاتەوە ، خەڵکیش سەیری دەکات.

## ٢١ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٤٤ دەرچوو. رۆژنامەی (گەل)ی پارتی گەل ژمارە ٤٨ی ساڵی دەیەم بە زمانی عەرەبی دەرچوو. رۆژنامەی (بزوتنەوەی ئیسلامی)ی ژمارە ٨ بە چاپێکی ناشیرین دەرچوو، بابەتەکانی پەیوەندی بە رۆژانەی کوردستانەوە نەبوو. گۆڤاری (وان) کە یەکێتیی نووسەرانی کورد لە سوید دەریدەکات ژمارەی دووەم دەرچوو. گۆڤاری (رووناکبیری)ی ژمارە ١ دەرچوو، ئەو گۆڤارە لە سوید دەردەچێت.

ئەمریکا و بریتانیا هەڕەشە لە عێراق دەکەن، ئەوەش پاش ئەوە هات کە نوێنەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق گەڕانەوە و حکومەت رازی نەبووە ئەوان وەزارەتی کشتوکاڵ بپشکنن.

بۆ گەیاندنی سوتەمەنی بۆ هاوڵاتیان گوایە بارهەڵگرەکان ئامادەنەکراون، بۆیەش تیمەکانی پسپۆر لەو کارانە لە عێراق درچوون.

حکومەت داوای لە سایلۆی مەخموور کردووە، بەهیچ شێوەیەک دەرگای ئەو عەمبارانە نەکرێنەوە، ناکرێ دەست لەو گەنم و جۆیە بدرێت.

وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم بە جیا چاویان بە کاک مەسعوود و مام جەلال دەکەوێت.

## ٢٢ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٤٥ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا گۆڤارێکی کوردی لوبنانیم بەناوی (گلاویێژ) نمایش کردبوو، لە لاپەڕە ٨ بڵاوکرایەوە.

ڕۆژنامەی (خەبات) ژمارە ٦٢٧ دەرچوو.

عەبدولئەمیر ئەلئەنباری، وەک بەرپرسێکی حکومەتی عێراقی وتی:

بوار نادەین تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان وەزارەتی کشتوکاڵ بپشکنن، چییان لە دەست دێ تەنها ئەوەیان لە دەست دێ، بە چەند مووشەکێک بەغدا بۆردمان بکەن، ترسمان لەوەش نییە.

ڕۆژنامەکانی بەغدا بەردەوام باس لە پارێزگای کویت دەکەن، وەک بەشێک لە عێراق پێناسەی دەکەن.

لەناو بەغدا خۆپیشاندان دژ بە تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بەردەوامە.

دەڵێن پێشمەرگەکانی بەتالێونی خاڵخاڵانی (پاسۆک) دزێکیان گرتووە، کە ٧٠ هەزار دیناری ڕەفاند بوو.

لە هەولێر سەرکردایەتی بەرەی کوردستان بۆ باسکردنی ڕەوشی سیاسی کوردستان کۆ دەبنەوە.

لەهەولێر باسی ئەوە دەکرا کە حکومەت دەزگاکانی وەک دائیرەی هاتوچۆ و خانەنشنین و تەجنید لە شارۆچکەی مەخموور دەگوازێتەوە، قسەش هەیە سەدان ئۆتۆمبێلی بارهەڵگر خەریکن گەنم و جۆی سایلۆیەکەی مەخموور دەگوازنەوە.

گالۆنی بەنزین بە ٢٠ دینارە، یەک قنینە غازیش بە ٦٠ دینارە.

لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان نیشاندرا نەوشیروان مەستەفا و کۆسرەت ڕەسول مام جەلالیان بەڕێکرد، بە فڕۆکەیەکی کۆپتەری ئەمریکی لە شەقلاوەوە فڕی.

جەوهەر نامیق سەرۆک پەرلەمانی کوردستان لە هەولێر لەسەر ئاستی دبلۆماسی پێشوازی لە چەند مێوانێکی بێگانە کرد.

ئەمریکا هوشیاری داوەتەوە عێراق ئەگەر گوێرایەلی بڕیارەکان نەبێت، ئەوا ناچارن بژاری سەربازی و هێز لە دژی بەکاربهێنن.

لە هەولێریش وەک شارەکانی تری عێراق خواردەمەنی گران دەبێت.

دکتۆر شێرکۆ عەبدوللا و ئەمیرەی هاوسەری چوار شەو مێوانمان بوون، پاشان گەڕانەوە سلێمانی.

# هەیڤی دووەم

# ٢٣ی یولیۆ تا ٢٢ ئۆگستی ١٩٩٢

<u>٢٣ی یولیۆی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٤٦ دەرچوو.

رۆژنامەی (خاک)ی ژمارە سفر بە چوار لاپەڕە دەرچوو. لاپەڕەیەکی بەزمانی عەرەبی بوو، ئەورۆژنامەیە بە ۆفسێت چاپکرا بوو، نووسەر و عەقیدی پۆلیس (مەستەفا رابەر) لەسەر ئەرکی خۆی دەریکردبوو، رۆژنامەکە تەنز ئامێزبوو. دەکرێ ئەورۆژنامەیە بەیەکەمین بڵاوکراوەی تەنز و کاریکاتێریست لە کوردستان ئەژمار بکرێت.

هەموو میدیاکان باس لەوە دەکەن رەنگە لەلایەن هاوپەیمانەکانەوە لە عێراق بدرێت.

بەنزین بووە ١٦ دینار، یەک قنینە غاز گەیشتە ٧٥ تا ٨٠ دینار.

قسە هەیە دەڵێن مام جەلال و کاک مەسعوود و چەند سەرکردەیەکی تری ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەگەنە ئەمریکا و چوار رۆژ لەوێ دەمینێنەوە، رەنگە چاویان بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکی (جیمس بیکر) بکەوێت.

ژمارەیەک لە رۆژنامەی کوردستانی نوێ بە زمانی ئینگلیزی دەرچوو.

٢٤ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٤٧ دەرچوو، لەگەڵ ئەو ژمارەیەدا ژمارەی دووەمی (پەریستان) بەخۆرایی دابەشدەکرا.

بەقسەی رادیۆی دەنگی ئۆپۆزسیۆن مام جەلال قسەی بۆ میدیای تورکی کردووە، وتوویەتی کە ئێمە لەگەڵ بەغدا ناگەینە هیچ رێکەوتنێک، ئەگەر فیدراڵییەک لەگەڵ هاوسێییەکانمان بکەین، ئاساییە وەک ولاتانی سوریا و تورکیا و ئێران بەلام لەگەڵ تورکیا نزیک ترین، بەوەش ولایەتی موسل زیندوو دەکەینەوە کە لەساڵی ١٩٣٢ رێکەوتنی لەسەر کراوە. هەروەها گوتوویەتی تا کوردستان ئارام بێت پێویستە ئەمریکییەکان ئەو گەمارۆیەی سەر کوردستان هەڵگرن.

دەنگی گەلی کوردستان گوتی: مام جەلال ئەو بەڵگانامانەی لەگەڵ خۆییدا بردووە، سەبارەت بە مەراسیمی لێکۆڵینەوەکانی کۆششی تیرۆرکردنی مادام دانیال میتران و بیرنار کۆشنەر لە ناوچەی سلێمانی تا نیشانی کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکانی بدات.

٢٥ی یولیۆی ١٩٩٢

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان تا دەی شەو یارییەکانی ئۆلۆمپی بەرشلۆنەی لە ئەسپانا نیشاندا.

ئیمڕۆ سەرۆکی تورکی سلێمان دیمیریل بەنداوی ئەتاتۆرکی کردەوە، بە ئامادەبوونی مێوانانی ٢٥ ولات لەوێ گوتبووی با عێراق و سوریا چیتر چاویان لە ئاوی دەجلە و فورات نەبێت، خۆمان وشکایەتی زۆرمان هەیە، ئەو پرۆژەیەش پارەیەکی زۆری تێچووە، ئەو مەراسیمە لەترسی هێرشێکی چاوەڕوان کراوەی کوردەکان توند کۆنترۆل کرابوو.

٢٦ ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نویَ)ی ژماره ١٤٨ دەرچوو. (ئالاّی ئازادی) ژماره ٣٢ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا ئەو کورتە نووسینانەم بلاّو کردەوە، بەعسە و شەرم ناکات... بۆیە. قەیرانی عیّراق و ئو ئیّن. چاوپیّکەوتنیّک لەگەلّ بەرپرسانی کۆمپانیای کوردستان.

ئیمرۆ دانیشتنیّکی کراوەی پەرلەمان هەبوو، وەزیرەکانی پیّشمەرگە و ناوخۆ و دارایی و کشتوکالّ بانگکرابوون، زۆر باس لە ریّکخستنی هیّزەکانی پۆلیس کرا، مەسەلەی نەهیّشتنی دیاردەی چەکداری قسەی زۆری لەسەرکرا، هەروەها باس لەکەمی پارە و باج و گومرگەکانکرا. دانیشتنەکەش چوارسەعاتی خایاند، وەک رۆژنامەنووسیّک لەویَ بووم، بۆ یەکەمجار لەدەرەوە (هەڤاڵ خەجۆ)م بەجلی پیاوانەی پیّشمەرگایەتی بینی، لەویَ لەگەلّ پیّشمەرگەکان بوو، دیارە لەگەلّ هیّرۆخان هاتبوو چونکە ئەو لەو خولّەدا ئەندام پەرلەمان بوو.

عیّراق رازی دەبیّت وەزارەتی کشتوکالّ لەلایەن تیمە تایبەتییەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بپشکنن بە مەرجیّک ئەندامانی تیمەکە هاولاّتی ولاّتانی هاوپەیمان نەبن، ئەوانەی لە شەڕەکانی دژ بە عیّراق بە سوپا بەشداربوون.

بۆ رۆژنامەی ئالاّی ئازادی دیمانەیەکم لەگەلّ دکتۆر (ئیدریس هادی) وەزیری گواستنەوە کرد، لەویَ وتی واخەریکین کار لەسەر سازکردنی بوارەکانی هاوتوچۆ و پۆست و پول و تەلەفۆنات بکەین.

وەزیری ناوخۆ لە پەرلەماندا وتی: وا خەریکین پاریّزگای کەرکووک ساز دەکەین، بۆ ئەو مەبەستەش بەڕیّوەبەرایەتیەکانی ساز دەکەین.

لە هەوالّەکان باس لە بوونی شەڕ و پیّکدادان دەکریّت لە ئەهوارەکانی خوارووی عیّراق لە ناوچەی پاریّزگای ئەلعمارە.

**٢٧ی یولیۆی ١٩٩٢**

(کوردستانی نویّ)ی ژماره ١٤٩ دەرچوو.

لەگەڵ قادر وەرتی لە رۆژنامەی ئاڵای ئازادی بەیەکەوە کارماندەکرد، دووڕۆژ بوو خەریکی سازکردنی ریپۆرتاژێک بووین لەسەر شێوەی لێکۆڵینەوە لە دادگای هەولێر.

**٢٨ی یولیۆی ١٩٩٢**

(کوردستانی نویّ)ی ژماره ١٥٠ دەرچوو.

لە رۆژنامەی ئەلشرق ئەلئەوست کاک مەسعوود بارزانی لێدوانێکی دابوو، گوتبووی سەبارەت بە بۆچوونەکەی مام جەلال سەبارەت بە فیدراڵییەت لەگەڵ تورکیا، ئەوە گوزارەشت لە بۆچوونی تایبەتی خۆی دەکات، ئێمە سەیری تورکیا دەکەین تەنها وەک دراوسێ.

حکومەتی عێراقی سکالانامەیەکی ئاراستەی کۆمکاری عەرەبی کردبوو، کە تورکیا دەست لە کاروباری ناو ولاتەکەی وەردەدات، دەستی هەیە لە بیرۆکەی پارچە پارچەکردنی ولاتەکەمان.

ئەو تیمەی وەزارەتی کشتوکاڵیان پشکنی ئەندامی ولاتانی هاوپەیمانی تێدا نەبوو، بۆیە لە بەغدا شادومانیان بەرێپیوان و ئاهەنگ گێڕان نیشاندابوو.

**٢٩ی یولیۆی ١٩٩٢**

(کوردستانی نویّ)ی ژماره ١٥١ دەرچووە. (خەبات)ی ژماره ٦٢٨ دەرچووە. (رێگای کوردستان)ی حزبی شیوعی ژماره ٨ دەرچوو.

گۆڤاری (سیاسەتی دەوڵی)ی سەنتەری ستراتیژی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەرچوو.

مام جەلال لە لێدوانێکدا نیگەرانی خۆی نیشانداوە، کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە مەرجەکەی حکومەتی عێراق رازی بووینە، داواشی کردبوو کوردەکان پڕچەک بکەن تا رژێمی سەدام بروخێنن.
گالۆنی بەنزین نرخی ٢٥ تا ٣٠ دینار بوو، هاتوچۆ بۆ موسڵ و کەرکووک خۆش نییە.
تەلەڤزیۆنەکان بەردەوام یارییەکانی بەرشلۆنە نیشان دەدات.

## ٣٠ ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٢ دەرچوو.
مام جەلال و کاک مەسعوود لە بارەگای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لەگەڵ بیکر کۆبوونەوە.
ئیمڕۆ ناوی جێگری وەزارەتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەرچوو.
هەموولایەک سارد بوونەوە، کە لەسەر پشکنینەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، هاوپەیمانەکان لە بەغدا نادات، دەڵێن حکومەت پێشتر بەڵگەنامەکانی ناو وەزارەتەکەی گواستیتەوە.
ئەنجومەنی ئاسایش لە رەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق نیگەرانە، بڕیارە چەند تیمێک رەوانەی بەغدا بکات بۆ لێکۆڵینەوە لەو بارەوە سەبارەت بە داپلۆسینی کورد و شیعەکان.
ئەمشەو لە تەلەڤزیۆنی ئاسمانی سوپەری بریتانی دانیشتنی نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەگەڵ (جیمس بیکر)ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکی نیشاندرا.

## ٣١ی یولیۆی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٣ دەرچوو.

__١ی ئۆگستی ١٩٩٢__

له فڕۆکەخانەی سەربازییەکەی دیانا وەفدێکی سەربازی هاوپەیمانان نیشتەوە، ئەو وەفدە چاویان بە سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەوت، لەوێ وەفدەکە دیمانەی وەزیرە ئامادەبووەکانی کرد، کۆلۆنێل ولسن گگوتبووی: لام سەیرە ئەو میللەتە ئەوها و بەئازایی هەڵسانەوە سەرپێ و کەوتنە خۆئامادەکردن، کاردەکەن دیموکراسیەت بنیاتبنێن، من شانازی بەو بەرنامەیان دەکەم. وەفدەکە بەگەرمی پێشوازییان لێکرابوو.

__٢ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٤ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ژمارە٣١ دەرچوو، لە مانشێتی ئەو ژمارەیەدا نووسرابوو، کە ئەگەری وەشانی زەبرێکی سەربازی بنکە سەربازییەکانی حکومەتی عێراقی نزیکە.

__٣ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٥ دەرچوو.

ئاژانسەکانی هەموو جیهان عەرەبییەکان و ئەوروپاییەکان ئاماژەیان بە زیانی کوشندەی ئابووری ناوچەکە پاش شەڕەکەی کوێت و داگیرکردنی ئەو وڵاتە لەلایەن هێزەکانی حکومەتی عێراقی کردووە، ئوردنییەکان دەڵێن، ڕێژەی ١٠% زیان لە ئابوورییەکەمان کەوتووە، بۆیەش ئابوورییەکەمان لاربووە و بازاڕ باری گرانی و هەڵچوونی پێوە دیارە. فەڵەستینییەکان زۆریان زیان بەرکەوتووە، تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەیەکی تایبەتی لەسەر ئەو بابەتە هەبوو، لەو بەرنامەیدا سەفیری ئەودەمانەی ئەمریکا لە کوێت گوتبووی، ئێمە لەوڕۆژانە لەناو

کویت کۆڵما نەدا، لەکوێت دەرنەچووین، سەفارەتەکەمان چۆڵ نەکرد، گەمارۆمان لەسەر بوو، ئاومان نەمابوو، ناچاربووین ئاوی حەوزەکەی مەلەوانی بەکاربهێنین، ئاوەکەمان پاک دەکردەوە و دەمانخواردەوە. هەر لەو بۆنەیەدا مانۆرێکی سەربازی کوێتی ئەمریکی سازکرا و تێدا ٢٤٠٠ سەربازی ئەمریکی بەشداربوون.

گالۆنی بنزین نرخی گەیشتە ٢٠ دینار. قسەی وا هەیە، گوایە ئەحمەد ئیسماعیل کە سەرمایەدارێکی کوردی هەولێرە، بەڵێندەرایەتی هێنانی بەنزینی لەگەڵ حکومەتی عێراقی گرتووە، گوایە بەنزین دەهێنێت، نرخی بنزینەکەی ئەو یەک لتری بەیەک دینار دەبێت. لەورۆژانە باسی وەزعی ناو بەغدا دەکەن ناخۆشە، خەڵکەکە زۆر بێزارن، بەردەوام لە هەموو لایەک هەر جنێو دەدەن. هاتوچۆ بۆ کەرکووک زۆر ناخۆشە، تا لە پردێ رەت دەبیت سێ سەعاتی دەوێت. نرخی شەکر لە بازاڕەکانی هەولێر کیلۆی گەیشتووتە ١٤ دینار، لەورۆژانەش بارهەڵگرەکانی تورکی لە سنوورەکان ناپەڕنەوە. گوایە لەشکری پەکەکە رێگاکانی گرتووە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا سەردانی سوریا دەکات، لەگەڵ سوریا دانوستانیان هەیە، باس لە مەسەلەی پەکەکە دەکەن، تورکەکان بەڵێنیان داوە یارمەتی سوریا بدەن، کۆششدەکەن کار ئاسانیان بۆ بکەن تا هاوکاری هەردوو وڵات بەردەوام بێت، بە سورییەکانیان وتووە ئاوی فوراتیش کەم ناکەینەوە، بە تەواوبوونی بەنداوەکەی کەمال ئەتاتۆرک بە مەبەستی بەرهەمهێنانی وزەی کارەبایە، سوریا بێ ئاو نەکەن.

لەورۆژەدا کۆبوونەوەی ئەمنی نەتەوەیی ئێرانی بەسترا، لە کۆبوونەوەیەکدا باسی رەوشی عێراقیان کردووە، کە یەکپارچەیی ئەو وڵاتەیان مەبەستە و کاری بۆ دەکەن، چونکە لێداوانەکەی مام جەلال تەنگاوی کردوون، لە لێدوانی شیعەکانی خوارووی عێراقییش تووڕە بوون.

لـه میـدیاکانی حکومــەتی عێراقـدا بەشـکۆوە باسـی یـادی گرتنەکـەی کوێتیــان کــردەوە، لــە سەرانســەری وڵاتــدا ئاهــەنگیان گێڕابــوو، بــە شــانازییەوە یــادی (یــوم النــداء)یان بــەرز راگرتبــوو، لــە پەیامەکانیانـدا سوورن لەسەر ئەوەی کوێت بەشێکە لەخاکی عێراق، لەرۆژنامەکانیاندا بەڵگەنامەیان لەسەر ئەو سیاسەتە بڵاوکردیتەوە.

ئوسامە ئەلباز بەناوی حکومەتی میسری گوتبووی لەگەڵ یەکپارچەیی عێراقین، نارەزاییان لەو دەنگۆیە هەبوو کە داوای پارچەکردنی ئەو وڵاتـە دەکات، هەروەها ئەمنی نەتەوەیی ئێرانیش نیگەران لەو مەسەلەیە.

<u>٤ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٥٦ دەرچوو. رۆژنامـەی (گـەل)ی پارتی گەل ژمارە ٤٩ دەرچوو، کە هەشت لاپەڕەیە و بەزمانی عەرەبی بوو.

کـاک مەسـعوود بـارزانی بـۆ رادیـۆی دەنگـی ئـەمریکا دیمانەیــەکی کردبوو، لەویێ گوتبووی خۆم کۆتاییم بـە مفاوەزاتـەکان لەگـەڵ حکومـەتی عێراقی هێناوە و مەسەلەکەم بڕاندوتەوە، سەبارەت بە دوارۆژی کورد و حکومـەتیش بـارزانی گوتبـووی، ئـەوەیان پەرلـەمانی کوردسـتان بڕیـاری لەسەر دەدات.

هــەواڵی ئــەوە هەیــە، گوایــە پێشــمەرگەکانی یەکێتیــی تەقــەیان لــە پێشـمەرگەکانی بزوتنـەوەی ئیسـلامی لـە کـەلار کـردووە. لەرۆژنامـەکانی بەغدا لە چەند پەیامنێرێکی دەرەوە بەتایبەتی لە ئێستگەی ئەنقەرە هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە کە ژمارەیەک لە ئیسلامییەکان کوژراون، کوردەکان ئەو بزوتنەوەیە لەناوچەکە بە مەترسی دەزانن.

ئیمشــەو (عومــەر فــەرهادی) شــاعیری دوورە وڵات (جــەلالی میــرزا کـەریم)ی لـە یانـەی ئەنـدازیارانی هـەولێر داوەتکردبـوو، منیش لەگەڵیانـدا بووم، دیارە میوانەکە دەشـەلی، ئـەو گـوتی لەسـاڵی ١٩٨٠ بـە کارەسـاتی

ئۆتۆمبێل قاچم شکاوە و دیارە زمانیشی زۆر تەواو نەبوو، نەخۆشی پێوە دیاربوو، ئەو گوتی کە بەشی کوردی لە ئێستگەی دەنگی ئەمریکا کرایەوە، پرسییان پێکردم، ئەوانەی لەوێ کار دەکەن، لەوانە (خەلەف زیباری)یە ئەو ئاستی باشە، یەکێکی تریان کوردی لوبنانە، لەسەر ئاستی رۆژنامەگەری عەرەبیش کەسێکی ناسراوە ناوی (سالح یەحیا)یە. من دەبینم رەوشی حزبی شیوعی بەو جۆرەیە نارەحەتم، پێم ناخۆشە، دەستیان لە خۆیان بەرداوە، بەڵێنیان داوە دیمانەیەکی ئەدەبی دووردرێژم لەگەڵدا سازبکەن.

لە دەڤەری ئاکری تەقە لە دکتۆرێکی بێگانەی سەر بە رێکخراوی پزیشکانی بێ سنوور کراوە، دکتۆرە بریندارەکە عەرەبی سودانی بوو، ئەوان گوتوویانە دەستی حکومەتی عێراقی تێدایە، بەڵام سوورین لەسەر ئەوەی کارەکانمان لەکوردستان بەردەوام بکەین و خزمەتگوازییەکانمان بە جوانی پێشکەشی هاوڵاتیانی ئەو دەڤەرە دەکەین، ئەو رووداوە کاریگەری لەسەر بەرنامەکانمان ناکات.

<u>٥ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٧ دەرچوو. لە لاپەڕەی هەشتەم کورتە نووسینێکی من بەناوی (با لە بیرمان نەچێ) بڵاوکرایەوە. (خەبات)ی ژمارە ٦٢٩ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا دیارە کە هێرش دەکاتە سەر حکومەتی عێراق، دیارە رۆژنامەکە باش بووە و بەڵام هێشتا لەرووی هونەرییەوە لاوازە و ماویەتی باش بێت.

ئەمشەو بە ئار پی چی لە ماڵی فەرهادی کاکڵ ئاغا درابوو، لە هێرشەکەدا زیانی گیانی نەبوو، رەنگە دەستی حکومەتی تێدا بێت، چونکە ئەوەی بیەوێت ئەوان بکوژێت، بەشەو، لەدوورەوە تەقەیان لێ ناکات،

دیاره تەنها بۆ ئاژاوەیە. مەبەستیش ئەوەیە حکومەت ئەوانە بگێڕێتەوە ناو باوەشی خۆی.

بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بەشی یەکەمی دیمانەیەکی کاک مەسعوودی بڵاوکردەوە.

بەشی کوردی دەنگی ئەمریکاش رایگەیاند کە پەخشی بەشە کوردییەکەیان رۆژانە ماوەکەی دەبێتە نیو سەعات.

٦ی ئۆگستی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٨ دەرچوو.

لەسەر زاری وەزیری راگەیاندنی حکومەتی عێراقی راگەیاندرا کە تیمێکی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان کە ئەو تیمەی بەیانی دەگەنە بەغدا بۆیان نییە وەزارەتەکان بپشکنن، چونکە ئەوەیان کاریگەری لەسەر سەروەری وڵاتەکەمان دەبێت. لە ئەمریکاش لەسەرزاری سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش راگەیاندرا کە ئەگەر عێراق بەو بەرنامەیە رازی نەبێت، خۆی تووشی سزا دەکات، دەبێ ئەو تیمە کارەکانی خۆی بکات، ناکرێ رێگایان لێ بگیرێت، بواری قسە و کات بەفیڕۆدان نەماوە.

ئەنجومەنی وەزیران بەیانێکی دژ بە کردەوەکانی پەکەکە دەرکرد، بەیانەکە زۆر توندبوو، لە بەیانەکەدا هاتبوو ئەوان دەست لە سنوورەکان وەردەدەن، بەوەش دووبەرەکی دەخوڵقێنن.

گالۆنی بەنزین هەر بە ٢٠ دینارە، یەک سەندووقی تەماتە بە حەوت دینارە، میوە و سەوزە هەرزانە. هەزار دیناری ئەسلی بە ١٣٠٥ دیناری عادییە، شیشی ئاسن رەوانەی موسڵ دەکرێت، یەک تۆن بە شەش هەزار دینارە، دەڵێن لە موسڵ ئەو شیشە ئاسنە نرخەکەی دەگاتە ١٤ هەزار دینار.

هێشتا وەزارەتی ناوخۆ ساردە لە کارەکانیدا، وەزارەتی پێشمەرگە کارەکانی دیار نییە، ئەوانیش ساردن.

هاتوچۆ بۆ ئێران کەمە، لەسەر سنوورەکان ئێرانییەکان بواری عێراقییەکانی ناو ئێران نادەن بگەڕێنەوە ناو عێراق.

ئیمڕۆ بەشی دووەمی دیمانەکەی کاک مەسعوود لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بڵاوکرایەوە.

<u>٧ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٥٩ دەرچوو. گۆڤاری (الثقافة الجديدة)ی ژمارە ٤٢٧ دەرچوو.

بە ئۆتۆمبێل لەگەڵ منداڵەکان چووینە ئوردوگای بەنسڵاوە، لەوێ وتیان ریمەکانی ئەو هێڵە مانیان گرتووە، شوفێرەکان داوادەکەن حکومەت بوار بدات کرێ یەک نەفەر بکەنە یەک دینار و بیانووکەش ئەوەیە کە نرخی گاز گرانە، ریمەکانیش زۆریان دروستکراوی عێراقین زۆر کۆنن.

مەحەمەد مەلا قادر وەک وەزیری ئەوقاف نیو سەعات پێش خوتبەی مەلای مزگەوتەکەی ئازادی قسەکرد، لێدوانەکە لەلایەن تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستانەوە نیشاندرا، لەوێ گوتی: کوردیش وەک هەموو میللەتانی ئەو جیهانە مافی چارەنووسی خۆیان هەیە و مافی خۆیان بڕیار لەسەر دوارۆژیان بدەن، وا میللەتانی ناو یەکێتیی سۆڤیەت بڕیاری خۆیاندا، میللەتانی چیکۆسلۆڤاکیا و یۆگۆسلاڤیا بڕیاری خۆیان لەسەر چارەنووسیاندا، حکومەتی عێراقی بەهەموو شێوەیەک شەڕمان دەکات، ئازووخەمان لێ دەگرێت، ئێمە لەگەڵ دیکتاتۆرەکانی ناو عێراق نەفسەمان درێژ بوو. سەبارەت بە کوردەکانی تری پارچەکانی تری ئێمە هاوشانی ئەوانین، بەڵام دەبێ ئەوانیش چاویان لە رەوش و ئەزموونەکەی ئێمە

بێت و تەگەرەمان نەخەنە پێش. وەک موسلمانیش هیوام وایە لە رووی ئەخلاقەوە بەخۆماندا بچینەوە و رەووشت بەرز بین، کوردەواری پاک و چاک بێت.

## ٨ی ئۆگستی ١٩٩٢

دەڵێن لە موسڵ و شارەکانی تری عێراق خواردەمەنی کەمە و برنج و روون بەدەست ناکەوێت.

ئیمڕۆ رۆژی کۆتایی شەڕی عێراق ئێران بوو، لەناو حکومەت پشوودان بوو، بەڵام لە دائیرەکانی کوردستان ئاسایی بوو دەوام هەبوو، لە دەزگاکانی حکومەت باسی سەرکەوتن دەکرا، ستایش بۆ سەدام حوسێن دەگوترایەوە. لەبەرئەوەی رۆژەکەش پشوودان بوو بۆیە ئەو تیمەی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پشکنینەکان لەوێ بوون، کارەکانیان دوا خرا، لەورۆژەدا سەدام حوسێنیش وتاری بەو بۆنەیە هەبوو، هەموو میدیاکان وتیان سەرۆکی عێراق باسی ئەمریکا و نەتەوە یەکگرتووەکانی نەکردووە.

وەزیری دەرەوەی عێراق موحەمەد سەعید ئەلسحاف گوتی: ئەو راپۆرتەی سەبارەت بە داپلۆسینی شیعەکانی خوارووی عێراق کە لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکان ئامادەکراوە، هەموو درۆیە و دوورە لە راستی. نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەیانەکەیاندا بەنیاز بوون بۆ ئەو مەبەستە چەند تیمێکیان سەردانی عێراق بکەن.

## ٩ی ئۆگستی ١٩٩٢

(ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٣٢ دەرچوو، ئەو ریپۆرتاژەی لەگەڵ قادر وەرتی لە دادگای هەولێر سازمان کردبوو، لەیەک لاپەڕەدا بڵاوکرایەوە.

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٠ دەرچوو.

__١٠ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٦١ دەرچوو.

ئیمڕۆ دانیشتنی پەرلەمانی کوردستان هەبوو، چەند دیمانەم بۆ ڕۆژنامەی ئالای ئازادی لەگەڵ پەرلەمانتارەکان سازکرد.

شەش فڕۆکەی کوێتی کە حکومەتی عێراق ڕەوانەی ئێرانی کردبوون، تەسلیمی کوێت کرانەوە.

__١١ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٦٢ دەرچوو. ڕۆژنامەی (گەل) بەزمانی عەرەبی ژماره ٥٠ دەرچوو. ڕۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژماره ٥ دەرچوو.

ئیمڕۆ برادەرێک لە ئێران گەڕابۆوە، دەیگوت بەئاشکرا شەڕ بە کوردەکانی خۆمان دەفرۆشن، ئەو خەڵکەی کەرەستە و ئۆتۆمبێلیان بۆ فرۆشتن ئاودیوکردووە نافرۆشرێن، دیارە ئێرانییەکان لەگەڵ ئێمە نیازیان باش نییە.

لەسەر داوای نوێنەرانی ئەمریکا و بریتانیا و بەلژیکا ئەنجومەنی ئاسایش کۆ دەبێتەوە، باس لەو راپۆرتە دەکەن کە وەزیری دەرەوەی هۆلەندای پیشوو و کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەر ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عێراق داوایانە بە ئەنجومەنی ئاسایش. لەلایەن خۆشەوە وەزیری دەرەوەی عێراقی تەواوی راپۆرتەکەی بە درۆ خستەوە و هەموو بڕگەکانی بە هەڵبەستراو لە قەڵەم داوە.

__١٢ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٣ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٣٠ دەرچوو. گۆڤاری (پەڕەسێلکە)ی منالان لەلایەن مەولوود ئیبراهیم

حەسەن و هەڵگورد جوندیانی سەرپەرشتی دەکرێت، ژمارەی دووەمی دەرچوو. قەوارەی گۆڤارەکە مامناوەندییە و لاپەڕەی رەنگاورەنگی تێدایە.

بۆ یەکەم جارە رۆژنامەی العراق لە بەغدا بەقسەی ناشیرین جنێویان بە کەسایەتی مام جەلال دابوو.

ئیمڕۆ گەمارۆیەکەی سەر وڵاتی لیبیا بۆ ماوەی چوار مانگی تر نوێ دەکرێتەوە.

ئەنجومەنی ئاسایش کاردەکەن تا بڕیارێک دژ بە سربیەکان دەربکەن، دیارە ئەوەش پێشگرتنە لەو کوشتارەی سربییەکان لە بۆسنە و هزرگۆڤینا دەیکەن.

<u>١٣ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٤ دەرچوو.

نرخی یەک کیلۆ روون بە ٢٢ دینارە و شەکر بە ١٠ دینارە، تۆچا بە ٤٤ دینارە، برنج بە ٧،٥ دینارە، تەماتەش بە ٤٠٠ فلسە و شفتی بە ٧٥٠ فلسە و خیاریش بەیەک دینارە و بازاڕی کۆنەفرۆشی لەنگەش گەرمە. یەک گالۆن بنزین بە ٢٠ دینارە.

حکومەتی عێراقی هەڕەشەیان لە جوتیاران کردبوو، ئەوەی گەنم و جۆیان تەسلیم بە سایلۆیەکانی حکومەت نەکات، چارەنووسیان وەک بازرگانەکان دەبێت. ئەوەش لە دەزگاکانی جیهانیش بە گەرمی باس دەکرا.

مردنی پێشەوا و زانای گەورەی شیعەکان ئایەتولا ئەبو ئەلقاسم ئەلخوئی لە عێراق، سەردێری هەموو ئاژانسەکان بوو، دەزگاکانی رژێمیش باسیان کرد، سەرکردایەتی کوردستانیش بروسکەی پرسەیان بەو بۆنەیە ئاراستەی هەموو شیعەکانی ناو عێراق و جیهان کردبوو.

*****

## ١٤ی ئۆگستی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٥ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا هەواڵی تیرۆرکردنی پزیشک و نووسەر (نافیع ئاکرەیی) تێدابوو، لە رێگای چوونی بۆ بەغدا کوژرا، ئەو بەڕێوەبەری نووسینگەی هەولێری خاچی سووری عێراقی بوو.

رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٩ دەرچوو.

رێگای موسل نییە، ژمارەیەکی کەمی نەفەرهەڵگری کۆستەر لەو هێڵەدا هاتوچۆ دەکەن، بۆیەش نرخی گالۆنێک بەنزین گەیشتووتە ٣٠ دینار، نەوتیش نییە، خەڵکەکە پەرۆشی سوتەمەنییە ترسی ئەوەیان هەیە بەیەکجاری تەنکەرەکانی سوتەمەنی نەگەڕێنەوە.

## ١٥ی ئۆگستی ١٩٩٢

یەکەم وەفدی کوردستان سەردانی تورکیا دەکەن، وەفدەکە موحەمەد تۆفیق رەحیم  وەزیری یارمەتییە مرۆڤایەتییەکانی تێدا بوو، مەبەست لەو سەردانە باسکردنی پێویستیە خزمەتگوزارییەکان بوو، دیارە تورکیا دەروازەیەکی گرینگ بوو بۆ هاتنی خواردەمەنی. هەروەها وەفدێکی پەرلەمانیش بە ئەندامایەتی فەلەکەدین کاکەیی و عەبدولخالیق زەنگنە هاوڕێیەتیان بوو.

راگەیاندنی پارتی و یەکێتیی هێرشیان کردبووە سەر هەڵسوکەوت و سیاسەتەکەی پەکەکە لە کوردستان، دەیانووت چەکدارەکانی ئەو حزبە لە سنوورەکان رێگا بە هاتنی ئازووخە دەگرن، بواریش نادەن جوتیارەکانی گوندەکانی سەر سنوور بگەڕێنەوە سەر مەزرا و کێڵگەکانیان و گوندە خاپوورەکانیان ئاوەدان بکەنەوە. پەکەکەش بەیانی دەرکردبوو کە خەڵکی شارەکان لە سیاسەتی ئەوان بێزارن، لە گرانی خواردەمەنییەکان ئەوانیان تاوانبارکردبو، ئەو سەرکردایەتییە پشت بە دوژمنەکانی کورد دەبەستن.

له ژێر چاودێری کۆسرەت رەسوڵ کارەبا گەیشتەوە قەزای چۆمان، دەڵێن خەڵکی ناوچەکەکەش ئازایانە و بەسەرپەرشتی ئەنجومەنەکەیان کۆششیانکرد و پارەی مولدەیەکیان کۆکردەوە و ئەوانیش بە ئیشەکە هەڵسابوون.

<u>١٦ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٦ دەرچوو. (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٣٣ دەرچوو. گۆڤاری (رابوون) لە ولاتی سوید دەردەچێت، ژمارە ٤ی گەیشتە کوردستان، سەرنووسەر و سەرپەرشتیارەکەی نووسەرو شاعیر رەفیق سابیرە.

مام جەلال و کاک مەسعوود لە گەڕانەوەیان دواکەوتن، خەڵکەکە نیگەرانە. هەردوو مەکتەبی سیاسییش بۆ بنبڕکردنی دیاردەی چەکداری و راورووت لەشارەکان کۆبوونەوە دەکەن، داواکارن دەزگاکانی پۆلیس و پێشمەرگە گەرمتر و باشتر بکەوێتە کار و چالاکی.

گۆڤاری (ئەلعربی)ی ناوداری کوێتی، لە ئامادەکردنی نووسەر و رۆژنامەنووسی عەرەبی عێراقی دوورە ولات (عەدنان حوسین)، دۆسییەکی لەسەر کوردستان بلاوکردەوە، تێدا ئاماژەی بە تراژیدیای میللەتی کوردستان دابوو، باسی گەمارۆیە ئابوورییەکەی سەر کوردستانی کردبوو، هەروەها سوتماکی چوار هەزار گوند و کیمیابارانکردنی ئەو میللەتەش بەدەستی رژێمی بەغداش بەشێکی دۆسییەکە بوو.

تیمەکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خەریکی پشکنینی وەزارەتەکانی عێراقن، نۆرە گەیشتووتە سەر وەزارەتی پیشەسازی و پیشەسازی سەربازییش، ئەگەری ئەوە هەیە، حکومەتی عێراقی بواریان نەدات ئەو تیمە بچێتە ناو ئەو وەزارەتە گرینگە، بەوەش ئەمریکا توورە دەبێت و

رەنگە گورزێکی سەربازی لە بەغدا دەدەن، بەڵام وەزیری بەرگری ئەمریکی ئەوەی بە درۆخستەوە. قسەش هەیە گوایە ئەمریکا چەند فڕۆکەیەکی بەنهێنی رەوانە وڵاتی سعودیە کردووە، ئەوەش ئامادەباشییەکە بۆ لێدانی رژێمەکەی بەغدا.

## ١٧ی ئۆگستی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٧ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسرابوو گوایە رۆژی چوارشەممە کاک مەسعوود و مام جەلال چاویان بە سەرۆکی فەرەنسی فرانسوا میتران دەکەوێت.

خەڵکی هەموو داری سوتان دەکڕن، دەترسێن ئەو زستانە سوتەمەنی دەست نەکەوێت، بۆیە بۆ نانکردن و خۆگەرمکردنەوە داری خۆشناوەتی دەکڕن، خەڵکەکە لە پاوانەکانی خۆیانەوە بارە دار دەهێنە هەولێر، ئێمەش یەک بارە دارمان بە ٢٨٠ دینار کڕی.

ئێستگەی دەنگی گەلی کوردستان تشویشی لەسەر بوو.

دوێنێ ئۆتۆمبێلی ژمارەی تایبەتی لە سەیتەرەکانی حکومەت ئیزن درابوون بچنە ناو شاری موسڵ.

لە قوتابخانەی رزگارییەوە کە بنکەی فریاگوزاری مەڵبەندی کوردی لەندەنە، ئازووخە بەسەرماڵباتی شەهیدان دابەشدەکات.

مانگی سووری عێراقی لە مزگەوتی (البکر) پرسەیان بۆ دکتۆر نافیع ئاکرەیی دانابوو.

بڕیاردرا ئەو قەزا و ناحیانەی سەر بە ناوچەی حکومی زاتی جاران نەبوو، بخرێنە سەر هەردوو قەزای ئاکرێ و کفری.

لە رۆژنامەکانیش باس لەوە دەکەن خەڵکی حەز دەکەن و پەرۆشن کیژەکانیان بە شوو بدەنە ئەو کوردانەی لە ئەورووپا بۆ پرۆسەی

هاوسەرگیری دەگەڕێنەوە، زۆریان پێ خۆشە، ئەوەش بوویتە مۆدیلی ڕۆژەکە.

ڕادیۆی دەنگی یەکگرتن بڵاویکردەوە کە حزبی یەکگرتن کۆنگرەی ئاسایی خۆی بەئامادەبوونی ٢٠٠ ئەندام و میوانێکی زۆرەوە لە هۆڵی میدیای شاری هەولێر بەستا.

**١٨ی ئۆگستی ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٦٨ دەرچوو. ڕۆژنامەی (بەرەی کوردستانی) پاشکۆیە عەرەبییەکەی بە چوار لاپەڕە، ژمارەی ٥ی دەرچوو.

تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان بەغدایان جێهێشتوو و ڕایانگەیاند کە هیچ کێشەیان نەبووە، لەکارەکانیاندا چەند مووشەکێکمان دۆزیوەتەوە، ڕەنگە حکومەتی عێراقی هێشتا ٢٠٠ مووشەکیان مابێت، سەرمان لە هیچ وەزارەتێک نەداوە.

تێمێکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ درێژکردنەوەی ماوەی مۆڵەتی کارکردنی پۆلیس و کارمەندانەکانیان لە عێراق سەردانی بەغدایان کرد.
هاوپەیمانەکان دانوستان دەکەن ناوچە دژەفڕینەکانی ناو عێراق فراوانتر بکەن کە دەکەوێتە باشووری هێڵی ٢٤ بەوەش شارەکانی نەجەف و عیمارەش دەگرێتەوە.

لە بەغدا یەکێتیی نووسەرانی عێراقیش پرسەیان بۆ دکتۆر نافیع ئاکرەیی دانابوو، کە ڕۆژنامەکانی ڕژێم هەواڵی کوشتنەکەی ئەویان بڵاوکردیتەوە هیچ ڕوونکردنەوەیەکیان نەبوو، کەسیان بەو کارە تاوانبار نەکردبوو.

دەڵێن نرخی ئازووخە لە بەغداش گرانە، خواردەمەنی دەستکەوتنی ئاسان نییە.

بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا ماوەی پەخشەکەی رۆژانە بووە نیو سەعات.

<u>١٩ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٦٩ دەرچوو. جۆن مێجەر سەرۆک وەزیرانی بریتانیا هەڕەشەی لە حکومەتی عێراقی کرد، نابێ شیعەکانی خوارووی عێراق کوشتار بکات، ئەوان لەگەڵ فەرەنسییەکان و ئەمریکییەکان دانوستان دەکەن بە فڕۆکە تۆڵەیان بکەنەوە. بۆیەش ئەمریکا وا خەریکە شەش فڕۆکەی ترنادۆ رەوانەی ناوچەکە دەکات، ئەوەش حکومەتی میسری نیگەران کردبوو، کە ئەوەیان رێگا خۆشکەرە وڵاتی عێراق پارچە پارچە بکات، رەنگە بەشی خوارەوەی بدرێتە کوێت و باکوورەکەشی بۆ تورکیا و پارچەی ناوەندەکەشی بدرێتە شانشینی ئوردن.

مام جەلال و کاک مەسعوود گەیشتنە فەرەنسا، لەوێ داوایانکردبوو نەوایەکی ئارامیش بۆ شیعەکانی خوارووی عێراق دابین بکرێت، بەوەش لە ستەم و زوڵمی بەغدا دوور دەکەونەوە.

شیعەکان دەڵێن گەرچی ئەمریکییەکان و فەرەنسییەکان و بریتانییەکان پشتیوانیمان دەکەن، بەڵام ئیمڕۆ حکومەت بە فڕۆکە ناوچەکانی ئێمەیان بۆمبابارانکردووە.

لەرۆژی سەرهەڵدانی شۆرشی کوردستانی باکوور شەڕ و پێکدادانەکان بەردەوامە، رۆژانە کوشتاری حکومەتی تورکی هەیە، گەریلا دەکوژرێن. وەزیری دەرەوەی تورکی رایگەیاندبوو کە لە ئەنجامی ئەو شەڕانە و چۆڵکردنی ناوچەکان زیانی ١٤ ملیۆن دۆلاریان لێکەوتووە.

__٢٠ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٠ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٣١ دەرچوو. تایبەت بوو بەیادی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان. هەروەها ژمارە ٦٣٢ رۆژنامەکەش دەرچوو، بەڵام بابەتەکانی وەک ژمارەی پێشووتر تایبەت بوو بەیادەکە. رۆژنامەی (طريق الشعب)ی ژمارە ١ی ساڵی ٥٨ دەرچوو.

هاوپەیمان دوارۆژیان بۆ حکومەتی عێراقی داناوە چیتر نابێ ناوچە شیعەنشینەکان بۆمباباران بکەن، هەواڵەکان باس لە کۆمەڵکوژییەکەی شیعەکانی ئەو ناوچانە دەکات. ئەو هەواڵەش لە کوردستان بەخۆشحاڵییەوە باس دەکرێت، وا دەزانن هاوپەیمانەکان سوورن لەسەر چۆکدانان بە رژێمی بەغدا، هەروەها باس لە پارچە پارچەکردنی عێراقیش دەکرێت هیوایەک بۆ کوردەکان نۆژەندەبێتەوە، کە کوردستانی سەربەخۆ دروست دەبێت.

حکومەتی عێراقی قەدەغەی هێنانی مەشروبات و یاری منالان و کۆمپیوتەر و کەرەستەی لەو جۆرەی کردووە، وەزارەتی بازرگانی رایگەیاندووە تەنیا بایەخ بە هێنانی خواردەمەنی زۆر پێویست دەدەن.

بەنزین یەک گالۆنی بە ٢٥ دینارە، میوە و سەوزە زۆر هەرزانە، دەڵێن گوایە سوتەمەنی لە ئێرانەوە دەگاتە کوردستان، حکومەتی هەرێم کار بۆ ئەوە دەکات.

برسیەتی ناو ولاتی سۆماڵ دەنگی داوەتەوە، وەک لە هەواڵەکان باس دەکرێت رۆژانە هەزار منال لە برساندا دەمرێت، کەناڵی ئاسمانی سوپەری بریتانی دیمەنی جەرگبڕ نیشاندەدات، رێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان خواردەمەنییان پێشکەش دەکەن، هەر لەئەنجامی دژواری شەڕەکانی ناوخۆش لە ولاتی بۆسنە و هزرەگۆڤیناش برسیەتی و

کۆشتنی بەکۆمەڵ هەیە، بەڵام لێرە نەتەوە یەکگرتووەکان بڕیاری داوە بۆ گەیاندنی فریاگوزاری چەک دژ بە سوپاکە بەکاربهێنن.

کۆنگرەی یەکگرتینی هەر سێ حزب (گەل، پاسۆک، سۆسیالیست) لە سەعات دەی بەیانی لە هۆڵی میدیا کرایەوە، بێجگە لە وتاری هەر سێ حزبەکە، دکتۆر کەمال فؤاد وتاری یەکێتیی نیشتمانی کوردستانی خوێندەوە، نێچیرڤان بارزانی وتاری پارتی دیموکراتی کوردستانی خوێندەوە، وتاری حزبی شیوعی عێراقیش لەلایەن عەبدولرەزاق ئەلسافی، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستانیش لەلایەن دکتۆر سەردار عەبدولقادر، وتاری رێبەرایەتی کوردستانی ئێرانیش لەلایەن حەسەن راسگار، دکتۆر عەزەدین مەستەفا رەسوڵ وتاری یەکێتیی نووسەرانی کوردستان، شێرکۆ بێکەس وتاری وەزارەتی رۆشنبیری خوێندەوە، لەو کۆنگرەیەدا بروسکەی هێزەکانی هاوپەیمانان لە بنکەی زاخۆ بە زمانی عەرەبی خوێندرایەوە، داوای لێبووردنیان کردبوو بۆیان نەکرابوو نوێنەریان ئامادە بێت.

پەرلەمان بڕیار دەدات پەرلەمانتار بۆیان نییە لە هۆڵی کۆبوونەوە بچنە دەرەوە گەر بیانووی مەشروعیان نەبێت. لەو کۆبوونەوەیەدا حاکم مەعرووف بە وەزیری دادی حکومەتی هەرێمی کوردستان دامەزرا و سوێندی یاسایی خوارد.

رادیۆی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی رادەگەێنیت کە مەسعوود بارزانی وتوویەتی: ئێستا وەزعی کوردستان لەبارە بۆ راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان. منیش نیازم هەیە سەردانی سوریا بکەم.

## ٢١ی ئۆگستی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ١٧١ دەرچوو.

بەردەوام پەکەکە و پاک، یەکێتیی و پارتی بە نۆکەری بێگانە تاوانبار دەکەن، دەڵێن ئەوانە دژی کۆنگرەی نەتەوەیین، کار بۆ سەربەخۆیی کوردستانی گەورە ناکەن، وتوویانە ئێمە حزبی شەهیدانین چۆن ڕێگای هاتنی ئازووخە لە هاولاتیان دەگرین، داواکارن خەلک بەروویاندا هەلبستێتەوە و (پاک) بکەنە ڕێبەرایەتی خۆیان بۆ دامەزراندنی کوردستانی مەزن.

وەزیری ناوخۆی تورکیا لێدوانێکی داوەتە ئاژانسەکان کە ١٥٠٠ چەکداری جوداخواز هێرشیان بردووتە سەر شارۆچکەی شیرناخ، بە هاون و بە چەکی قورس شارەکەیان بۆمبابارانکردووە، لە ئەنجامدا ژنێک و منالێک کوژراوە، لەورۆژانەش سوپای تورک مال بە مال بە دوای کوردەکان لەو ناوچەیەدا دەگەڕێت.

دوێنێ سەدام حوسێن لە کۆبوونەوەیەکی فراواندا هەوالی سازکردنی ناوچەیەکی ئارام بۆ شیعەکانی لە خوارووی عێراق ڕەت دەکاتەوە، ئەوەی بە بەرنامەی پارچە پارچەکردنی ولاتەکە پێناسە کردبوو، ئەوان بەهیچ شێوەیەک قبوولی ناکەن.

## ٢٢ی ئۆگستی ١٩٩٢

دزین و بڕینی مالە دەولەمەندەکان لەشاری هەولێر زۆر بووە، شەوانە چەکداری زۆر دەچنە سەر مالەکان پارەی زۆریان وەرگرتووە وەک ١٥٠ تا ٢٠٠ هەزار دینار و زێڕی زۆریش.

ولاتانی یەمەن، میسر، لیبیا، ئوردن، تورکیا، ئێران بڕیارەکەی ئەمریکا و فەرەنسا بۆ دانانی نەوای ئارام بۆ شیعەکان بەدابەشکردنی ولاتی عێراق دەزانن، بۆیە نیگەرانن و دەلێن هاوپەیمانان لەو بڕیاریاندا

یەکپارچەیی خاکی عێراق بەپیرۆزی ڕانـاگرن. حکومـەتی عێـراقیش زۆر لەسەر ئەو مەسەلەیە هەڕەشەی توند دەکات.

ڕۆژنامەی (کۆنگرەی یەکگرتن)ی ژمارە ٢ دەرچوو.

هەفتانە و بەردەوام و بەڕێکی هەفتەنامەی ئەنجومەنی بـاڵای ئیسـلامی کە لە ئێران چاپ دەبێت بەخۆڕایی بڵاودەکرێتەوە.

*****

# هەیڤی سێیەم

# لە٢٣ی ئۆگستی تا ٢٢ی سپتەمبەری ١٩٩٢

<u>٢٣ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٢ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٣٣ دەرچوو.

حکومەتی تورکیا بە تاوانی پابەندبوونی بە پەکەکە لە شاری شیرناخ ٤٠٠ کەسی لەو شارەدا گرتووە، رەوشی شارەکەش پاش رووداوە خوێناوییەکان ئیستا ئارامە.

وەزارەتی دەرەوەی رووسیا بەیانێکی دژی عێراق دەرکرد، لە بەیانەکدا ئاماژەیان بە چەوسانەوەی کورد و شیعە دابوو.

کاک مەسعوود گەیشتە دیمشق لەوێ سەرکردایەتی نەتەوەیی حزبی بەعس پێشوازییان کردبوو.

مام جەلال لە تورکیا گوتبووی، ئێمە ئارەزوومانە هاوپەیمانان هەموو گەلانی عێراق لە هێرشەکانی سەدام حوسێن بپارێزن، پشتیوانی هێرشەکانی پەکەکەش ناکەین، لە دانوستانەکانماندا لە گەڵ سەرانی بەعس دەرچوو فیدراڵییەتیش لەگەڵ ئەو رژێمە سوودی نییە.

__٢٤ی ئۆگستی ١٩٩٢__

(کوردستانی نویێ)ی ژماره ١٧٣ دەرچوو.

حکومەتی عێراقی تا نیشانی رای گشتی بدات خوارووی عێراق و ناوچەی ئەهوارەکان ئارامە چەند رۆژنامەنووسێکی بردبووە ناوچەکە، ئەوان گوتیان لەوێ بووین گوێمان لە تەقە و دەنگی تەقینەوەی گەورە دەبوو، پێیان وتین، ئەوە هیچ نییە ئەوە ماسیگرن بە دینامێت ماسی دەگرن، ئەگەرنا ناوچەکە ئارامە و ئەو فشارەی نەتەوە یەکگرتووەکان هەمووی زیادە و هاوڵاتیان پێویستیان بەناوچەیەکی دژەفڕێن نییە.

لە هەولێر (حاکم جەمال) کادرێکی یەکێتیی تیرۆرکرا.

هێدی هێدی کاروانی خواردەمەنی و ئازووخە لە تورکیاوە دەگاتە هەولێر و نرخی خواردەمەنیش لە دابەزینە.

سەدام حوسێن گوتبووی ئێمە کۆشش ناکەین بە شەڕ ناوچە کوردنشینەکان بگرینەوە، ئێمە ئەوە چاک دەزانین حزبە کوردییەکان ناوچەکەیان پێ بەڕێوە ناچێت، میللەتەکە خۆیان دەریاندەکەن و دەگەڕێنەوە باوەشی ئێمە و داوای پاراستنمان لێدەکەن.

شەو رادیۆی بی بی سی گوتی: دوا مۆڵەتی ئەمریکاش بۆ بەغدا تا بەیانییە دەبێ بە ناوچە دژەفڕینەکەی خوارووی عێراق رازی بێت، بەڵام پاش نیوەی شەو هەواڵێک لە رادیۆی ئیسرائیل بڵاوکرایەوە ئەو هەواڵە دوورە لە راستی، دواکات بۆ سەدام دانەندراوە. سعوودیە بەرنامەی نویی بۆ فڕۆکە مەدەنییەکانی ئاسمانی خۆی دارشت، چونکە داوایان لێکراوە ئاسمانەکەیان چۆڵ بکەن، فڕۆکەی سەربازی ئەمریکی بەرنامەیەکی لەو ناوچەیەدا هەیە.

کوێت پشتگیری ناوچە دژە فڕینەکەی خوارووی عێراقی کرد. نوێنەری عێراقیش بۆ ساردکردنەوەی هاوپەیمانان لەو بڕیارە لە بارەگای

نەتەوە یەکگرتووەکان گوتبووی، شیعەکان سەرکوت نەکراون، رەوشەکە پێویست بەو فشارە سیاسی و سەربازییە ناکات.

پاش ئەوەی ژمارە سفری رۆژنامەی تەنزی (خاک) دەرچوو، ئیمڕۆ ژمارەی یەکەمی دەرچوو، بەڵام لەرووی هونەری و بابەتەکان وەک ژمارەکەی پیشووی سەرکەوتوو نەبوو.

کاک مەسعوود لە سوریا لەلایەن وەزیری راگەیاندنەوە پێشوازی لێکرا.

فراکسیۆنی سەوزی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستان سێ ئەندامیان پۆستی وەزارەتیان هەبوو گۆڕی، ئەوانیش دکتۆر (سەلاحەددین ئەلحفید) و (شێرکۆ بێکەس) و (محەمەد تۆفیق رەحیم) بوون. یەکێک لەوانەی لەو شوێنی ئەوانەدا دانرابوون (نەسرین مەستەفا مەزهەر) بوو.

## <u>٢٥ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٤ درچوو.

لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان هاتنی کەرەستەی پێویست بۆ کارگەی جگەرەی هەولێر نیشاندرا.

لەسەر شەقامە سەرەکییەکان ئێوارە پۆلیس بە جوانی ئۆتۆمبێلەکانیان دەپشکنی.

لە شارۆچکەی شرناخی کوردستانی باکوور هێزەکانی تورکیا شارەکەیان هەراسان کردووە، نوێنەری شارەکەش لەو پێشێلکارییەدا ئاگاداری سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان پوترس غالی کردیتەوە، خەڵکی شارەکە بەو کردەوەیەی سوپا نیگەرانن، باری ناوچەکە ئاڵۆزە و خەڵکێکی زۆریش باردەکەن. لە چەند شوێنی ناوشاری هەولێر تابلۆی

هەڵواسینی خەڵکیان لە شرناخ نمایش دەکرد، شرناخیان بە هەڵەبجە دەشوبهاند.

ئەمریکییەکان دەڵێن حکومەتی عێراقی فڕۆکەکانی لەناوچەی ئەهوارەکان دوورخستووتەوە، بەڵام بە فڕۆکەی سمتی ناوچەکە کێومالْ دەکەن، زۆر دڕندانە هێرش دەکەنە سەر خەڵکی ئەهوارەکان.

حکومەتی عێراقی هوشیاری داوەتە نەتەوە یەکگرتووەکان ئەگەر ناوچەی ئارام بۆ شیعەکان لە خوارووی عێراق دامەزرێنن، ئەوانیش لەتۆڵەی ئەو کردەوەیان کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا دەردەکەن، بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێن ئەگەر ئێمە پۆلیسەکانمان لە باکووری عێراق بکێشینەوە ئەوە دووبارە کوردەکان لە دەست زۆرداری حکومەت رەو دەکەنەوە و تووشی تراژیایدیەکی تر دەبنەوە، رۆژانە خەڵکەکە پێویستی بە خزمەتگوزارییەکانی یونیسێف هەیە، گیانی منالانیش لە مەترسیی دایە، نەخۆشی زۆرە و چارەسەری بەپەلەیان پێویستە.

<u>٢٦ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٥ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٣٣ بە ١٢ لاپەڕە دەچوو. رۆژنامەی (گەل)ی ژمارە ٥١ بە زمانی عەرەبی دەرچوو.

رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی حزبی شیوعی عێراق ژمارە ١٠ ی دەرچوو. ئێوارە لە هەولێر بەدروشمی تایبەتی خۆیان و ئالای سووری بە ئەستێرەوە پەکەکە خۆپیشاندانێکیان سازکرد، لەئەنجامدا گرتن و تەقەش دروست بوو، بریندار و کوشتنیشی تێکەوت.

بەناوی حکومەتی ئەمریکی و فەرەنسی و بریتانی و رووسی، سەرۆکی ئەمریکی جۆرج بۆش هوشیاری داوەتە حکومەتی عێراقی کە

نابێ فڕۆکە جەنگییەکانی لە ناوچەی خوارووی هێڵی ٣٦ بفڕێت، ئەوە ئاگادارکردنەوەش تا ٢٤ سەعاتی ترە. عەبدولعەزیز ئەلحکیم بەناوی موسلمانی شیعەی عێراق بۆ رادیۆی دەنگی ئەمریکا قسەی کرد و گوتی: ئێمە هەرگیز نیازمان نەبووە و نییە عێراق پارچە پارچە بکرێت. لە میدیای حزبی بەعسدا بەتوندی ئەو بەرنامەیە رەفز دەکەنەوە، بەردەوام دەڵێن کەسێکی وەک مام جەلال بووکەشووشەی دەستی خۆرئاوایە و هەموو پلانەکان دەستی ئەوی تێدایە.

بەناوی سەرۆک عەشیرەتەکانی خوارووی عێراق لە میدیای حکومەت بروسکەی ناڕەزایی بڵاودەکەنەوە قبووڵیان نییە ناوچەی دژەفڕین لەو ناوچەکەیان بچەسپێندرێت، ئەوان بەراستگۆیی لەگەڵ حکومەتن. حکومەتیش بەرنامەی پرۆژەی نوێ لە ناوچەکەیان رادەگەیێنێت، دەڵێن کۆشش بۆ بوژانەوەی ناوچەکە دەکەین.

رەکەبەری جۆرج بۆش بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکا بیل کلینتۆن دەڵێت:

ئێمەش لەگەڵ ئەوەدا کۆکین کە شیعەکان لە خوارووی عێراق دەچەوسێنەوە و کوشتاریان دەکەن، بۆیە دەمانەوێ ناوچەیەکی دژەفڕینیان بۆ سازبکەن، تا چیتر فڕۆکەکان ناوچەکانیان بۆمبابارانی نەکەن، ئەو گلەییشمان لە سەرۆک بۆش هەیە کە دەکرا هەر لە شەڕی کەنداودا سەدام حوسێن بڕووخێنن، بەڵام بەدەستی ئەنقەست ئەو زۆردارەیان هێشتەوە، کە ئێستا بە فڕۆکە بەربووتە گیانی ئەو خەڵکە سیڤیلە.

سەرۆک تورکی تورکوت ئۆزال: رایگەیاند کۆبوونەوەی فەرمانده سەربازییەکانی لەگەڵ نوێنەرانی شارەکان لە ئارادایە بۆ شرۆڤەی رەوشی کوردەکان، شاری دیاربکر وەک مەڵبەندێکی کوردی سەیر

دەکریت، بڕیاریشە مافە کولتوورییەکانیش بدرێتە کوردەکان. ئەو لێدوانە لە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بڵاوکرایەوە.

<u>٢٧ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویٚ)ی ژمارە ١٧٦ دەرچوو.

رۆژنامەی (الجبهة الكردستانية)ی بە چوار لاپەڕە دەرچوو، لەو ژمارەیەدا وتارێکی بەناونیشانی (الاكراد يتمتعون بالاستقلال و يطلبون الحكم الذاتي)ی کامەران قەرەداغی لە رۆژنامەی ئەلحەیاتی لەندەنی دەرچوو بوو بڵاودەکاتەوە.

رۆژنامەی (نەورۆز)ی ژمارە ١٠ ی پاسۆکی لقی دهۆک بە زمانی کوردی و عەرەبی و بەچاپێکی جوان و بەناوەڕۆکێکی باش دەرچوو.

ئەوە دووەم رۆژە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە ئاسمانی خوارووی عێراق بۆ پاراستنی شیعەکان دەفڕن، ئیمڕۆ نۆهەد جار فڕیون، وەزارەتی بەرگری ئەمریکی دەبێژێت کە فڕۆکەکانیان بەیان و بانگەوازیان لە ئاسمانەوە فڕیٚ داوەتە خوارەوە، تێدا داواکارن و هەڕەشە دەکەن کە بە هیچ جۆرێک ناکریٚ فڕۆکەی عێراقی لەو ناوچانە بسووڕێنەوە و نابیٚ رادارەکانیان کار بکەن، لەلایەن خۆیەوە حکومەتی عێراقیش ناڕازییە و فشار و هەڕەشەی لەو وڵاتە عەرەبیانەش کردووە کە پشتیوانی ئەو بڕیارە دەکەن. سەرکردەکانی شیعە بە نامە سوپاسی پشتیوانییەکەیان کردووە و خۆشحاڵی خۆیان دەربڕیوە.

ئیمڕۆ گەردەلووڵ و بارانیش دەباڕیت، ئاو لە شەقامەکانی شاریش دەڕوات.

کاک مەسعوود لە سوریا چاوی بە سەرۆکی سوری حافیز ئەلئەسەد دەکەوێت.

**٢٩ی ئۆگستی ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٧ دەرچوو.

یەکێتیی هونەرمەندانی کوردستان نمایشی فیلمی گەلەگورگی کرد، دیارە فیلمەکە کورت بوو، بەچەند ئەکتەرێک و بەدیمەنی جوانەوە دەرهێنرابوو.

حکومەت بۆ چوونە ناوشاری موسڵ بواری ئۆتۆمبێلی تایبەتی دەدەن.

بەقسەی دەنگی ئۆپۆزسیۆن کاک مەسعوود داوایکردووە هێزە ئۆپۆزسیۆنە عێراقییەکان بێنە هەولێر لەوێ کۆنگرە ببەستن.

مام جەلال لە ئەڵمانیا وەزیری دەرەوەی بینووە و بڕیارە بگەڕێتەوە کوردستان.

وڵاتی چین نارەزایی هەیە لە بڕیارەکەی دژەفڕینی باشووری عێراق و رایگەیاندووە ئەوان بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ دابەشکردنی وڵاتی عێراقدا نین.

**٣٠ی ئۆگستی ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٨ دەرچوو. رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٣٧ دەرچوو، لەورۆژنامەیەدا بەجورئەتەوە باسی رەوشە ناڵەبەر و کوشتارەکەی شاری شرناخی کوردستانی باکووری کردبوو. ژمارەیەکی تری گۆڤاری (الثقافة الجديدة) گەیشتە کوردستان.

سەدام حوسێن لە نامەیەکدا بەتوندی هیرش دەکاتە سەر هاوپەیمانەکان، لەو نامەیەدا بە هەموو شێوەیەک ناوچە دژەفڕینەکەی باشووری رەتکردەوە، شیعەکانیشی دڵنیاکردووە کە ناوچەکەیان بەشێکە لە عێراق بە هیچ پلانێک جیاناکرێتەوە. ئەنجومەنی ئاسایشی ئەمریکی رایگەیاند حکومەتی عێراق بە نیازە هێرشی وشکانیش بکاتە سەر شیعەکان، بەڵام ئێمە رێگای پێدەگرین، ئەوەش چارەسەر دەکەین.

ئاژانسەکان باسی دژواری شەڕەکانی پەکەکە و حکومەتی تورکیا لەسەر سنوورەکانی ئێران تورکیا دەکەن، دەڵێن چەکدارە جوداخوازە کوردەکان ١٠ سەربازی تورکییان کوشتووە و تەرمەکانیان بەدوای خۆیاندا راکێشاوە.

<u>٣١ی ئۆگستی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٧٩ دەرچوو.

<u>١ی سپتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٨٠ دەرچوو.

بڕیارە حکومەتی رووسیا دوو کەشتی جەنگی رەوانەی کەنداوی عەرەبی بکات.

سلێمان دیمیریلی سەرۆکی تورکیا بەتوندی ئیدانەی ئێرانی کردووە کە یارمەتی کوردەکان دەدات تا هێرش بکەنە سەر تورکیا، لە قسەکانییدا گوتی: ئێمە بە هیچ جۆرێک قبووڵمان نییە مێشوولەی پەکەکە بێتە ناو گۆمی تیرۆر. لە وتارەکەییدا بەڵێنی داوە بەیەکجاری رەگی پەکەکە ببڕیت، لەتورکیاش کاک مەسعوود و مام جەلال بەڵێن دەدەن بوارنەدەن لە کوردستانەوە هێرش بکرێتە سەر تورکیا.

هەواڵەکان وا دەگەیێنت کە نێوان حکومەتی عێراق و ئێران ئاڵۆزە و ئەوە دووەمجارە عێراق شکایەت لە ئێران دەکات.

ئەوانەی لە هەولێر لە خۆپیشاندانی پاڵپشتی شاری شرناخ گیرابوون ئازاد کران، لەوانە موقەدەم (عەزیز ئاکرەیی) کۆنە سیاسەتمەدار و پێشمەرگەی دێرینی پارتی و شۆرشی ئەیلول کە ئێستا لە دوورە وڵات دەژیت، ئەو وتی، من پشتیوانی پەکەکە ناکەم، پشتیوانی کوردەکانی باکوور دەکەم، من هەرگیز لەگەڵ حزبی مارکسییدا نیم، بەلام بۆ

کوردستان و دژ بە داگیرکەران خەبات دەکەم، دیارە چارەنووسی من وایە هەر بە دەستی کوردان دەگیرێم، کە گیرام مامەڵەیان لەگەڵ مندا باش بووە و ڕێزی منیان گرتووە، کە پەرلەمانیش داوای کردبوو ئەو گیراوانە ئازادانە و بەئاشکرا دادگا بکەن، ئەو وتی بەو بڕیارە خۆشحاڵم.

گالۆنی بەنزین بە ٢٧ دینارە، ئارد و شەکر گران دەبێت، یەک کیلۆ تۆچا بە ٨٠ دینارە.

<u>٢ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٨١ دەرچوو.

ئیمڕۆ لەلای پردەکەی گەڕەکی تەعجیلی هەولێر نارنجۆکێک تەقیبوو، چەند بریندارێکیش هەبوو.

رادیۆی دەنگی یەکگرتنی حزبی یەکگرتن رایگەیاند کە لە هۆڵی کۆنگرە ٤٥ کیلۆ تەقەمەنیمان دۆزیوەتەوە و توانیمان پووچەڵی بکەینەوە.

پارێزگاری هەر سێ شاری هەولێر و سلێمانی و دهۆک دامەزرا.

لە کاتی گەڕانەوەی کاک مەسعوود و لە دابەزینی لە فڕۆکە کۆپتەرەکە، ئەو بەکورتی قسەی بۆ تەلەڤزیۆنی پارتی کردبوو، لەوێیدا گوتی، باسی تەواوی سەفەرەکەم بۆ پەرلەمان دەکەم.

<u>٣ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٨٣ دەرچوو.

لە گوندێکی ناوچەی دیاربکر شەڕێکی دژوار هەیە، لەو شەڕەدا بیست گەریلای پەکەکە کوژران، یەک سەربازییش لەو شەڕەدا کوژراوە.

<u>٤ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

تەلەڤزیۆنێکی کۆنی فیلیبسم بۆ ماڵەوە بە ٢٦٠٠ دینار کڕی.

سێ ئەندازیاری سویدی لە کارەبای کوێتی کاریان کردووە، لەناو گەردەلوولدا گوم ببوون، پاسەوانانی عێراقی لەسەر سنوور دەستگیریان کردوون، وا چاوەڕوان دەکرێت وەفدێکی سویدی بگاتە بەغدا تا سۆراخیان بکات.

ئاژانسەکان باسی ئەوە دەکەن تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پووچەڵکردنەوەی ۳۵ هەزار گولەتۆپ بگەنە ناوچەی ئەلموسەنا، سەریش لەو کارگەیە دەدەن ئەو تەقەمەنییەی تێدا دروست دەکرێت.

دکتۆر موزەفەر ئەرسلان بەناوی تورکمانەکانی عێراق بەدەنگی مۆنتی کارلۆی راگەیاندبوو داواکارن ناوچە ئارامەکەی باکوور بگوازنەوە سەر هێڵی ۳۵ تا تورکمانەکان بپارێزێت، بەوەش کەرکووک دەگرێتەوە.

نرخی یەک گالۆن بەنزین بە ۲۸ دینارە.

لە هوتێلەکانی ناو بەغدا ژمارەیەکی زۆری کوردیان گرتووە، دیارە کوردەکان بۆ چەندان مەبەست بەو رێگا ناخۆشانە دەچنە بەغدا، لەوێش هوتێلەکانی ئەوان دیارە و بەئاسانی دەگیرێن، دەڵێن سۆراخیان نییە.

## ٦ی سیپتەمبەری ۱۹۹۲

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ۱۸٤ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ۳۸ دەرچوو. رۆژنامەی (گەل)ی حزبی یەکگرتنی کوردستان ژمارە ٥۲ بەزمانی عەرەبی دەرچوو.

بەرپرسێک لە تیمە پشکێنەرەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێت: حکومەتی عێراقی بەهیچ شێوەیەک ئامادە نییە ناوی سەرچاوەکانی کڕینی چەکەکانمان بۆ ئاشکرا بکات، ئەوەشمان مەبەستە تا کارئاسانیمان بۆ بکات، بەپێچەوانەش کارەکانمان باش بەڕێوە ناڕوات.

حکومـەتی عێراقـی لێبـووردنی گشـتی بـۆ سـەربازە هـەڵاتووەکانی خوارووی عێراق دەرکرد، ئەوەش نیازپاکی بەرامبەر بەو نارەزایییانەی سەبارەت بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤە لەو ناوچانە.

پشکێنەرەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێن: لەمەودوا بەپشکنینی ئاو و خـاک دەتـوانین بـزانین عێراقییـەکان سـەرقاڵی تاقیکردنـەوەی چـەکی ناوەکین، یان وازیان لەو مەبەستە هێناوە.

<u>٧ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٨٥ دەرچوو.رۆژنامەی (بۆتـان)ی حزبی یەکگرتنی کوردستان ژمارە ١٣ی مانگی تەباخ دەرچوو.

کەسـێک بەنـاوی (مەسـتەفا ئیـبن سـەید عـەلی بـەرزنجی) بـەزمانی عەرەبی و لە چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین لـە هەولێر کتێبێک بەناوی بەشی یەکـەمی (کلمـات اللـه) چاپکردبوو، کتێبەکە چاپێکی جوان بوو، لـە قسـەکانییدا گـوتراوە کە ئـەو قسـانەی لـە خـودای گـەورەوە بـۆ هـاتووە، نووسینەکان لە شێوە و دەربڕیندا لـە ئایەتـەکانی قورئـانی پیـرۆز دەچـوو، لە سەر نووسینەکاندا مێژووی دابەزینی بەناوی وسایە نووسیبوو.

کـاک مەسـعوود لەگـەڵ پەرلـەمانا کۆدەبێتـەوە و باسـی سـەفەرەکەی خـۆی بـۆ دەرەوە بـۆ پەرلـەمانتاران دەکـات، شـەو تەلـەڤزیۆنی گـەلی کوردسـتان دەقـی قسـەکانی بڵاوکـردەوە کـە تێـدا گـوتی: داواکـاری فیـدراڵییەت مـافی رەوای خۆمانـە و کێشـەی کـورد بوویتـە کێشـەیەکی سیاسـی، مـن وادەزانـم وەزعـی ئابووریمـان چـاک دەبێـت و مەسـەلەی سـوتەمەنیش چارەسـەر دەکرێـت، کوردسـتان لەلایـەن هاوپـەیمانان بـە بـوونی دوو ناوچـەی دژە فڕینـی ژێـر هێڵـی ٣٥ و ٣٢ بـەردەوام دەبێـت. هەردەم سەربازێکی بچووکی پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیرانم. ئەندامانی پەرلەمان بە چەپڵەوە پێشوازییان لە قسەکانی دەکرد.

**<u>٨ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نویٚ)ی ژمارە ١٨٦ دەرچوو.

لەدەنگی ئەمریکاوە هەواڵێک بڵاوکرایەوە، لە درێژەی سەفەرەکەی تۆرکۆت ئۆزال بۆ ناوچەی ئەنادۆل ئەندامێکی پەکەکە ویستبووی نارنجۆکێکی لیٚ بدات، بەڵام لە دەستی خۆی تەقیوەتەوە و ئەو لەویٚ مردووە.

دوو فڕۆکەی تورکی و یەکێکی ئێرانی بە شوێن چەکدارەکانی پەکەکە ناوچەکە بۆمبابارا ن دەکەن، دوو فڕۆکە تورکییەکەش لەناو خاکی ئێران نیشتوونەتەوە.

ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاردەدات زانکۆی سلێمانی بکرێتەوە، بۆ ئیمساڵ خوێندنی کولێژەکانی پزیشکی و بەیتەری و کشتوکاڵ تێدا ئامادە دەبێت.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان زۆر بایەخی بەیادی لەدایکبوونی پێغمبەر (د.خ)دا.

**<u>٩ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

ئێمڕۆ بەبۆنەی مەولوودی پێغمبەری پیرۆز لە دائیرەکان پشوودان بوو، لە هەندیٚ لە مزگەوتەکان یادی ئەورۆژە بە پیرۆزیی کرایەوە.

(کوردستانی نویٚ)ی ژمارە ١٨٧ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٣٧ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا چوار لاپەڕەی تایبەت بوو بە یادی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول.

حکومەتی عێراقی هەواڵی کوشتاری شیعەکانی ناوچەی ئەهوارەکانی بە درۆخستەوە کە حکومەتی ئەمریکی بڵاویکردیتەوە.

سەرکردەی ئاینی شیعەکان محەمەد بەحر ئەلعلوم لە ئێرانەوە گوتی: حکومەتی عێراقی ناچار دەکرێن لە ناوچەکانی خواروی عێراق دەکشێنەوە، با شیعەکان ساز بن بۆ بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان.

لە رادیۆی مۆنتی کارلۆ هەواڵی نمایشکردنی فیلمێکی کوردی لە ڤیستڤاڵێکی سینمایی لە شاری ڤینیسیا بڵاودەکاتەوە، فیلمەکە نووسەرەکە و دەرهێنەرەکەی کوردە و باس لە کوڕێک دەکات منداڵێکی کوردی نەخۆشی چەکی کیمیاویی هەڵەبجە دەباتە ئەڵمانیا و لەوێ چارەسەری دەکات، بەڵام پاشان کوڕەکە دەزانێت کە برایەکەی ئەو بە دەستی چەکدارە کوردەکانی باکوور لە تورکیا دەکوژریت. ناوی فیلمەکە گەیشتنی ئاکۆ بوو.

<u>١٠ی سیتەمبەری ساڵی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ئیمڕۆ دەرنەچوو.

ژمارەیەکی تری رۆژنامەی (طریق الشعب)ی حزبی شیوعی دەرچوو.

رۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)ی ژمارە ١١ی حزبی شیوعی دەرچوو.

گۆڤاری (روناکبیر)ی ژمارە (١)م بە دەستکەوت، لە بازاڕ کۆپیم کرد، ئەو گۆڤارە لە وڵاتی سوید دەرچووە.

دوێنێ سەعات چواری شەو تەقەیان لەماڵی قادر عەزیزی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان لە شارۆچکەی عەنکاوە کرد، پاسەوانێکیان بەسووکی پەنجەیەکی زامدار بوو.

<u>١١ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٨٨ دەرچوو.

لەگوندی جدیدەی بەڕانەتی ساواریان بۆ کوڵاندبووین، چووین ساوارەکەمان هێنایەوە.

گالۆنی بەنزین بە ٣٠ دینارە.
لەماڵی خۆیدا دڵشادی کوڕی ئەسعەد ئاغای شێتنەیان کوشت.
کۆمکاری عەرەبی پەیامێکیان هەبوو، تێدا رایانگەیاندبوو ئەوان بەهیچ شێوەیەک و بە هەر بیانوویێکیش بێت، رازی نابن عێراق دابەشبکرێت.
هەواڵەکانی باکوور وا دەگەێنن کە سێ ئەندازیاری بواری دۆزینەوەی پترۆڵ لەشاری باتمان کوژراون. پەکەکە چەند ماشێنیان سووتاندووە، رۆژانە لەو ناوچانە شەڕ و کوشتار بەردەوامە.

<u>١٢ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

کەسایەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و کۆنە قازی شاری هەولێر (رەشاد موفتی) ئیمرۆ کۆچی دوایی کرد.
لەسەر فەرمانی پارێزگاری هەولێر بڕیاردرا پارەی دڕاو وەرگیرێت. بۆ ئەو مەبەستەش چەند بنکەیەک کرایەوە، دیارە رۆژانە لە ناو شاردا کێشەی وا زۆرە، هەر پارەیەک یەک تۆزی دڕاو بێت وەرناگیرێت، پارەکانیش هەموو کۆن بوون، بەتایبەتی دراوی کاغەزی پێنجی و دەیەکان زۆر کۆن بوون، چونکە زۆر بەکاردەهێنرێن.
لەبەردەم هوتێلی بابل لەشاری دهۆک ئۆتۆمبێلێکی بەرازیلی بە مین چێنراو دەتەقێتەوە، لەئەنجامی تەقینەوەکەدا ٢٦ هاوڵاتی بریندارەبن.
وەفدی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان لە هۆلەندا گەڕانەوە، ئەندامی وەفدەکە دکتۆر کەمال کەرکووکی جێگری وەزیری یارمەتی و هاوکاری مرۆڤایەتی لە تەلەڤزیۆنی پارتی قسەی کرد و گوتی: لەو کۆنگرەیەدا چەندان خاڵ قسەی لەسەر کرا، وەک دامەزراندنی چەندان دەستەی خێرخوازی و ئاوەدانی بۆ کۆکردنەوەی کۆمەک و پشتیوانی بۆ ئاوەدانکردنەوەی کوردستان. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا داواکرا هێڵی پاراستنی کوردەکان لە هێڵی ٣٦ بگوازرێتەوە بۆ هێڵی ٣٤. پێشنیاریش

کرابوو پارەی بلۆکدراوی عێراق لەدەرەوە بەشێکی بدرێتە کوردەکان. من لە هەرێمێکی ئەڵمانیش داوەتکرابووم، لەوێ بەڵێنیان دابوو یارمەتی کوردستان بدەن. لەو کۆنفراسەدا چەندان کاربەدەست و وەزیر و کەسایەتی سیاسی و نوێنەری رێکخراوەکان بەشداربوون، پاش ئەو دیمانەیە چاوەڕوان دەکرێت پشتیوانیمان زۆرتر بێت و رەوشمان باشتر بێت، ماوەی سێ رۆژ بەبەردەوامی باسی رەوشی ئابووری و مەسەلەی ئابلۆقەی ئابوورییەکانی سەر کوردستانکرا.

**<u>١٣ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٨٩ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٣٩ دەرچوو، سەبارەت بە مەسەلەی پارە و مووچە و داهاتەکان دیمانەیەکم لەگەڵ بەڕێوەبەری بانکی ئاراس کردبوو لەو ژمارەیەدا دەرچوو.

نرخی یەک گالۆن بەنزین گەیشتە ٣٣ دینار، دەڵێن لە رێگای بەردەرەشەوە پێشمەرگە رێگا لە هاتنی بەنزین دەگرن، داوایان لێ کردوون نرخی بەرمیل بەنزین لە ٦٠٠ دینار زۆرتر نەبێت، بۆیەش بەنزین کەم دێت و نرخەکەی بەرزە.

ئەوە چەند رۆژە پارەی دڕوایش لە بازاڕ وەردەگیرێت، بازاڕەکە کەمێک رێکخراوە، گۆڕینەوەی پارەی ئەسلی بە عادییەکە قەدەغەکراوە، بەڵام بەنهێنی هەر هەیە، بەڵام لەبەر ئەوەی خەڵکەکە پارەی عادییان دەوێت، بۆیە بەدزی هەر هەیە.

رووناکبیری گەورەی عەرەب هادی ئەلعلوی لە گۆڤاری ئەلحریە وتارێکی نووسیبوو گوایە، کوردەکانی بە خائین لە قەڵەمداوە، ئەوانە فێڵ لە هەڵوێست و میللەت و مێژوویان دەکەن، چونکە ئەوان رازی دەبن کوردستان وەک ئیسرائیلی لێ بێت، ئەو زۆر دەربڕینی ناشایستەی نووسیبوو، ئەو وتارەشم لە بازاڕ کۆپی کرد. ئەوەی شایانی باسە

ئەلعلوی لە دەرەوە دەژیت، زۆریش داکۆکی لە کورد کردووە، بەتایبەتی لە کاتی کیمیابارانکردنەکەی هەڵەبجەدا. من وا دەزانم ئەو نووسینە جیاوازییەکی نییە لەگەڵ ئەو وتارانەی عەبدولجەبار موحسین و نووسەرەکانی تری بەغدا دەینووسن جیاوازییەکی وای نییە.

لە ناوچەی هەکاری شەڕێکی دژوار لەئارا دایە، لە هێرشێکی چەکدارانی پەکەکە لە مەخفەرێکی پۆلیس سێ لە چەکدارەکان کوژراون، هەروەها ٢ چەکداری سەر بەحکومەت و ٩ سەرباز و ئەفسەرێکیش کوژراون، پاش شەڕەکە چەکدارەکان گەڕاونەتەوە ناو سنووری عێراق، ئەو هەواڵە لە دەنگی ئەمریکا بەو شێوەیە بڵاوکراوەیە، بەڵام رادیۆی ئێرانی بە زمانی عەرەبی هەواڵەکەی بەو شێوەیە بڵاودەکاتەوە، کە لەو شەڕەدا ژمارەی کوژراوەکان دەگاتە ٤٠ کەس زۆربەیان نەیارەکانی حکومەتی تورکیان.

<u>١٤ی سپتەمبەری ٢٠٠١</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٠ دەرچوو.

ئیمڕۆ پارێزگاری هەولێر عەبدولمهێمن بارزانی هاتە لامان لە سەرۆکایەتی شارەوانی، لەگەڵ دەستەیەک لە فەرمانبەرانی شارەوانی قسەی بۆ کردین، ئەو گوتی: دوو ئەرکی گەورەمان لە پێشە، یەکەمیان کە زۆر مەبەستمانە چاکردنی رەوشی ئاسایشی شارەکە و کەمکردنی دیاردەی چەکدارییە، ئەرکی دووەمی زۆر گرینگیش کە لە پێشمان دایە دابینکردنی سوتەمەنییە، بەڵێنمان وەرگرتووە لەماوەی ١٤ رۆژدا کێشەکە چارەسەر دەکرێت.

مەحمود فەرهەنگ نوێنەری یەکێتیی لە ئێران گوتی: حکومەتی ئیسلامی لە ئێران وەزعی لەگەڵ ئێمە و ئەنجومەنی باڵای ئیسلامی شیعەکان باش نییە، داوامکرد نەوتمان پێ بفرۆشن، داوای پارەی زۆریان

دەکرد، ئەو نرخەی ئەوان داوایان دەکرد لە هەولێر هەرزانتر دەست دەکەوت، منیش لەو مەسەلەیە قسەم لەگەڵ مەکتەبی سیاسی خۆمانکرد، ئەوان وتیان با نوێنەریان بێتە کوردستان قسەیان لەگەڵدا دەکەین، کە بەیەکەوە دانیشتین ئەوەش چارەسەر دەکەین. مام جەلال لە تورکیا بوو لەوێ سەبارەت بە سوتەمەنییەکە قسە لەگەڵدا کرد، ئەو گوتی زۆر بایەخیان پێ مەدە، لەدەرەوە هەموو شتمان بۆ دابین دەکەن، واز لە ئێرانییەکان بهێنە. سەبارەت بەنرخی تومەنی ئێرانیش رەوشی زۆر خراپە، یەک دیناری عێراقی حەوت تومەنە.

سامی عەبدولرەحمان سەبارەت بە سەفەرەکەیان بۆ هۆلەندا بە تەلەڤزیۆنی یەکگرتنی راگەیاندبوو کە رەوشەکەمان باش دەبێت لە دەرەوە پشتیوانیمان دەکەن بڕیارەی پالاوگەی گەڕۆکمان بدەنێ، نەوتمان زۆر دەبێت.

<u>١٥ی سپتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩١ دەرچوو.

نرخی دۆلار زۆر بەرزبوویتەوە بە پارەی ئەسلی سەد دۆلار دەگاتە ٢١٠٠ دینار.

ئیمڕۆ مووچەمان وەرگرت، دیارە مانگانە پارەکە بە ئەسلی وەردەگرین، دەزگاکانی حکومەت مامەلە بە پارەی چاپی عادی ناکەن. پارە عادییەکە لە کاغەزی ئاسایی چاپ دەچێت، جۆری کاغەزەکەش زۆر خراپە و زوو دەدڕێت.

مەستەفا قادر بە پارێزگاری کەرکووک دامەزرا.

دوو کولێژ لە زانکۆی دهۆک دەکرێتەوە، ئەویش کولێژی پزیشکی و کشتوکاڵ دەبێت.

**<u>١٦ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٢ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٣٨ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ئەنجومەن)ی ژمارە ١ دەرچوو، ئەورۆژنامەیە بەچاپی جوانەوە لەلایەن پەرلەمانەوە لەشێوەی وقائعی عێراقی دەرچوو، تێدا بڕیارەکانی پەرلەمانی تێدا دەبێت. بڕیارەکان بەزمانی عەرەبی و کوردی بوون.

بەرپرسی پرۆسەکانی فریاگوزارییەکان لە نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق بە ئاژانسی رۆیتەری راگەیاندبوو کە ئەگەر نەوت نەگاتە ناوچەی کوردنشینەکان، ئەوا کوردەکان ناچاردەبن رەو بکەنەوە و روو لە وڵاتانی دراوسێیەکانیان بکەنەوە، هەموومان دەزانین زستانی کوردستان سارده و ناکرێ بێ سوتەمەنی بەرگە بگرن، بۆیە دەبێ حکومەتی عێراق سوتەمەنییان بۆ دابین بکات.

حکومەتی عێراقی لە بانگکردنی موالیدی ساڵی ١٩٧٤ بۆ خزمەتی سەربازی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ڕێزپەڕ دەکات، گوتبوویان چونکە لەودەمانەدا دەستمان ناگاتە ئەو ناوچانە، ئەو هەواڵەش لە ئاژانسەکانیش بایەخی پێ درابوو.

کوشتن و حاڵەتەکانی دزی و راورووت کەمتر بوویتەوە خەڵکەکە لە هوشیاری و ئاگادارییەکانی دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش رازییە، رۆژانە کارەکانیان بەپێی یاسا بەڕێوەدەڕوات.

**<u>١٧ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٣ دەرچوو. ڕۆژنامەی (روونـاکی)ی ئۆرگانی حزبی ئەللەی شۆرشگێر لە ئێرانەوە ژمارەی پێنجەمی دەرچوو، لە کتێبخانەکان بەخۆڕایی دابەش دەکرا، رۆژنامەکە بابەتی باشی تێدا بوو.

گالۆنی بەنزین بە ٣٥ دینارە، یەک گالۆن نەوتیش بە ١٨ دینارە.

لە ئاژانسەکان باس لەوە دەکرا کە سیاسەتمەدارە ئەوروپییەکان و پەرلەمانتارەکان لە رەوشی مافی مرۆڤ لە تورکیا نیگەرانن، وادەزانن کێشەی کوردەکان لەو بەشەدا تەنیا بە دانوستان و بە سیاسەت چارەسەر دەکرێت، پێویستە حکومەتی تورکیا واز لە کۆمەڵکوژییەکان بهێنێت و لەگەڵ کوردەکان دانوستان بکات، چونکە کێشە لە بازنەی ئیرهابدا نییە، کێشەکە سیاسییە و چارەسەری سیاسی دەوێت.

لە لەندەن مام جەلال چاوی بە شاحوسێن دەکەوێت، هەواڵەکان دەڵێن ئەوە یەکەم جارە مەلیکی ئوردن لەگەڵ سەرکردەیەکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دیمانەی دەبێت، چونکە ئەو لە سەرەتای شەڕی کەنداو لایەنگیری تەواوی سەدام حوسێن بووە.

لە ناوچەی بنگوڵ گەریلاکانی پەکەکە پێنج کەسیان کوشتووە.

گۆڤاری (کادر) ئۆرگان و گۆڤاری سیاسی و تیوەری پارتی دیموکراتی کوردستان بەزمانی عەرەبی ژمارەیەکی تایبەت بەبۆنەی یازدەی ئەیلول دەردەکات.

گۆڤاری (الشعلة)ی ئۆرگانی یەکێتیی لاوانی دیموکراتی کوردستان ژمارە ٢٤ی دەرچوو.

حکومەتی عێراقی لێبووردنی گشتی بۆ سەربازە هەڵاتووەکانی ناو کەرکووک دەردەکات.

**<u>١٨ی سیپتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٤ دەرچوو.

پاش تەواوبوونی کۆنگرەی سۆسیال دیموکرات لە بەرلین کە تێدا حزبە کوردییەکانی وەک یەکێتیی و پارتی و دیموکراتی ئێران و کۆمکار، پێنج سەعات لەدوا کۆبوونەوەکاندا دکتۆر سەعیدی شەرەفنکدی

سکرتێری دیموکراتی کوردستانی ئێران له ریستورانتێکی یونانی تیرۆرکرا، لەهەمان دەستدرێژییەکەدا دوو ئەندامی سەرکردایەتی حزبەکەی لەگەڵدا بوون ئەوانیش کوژران، وەرگێڕەکەشی برینداربوو. هەواڵی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی لە هەموو ئاژانسەکان بە بایەخەوە باسدەکرا، لەئێستگەی مۆنتی کارلۆ حکومەتی ئێرانی بەو تیرۆرە تاوانبارکرد. هاوکاتیش لەودەمانەدا دوو وەفدی پارتی و یەکێتیی لە تاران سەرقاڵی ئەوە بوون لایەنە شیعەکانی ئۆپۆزسیۆن رازی بکەن کۆنگرەی گشتی ئۆپۆزسیۆن لە هەولێر بکەن، تا بە بەرنامە و باشتر کار بۆ رووخانی رژێمی بەغدا بکەن.

ئێستگەکانی جیهانی باس لەوە دەکەن کە کوردەکان خەریکی سازکردنی سوپایەکی یەکگرتوون کە قەوارەکەی بگاتە ١٥٠ هەزار چەکدار، بەشی زۆری ئەو هێزەش لە هەردوو حزبە سەرەکییەکەی کوردستان دەبێت.

<u>١٩ی سێپتەمبەری ١٩٩٢</u>

چەند رۆژە قسەی وا هەیە کە حکومەت بەنیازە سوتەمەنی رەوانەی کوردستان بکاتەوە، بەڵام هیچ دیار نییە، بۆیەش سوتەمەنی نرخی بەرزتر دەبێتەوە.

<u>٢٠ی سێپتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٥ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی) ژمارە ٤٠ دەرچوو، لەپرسەی شەهیدبوونی دکتۆر شەرەفکەندی رۆژنامەکە هەر دوازدە لاپەڕەکەی رەش بوو.

لە مزگەوتی (البکر) ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان و بەرەی کوردستانی پرسەیان بۆ شەرەفکەندی دانابوو. لەو پرسەیەدا ئۆتۆمبێلەکانی خەڵکی یەکێتیی ئارمی رەشیان هەڵگرتبوو.

**٢١ی سیتەمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٩٦ دەرچوو.

ئاژانسەکان رایانگەیاند لەبەر ئامادەنەبوونی چەند لایەنی شیعەی ناو ئێران ئیمڕۆ وەک بڕیاربوو کۆنگرەی گشتی ئۆپۆزسیۆن لە هەولێر نەگیرا، رەنگە بەیانی کۆنگرەکە سازبکرێت.

پۆلیسی بەرلین خەریکی پشکنین و گەڕانن بەدوای بکوژانی دکتۆر شەرەفکەندی، دەڵێن وێنەی کەسەکانیان کردووە، بڕیارە لەرۆژنامەکان بڵاو بکرێنەوە، گوایە پێڵاوی یەکێکیان بەجێماوە، بەو پێڵاوە دەزانن کابرا کێش و باڵای چەندە. هەموو جیهان باسی تیرۆرکردنی شەرەفکەندی دەکەن، سۆسیال دیموکرات نارەزایی بڵاودەکاتەوە، ئەوانە و زۆر لایەن حکومەتی ئێرانی بەو کارە تاوانبار دەکەن، حکومەتی ئێرانیش لەلایەن خۆیەوە ئەوروپاییەکان تاوانبار دەکات، ئەوان بیێ ئاگان لەو مەسەلەیە و دەیەوێ بەو بیانوویە ناوی ئێران لەکەدار دەکەن.

ئیمڕۆ تیمێکی سەر بە دەستەی پشکنینی چەکە کۆمەڵکوژییەکان دەگەنە ناوچەی ئەلموسەنای خوارووی عێراق.

حکومەتی عێراقی لێبووردنی بۆ سەربازە فیرارەکانی پارێزگای ئەلقادسیە دەکرد.

مام جەلال بە فرۆکە لە شەقڵاوە نیشتەوە، چەند ئەندام کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی دەرەوەی وڵاتی لەگەڵدا بوو. لەو سەفەرەدا چەند کۆلۆنێلێکی ئەمریکی لەگەڵ دابوو. پاش دابەزینی یەکسەر گەیشتە پرسەکەی شەرەفکەندی، کاک مەسعوود سەردانی مام جەلالی کرد، بۆ دەنگی بریتانیاش سەبارەت بە کۆنگرەی چاوەڕونکراوی ئۆپۆزسیۆن قسەی کرد.

**<u>٢٢ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ١٩٧ دەرچوو.

بە بەشداری لایەنە شیعەکانی ناو ئێرانیش کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لەسەر خاکی رزگارکراودا دەبەستریێت، ئەو هەواڵە بەبایەخەوە باسدەکرا.

مام جەلال بۆ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان باسی گرینگی کۆنگرەکەی بەرلینی کرد، کە باس لەوە کراوە لە هەر چوار پارچەدا نابیێت مافەکانی کوردان پیێشیێل بکریێت. هەروەها وتی لەو سەفەرە قسە و موژدەی باشم بۆ میللەتەکەم پیێیە، لە دانیشتنی پەرلەماندا باسیان لیێوە دەکەم.

بەپیێی ریێکەوتنیێکی تایبەتی نیێوان حکومەتی تورکیا و سوریا، بنکەیەکی سەربازی پەکەکە لە ناو خاکی لوبنان چۆڵکرا، لوبنانییەکان بە چەکی قورس و زریێپۆشەوە بۆ چۆڵکردنی مۆڵگەی ئەلحلوە گەمارۆی ناوچەکەیاندا و چەکدارەکانی پەکەکەیان لەو گوندە دوورخستەوە و چەکیان کردن، ئەو گوندە لوبنانییە دوو کیلۆمەتر لە سەر سنووری سوریا دوور بوو.

لە رۆژنامەی بابلی بەغدا نووسرابوو کە رۆژنامەنووسی کورد موسا عەنتەر تیرۆرکراوە، بەوەش ژمارەی ئەورۆژنامەنووسە کوردانەی دەکوژریێن دەگاتە نۆ رۆژنامەنووس. ئەوەی شایانی باسە موسا عەنتەر لە رۆژنامەی ولات لە تورکیا دەدەرچیێت، بە زمانی کوردی وتاری نووسیوە و تەمەنی ٧٢ ساڵە.

# هەیڤی چوارەم

# لە ٢٣ی سپتەمبەر تا ٢٢ی ئوکتۆبەری ١٩٩٢

<u>٢٣ی سپتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٨ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٣٩ دەرچوو. رۆژنامەی (کوردستان)ی ئۆرگانی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ١٨٩ دەرچوو.

<u>٢٤ی سپتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ١٩٩ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی حزبی شیوعی ژمارە ١٢ دەرچوو.

گالۆنی بەنزین گەیشتە ٣٥ دینار، گاز کەمە و ئۆتۆمبێلەکانی گواستنەوە زۆر کەم بووە و هاتوچۆی نێوان شار و شارۆچکەکان زەحمەتە.

قسەی وا هەیە کە ئەمریکا و بریتانیا و فەرەنسا داوا بکەن پارەی بلۆککراوی عێراقی لە بانکەکان سەرف بکەن، دیارە ئەوەش بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی دەوێت.

بەردەوام ئاژانسەکان بایەخ بە کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەلاحەددین دەدەن، دیارە کەا شوێنی بەستنی کۆنگرەکە لەرووی ئەمنییەوە زۆر باش کۆنترۆڵکراوە.

ئیمڕۆ بەیانی رادیۆی مۆنتی کارلۆ پەخشی کوردی هەبوو، تێدا چەند نامەی خەڵکی کوردی ناوچە ئازادنەکراوەکانی خوێندەوە، دیارە ئەوانیش بە پۆستی حکومەت بۆیان رەوانە کردبوون. ئەو ئێستگەیە ماوەیەکە پەخشی کوردی هەیە، بەڵام بەرنامە و بۆچوونەکانی ئاینی تەبشیری بوون، وادیارە بەرنامەکانی گشتی بووە و بابەتی هەمەڕەنگی داناوە.

<u>٢٥ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢٠٠ دەرچوو.

بەنزین گالۆنی بە ٣٧ دینارە.

کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەلاحەددین بەردەوامە، ئاژانسەکان باس لەوە دەکەن گوایە کورد جەخت لەسەر شێوەی فیدراڵیزم دەکەن بۆ داهاتووی عێراق، بەڵام هێشتا هیچ بڕیارێکیان لەو بابەتەوە وەرنەگرتووە، بەڵام شیعەکان داوای عێراقێکی دیموکراتی فرەحزبی دەکەن. دیارە کە کۆبوونەوەکان بە سەرپەرشتی راستەوخۆی کاک مەسعوود و مام جەلالە، سامی عەبدولرەحمان و دکتۆر کەمال فۆادیش نوێنەرەی بەرەی کوردستانین. شەوانە تەلەڤزیۆنەکان دیمانەی لەگەڵ بەشداربووەکان بڵاودەکاتەوە، بۆچوونی ئەندامە عەرەبەکان کەم باس لە فیدراڵییەت دەکەن، بەڵام کوردەکان شێوەی حکومی فیدراڵیان پەسندە.

وەزیری دەرەوەی حکومەتی عێراقی محەمەد سەعید ئەلسحاف لەگەڵ نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکانی لە عێراق باسی کێشەی سوتەمەنی

ناوچەی کوردستانیان کردووە، رەنگە بۆ گەیاندنی سوتەمەنی بۆ کوردستان بگەنە چارەسەرییەک.

ئەوە سێیەم رۆژە کارەبای هەولێر باش نییە، ماوەکەی کەم دەکرێتەوە. شەو ورۆژ تەنها سێ چوار کاتژمێر کارەبا هەیە.

ئاژانسەکان باس لە کوشتارێک دەکەن لەناوچەی شرناخ بەردەوامە، دەڵێن سێ سەربازی تورک و سێ هاوڵاتی کوژراون، حکومەتی سلێمان دیمیریل لەو رەوشە ترسناکە تەنگاوە.

**<u>٢٦ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

مامۆستایان موچەی دوو مانگیان بەیەکەوە وەرگرت.

بڕیارە کۆنگرەکەی سەحەلاددین کۆتایی پێ بێت، لەو کۆبوونەوەیەدا لیژنەی سەرکردایەتی و جێبەجێکردنیان بۆ دوارۆژی عێراق دەستنیشان کردووە، بڕیاریشە لە چەند هەفتەی داهاتوو کۆبوونەوەکانی ئەو لیژنەیە بەردەوام بێت. سەبارەت بە دابینکردنی کۆمەک و خواردەمەنی بۆ کوردستان کاک مەسعوود گوتبووی: ناکرێ ئەو گەمارۆیە لەسەر کورد وا بەردەوام بێت، دەبێ سەدام ناچاربکرێت گەمارۆیەکەی سەر کوردستان هەڵگرێت. مام جەلالیش گوتبووی ناکرێ بواربدەین بەردەوام پرتۆڵمان لەبەرچاوی خۆمان بسوتێندرێت و گەمارۆمان لەسەر بێت، ئێمەش دەستەوەستان بین.

**<u>٢٧ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستان نوێ)ی ژمارە ٢٠١ دەرچوو. (ئاڵای ئازدای) ژمارە ٤١ دەرچوو.

**٢٨ی سیتەمبەری ١٩٩٢**

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٢ دەرچوو. ژمارە ٨ی ڕۆژنامەی (سەرهەڵدان)ی مەڵبەندی بادینانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەرچوو.

مام جەلال لە پەرلەمانی کوردستانی باسی سەفەرەکەی خۆی بۆ دەرەوەی وڵات کرد، وەڵامی پرسیاری پارلەمانتارانیشی دایەوە. هەر لەو دانیشتنەدا باسی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراق لە سەلاحەددین و وەزعی پەکەکەی کرد.

گالۆنی بەنزین بە ٣٠ دینارە.

**٢٩ ی سیتەمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٣ دەرچوو. ڕۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە ١ دەرچوو.

لە ڕۆژنامەی ئیمڕۆی کوردستانی نوێ لە دوا ستووندا پێشنیارێکم نووسیبوو، کە پرسە گەرمەکەی شەهید دکتۆر سەعیدی شەرەفکەندی لە مزگەوتی (البکر) کرا، ئەو ناوەش هەر دەبێ بگۆڕدرێت، چونکە مەعقوڵ نییە ئەو مزگەوتە گەورەی ئەوقاف بەناوی کۆنە سەرۆکی عێراقی ئەحمەد حەسەن ئەلبکر بمینێتەوە، بۆیەش وا باشە ناوی مزگەوتەکە بکەنە مزگەوتی شەرەفکەندی. بەرپرسان و خەڵکێکی زۆر پێشنیارەکەیان لا باش بوو.

لە ناوچەی هەکاری شەڕێکی خوێناوی و دژوار لە نێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیان هەبوو، بەپێی هەواڵەکان کوشتاری هەردوولا گەیشتبووە ٨٢ کەس. سوپای تورکیا جۆرەها چەک و فڕۆکەیان بەکارهێنابوو.

محەمەد باقر ئەلحەکیم سەرکردەی شیعەکانی عێراق بە رادیۆی مۆنتی کارلۆی راگەیاندبوو کە ئیمە لەگەڵ شێوەی حکومی فیدراڵی نین بۆ کوردەکان، جارێ با کار بۆ ئەوە بکەین رژێمەکە بگۆڕین هێشتا کاتی ئەوە نییە.

مام جەلال بۆ تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی دهۆک بە شێوەزاری بادینی قسەی دەکرد، باسی سەفەرەکە و رەوشی ئێستا پەکەکەی کرد.

<u>٣٠ی سیتەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٤ دەرچوو.

لە پارێزگای هەولێرەوە ئاگاداری خاوەن بەنزیخانەکان کرایەوە بەیانی کاتژمێری نۆ لە دیوانی پارێزگا ئامادەبن.

سلێمان دیمیریل بە ئاژانسەکانی جیهانی راگەیاند کە تورکیا بەهەموو هێزێکەوە شەڕی پەکەکە دەکات، ئامادەین بنبڕیان بکەین، گوێ نادەینە ناڕەزاییەکانی دەوڵەتیش.

دەنگوباسی وا هەیە گوایە هێزەکانی پارتی و یەکێتیی بە ژمارەیەکی زۆر و بە جۆرەها چەکی سووک و قورسەوە بەرەو سنوورەکانی تورکیا بەڕێدەکەون، ئامادەن لە بنکە و بارەگاکانی پەکەکە بدەن، ئەوەش ئەگەری شەڕی ناوخۆی لێ دەکەوێتەوە چونکە هەردوولا کوردن، دیارە کە دوژمن لەوەیاندا سەردەکەوێت، سەرکردایەتی هەردوو حزب بە روونی باس لەوە دەکەن نابێ چەکدارەکانی پەکەکە لەسەر سنوورەکان بمینێن و لەناو خاکی ئێمەوە دزی ناو تورکیا بکەن، چارەنووسەکە نادیارە و جۆرەها بۆچوون هەیە.

**١ی ئوکتۆبەر ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٥ دەرچوو.

دەڵێن هێزەکانی پەکەکە ٢٥ی کەسیان لە گوندێک کوشت و ٢٥ کەسیان بریندار کردووە، ئاگریان لە گوندەکەش بەرداوە.

**٢ی ئوکتۆبەر ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٦ دەرچوو. گۆڤاری (دەنگی ئافرەتان)ی ژمارە ٧ی دەنگی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بەچاپی جوان و قەشەنگ دەرچوو.

ئیمڕۆ ئەنجومەنی ئاسایش بە زۆرینەی دەنگەکان و بە دەنگنەدانی وڵاتی چین، بڕیار دەدەن پارەی بلۆککراوی عێراقی لە بانکەکان بۆ مەسرەفی پرۆسەکانی فریاگوزاری و لایەنی تر سەرف بکەن.

پەرلەمانی کوردستان ئاگاداری هێزەکانی پەکەکە دەکاتەوە، ئەگەر بنکە و هێزەکانیان لە ناو خاکی هەرێم کوردستان نەکێشنەوە، ئەوان بە چەک دەریاندەکەن، ئەو هەواڵە لە ئاژانسەکان بەگەرمی باسیدەکرا.

دیسان نرخی بەنزین بەرز دەبێتەوە و گالۆنی دەگاتە ٣٨ دینار.

**٢ی ئوکتۆبەری ١٩٩٢**

سەید عەلی بەرزنجی بەناوی (موحەمەد ئەلمهدی ئەلمنتزر)ە داوای پێغمبەرایەتی کردبوو، بۆ ئەو پەیامەش کتێبێکی دەرکردبوو، هێز و لایەنە ئیسلامییەکان زۆر باسیان دەکرد، خەڵکی ناویان دەهێنا، ئیمڕۆ لە هەولێر لەگەڵ چوار کەسی تر بەکوژراوی تەرمەکانیان دۆزرانەوە، لەبەیانێکدا وەزارەتی ناوخۆ رایگەیاند کە ناکرێ لەسەر بیروبۆچوون خەڵک بکوژرێت، بۆیەش سۆراخی بکوژەکان دەکەین.

بەیانی زوو لە بەرامبەر گومرگ نارنجۆكێك دەتەقێتەوە و لە ئەنجامدا ١٣ هاوڵاتی بریندار دەبن.

وەزارەتی ڕاگەیاندنی حكومەتی عێراقی بەناوی حكومەتەوە سەبارەت بەدەستكاریكردنی پارە بلۆكدراوەكانی بانكەكان گوتبووی: ئەو بڕیارەی ئەنجومەنی ئاسایش جۆرێكە لە دزی و بەتاڵان بردنی سامانی عێراقی، بەتوندیش ناڕەزاییمان هەیە و داواكارین بەو بڕیارە دابچنەوە.

٤ی ئۆكتۆبەری ١٩٩٢

(كوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٧ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٤٢ دەرچوو.

لە تەلەڤزێونی گەلی كوردستان پاش ئەوەی ماوەیەك ریكلامی بۆ بڵاوكردنەوەی بەیانێكی مێژوویی و گرینگ كرد، بەدەنگی (عەباس ئەلبدری) دەقی بڕیارێكی پەرلەمانی كوردستانی خوێندەوە، كە تێدا بە درێژی باسی مێژوویی پڕ سەروەریی خەڵكی كوردستانی كرد، هەر لە حوكمداری شێخ مەحموود و پەیمانی سیڤەر و قۆناخەكانی شۆڕشی رزگاریخوازی كوردستان، تا راپەرین و دامەزراندنی پەرلەمان و حكومەتی هەرێمی كوردستان لە ئەنجامدا پەرلەمانی كوردستان بڕیاری دەدات سیستەمی فیدراڵییەت بۆ كوردستان لە چوارچیوەی یەكپارچەیی عێراق رابگەیێنێت، پاش راگەیاندنی بەیانی فیدراڵییەكەی پەرلەمان پڕۆگرامەكانی تەلەڤزێون تایبەت بوو بە ئاهەنگی شادومانی بەو بۆنەیە. هەروەها بڕیار دەدرێت بە یادی راگەیاندنی ئەو بڕیارە مێژووییە گرینگە بەیانی پشووی رەسمی بێت.

وەزیری دارایی حكومەتی عێراق داوا دەكات بانكەكانی جیهان پارەی بلۆككراوی ئێمە دەستكاری نەكەن، گوێ نەدەنە بڕیارەكەی ئەنجومەنی ئاسایش، ئێمەش بۆ مەسەلەی دابینكردنی پارەی پێویست بە لایەنە

مرۆڤایەتییەکان داواکارین پترۆڵمان بفرۆشین و پارەکەش لەو بەرنامەیە سەرف بکەین، بەڵام ئەنجومەن رازی نابێت.

<u>٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٨ دەرچوو. بەمانشێتی گەورە پیرۆزبایی فیدراڵییەتیان نووسیبوو. تەلەڤزیۆنەکان بەرۆژ بەرنامەی خۆشی و ئاهەنگی فیدراڵییەتیان نمایش دەکرد. لە ئاژانسەکانی هەموو جیهان بەتێکڕا باسی راگەیاندنی فیدراڵییەتی کوردستانیان لەلایەن پەرلەمانەوە دەکرد.

<u>٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

رۆژنامەی (طریق الشعب)ی حزبی شیوعی ژمارەیەکی تری بڵاودەبێتەوە.

لە ئێستگەکانی هەموو جیهان لە ئاژانسەکان و بەهەموو زمانەکان یەکەم هەواڵ شەڕی دژواری نێوانی کوردەکانی عێراق و تورکیا و پەکەکە بوو، هەندێک سەرچاوەی هەواڵ دەیانووت ژمارەی قوربانییەکانی ئەو شەڕە گەیشتووتە ٦٠ کەس، هەندێکی تریش دەیانووت ژمارەکە ٢٠ کەسە، دیلی یەکتریان لەلایە. هەواڵێک بڵاوکراوەتەوە کە پێشمەرگەکانی کوردە عێراقییەکان لە ناوچەی برادۆستی سەر سنووری عێراق تورکیا ئێران چوار بنکەی گەریلایەکانی پەکەکەیان گرتووە، هەندێک لە پیشمەرگەکانی ئەو دوو حزبە دەڵێن ئێمە رازی نابین شەڕی کوردی برامان بکەین، بەڵام ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمان داوایان کردووە، داواکارن پەکەکە ئەو ناوچانە چۆڵ بکەن، لەناو خاکی ئێمەوە هێرش نەکەنە سەر تورکیا. تا شەڕەکەش گەرمتر بێت فڕۆکەکانی تورکیا بنکەکانی پەکەکە بۆردومان دەکات، بەنیازن دواهێرشیش بۆ ناوچەی

خواکورک ببەن، شەڕەکانی پەکەکە بەسەرکردایەتی عوسمان ئۆجەلانی برا ئاپۆیە. دەڵێن لەو ناوچەیەدا سوپای پەکەکە ژمارەیان نزیکەی سێ هەزار چەکدارە.

پارەکانی عێراق بلۆککرا، رەوشی بازاڕ شێواو، نرخی خواردەمەنیش بەرەو گران دەچوو. خەڵکەکەش بێ هیوابوون لە ناردنی سوتەمەنی، بۆیەش نرخی یەکە گالۆن بەنزین گەیشتووتە ٤٠ دینار.

<u>٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٠٩ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٤١ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ١٣ی حزبی شیوعی دەرچوو.

گۆڤاری (سیاسەتی دەوڵی)ی ژمارە ٣ دەرچوو.

کاک مەسعوود لە بارەگەکەی خۆییەوە لە سەلاحەددین بە رادیۆی مۆنتی کارلۆی راگەیاندبوو شەڕەکەمان لەگەڵ پەکەکە بەردەوامە، ئێمە سێ کەسمان کوژراوە، نیازمان لەناوبردنی ئەوان نییە، دەمانەوێ سنوورەکە چۆڵ بکەن، لەناو خاکی ئێمەوە هێرش نەبەنە سەر تورکیا، ئەو شەڕەش درێژ نابێت. خەڵکی لەو شەڕە نیگەرانە، سوپای تورکیاش بە سەرکردایەتی کورد دەڵێت ئامادەین یارمەتیتان بدەین، بەقسەی سەرۆکی هێزە تورکییەکە هێشتا کوردەکان وەڵامیان نەداوەتەوە.

<u>٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٠ دەرچوو.

کەسێک بەناوی (ک، ک) لەلایەن ئاسایشەوە گیرابوو، ئەو دانیبەوەدا دانابوو، هەر چوار تەقینەوەکەی رۆژانی رابردووی بازاڕی شێخەڵا بەدەستی ئەو بووە، ژنەکەشی گوتی، بۆ هەر تەقینەوەیەک مێردەکەم

دوو هەزار دیناری عادی وەرگرتووە، کە من دیمەنی برینداره‌کانم لە تەلەڤزیۆنی یەکگرتن بینی، زۆر تووڕەبووم بۆیەش لەگەڵ کوڕەکەم بڕیارماندا خۆمان بچین شکایەتی لێ بکەین.

ئاژانسەکان بەردەوام باس لە شەڕەکانی کوردی عێراق و تورکیا دەکات، فڕۆکە جەنگییە تورکییەکانیش یارمەتی عێراقییەکان دەدەن. لە یەکێک لە ئێستگەکان گوترا گوایە چەکدارەکانی پەکەکە بڕیاریانداوە ڕێگای هاتنی ئازووخە لەکوردستانی عێراق بگرن. هاوکات لەگەڵ ڕەوشی گەرمی شەڕەکەش حکومەتی تورکیا لە ڕاگەیاندنی فیدراڵییەت لە باکووری عێراق لەلایەن پەرلەمانەکەیانەوە نیگەرانە، وتوویانە ئێمە لە ئاسایشی ناوچەکە بەرپرسین، بۆیە بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ ئەوەدا نین لە ناوچەکە سیستەمی فیدراڵییەت ڕابگەیێندرێت. دەڵێن حکومەتی ئێرانیش ئامادەیە چەکدارەکانی پەکەکە وەرگرێت بێنە ناو ئێران، بەڵام دەبێ بەبێچەک بن. لەلایەن خۆشییەوە حکومەتی عێراق بەو شەڕە نیگەرانە و نارەزایی هەیە. ئەوانەی لە ناوچەکەش دەگەڕێنەوە دەڵێن چەکدارێکی زۆری پەکەکەمان گرتووە، شەڕەکە بەردەوامە و حکومەتی تورکییش بە ئازووخە و سوتەمەنی و تەقەمەنی یارمەتیمان دەدەن، دەڵێن گوایە بارەکانی کۆمەک و یارمەتییەکان بە ئۆتۆمبێلەوە لە پشتیانەوە دەڕوات، پێ بە پێ لەگەڵیاندایە.

<u>٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١١ دەرچوو.

لەئاژانسەکاندا بەردەوام لێدوان لەسەر شەڕەکانی پەکەکە هەیە، سەفین دزەیی وەک قسەکەرێک بەناوی بزوتنەوەی کوردستان گوتبووی، ناکرێ فڕۆکەکانی تورکیا بۆردومانی ناوچەکە بکات، چونکە هەردوو هێزەکە لە یەکتری جیاناکرێتەوە. یەکێکی تر گوتبووی، ئیمڕۆ دوو

گوندمان لە چەکدارەکانی پەکەکە چۆڵ کردووە. بەقسەی پەیامنێرەکان دەڵێن چەند دیلی پەکەکە لە زاخۆ بینراوە.

ئیمڕۆ عێراقییەکان لەسەر سنووری کوێت بە شوێن سێ کەس چوونەتەوە ناو سنووری کوێتی، هەر سێ کەسەکەیان گرتووە، کە لە بواری مین هەڵگرتنەوە کاریان کردووە، دوو کەسیان رەگەزنامەی پاکستانیان هەبووە و سێیەمیشیان ئەمریکی بووە، بۆیە عێراقییەکان دوو کەسەکەیان بەرەڵاکردووە و ئەمریکییەکەشیان گرتووە، ئەمریکا ئاگاداری نەزار حەمدون نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکانیان کردۆتەوە، کە ئەمریکییەکە بەرەڵا بکەن، نەزاریش لەلایەن خۆیەوە ئەوەی پشتراست کردووتەوە کە ئەمریکییەکە لەلای عێراقییەکان گیراوە.

سەدام حوسێن چەند رۆژ پێشتر گوتبووی کارمەندانی تیمەکانی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان وەک سەگ کەڵبە لە لاشەی عێراق وەردەدەن. بڕیارە لەورۆژانە تیمێکی ٤٩ کەسی بێنە ناو عێراق، حکومەتی عێراقیش بوار نادات ئەوانە بێنە ناو خاکی عێراق تا هەڵبژاردنەکەی سەرۆکایەتی ئەمریکی تەواو نەبێت. لەلایەن خۆیانەوە ئەندامانی تیمەکانیش سوورن لەسەر ئەوەی هێشتا عێراقییەکان مووشەکی سکۆدیان ماوە و دەبێ هەموویان بدۆزرێنەوە و پوچەڵبکرێنەوە.

<u>١٠ ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

رۆژنامەی تاران تایمز لەسەر زاری حکومەتی ئێرانی بڵاودەکاتەوە کە سیستەمی فیدراڵی کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان راگەیاندراوە، پلانێکە بۆ دابەشکردنی وڵاتی عێراق، ئێمەش بەهەموو شێوەیەک بەوەیان نیگەرانین.

تۆرکۆت ئۆزال لە رۆژنامەی حورییەتی تورکی گوتوویەتی: سیستەمی فیدراڵییەت بۆ کوردستان بەردی بناغەی ئۆپۆزسیۆنە، ئێمەش بەوە

نیگەران نین، فیدراڵییەتیش بە هیچ شێوەیەک مانای پارچە پارچەکردنی عێراق ناگەیەنێت.
نەوت و گاز بەرەو هەرزانی دەچێت.
عێراقییەکان ئەمریکییە دیلەکەی سەر سنووری کوێتیان ئازادکرد.

## ١١ ی ئۆکتۆبەر ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٢ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٤٣ دەرچوو.

وەفدێکی بێگانە گەیشتنە هوتێلی شیرین پالاس لە هەولێر، ناوچەکە باش بە پۆلیس و ئاسایش کۆنترۆل کرابوو.

ئاژانسەکان: کوردەکان دەڵێن دوا هێرش دەکەینە سەر پەکەکە و پشتیان چۆل دەکەین ئەگەر دەخوازن با بچنە ناو ئێران.

مام جەلال دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنی لەگەڵ ژوورنالیستێکی کوردی باکوور هەبوو دەقی دیمانەکە بە بادینی بوو، لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بڵاوکرایەوە، ئەو لەو دیمانەیەدا وتی ئێران پەکەکە دژی ئێمە هان دەدات، قسەکانی ئاپۆ تەواو نییە کە وتوویەتی لەو شەڕەدا هێزی تورکمان لەگەڵدایە، ئەوان خیانەت لە بزوتنەوەکەمان دەکەن، هاوکاری ئێران و بەغدا وەردەگرن.

دریە عەونی، ژنە رۆژنامەنووسی کورد کە لە میسر گەورەبووە و لە پاریس دەژیت، بە زمانی عەرەبی قسەی بۆ تەلەڤزیۆنی پارتی دەکرد، گوتی کورد لە ئەوروپا بوویتە ئەفسانە، وا باشە ئافرەتان کار بکەن و لەو کۆمەڵگەیە رۆڵیان هەبێت، خەباتەکەمان بۆ پتەوکردنی ئابووریمان هەنگاو بنێت بەوەش دوارۆژمان رووناک دەبێت.

**١٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢**
(کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢١٣ دەرچوو،

**١٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢**
(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٤ دەرچوو.

**١٤ ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢**
(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٥ دەرچوو. رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٤٢ دەرچوو.

نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا دانوستانیان لەگەڵ کاربەدەستانی حکومەتی عێراقی هەیە، قسە لەسەر ئەوە کرابوو ئازووخە و سوتەمەنی رەوانەی باکووری عێراق بکرێت، بەڵام حکومەت رازی نەبووە، سەبارەت بە کارکردنی کارمەندانی نەتەوە یەکگرتووەکان بواری نەداوە سەردانی باشووریش بکەن.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دیمانەیەکی لەگەڵ مێژوونوسی رووس حەسرەتیان و لازاریڤ و ژنێکی تری مێژوونوس بە زمانی رووسی بڵاوکردەوە، ئەوانە کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە دەبێ کورد خاوەن یەک بڕیار بن، لازاریڤ وتی: لەمێژە من وتوومە دوژمنی کورد هەر کوردە. ئەوان بۆچوونیان وا بوو عێراق بکرێتە چوار هەرێم، وەک ولایەتی کوردستان و ولایەتی موسڵ و ولایەتی بەغدا و ولایەتی بەسرە، بەوەیان ناوچەکە ئارام دەبێت و ئاشتی بەرقرار دەبێت. دیارە دیمانەکە تۆمارکراو بوو.

سەعدی مەهدی سالح بەناوی پەرلەمانی عێراق سەردانی تورکیا دەکات، لە ئاکامدا نەگەیشتووتە مەبەستەکەی خۆی، دەڵێن ئۆزال بە ئەندامانی وەفدەکەی وتووە، ئێوە یارمەتی چەکدارانی پەکەکە دەدەن.

ئەوەش ئێمەی نیگەران کردووە، چونکە ئێمە واماندەزانی ئێوە پشتی تورکیا دەگرن و بەیەکەوە لە کورد دەدەن.

<u>١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٦ دەرچوو.

<u>١٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٧ دەرچوو. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی حزبی یەکگرتنی کوردستان ژمارەی یەکەمی دەرچوو. ژمارەیەکی نوێی رۆژنامەی (رێگای کوردستان) دەرچوو.

تیمێکی ٥٠ کەسی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە بەغدا، سەرەتا حکومەتی عێراقی مەرجی هاتنی ئەو تیمەی بە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا دەبەستەوە، بەڵام نەتەوە یەکگرتووەکان بەو مەرجە رازی نەبوون، دووبارە عێراقی مەرجی دانابوو کە دەبێت سەرۆکی تیمەکە ئیکۆیس بێت، بەڵام کە تیمەکە گەیشت بە سەرۆکایەتی ئیکۆیس نەبوو، ئەو تیمە بەرنامەیان وابوو زۆر بە وردی کاری پشکنین لەسەر چەکەکانی عێراق بکەن، ئەگەر ئەو تیمە کارەکانی باش نەکات، ئەوە بوار و دەرفەتی دەرچوونی سەرۆک بۆش لە هەڵبژاردنی داهاتووی سەرۆکایەتی ئەمریکییدا لاواز دەکات، بۆیە ئەگەر حکومەتی عێراقی لە کار و بەرنامەی ئەو تیمە لاری و سەرپێچی هەبووایە ئەوا ئەمریکا بێدەنگ نەدەبوو.

شەڕەکانی پەکەکە و حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە، تورکیاش بە فڕۆکە ناوچەکان بۆردومان دەکات.

١٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢

ئاژانسەکان باس لەوە دەکەن کە وەفدەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان باس لە دابینکردنی پێداویستەکانی فریاکەوتن دەکەن، بەڵام باس لە وردەکارییەکان نەکراوە، رەنگە لە هەفتەی داهاتوو رێکەوتنێک مۆر بکەن، بەوەش خەڵکەکە دڵنیایە سوتەمەنی و ئازووخە زۆرتر دەبێت، بەوەش نرخی دۆلار دادەبەزێت. چونکە لەورۆژانە لەبەر رەوشی سنوورەکانی تورکیا و رێگاگرتنەکان خواردەمەنی نرخی بەرزە، سەبارەت بە رەوشی شارەکانی تری عێراقیش ئازووخە کەمە و نرخی زۆر بەرزە، خەڵکەکە بەراستی پەریشانە.

سێ کیلۆ مادەی هێروین لەدەست کەسێک گیرابوو، لە تەلەڤزێونی گەلی کوردستان کەسەکەیان هێنابووە سەر تەلەڤزیۆن و دیمانەیان دەکرد.

١٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢١٨ دەرچوو. رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٤٤ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتێکم بەناوی (لە پێناوی دابینکردنی ئاسایش) دابەزیبوو.

وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاندووە حکومەتەکەیان لە شەڕەکەیان دژ بە پەکەکە بەهیچ شێوەیەک نە بە تەقەمەنی، نە بە ئازووخە یارمەتی کوردەکانی عێراقیان نەداوە. هێرشەکەی سوپای تورکیا لەناو خاکی عێراق بۆ لەناوبردنی چەکدارەکانی پەکەکە بەردەوامە.

وەزیری پیشەسازی حکومەتی هەرێمی کوردستان گوتی: حکومەتی عێراقی وزەی کارەبای لە ئێستگەکانی سلێمانی و هەولێر بڕیوە، بۆیە ناچارین پست بە سەرچاوەی کارەبای بەنداوەکانی دوکان و دەربەندیخان ببەستین، لەوێش ئاستی ئاوەکە نزمە و کارەباکەی کەمە،

بەڵام رەنگە بتوانین بۆ زستان بڕێک کارەبا دابین بکەین، ئەگەر حکومەت بەشەکەی دهۆکیش ببڕێت ئەوا لە تورکیا کارەبا وەردەگرین، ئەو هەواڵە لە تەلەڤزیۆنی پارتی گەل وەرگیراوە.

جێگری وەزیری گواستنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر رەفیق حیلمی بە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستانی راگەیاند کە وەزارەتەکەیان خەریکە کاری پۆستە رێک دەخات، هەفتانەش لە نێوان شارەکاندا پۆستەمان سێجار هەیە، خەریکین تۆڕەکانی تەلەفۆنی نێوان هەولێر و سلێمانی چاک بکەینەوە، بەڵام کێشەی کارەبامان هەیە. دەتوانین لە زاخۆوە تۆڕەکانمان بە تۆڕەکانی تورکیاوە ببەستینەوە.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دیمانەیەکی لەگەڵ نووسەرێکی ئیتاڵی ژن سازکرد کە نووسنیی لەسەر کورد هەیە، ژنەکە بە زمانی ئیتاڵی قسەی دەکرد.

<u>١٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢١٩ دەرچوو.

ئەو تیمەی سەر بە وڵاتانی ئەمریکا و فەرەنسا و بریتانیا و تورکیا هاتبوونە بەغدا لە ئەنقەرە بە ئاژانسەکانیان راگەیاندبوو، ئەگەر لە ماوەیەکی کەم خواردەمەنی و دەرمان و سوتەمەنی نەگاتە باکووری عێراق ئەوە سێ ملیۆن کەس دووچاری نەهامەتی دەبن، چونکە کە زستان هات رێگاکان دەگیرێن، بۆیە دەبێ پێش ئەو وەرزە هەموو پێویستییەکانیان بۆ دابین بکرێت.

بازگەکانی ناو حکومەت زۆر وردە، ئەوەی دەچێتە ناو حکومەت هەموو گیانی دەپشکنن، لە گەڕانەوەشیاندا بوارنادەن هیچ شتێ لەگەڵ خۆیاندا بهێنەوە.

__٢٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٠ دەرچوو.

چەند رۆژ بوو قسەی وا هەبوو کە کاروباری کڕین و فرۆشتن و بەڕێکردنی مامەلەی تاپۆ دەست پێ دەکاتەوە، بەڵام ئیمڕۆ بە نووسراوی تایبەتی ئەنجومەنی وەزیران ئەو کارانە راگیرا، بەوەش کاروباری دائیرەی شارەوانی و تاپۆ و باج و دەرامەت و داهات و بانکی عەقاری راوەستا، خەڵکەکەش بەوەیان دڵگران بوون، زیان بە بازاڕ و بە هەموو لایەک گەیشت.

ئیمرۆ گالۆنی بەنزین بە ٣٢ دیناربوو، چەند رۆژ بوو گالۆنی بە ٤٠ دینار بوو.

رێکخراوی مافی مرۆڤی خۆرهەلاتی ناوەراست لە ئەمریکا رایگەیاند کە کوردەکانی عێراق لەو شەڕەیاندا لەگەڵ پەکەکە مافی مرۆڤیان پێشێلکردووە، دەڵێن لە شاری زاخۆ تا مردن لە دوو کەسیان داوە، هەروەها حکومەتی تورکیاش مافی کوردەکانی خۆیان پێ شێل دەکەن، بە پەیامی ئاژانسەکان دیارە کە کوردەکانی عێراق وەک حزبی بەعس رەفتار دەکەن.

چەکدارەکانی پەکەکە لەسەر رێگای گشتی ئۆتۆمبێلێکی نەفەرهەڵگریان راگرتووە، ١٨ کەسیان لە سەرنشینەکانی کوشتوە و پێنج کەسیان بریندار کردووە، پاشان ئۆتۆمبێلەکەیان سوتاندووە.

لە راپرسییەکی رۆژنامەیەکی تورکی ٦٠% پەرلەمانتارانی تورکیا لەگەڵ ئەوەدا نین هێزە ئەمریکییەکان لەسەر خاکی تورکیا بمینێتەوە، لەوانە ٧٠% داواکارن حکومەتی تورکیا لەگەڵ حکومەتی عێراق ئاشت بێتەوە.

حکومەتی ئەمریکا بە رێکەوتنی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراقی نیگەرانە، ئەوەش بە شکان دەزانێت، داواکارە هێڵی پەیوەندی

تەلـەفۆنی تایبـەتییان هـەبێت، واشـدەزانی ژمـارەی کارمەنـدانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان لـەناو عێـراق بـۆ خزمەتـە فریاکەوتنـەکان کەمـە و دەبـێ زۆرتر بکرێن.

<u>٢١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٢٢١ دەرچـوو. ڕۆژنامـەی (خـەبات)ی ژمـارە ٦٤٣ بە زمـانی عـەرەبی دەرچـوو، لـەو ژمارەیـەدا چەندان بابـەتی باشی تێدابوو.

لـە بـازاڕدا خواردەمـەنی وەک بـرنج و ئـاردو ڕوون و شـەکر نرخـی بەرز دەبێتەوە، وادیارە لە تورکیاوە کەم دەگاتە بازاڕەکانی کوردسـتان، بەڵام بەنزین بەرەو هەرزانی دەچێت.

لقی دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیانێکی دەرکرد، کە ئـەو هەواڵانـەی سـەبارەت بـە کوشـتنی دوو چەکـدارە دیلەکـەی پەکەکـە ڕاگەیاندراوە ئـەوەیان دوورە لـە ڕاسـتی، دەتـوانن چاودێرانی سـەربەخۆ بێنـە ناوچەکـە، خۆیـان ڕاسـتەوخۆ سـۆراخی ئـەو پروپاگەندانـە بکـەن، بەوەش دەگەنە ئەو ڕاستییەی کە ئەو قسانە هەڵبەستراون.

بریتانیـا و فەرەنسـا داواکـەی ئـەمریکایان سـەبارەت بەرێکەوتنەکـەی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتی عێراق ڕەتدەکەنەوە.

هێزە ئیسـلامییە شیعەکان ئاشـکرایان کـردووە بـە وەفدێکی هاوبـەش بەشـداری کـۆنگرەی داهـاتووی ئۆپۆزسـیۆن لـە هـەولێر دەکـەن، داواش دەکەن لێبووردنی گشتی بۆ پیاوانی ڕژێم دەربچێت، هەر لـەو کۆنگرەیـەدا مەبەسـتیان دامەرزانـدن و ڕاگەیانـدنی سـوپایەکی عێراقـی هاوبەشـە بـۆ ڕووخاندنی ڕژێمی حزبی بەعس لە بەغدا.

**<u>٢٢ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>**

(کوردستان نویێ)ی ژمارە ٢٢٢ دەرچوو.

سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان پوترس غالی رایگەیاند نەتەوە یەکگرتووەکان رێکەوتنی فریاکەوتنی لەگەڵ حکومەتی عێراقی مۆر کردووە، بۆ ئەو بەرنامەیەش ٣٠٠ کارمەندی نەتەوە یەکگرتووەکان دەچنە ناو عێراق و هەمووشیان ڤیزایان پێ دەدرێت، پێش هاتنی وەرزی ساردی زستان دەبێ کارەکانی تەواو بکرێن، لەو ٢٠٠ ملیۆن دۆلاری بۆ ئەو بەرنامەی تەرخانکراوە، نیوەی بەشی کوردستان دەبێت.

لە رۆژنامەی بابلی عودی کوڕی سەدام نووسرابوو کە لە نێوان عەشیرەتەکانی قەزای ئەلحی شەڕ روویداوە، لە ئەنجامدا ٢٦١ کەس کوژراوە. ژمارەی برینـدارەکانیش دەگاتە ٤٠٠ بریندار، هەر لەورۆژنامەشدا نووسراوە کە لە نزیک بەغدا جبەخانەیەک تەقیوەتەوە و دووکەسیش کوژراون، چەند برینداریێکیش هەیە.

*****

# هەیڤی پێنجەم

# لە٢٣ی ئۆکتۆبەر تا ٢٢ی نۆڤمبەر ١٩٩٢

٢٣ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٣ دەرچوو. حکومەتی تورکی بە هێزە ئاسمانییەکان و سوپاوە هاتووتە ناو خاکی کوردستانی عێراق، بەدژواریش شەڕی پەکەکە دەکەن. سەرۆکی تورکی سلێمان دیمیریل وتوویەتی: ئێمە نامانەوێت سوپاکەمان لەناو خاکی عێراق بۆ ماوەیەکی درێژ بمێنێتەوە، پاش کۆتایی کارەکانمان و پێکانی مەبەستەکەمان سوپاکەمان لەو ناوچانە دەکشێنەوە.

چوار ئەندامی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن لەبەر کێشەی هونەری سنوورەوە نەگەیشتنە ناو خاکی کوردستان، بەپێی ئەو هەواڵەی ئاژانسی بی بی سی رەنگە بەیانی ئەوانیش بگەنە کوردستان و کۆنگرەکە بەردەوام بێت.

__٢٤ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢__

ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی زمانحاڵی یەکێتیی نیشتمانی ژمارە سفری بەزمانی عەرەبی لە هەولێر دەرچوو. ڕۆژنامەکە جوان و باش بوو.

ئیمڕۆ بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی ڕۆژنامەی هەولێر کە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێرەوە بەنیازین دەربچێت، سەردانی وەزارەتی ڕۆشنبیرییم کرد، ڕۆژنامەکە خاوەنی ئیمتیازەکەی سەرۆکی شارەوانی دەبێت، بیرۆکەی دەرچوونی ڕۆژنامەکە لەلایەن من بووە، ئامادەییم دەربڕیبوو هەموو کارەکانی بکەم، ناوی منیش وەک سەرنووسەری ڕۆژنامەکە هەبوو، بۆ داوا ئیمزاش خۆم بردمە لای (شێرکۆ بێکەس)ی وەزیری ڕۆشنبیری، ئەویش ڕەزامەندی لەسەر مۆڵەتەکەی دەربڕی.

__٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٤ دەرچوو. (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٤٥ دەرچوو.

بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندی وەزارەتی شارەوانی چوومە لای وەزیرەکەمان (کافیە سلێمان) بۆ وەرگرتنی ڕەزامەندییە ئیداری و داراییەکەی دەرچوونی ڕۆژنامەی هەولێر، پاش ئەوەی ڕەزامەندی نیشاندا، داوام لیکرد وتاری یەکەمی پێشەکی ڕۆژنامەکەمان بۆ بنووسێت، دیارە ئەویش بڕیاری دا وتارەکە بنووسێت.

مام جەلال گوتبووی مۆڵەتی ترمان بە پەکەکە داوە ناوچەکە چۆڵ بکەن. هەروەها گوتبووی لەبەر نەگەیشتنی چەند ئەندامێکی کۆنگرەکە، بۆیەش کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆن دواخرا.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دیمانەی لەگەڵ کەسایەتییەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکرد، لەوانە ئەندامی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی

ئیسلامی ئەلقەزوینی و فەتوحی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتیی دیموکراسی عێراقی، ئەوانەی لەگەڵ سیستەمی فیدراڵییەتن، پەرلەمان و حکومەتی هەرێمیان قبوول بوو.

<u>٢٦ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٥ دەرچوو.

کەمال فؤاد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە شەقڵاوە سەبارەت بە رەوشی پەکەکە گوتی: گفتوگۆ لەگەڵ جێگرەکەی عەبدولا ئۆجەلان کراوە، بڕیاریانداوە بارەگاکانیان تەسلیم بکەن، هێزەکانیان بهێنە ناو قوولایی کوردستان، جەوهەر نامیق سەرۆکی پەرلەمانیش بۆ بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا هەمان قسەی کردبوو.

بنکەی سەرەکی پەکەکە لە ناوچەی خواکورک دەکەوێتە بن دەستی هێزە کوردییەکانی هەرێمی کوردستانی عێراق و حکومەتی تورکیا. ئەو هەواڵەش لە بی بی سی بڵاوکرایەوە.

حکومەتی بریتانی دوو ملیۆن و ٤٠٠ هەزار پاوەندی لە بەشی خۆیدا داوەتەوە بەو تیمەی کە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فریاکەوتنی کوردەکانی عێراق دایانمەزراندووە.

کە رێگای تورکیان کرایەوە هاتوچۆیەکان ئاسان دەبێتەوەو نرخی ئازووخەش هەرزان دەبێت.

سەفەرکردن بۆ شاری موسڵ و کەرکووک لەلایەن ئاسایشەوە قەدەغەکراوە، زۆر بە دەگمەن پسولەی سەفەرکردن دەدەنە هاوڵاتیان. مەبەستیش لەو توندکردنەی سنوورەکەش لە ترسی کاری خراپەکارییە، نەوەک بەکرێگیراوان زەبری کوشندە لە هەرێمەکە بەوەشێنن.

ئەندامانی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر کۆدەبنەوە تا ناوی نوێ لە شەقام و گۆڕەپانەکانی شار بنێن، بۆ ئەو مەبەستەش دوو ئەندامی لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کوردستانیش داوەتکرابوون.

<u>٢٧ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستان نوێ)ی ژمارە ٢٢٦ دەرچوو.

بەپێی هەواڵی ئاژانسەکان بڕیار دراوە کە هێزەکانی پەکەکە چەکەکانیان دابنێن، ئارەزوومەندانە لەناو عێراق یان تورکیا و ئێران و سوریا دانیشین.

بڕیارە کۆنگرەی داهاتووی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە سەلاحەددین باس لە دوا سیستەمی فیدراڵییەت بۆ عێراق بکەن.

لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دکتۆر عەبدولحوسێن شەعبانی سەرۆکی ئەنجومەنی رێکخراوی مافی مرۆڤ لە لەندەن گوتی: مەسەلەی دیموکراسیەت بە سیستەمی حکومی فیدراڵییەت دەچەسپێت.

چەند رۆژێکە بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا پەخشەکەی بوویتە یەک سەعات، رۆژانە لە کاتژمیری ٥،٣٠ بەیانییەوە تا کاتژمێری ٦،٣٠ بەردەوامە.

سلێمان دیمیریلی سەرۆکی تورکیا کۆتایی بەسەردانەکەی ئێران دەهێنیت، لەو سەردانەدا بڕیار دراوە بۆ باسکردنی رەوشی کوردستان لەگەڵ حکومەتەکانی سوریا و ئێران بەردەوام دیمانەیان هەبێت، کار بۆ ئەوە بکەن بۆ ئەو مەسەلەیە نیگا و بەرنامەیان یەک بێت، هەر لەو سەردانەدا لەگەڵ محەمەد باقر ئەلحەکیمی سەرۆکی ئەنجومەنی شۆڕشی ئیسلامی عێراقیش کۆبوویتەوە.

گۆڤاری (نۆژەن)ی حزبی زەحمەتکێشان ژمارەی دووەمی دەرچوو، ژمارەی یەکەمی ئەو گۆڤارە لەلایەن ئاڵای شۆرشەوە لەئێران و پێش

راپەرین دەرچووە، پاش ئەوەی لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان یەکدەگرنەوە بڕیاردەدەن گۆڤارەکەیان بەردەوام بێت. گۆڤارەکە لە رووی ناوەرۆک و بابەتەکان باش بوو.

٢٨ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٧ دەرچوو. رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٤٤ دەرچوو. رۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە دوو دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ١٥ دەرچوو.

مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد لە دیمانەیەکدا لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان وتی: هەندێ لایەن داوا دەکەن باسکردن و بڕاندنەوەی مەسەلەی فیدرالییەت بۆ پاش رووخانی سەدام حوسێن هەڵگرن، بەڵام من وادەزانم ئەگەر وا بکەن، وەک ئەفغانستانمان لێ دێت، ئەوانیش هەموو حزبەکان سەرەتا مەبەستیان تەنها رووخانی رژێمی (نەجیب ئەڵلە) بوو کە ئەو رووخا پلانیان بۆ دوارۆژی سیاسەتی دەوڵەت دانەرشتبوو، بۆیە زوو کەوتنە ناو گێژاوی شەڕی ناوخۆ، زیانی زۆریان لێکەوت، هەر ئەو هێزانەش کە بەیەکەوە لە بەرەی ئۆپۆزسیۆن بوو کۆک و هاوسەنگ بوون.

٢٩ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٨ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بابەتێکم بە پیرە کوردستان لەسەر شانەدەر نووسیبوو بڵاوکرایەوە. هەر لەو ژمارەیدا نووسرابوو کە پاش دانوستان لەگەڵ نوێنەرایەتی سەرکردایەتی پەکەکە فەرهاد ئۆجەلان شەڕەکە راوەستاوە. بەڵام هەواڵێک لە بی بی سی بڵاودەبێتەوە کە وەفدی پەکەکە بە سەرۆکایەتی

فەرهاد ئۆجەلان لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان نەگەیشتوونەتە ڕێکەوتن.

<u>٣٠ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٢٩ دەرچوو. ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە یەک دەرچوو.

دەڵێن فەرهاد ئۆجەلان لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بووە دکتۆر ڕۆژ نوری شاویس و فەرەنسۆ هەریری بەرەقی قسەیان لەگەڵدا کردووە، پێش ئەوان ئەو دیمانەی مام جەلالی کردبوو.

هاتوچۆ بۆ موسڵ و کەرکووک نییە، سەیتەرەکانی ناو حکومەتیش زۆر توندە.

لەبەرامبەر یانەی ڕاگەیاندنی پشت شارەوانی هەولێر نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، بەڵام لەشوێنە گشتی دوور بوو، بۆیە هیچ زیانی نەبوو.

<u>٣١ی ئۆکتۆبەری ١٩٩٢</u>

لەناو قەرەباڵغی بازاڕی شێخەللا نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، زیاتر لە ٢٠ کەس برینداربوون، لەوانە برینداری سەختیشیان لەناودا هەبوو.

کاک مەسعوود بۆ دەنگی ئەمریکا قسەی کرد، داواکاربوو هێزەکانی حکومەتی تورکیا بەزووترین کات لەناو کوردستان بکێشنەوە، چونکە ئەوان لەگەڵ تورکیا ڕێکەوتنی مانەوەی هێزەکانیان نەبووە.

خەڵکی نیگەرانە لە مانەوەی سوپای تورکیا لەناو سنووری کوردستان، دەڵێن هێزەکان لەناوچەی زاخۆ و سمێل بوونیان هەیە، نیازیان باش نییە داوای نوێکردنەوەی ولایەتی موسڵ دەکەن، هەروەها ئەوانە بەنیازن ڕێگا بۆ هاتنی ئازووخە بۆ حکومەتی عێراق خۆش دەکەن و پارێزگاری ڕۆیشتنی پترۆڵەکەش دەکەن، جۆرەها قسەش دەکرێت.

**١ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٠ دەرچوو. رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٤٦ دەرچوو. رۆژنامەی (ئاکرێ)ی ژمارە ٦ دەرچوو.

گۆڤاری کادری پارتی دیموکراتی کوردستان ژمارەیەکی تری نوێی دەرچوو.

هەموو ئاژانسەکان باس لەکۆتایی هاتنی کۆنگرەی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی دەکەن، دەستەیەک لە ئەندامایەتی مەسعوود بارزانی و محەمەد بەحر ئەلعلوم و حەسەن ئەلنەقیب پەیامی کۆتاییان راگەیاند.

**٢ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣١ دەرچوو.

لەسەر هاتنە ناو خاکی عێراق، لە ئەنقەرە چەند سەفیرێکی وڵاتەکانیان بانگ کردبوو، تا رەوشەی شەڕەکە و ئەو پێشهاتەیان بۆ روون بکەنەوە.

لە ئەنجامی شەڕەکانیاندا لەگەڵ سوپای تورکیا چوار گەریلای پەکەکە کوژراون.

ئیمشەو تەواوی کارەبای شاری هەولێر نەبوو.

رادیۆی ئیسرائیل گوتبووی وەزیری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر سەلاحەددین ئەلحەفید داوای کردووە تا میللەتەکەمان نەکەوێتە ناو قەیرانێکی ئابووری داوا دەکەین وڵاتانی جیهان مامەلەی ئابووریمان لەگەڵدا بکەن، بەوەش گەمارۆییە ئابوورەکەی سەرمان کە لەلایەن رژێمەوە لەسەرمان چەسپاوە دەشکێت و ئابووریمان دەبووژێتەوە.

**٣ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٣٢ دەرچوو.

**٤ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٣ دەرچوو. رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٤٥ دەرچوو.

ئیمشەو دوو نارنجۆک لە گەڕەکی سێتاقان و یەکێکیان لەلای قوتابخانەی بۆتان لە گەڕەکی خانەقا تەقینەوە، بەڵام زیانیان نەبوو.

ئیمشەو لەبەر هەڵەی تەکنیکی بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان نەبوو.

سێیەم دانیشتنی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بۆ ناونانی گەڕەک و شەقام و گۆڕەپانەکان بەردەوام بوو.

**٥ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٤ دەرچوو.

لە هەموو ئاژانسەکان باس لە هاتنی دوو دبلۆماسی تورکی و دیمانەیان بە مام جەلال و کاک مەسعوود کردبوو، ئەوان هاتنەکەیان بۆ دڵنیاکردنەوەیان بوو کە هێزە تورکییەکە لە ناوچەکەیان نامینێتەوە و پاش کۆتایی رەوشەکە و ئارامبوونی سەر سنوورەکە دەگەڕێنەوە و پاشەکشە دەکەن. شەڕێش لەگەڵ گەریلاکانی پەکەکە بەردەوامە.

دەڵێن ٢٠٠ چەکداری پەکەکە گەیشتوونەتە ناو هێزەکانی حکومەتی هەرێم بڕیارە بگوازرێنەوە شوێنێکی لاچەپ، بۆ دوورکردنەوەیان لە سنوورەکان مەڵبەندی تایبەتییان بۆ سازدەکەن.

قسە هەیە گوایە تۆڕێک لە بەکرێگیراوانی رژێمی بەغدا لە ئوردوگای دارەتوو گیراون، نزیکەی ٨٠ گومانلێکراویان گرتووە، زۆربەیان خەڵکی کەرکووکن.

بڕیارە سەفەرکردن بۆ کەرکووک و موسڵ بکرێتەوە و چیتر پسولەی پارێزگای ناوێت، چەند رۆژ بوو ئەوەی نیازی چوونە شارەکانی

حکومەتی هەبووایە داوای پێشکەشی ڕەزامەندی پارێزگا دەکرد، لەوێ پاش ڕەزامەندییەکان پسولەیان بۆ دەکرد.

٦ی نۆڤمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٥ دەرچوو.

ئیمشەو بارانێکی زۆر خۆش باری، خەڵکەکە بە هاتنی سەرما نیگەرانە، چونکە دەسکەوتنی سوتەمەنی زەحمەت بوو.

هەواڵەکان وا دەگەیێنن کە لە سنووری ئوردنەوە بڕیارە پێداویستییە خزمەتگوزارییەکان بگاتە عێراق، هەر لەوێشەوە سوتەمەنی بە سەرپەرشتی نەتەوە یەکگرتووەکان بگاتە کوردستان، بەرپرسێکی ئەو دەزگایە گوتبووی دواکەوتنی ئەو ئازووخەیەش لە ئەستۆی حکومەتی عێراق دایە، ئەوانیش بەنیازن سوتەمەنی بە دۆلار لە حکومەت بکڕن و بیهێنە ناو کوردستان.

هاتنی دوو دبلۆماسە تورکییەکە و دیمانەیان بە سەرکردایەتی کوردستان دڵی خەڵکەکەی خۆش کردبوو، گوایە تورکیا بە ڕەسمی سەردانی کوردستانیان کردووە، ڕەنگە ڕەوشەکە خۆش بێت.

گالۆنی بەنزین بە ٣٠ دینارە،

٧ی نۆڤمبەری ١٩٩٢

ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٢ دەرچوو.

هێزەکانی پەکەکە هێرشیان بردووتە سەر مۆڵگەیەکی سوپای تورکیا لە ناوچەی شرناخ، چەند سەربازیان کوشتووە، لەوانە ئەفسەریشیان تێدابوو، ژمارەیەک برینداریشیان هەیە.

٨ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٦ دەرچوو. (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٤٧ دەرچوو. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٢ بەزمانی عەرەبی دەرچوو.

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دکتۆر فؤاد مەعسووم بۆ رادیۆی بی بی سی قسەی کردبوو، کە وەرزی ساردی زستان بەڕێوەیە و داواکارین رێکخراوە فریاکەوتنەکان و هەموو لایەنەکان چارەسەرییەکمان بکەن، ئەگەر سوتەمەنیمان نەگاتێ ئەو میللەتە لەو وەرزەدا نەخۆش دەکەون، تووشی کارەساتێکی کوشندە دەبین.

مەلیک حوسێن دووەم جارە بانگەواز دەکات کە میللەتی عێراق رەوشی خراپە و دەستی کۆمەک و یارمەتی دەوێت.

ئەنجومەنی وەزیران بڕیاردەدات سەد دینار بۆ خوێندکارەکانی شارەکانی سلێمانی و دهۆک و سی دیناریش بۆ خوێندکارەکانی تری ناوشار لەزانکۆی سەلاحەددین بۆ مەسرەفی رۆژانەی هاتوچۆیان تەرخان بکرێت، بڕیاریشە دوو پەیمانگە لەسلێمانی و دهۆک بکرێتەوە.

٩ی نۆڤمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٧ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو. بریاریشە لەو ژمارەیەوە ببێتە هەفتانە. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٢ بەزمانی کوردی دەرچوو.

لە بەرنامەی (زووم زووم)ی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان چەند دیمەنێکی نیشاندا تێدا شاعیرێکی رووس شیعرەکانی عەبدولا پەشێوی دەخوێندەوە کە کردبووی بە رووسی، لەو دیمانەشدا پەشێویش دەرکەوتبوو. بەرنامەی زووم زووم بەرنامەیەکی سەرکەوتووی جەماوەرییە و لەلایەن هونەرمەند زاهیر عەبدولا و شێرزاد پۆلیس و نەوزاد رەمەزانەوە ئامادە و پێشکەش دەکرێت.

١٠ی نۆڤمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٨ دەرچوو.

ڕێکخراوی لێبووردنی دەوڵی حکومەتی تورکیا و پەکەکەی بەوە تاوانبارکردبوو کە لەو شەڕانەدا مافەکانی مرۆڤیان پێ شێلکردووە.

یەک بەرمیل نەوتم بۆماڵەوە بە ١١٥٠ دینار کڕی، ئەو پارەیەش دەیکردە موچەی خۆم و هاوسەرەکەم. بەنزینیش وا گرانتر دەبێت، شەکر وا هەرزان دەبێت، رەنگە لە ئێرانەوە شەکر بێت، یەک فەردە شەکر بە ٥٩٠ دینارە.

کلینتۆن گوتی: من وەک بۆش لەگەڵ رەفتارەکانی سەدام حوسێن نەرم نابم، دەبێ ئەو گوێرایەلی بڕیارەکانی ئەنجومەنی ئاسایش بێت، ئێمە لە پشتیوانی کوردەکان و شیعەکان دریغی ناکەین.

چەند رۆژە تەلەڤزیۆنی یەکێتیی تەشویشی لەسەرە، جارجار پەخشی تەلەڤزیۆنی بەغدای دێنە سەری.

مام جەلال بەدرێژی لە تەلەڤزیۆنی پارتی باسی رەوشی سیاسی ئەورۆژەی کرد.

ئیمڕۆ کۆبوونەوەی ناونانی شەقام و گۆڕەپانەکانی ناو شاری هەولێر کۆتایی هات.

١١ی نۆڤمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٣٩ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٤٦ دەرچوو. گۆڤاری رێگای ئاشتی و سۆسیالیزمی حزبی شیوعی ژمارە ٢٨ دەرچوو.

گۆڤاری (کاروان)ی خولی راپەرینی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی یەکەمی دەرچوو. رۆژنامەی (الغد الدیمقراطی)ی ژمارە ١٠٥ و ١٠٦ دەرچوو. رۆژنامەی (طریق الشعب)ی ژمارە ٤ دەرچوو.

باران بەردەوامە.

حکومەتی تورکی وەڵامی ڕێکخراوی لێبووردنی دەوڵی دایەوە، کە لەو ماوەیەدا بە هیچ شێوەیەک مافەکانی مرۆڤ پێشێل نەکراوە، ئەو هەواڵەی گوایە لەمانگی سپتەمبەرەوە ١٠٠ هاولاتی سیڤیل کوژراون دوورن لە راستی. لەورۆژانەش پەکەکە لە هێرشیکدا چوار سەربازیان کوشتووە.

<u>١٢ی نۆڤمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢٤٠ دەرچوو.

گاڵۆنی بەنزین بە ٥٠ دیناربوو.

<u>١٣ی نۆڤمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢٤١ دەرچوو.

مام جەلال لە تەلەڤزێونی گەلی کوردستانەوە گوتی: بڕیارە رۆژی ٢١ی نۆڤمبەر بە بڕی ٤٧ ملیۆن دۆلار ئازوخە و کۆمەک بگاتە کوردستان، هەروەها گوتی: موژدەی ئەوەش دەدەین کە سوپای تورکیا دەکشێتەوە، ئەوەش پاش ئەوە هات کە لە زاخۆ ئێمە و کاک مەسعوود دیمانەی نوێنەری سوپای تورکیامان کردبوو.

هەموو ئاژانسەکان ئاماژەیان بەوە دابوو یارمەتییەکانی یونیسێف بەهێڵی تورکیاوە دەگاتە کوردستان، چونکە وەرزی زستان کێشەی زۆر بۆ کوردەکان دروست دەکات، لە راپۆرتێکدا بە دەستمان گەیشتووە لە ناوچەی سلێمانی خەڵک بۆ سوتەمەنی زۆر پەرۆشن، ژنان رۆژانە خەریکی دارکۆکردنەوەن، ئەگەر ئەو میللەتە خواردەمەنی و سوتەمەنیان بەخێرایی نەگاتێ، دووبارە ئاوارە دەبنەوە.

پاش بارینی بارانێکی زۆر و کەوتنی بەفر و نەهاتنی نەوت و بەنزین، نرخی یەک گالۆن بەنزین گەیشتە ١١٠ دینار، لەبەر کەمی گازیش ریمەکانی ناوشاریش کەم هاتوچۆ دەکەن، خەڵکیش زۆر نیگەرانن.

<u>١٤ی نۆڤمبەری ١٩٩٢</u>

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٣ دەرچوو.

دەرگای زانکۆی سلێمانی کرایەوە، ئەویش موژدەی سەرکەوتنێکی مەزن بوو بۆ ئەزموونی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

ئیمڕۆ کەمێک نرخی بەنزین دابەزی، نرخی یەک گالۆن لە نێوان ٥٠ تا ٦٠ دیناربوو.

ئاژانسەکان: وەزیری دەرەوەی وڵاتانی سوریا و تورکیا و ئێران لە ئەنقەرە بۆ لێدوان و شرۆڤەکردنی رەوشی کوردەکان و پێشهاتە سیاسییەکانی پەیوەست بەو ناوچەیە کۆبوونەوە، ئەوان لە دوارۆژی عێراق نیگەرانن، بەتایبەتی پەرلەمانی کوردستان سیستەمی فیدراڵییەتیان راگەیاند، ئەوان وادەزانن ئەوە نیشانەی دابەشکردنی عێراقە. سەبارەت بە کۆبوونەوە و باسکردنی دوارۆژی عێراق مام جەلال رایگەیاند ئەوان بەهیچ شێوەیەک مافی ئەوەیان نییە باس لەدوارۆژی عێراق بکەن.

تەلەڤزیۆنەکان پەخشیان خراپە، بەلام جاروبار باشن، ئەوەش لەکەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی تر دەگۆڕیت.

<u>١٥ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٢ دەرچوو.

(ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٤٨ دەرچوو.

<u>١٦ی نۆڤمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٣ دەرچوو.

**١٧ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٤ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٣٢ دەرچوو.

رۆژنامەی (هەولێر)ی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر ژمارەی یەکەمی دەرچوو، من وەک سەرنووسەری رۆژنامەکە زۆربەی بابەتەکەم لەژێر چەندن ناودا نووسیبوو، تایپی نووسینەکان کاک (تەها زادە) بۆی کردبووم، دیزاینەکەی هونەرمەند (محەمەد زادە) بوو، چاپەکەشی لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری بوو، رۆژنامەکەم بەپۆست بۆ سەرکردایەتی حزبەکان و وەزارەتەکان و دەزگاکانی راگەیاندن نارد، هەموو دەزگاکانی راگەیاندن ئاماژەیان بە دەرچوونی ئەورۆژنامەیە دابوو. تا قالبی حزبی نەبێت، من رەنگی مۆرم بۆ دانابوو.

لەژێر چاودێری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر فؤاد مەعسووم پردی بەستۆرە و پاش نۆژەنکردنەوەی کرایەوە، ئەو پردە بەشێکی ئاوی باران رایمالیبوو، ماوەیەکی زۆر درێژ رێگای هەولێر شەقلاوە زۆر ناخۆش بوو، ئۆتۆمبێلەکان بۆ پەڕینەوە لە بەستۆرە زەحمەتیان دەدیت، ئەو پرۆژەیە بە کارێکی بەرچاو لە کارەکانی ئاوەدانکردنەوە ئەژمار دەکرێت.

لەبەرامبەر هوتێلی رۆژ لەبەرامبەری نەقلیاتی باکوور نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، بەڵام زیانی نەبوو.

**١٨ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٥ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٤٧ دەرچوو.

**١٩ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٦ دەرچوو.

**٢٠ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٧ دەرچوو.

ئیمرۆ چوومە حاجی ئۆمەران، ڕێگاکە چۆڵ بوو، گوندەکانی ئەو ناوچەیە ئاوەدانە، خەڵکی خەریکی جووتکردن بوون، کە چوومە گوندی شیوەرەشی سەرسنوور گوتیان سێ ڕۆژە سنوور داخراوە، چەند لۆرییەک لەوێ بوون چاوەڕوانی کردنەوەی سنوورەکە بوون. کارکردن و ئاوەدانکردنەوەی شارۆچکەی چۆمان بەردەوامە، دروستکردنی نەخۆشخانەکە کارەکانی باش ڕۆیشتووە، ئەوەش ڕێکخراوێکی بێگانە لەسەر ئەرکی خۆی دروستی دەکات.

ڕۆژنامەی (ڕێگای ئازادی)ی حزبی سۆسیالیستی کوردستان ژمارە ٧٨ی دەرچوو، دیارە ئەورۆژنامەیە ماوەیەک بوو وەستابوو، لەو ژمارەیەدا زۆر بایەخی بە بەستنی کۆنگرەی دووەمی حزبەکەیان دابوو.

**٢١ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٤ دەرچوو.

بی بی سی: کوردەکان داوایان لە حکومەتی تورکیا کردووە، ئەو گوندانەی هێزەکانی پەکەکە تێدا بووە، یارمەتی جووتیارەکان بدەن تا ئاوەدانی بکەنەوە.

هەواڵەکان باس لەوە دەکەن کە کۆماری ئیسلامی ئێرانی بەرنامەی هەیە چەکی ناوەکی دروست بکات، بۆیەش ئەمریکا هەڕەشە دەکات، نێوان میسر و ئێران باش نییە، میسرییەکان دەڵێن ئێرانییەکان یارمەتی لایەنی ئیسلامییە میسرییەکان دەدەن دژ بە حکومەت، کار دەکەن زەبر لە گەشتیارە بێگانەکان بدەن، بەوەش ڕێگا لە هاتنی بێگانەکان بۆ وڵاتی میسر دەگرن، ئێرانییەکانیش دەڵێن سەرۆکی میسری حوسنی موبارک کەسێکی شێتە.

**٢٢ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٤٨ دەرچوو. (ئالآی ئازادی)ی ژمارە ٤٩ دەرچوو.

کاروانی دووەمی ئازووخە و پێداویستییە مرۆییەکان بەرێگای تورکیا گەیشتە کوردستان.

رادیۆی ئۆپۆزسیۆن رایگەیاندووە لە هوتێلێکی ناوشاری سلێمانی نارنجۆکێک تەقیوەتەوە، تێدا ٤ کەس کوژراون و ٢١ برینداریش هەیە، هوتێلی بەغدا چەند پەنابەرانی کوردی گەڕاوەی ئێرانی تێدا بووە.

دووەم کاروانی نەوت کە بریتی بوو لە نۆ ترێلە گەیشتە هەولێر.

تاریق عەزیز بۆ هەڵگرتنی گەمارۆییە ئابوورییەکەی سەر عێراق گەیشتە بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک، بەڵام دیارە هیچ هیوایەکیان نییە، بۆیەش ئەو لەو مەسەلەیەدا نیگەرانە.

*****

# هەیڤی شەشەم

## ٢٣ی نۆڤمبەر تا ٢٢ی دیسمبەر ١٩٩٢

**رۆژی ٢٣ ی نۆڤمبەری ١٩٩٣**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢٤٩ دەرچوو.

**رۆژی ٢٤ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢٥٠ دەرچوو. رۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە ٣ بە دە لاپەڕە دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٣ دەرچوو.

سلێمان دیمیریل لە بروکسلەوە وتی: ئێمە هەرگیز قبوولّ ناکەین جارێکی تر کوردەکان ئاوارە بن کار دەکەین ناوچەکە ئارام بێت.

یەکەم کاروانی ئارد گەیشتە شاری هەولێر، بڕیارە ئەو ئازووخەیە بە خێرایی بێت تا زستان نەهاتووە و بەفر رێگاکانی نەگرتووە، قسەکەری نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا رایگەیاند کە ئەو کۆمەکە دوو مانگ دوا کەوتبوو.

بە کۆی دەنگ ئەنجومەنی ئاسایش گەمارۆیەکەی سەر عێراق نوێ دەکەنەوە، سەرۆکی ئەنجومەنەکە بە توندی وەڵامی تاریق عەزیزی دایەوە، کە ئەوان بەرپرس نین لەوەی گەلی عێراق رەوشی خراپە، ئەوان خۆیان سامانەکەیان لە بن دەستی دەستەیەک ئەفسەرەکانی خۆیان داناوە و کۆمەکی خەڵکەکەی تر ناکەن. سەبارەت بە هەڵگرتنی گەمارۆیەکەش گوتبووی، حکومەتی عێراق هێشتا بڕیارەکانی ئاگربەستی جێبەجێ نەکردووە.

<u>٢٥ی نۆڤمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥١ دەرچوو. رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٦ بە زمانی ئینگلیزی دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٤٨ بە زمانی عەرەبی دەرچوو. ژمارەیەکی نوێ گۆڤاری (الثقافة الجديدة) دەرچوو.

بەفر دەبارێت، کارەبا نییە، بەردەوام بارانە، نرخی یەک گالۆن نەوت بە ٤٥ دینارە، بەنزینیش بە ٤٣ دینارە.

<u>٢٦ی نۆڤمبەری ١٩٢٢</u>

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٢ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە سفری دەرچوو.

ئیمشەو نارنجۆکێک لە تەنیشت بەنزینخانەی شۆرش دەتەقێتەوە.

ئاژانسەکان باسی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسێکی کوردیان لە دیاربکر بەناوی (نامیق تەنەرەکەچی) دەکرد، هەواڵەکان گوتیان ئەوە ١٢ رۆژنامەنووسی کوردە لە تورکیا تیرۆر بکرێت.

**٢٧ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

ڕۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٣ دەرچوو.

**٢٨ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

ئیمڕۆ ٣٠ وەکیلی سوتەمەنی نەوتیان وەرگرت، هەر خێزانێک بڕی ١٠٠ لیتر نەوت لەو وەکیلانە وەردەگرن.

**٢٩ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٤ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بابەتێکی کورتم بڵاوبویتەوە. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٥٠ دەرچوو.

**٣٠ی نۆڤمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٥ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٥ دەرچوو.

لە هەولێر چەند مینی پلاستیکی بەبارهەڵگرەکانی هێنانی ئازووخەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لکێنرابوون، سێ لەو مینانە تەقینەوە، ئەو هەواڵە لە هەموو ئاژانسەکان ئاماژەی پێدرابوو.

بەڕێوەبەری گشتی وزەی کارەبای حکومەتی عێراقی گوتبووی هۆکاری نەبوونی کارەبای لە ناوچەی کوردەکان بۆ ئەوە دەگێڕایەوە، چەکدارە کوردەکان هەموو عامووددەکان و مەحەویلەکانیان دزیوە، بۆیە کارەبایان نییە، ئێمە لە نەبوونی کارەبای ئەوان بەرپرس نین.

**١ی دیسمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٦ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)ی ژمارە ٣٤ دەرچوو.

کارەبای هەولێر زۆر خراپە، کارەباش دێتەوە، لەبەر ئەوەی لۆدیان زۆرە زوو مەحەویلەکان دەتەقن، لەبەر کەمی وزەی کارەباش ئاو کەمە و خەڵکەکە لەبەر بێ کارەبایی و بێ ئاوی زۆر پەریشانن. رۆژانەش وەکیلەکان بەشەنەوتی خۆیان وەردەگرن، گالۆنی نەوت بە ٣٠ دینارە و بەنزین بە ٤٣ دینارە و کیلۆی شەکر بە ٩ دینارە، ئاشەکانی گەنم لێکردن زۆر قەرەباڵغە، لەئێرانەوە خواردەمەنی زۆر دەگاتە بازارەکانی کوردستان، ئەوە چەند شەوە تەلەڤزیۆنمان نەدیوەو شار تاریکە.

ئیمشەو تەقەیان لە بارەگایەکی حزبی یەکگرتن کردبوو، ئەوانیش بە تەقە وەڵامیان داوەتەوە و زیانی گیانی نەبوو،

یەک قنینە غازم بە ١٦٠ دینار کڕی.

<u>٢ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٧ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٤٩ دەرچوو.

<u>٣ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٨ دەرچوو.

<u>٤ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٥٩ دەرچوو. ژمارەیەکی نوێی رۆژنامەی (رێگای کوردستان) دەرچوو. گۆڤاری (پەیامی وەرگێر) ژمارەی ١ و ٢ی بەچاپی جوان و قەشەنگ دەرچوو.

بۆ گەیاندنی دانەوێڵە بۆ جووتیارەکان گەورەترین کاروانی دانەوێڵە لە دیاربەکرەوە بەرەو کوردستان بەڕێکەوت.

دەنگی ئیسرائیل: کوردەکانی پاکستان بۆ وەرگرتنی ڤیزا و گەیشتنیان بە وڵاتانی ئەوروپا خۆپیشاندانێکی گەورەیان بۆ بەردەم ئۆفیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان سازکردبوو، ژمارەیان دەگەیشتە ٥٠٠ کەس، لەوانە دوو ژنیان هەوڵیاندابوو خۆیان بسوتێنن.

٥ی دیسمبەری ١٩٩٢

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٦ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتێکم نووسیبوو بەناوی (لماذا مات ابو شهاب البغدادی في اربيل) بڵاوکرایەوە.

ئەوە دووەم رۆژە دوو کۆپتەری رەش لە هەولێر دەنیشنەوە، پاش ماوەیەک دەگەڕێنەوە، هێشتا نەزانراوە ئەو دوو کۆپتەرە بۆچی دەهێنە هەولێر.

بەنزین گالۆنی بە ٤٣ تا ٤٥ دینارە.

٦ی دیسمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٠ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٥١ دەرچوو.

بی بی سی: حکومەتی ئەمریکا بڕیاری داوە بۆ دابەشکردنی یارمەتییە مرۆییەکان دوو نووسینگە بکاتەوە. ئەو هەواڵە لە رادیۆی قاهیرەش بڵاوکرایەوە. دیارە سەردانەکەی ئۆزال بۆ میسر پەیوەندی بە کوردستانەوە هەیە، بۆیە ئەو چرپەیە هەیە.

٧ی دیسمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦١ دەرچوو.

لەناو مێزی تایبەتی پارێزگاری هەولێر مینێکی دانراوە دەدۆزرێتەوە، فەرمانبەرەکان هەموو بینایەکە چۆڵ دەکەن، شەو لە تەلەڤزیۆنەکان پارێزگار باسی ئەو مەسەلەیەی کرد.

بارهەڵگرەکان دەگەنە شارۆچکەی کەڵەک (خەبات) چەند مینێکی لکێنراو بەو لۆریانە دەدۆزنەوە، تیمی تایبەت دەتوانن مەسەلەکە چارەسەر بکەن.

سەربازێکی عێراقی لە ئوردنەوە و بەجلی سەربازییەوە خۆی دەگەێنێتە ناو سنووری ئیسرائیل، سەربازەکە گوتبووی، ئوردنییەکان منیان دەگەڕاندەوە ناو عێراق، منیش چارەم نەما بێمە ناو ئیسرائیل تا رادەستی حکومەتی عێراقم نەکەنەوە. ئیسرائیلییەکان دەڵێن لەکاتی شەڕەکەی کەنداویش چەند سەربازی تری عێراقی هاتبوونە ناو وڵاتەکەمان، ئێمەش بەپێی ئارەزووی خۆیانەوە رەوانەی ئەو وڵاتانەمان کردن کە دەیانویست.

٨ی دیسمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٢ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٣٦ دەرچوو. لەو ژمارەیەد کەریم ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی عێراقی نووسیبووی پێویستە حزبی شیوعی کوردستان دامەزرێنین، ئەوەش بەرەزامەندی هاوڕێیە عەرەبەکانەوە دەبێت، ئەوەش مافی رەوای کوردەکانە کە حزبی چینی زەحمەتکێش و کرێکارانی سەربەخۆیان هەبێت، چونکە سەردەمەکە کاتی مافی چارەی خۆنووسینە.

**٩ی دیسەمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٣ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا، لەلاپەڕەی دوایی کورتە نووسینێکم بڵاوکرایەوە. ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٥٠ دەرچوو.

لەگەڵ سەرۆکی شارەوانی دانیشتم، وتی وەزیر بڕیاریداوە ڕۆژنامەی هەولێر بەردەوام بێت و پشتیوانی دەکات.

**١٠ی دیسەمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٤ دەرچوو.

ڕۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارەی دووەمی دەرچوو.

**١١ی دیسەمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٥ دەرچوو.

گۆڤاری نووسەری کورد بەبەرگێکی گەورە دوو ژمارەی سێ و چوارەمی بەناوەرۆکێکی دەوڵەمەندەوە دەرچوو.

لە تورکیا کۆبوونەوەی نمایندەی هێزەکانی هاوپەیمانان لەگەڵ تورکیا بەردەوامە، لەو کۆبوونەوەیەدا باس لەوە دەکەن هێزەکان بۆ پشتیوانی و پاراستنی کوردەکان لە تورکیا بمیننێنەوە.

**١٢ی دیسەمبەری ١٩٩٢**

ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٧ دەرچوو. ڕۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٤ دەرچوو.

ئیمڕۆ شوفێری ریمەکانی هێڵەکانی ناوشار و ئۆردوگاکان مانیان گرتبوو، داوایان دەکرد پارەی وردەیان لە بانک لێ وەرگرن، چونکە لە

بـازاڕ ئـەو پارەیـە مامەڵـەی پـێ ناکرێـت، کرێـی سـوارەبوونەکەش بـە پارەیەکی کەمی وردە دەبێت، بۆیەش خەڵکەکە پارەی وردە دەدات.

<u>١٣ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

رۆژنامـەی (کوردسـتانی نوێ)ی ژمـارە ٢٦٦ دەرچـوو. لـەو ژمارەیـەدا نووسـینێکی کـورتم بڵاوکرایـەوە. رۆژنامـەی (ئـاڵای ئـازادی)ی ژمـارە ٥٢ دەرچوو.

ئیمشـەو دەقی دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستان لە تەلەڤزیۆنی گـەلی کوردستان بڵاوکرایەوە، لەو دانیشتنەدا باس لـە گۆڕینی نـاوی وەزارەتـی ئـەوقاوف و کاروبـاری ئیسـلامی کـرا، مەبەسـت ئـەوە بـوو ئیمانـدارانی ئاینـەکانی تـری نـاو کوردسـتان رازی بکـەن، واتـە وەزارەتەکـە پێگـە و سـەرچاوەی ئـەوانیش بێـت، لـەکۆتایی بڕیـاردرا نـاوی وەزارەتەکـە وەک خـۆی بمێنێتـەوە، چونکـە ئـەوقاف هـەموو ئاینـەکان دەگرێتـەوە. بڵاوکردنەوەی دەقی دانیشتنەکە لەلایەن خەڵکەوە بە خۆشی باسدەکرا.

<u>١٤ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٧ دەرچوو.

<u>رۆژی ١٥ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٢٦٨ دەرچـوو. رۆژنامـەی (رێگـای کوردستان)ی ژمارە ٣٧ دەرچوو.

تیمەکانی نەتەوە یـەکگرتووەکان بارەگـای لیژنـەی ئۆلۆمپیـان لـە بەغـدا پشکنی، پاش پشکنینی ئەو بارەگایە لە عێراق دەرچوون. رۆژنامـەی بابـل کـە کـوڕی سـەدام سـەرنووسـەر و بڕیاردەریـەتی بڵاویکـردەوە کـە سـەگە بەرەڵاکان هاتنە ناو ئەو بارەگایە و هیچیان نەدرکاند و دەرچوون.

مانگرتنی شوفێری پاسەکانی ریم لە هەولێر کۆتایی هات، گفتی ئەوەیان وەرگرت پارە وردەکانیان لە بانک لێ وەرگرن، لەجیاتی ئەوە پارەی کاغەزی ٥ و ١٠ یان بدەنێ، هەروەها بڕیاریشدرا گازیان هەرزان بەدەنێ. لە تەلەڤزیۆنی یەکگرتن شوفێرەکان بەئاشکرا گلەیی لە پارێزگا دەکرد و قسەیان لە سەر ئاسایش هەبوو.

بی بی سی: حکومەتی ئەمریکی ٥٠ ملیۆن دۆلاریان بۆ فریاکەوتنی میللەتی عێراق تەرخانکردوە، هەروەها کوێت و سعوودیەش هەمان بڕە پارەیان وەک یارمەتی داوە. دیارە هێشتا پارەی بلۆککراوی عێراقیان بۆ مەبەستی فریاکەوتن دەست لێ نەداوە.

## ١٦ی دیسمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٦٩ دەرچوو. رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٥١ دەرچوو.

لە هۆڵی میدیا (مركز ابحاث الاشتراكي في العالم العربي) پێشانگای فرۆشتنی کتێبی سوسیالیستی و ئەدەبی و گۆڤار و بڵاوکراوەکانی نمایش کرد، پێشانگاکە بازاڕی گەرم بوو، قەرەباڵغییەکی زۆری لەسەر بوو. هەر لەو نمایشەدا لەکاتژمێری سێی ئێوارە کەریم ئەحمەد و فەلەکەدین کاکەیی دوو کۆڕیان لەسەر سیاسەتی نوێی جیهان و کوردستان گێرا، کەریم ئەحمەد باسێکی لەسەر پێویستی قەوارەی سیاسی بۆ کوردستان خستە روو، قۆناخەکانی خەباتی کورد بۆ دەستبەرکردنی ئەو قەوارەیە و هۆکارەکانی سەرنەکەوتنەکانی باسکرد، لەوانە دەوری حکومەتەکانی ناوچەکە و دەرەوە و پێشهاتە سیاسییەکانیش هۆکاری بووینە کە ئەو خەونە نەهاتووتە دی. فەلەکەدین کاکەییش لەلایەن خۆیەوە باسی رۆڵی دراوسێیەکانی کوردستانی کرد، کە چەند مەترسییان لەسەر رەوشی بزاڤەکە و خەونی میللەتەکە هەبووە،

دەمـــارگیری ئـــەو حکومـــەت و نەتەوانـــە هۆکـــاری دیـــار بووینـــە لـــە ســـــەرنەکەوتنی بزاڤەکـــە، بۆیـــەش پێویســـــتە حکومـــــەتی هـــــەرێمی و سەرکردایەتی کوردستان کارکەر بن نیگا و بۆچوونـەکانیان بـە میللـەتانی ئـەو وڵاتانـە روونبکەنـەوە، هـەروەها کـۆرگێڕ باسـی ئەوەشـی کـرد کـە رێکخـراوە چەپـەکانیش لـەو سـەردەمانە بـە نیگـا گۆشـەیەکی تەسـکەوە سـەیری کێشـەی کـورد دەکـەن، زۆر جـاریش بزاڤەکـە و کوردەکـەش بـە نۆکـەری ئیسـتعماریش پێناسـە دەکـەن. ئـەوەی شـایانی باسـە ژمارەیـەکی بەرچاویش لە هاوڵاتیان بەشدار ببوون.

چەند رۆژ بوو کۆبوونەوەی حزبە کوردستانییەکان لە هوتێڵی قەسری ئەلزەهبی بەردەوام بوو، ناوچەکە بەتوندی گەمارۆدرابوو.

بەردەوام بارانێکی خۆش دەبارێت.

<u>١٧ی دیسیمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٠ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمـارە ٣ دەرچوو.

ئیمشـەو تەلـەڤزیۆن فیلمـی مـەرگی ئەرخـەوانی هونەرمەنـد کامـەران رؤوفی نیشاندا.

لەبـەر ئـەوەی مـام جـەلال و کـاک مەسـعوود لـە هـەولێر بـوون، لەشەقامەکانی ناوشار پشکنینی وردی ئۆتۆمبێلی هاوڵاتیان دەکرا.

لەو یەک دوورۆژە خەڵک زۆر دەکوژرێت، خەڵکی بەوە نیگەرانە.

لە رێگای گەڕانەوەی لۆرییەکانی باری ئازووخەکانی کوردستان مینی پلاستیکی لە ژێرەوەیان دەدۆزرێتەوە، بەڵام زیانیان نەبوو.

<u>١٨ی دیسیمبەری ١٩٩٢</u>

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧١ دەرچوو.

ئاژانسەکان: جێگری وەزیر دەرەوەی ئەمریکی ئیداورد جۆرجیان رایگەیاند کە حکومەتەکەی نیگەرانە لەوەی لۆرییەکانی بارهەڵگرەکان مینیان پێکەوە دەلکێنن و دەیانترسێنن تا ئازووخە نەبەنە باکووری عێراق، گومانیش دەکەین بەکرێگیراوان و پیاوانی حکومەتی عێراق ئەو کارانە ئەنجام بدەن، ئێمەش لەو کارانە بێدەنگ نابین، ناچارین ئیجرائات بکەین، بوار نادەین رەوشی ناوچەی کوردەکان ئاڵۆزبکرێت و هێرشیان بکرێتەسەر، بۆیە لەگەڵ هاوپەیمانەکان دانوستان دەکەین، ناکرێ ئەوە لەسەر حکومەتی عێراق بڕوات.

جەوهەر نامیق سالم سەرۆکی پەرلەمانی کوردستان گەیشتە فەرەنسا، لەوێ لەسەر رەوشی کوردستان و عێراق قسەی بۆ رادیۆی مۆنتی کارلۆ کرد.

نارنجۆکێکی پێنج کیلۆ تی ئێن تی بە کۆمیتەی چواری یەکێتیی تەقیەوە، چوار کادری یەکێتیی تێدا بریندار بوو.

**<u>١٩ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>**

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٨ دەرچوو.

نارنجۆکێک لە بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر دەتەقێتەوە، بەلام زیانی نەبوو.

نەتەوە یەکگرتووەکان دەگاتە ئەو بڕوایەی کاروانی ئازووخەکانی دەچێتە کوردستان مەترسی لەسەرە، بۆیە کاروانەکەیان بەشێوەیەکی کاتی رادەگرێت تا حکومەتی عێراقی بڕیاردەدات رێگاکە بپارێزێت و مەترسی لەسەر لۆرییەکان نەمینێت.

**٢٠ی دیسمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٢ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٥٣ دەرچوو.

ئیمڕۆ ناوچەی هوتێلی شیرین پالاس چۆڵکرا، گوتیان وەفدێکی گەورە لەو هوتێلە دادەبەزێت.

لەناو شووورەی یانەی ئەندازیاران نارنجۆکێک دەتەقێتەوە، خۆشبەختانە زیانی نەبوو.

لەناو ژووری بەڕێوەبەری چاپخانەی زانکۆ نارنجۆکێک دەتەقێتەوە و کەس بەر ناکەوێت.

**٢١ی دیسمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٣ دەرچوو.

سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان پوترس غالی نیگەرانی خۆی سەبارت بە هەولی تەقاندنەوەی لۆرییەکانی ئازووخەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق راگەیاند، بەتایبەتی ئەوانەی دەچنە کوردستان، بۆیەش بڕیار دەدەن پۆلیسی نێونەتەوەیی ژمارەیان زۆر بکرێت، ئەوانیش بەشداربن لە پشکنینەکان.

**٢٢ ی دیسمبەری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٤ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٣٨ دەرچوو.

# هەیڤی حەوتەم

## ٢٣ی دیسمبەری ١٩٩٢ تا ٢٢ی ینایری ١٩٩٣

<u>٢٣ی دیسەمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٥ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٥٢ بەزمانی عەرەبی دەرچوو.

<u>٢٤ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٦ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ٤ دەرچوو.

پەرلەمانی تورکیا بڕیاریدا ماوەی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان بۆ پاراستنی کوردەکان نوێ بکرێتەوە، هێزەکەش بریتیە لە ٧٥ فڕۆکەی جەنگی هاوپەیمانان.

ئەنجومەنی ئاسایش هوشیاری دەداتە حکومەتی عێراقی کە دەبێ پۆلیسی نێودەوڵی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان لەگەڵ باری ئازووخەکان بۆ پاراستنی لۆرییەکان هاوڕێیان بن، ئەگەر رەزامەندی نەکەن، ئەوا ناچارن بۆ دۆزینەوەی چارەسەرییەک بۆ سەلامەتی ئەو بارانە کۆبوونەوەیەکی تایبەتی بکەن.

بەردەوام باران دەبارێت.

لەبەرئــەوەی بــەنزین گرانــە، بۆیــە مــەفرەزەکانی ئاســایش مــەرجیان لەسەر بەنزینفرۆشە دەستییەکان داناوە نرخی یەک گالۆن لە ٣٠ دینار زۆرتــر نــەدەن، بــەوەش بــەنزین لەســەر جادەرکــان نــەماو هــەموو دەشاردرێنەوەو نرخیشی گەیشتە ٦٠ هەتا ٧٠ دینار.

<u>٢٥ ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٧ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسینێکی کورتم لەلاپەڕە ٨ بڵاوکرایەوە.

ئیمڕۆ جەژنی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح بوو، تەلەڤزیۆنەکان زۆر بایەخیان بەو جەژنە دەداو جەژنە پیرۆزەی گەرمیان لە کریستیانەکانی کوردستان دەکرد.

<u>٢٦ ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٩ دەرچوو.

دانیشتنەکانی پەرلەمان سەربەستانە لە تەلەڤزیۆنەکان پەخش دەکرێن، خەڵکەکە ئەو دەمەتەقێیە ئازادانەیان لا خۆشەو حەز دەکەن لەساڵۆن و دانوستانەکانی پەرلەمان ئاگاداربن، ئیمشەو زۆر بەگەرمی باس لەوە دەکرا بەڕێوەبەرە کۆنە بەعسییەکان بگۆڕن، ناکرێ پەرەوردەی هەولێر بەدەست کۆنە بەعسییەکانەوە بیمنێتەوە.

<u>٢٧ ی دیسمبەری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٧٨ دەرچوو. رۆژنامەی (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٥٤ دەرچوو.

بەفری باش لە هەولێریش باری، دەشتودەر زۆر ساردە.

تا سەعات شەشی ئێوارە لە چاپخانەی ڕۆشنبیری لەگەڵ تەها زادە، خەریکی تایپکردنی ڕۆژنامەی هەولێر بووین، کە ئەو تەواوی کرد، هەر ئەو شەوە نووسینە تایپکراوەکانم بردە ماڵی محەمەد زادە تا بۆمان دیزاینی بکات تا ئامادەی چاپ بکریت، بە نۆ هەزار دینار کەرەستە پێویستەکانی چاپی ڕۆژنامەکەم وەک پلێت و فیلم و حوبرو کاغەز کڕی.

فڕۆکە ئەمریکییەکان لە ناوچە دژەفڕینەکانی خوارووی عێراق فڕۆکەیەکی جەنگی عێراقییان خستبووە خوارەوە، سەرۆک بۆش و کلینتۆن وتیان ئەوە دەرسێکە بۆ حکومەتی عێراق تا جارێکی تر بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان نەشکێنێت. حکومەتی عێراقیش دانی بە خستنە خوارەوەی فڕۆکەکە دانابوو، بۆیەش وتیان ئێمە لەکاتی و بەشێوەی گونجاو تۆڵەی خۆمان دەکەینەوە.

۲۸ی دیسمبەری ۱۹۹۲

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ۲۷۹ دەرچوو. ڕۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٥ دەرچوو.

هەموو ئاژانسەکانی هەواڵ باسی کەوتنە خوارەوەی فڕۆکە عێراقییەکەی خوارووی عێراقیان دەکرد، وتیان عێراق لەو فڕینە ویستی بەختی خۆی تاقی بکاتەوە، ئاشکرایە کە فڕۆکەهەڵگرەکانی ئەمریکی لە کەنداودا حەفتا فڕۆکەی لەسەرە و زووش دەتوانێت بگاتە ئەو شوێنەی پێویست بکات. حکومەتی عێراقیش زۆر بەتوندی هەڕەشەی دەکرد و داوای لە وڵاتانی عەرەبیش دەکرد کۆشش و گوشار بکەن، هاوپەیمانان ناوچە دژەفڕینەکەی خوارو هەڵگریت. دیارە حکومەتی عێراقیش ڕازی بووە پۆلیسی دەوڵی هاوڕێیەتی لۆرییەکانی ئازووخە بکات کە دێنە کوردستان.

## ٢٩ی دیسەمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٠ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان) ی ژمارە ٣٩ دەرچوو.

## ٣٠ ی دیسەمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٨١ دەرچوو.

(خەبات)ی ژمارە ٦٥٣ دەرچوو.

شەو تا درەنگانی شەو لەگەڵ محەمەد زادە ماینەوە تا مۆنتاژی ڕۆژنامەی هەولێر تەواو بوو. برادەرانی ڕۆژنامەی هەرێم لەوێ بوون بە شەش کەس خەریکی ڕۆژنامەکەیان بوو.

سی تریلەی ئازووخە بە هاوڕێیەتی چەکدارانی نەتەوە یەکگرتووەکان گەیشتنە کوردستان.

## ٣١ی دیسەمبەری ١٩٩٢

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٨٢ دەرچوو.

(هەرێم)ی ژمارە ٦ بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو.

ژمارەیەکی تری ڕۆژنامەی (هەولێر)م بە ٦ لاپەڕە دەرکرد، ژمارەی ٢ و ٣ لەسەر دانرا.

## ١ی ینایری ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٨٣ دەرچوو، ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بەبۆنەی هاتنی ساڵی نوێ.

## ٢ی ینایری ١٩٩٣

لەبەرئەوەی ڕۆژی سەری ساڵ ڕۆژی هەینی بوو، ئیمڕۆ شەممە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە کرایە پشووی ڕەسمی.

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ١٠ دەرچوو.

لەگەڵ برادەران چووینە سلێمانی، شەو لە هوتێلی ئەبو سەنا ماینەوە. رێگای نێوان سلێمانی کۆیە هەولێر ئاوەدانە، گوندەکان بوژانەوەی پێوە دیارە، خەڵکەکە خانوو دروست دەکەنەوە، سلێمانیش وەک شاری هەولێر قەرەباڵغە، کارەبایان باشترە. برادەرێکمان هاتبوو بەردی حەلان و مەڕمەڕ بکڕێت، بای ٢٧ هەزار دیناری لە کارگەیەکی سلێمانی بەردو مەڕمەڕی کڕی، لەوەیاندا ١٤٥٠ دیناری پارەی گومرگی لە سەیتەرەکەی بەختیاری دا. لەودەمانە زانیم لە سلێمانییەوە بازرگانی بەرەو خواروو هەیە و پەمۆ و گوڵەبەرۆژە و توتن و دار و جۆرەها تایەی ئۆتۆمبێل دەڕوات و گومرگ وەردەگرن، کرێی لۆرییەکی سەلاحەددین بۆ هەولێر بە هەزار دیناربوو. من ١٥ دانە رۆژنامەی هەولێرم بردبووە سلێمانی تا بدرێتە رۆشنبیرانی ئەوێندەرێ. دیارە لەناو شاردا پەیکەری جوانیان دروستکردووە، لەوانە یەکێکیان بۆ مامە ریشەی شەهید کراوە.

<u>٣ی ینایری ١٩٩٣</u>

(ئالای ئازادی)ی ژمارە ٥٥ دەرچوو.

<u>٤ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٨٤ دەرچوو. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٦ دەرچوو.

<u>٥ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٨٥ دەرچوو.

دەنگی ئیسرائیل: قسەکەرێک بەناوی کوردەکانی عێراقی کە رازی نەبوو ناوەکەی ئاشکرا بکەین گوتبووی: حکومەت بە دانوستان رازییەو بە هەموو مەرجەکانی ئێمەش رازییە، هەتا فیدراڵییەتیش.

٦ی ینایری ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٨٦ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٥٤ دەرچوو. لەیادی دامەزراندنی سوپای عێراقی پشوودان بوو.

٧ی ینایری ١٩٩٣

(هەرێم)ی ژمارە ٦ دەرچوو.

عەلی حەسەن ئەلمجید لە رۆژنامەکانی بەغدا نووسیبووی، ئەوان دەتوانن ناوچەکانی لە بن کۆنترۆڵی ئەواندا نییە بەئاسانی بیانگرنەوە.

ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایش ماوەی ٤٨ سەعاتیان بۆ حکومەت داناوە مووشەکانی خوارووی عێراق بکێشتەوە، ئەگەرنا بەچەک زەبرێکی کوشندەی لێیدەدەین. نەزار حەمدون گوتبووی حکومەتەکەمان مافی خۆیەتی سوپاکەی لەناو خاکی خۆیدا بڵاوە بکات. قسەی ئەوەش هەیە سەرۆک بۆش پێش ئەوەی پۆستەکەی جێبهێڵێت زەبرێک لە عێراق دەدات.

رۆژنامەی (طریق الشعب)ی ژمارەی ٥ی ساڵی ١٩٩٢ دەرچوو.

٨ی ینایری ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٢٨٧ دەرچوو، لەگەڵ ئەو ژمارەیە پاشکۆی پەریستان نەبوو.

هەموو ئاژانسەکان باس لە کێشانەوەی مووشەکانی عێراق دەکەن، عێراقیش سوورە لەسەر ئەوەی لەناو خاکی خۆیدا ئازادە چەکەکانی بەکاربهێنێت.

<u>٩ی ینایری ١٩٩٣</u>

(الاتحاد)ی ژمارە ١١ دەرچوو.

لەکاتی دوا مۆڵەتی کشانەوەی مووشەکانی سوپای عێراقی لە ناوچەکانی خوار هێڵی ٣٢ مشتومڕی زۆری لەسەرە، هەموو سالۆنە سیاسییەکان و ئاژانسەکان قسەی لەسەر دەکەن، مەسەلەکە گەرمە، حکومەتی عێراقی لەسەرزاری گەورە سیاسییەکان و ئەنجومەنی شۆرش و ئەنجومەنی نیشتمانی و نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتووەکان و وەزارەتی دەرەوە، دەڵێن ئێمە لەناو خاکی خۆمان بەهیچ شێوەیەک سوپا و چەکەکانمان ناکێشینەوە و مافی رەوای خۆمانە بەرگری لە خۆمان بکەین. لەودەمانە بەیانێکی بنتاگۆنی ئەمریکی رادەگەێنێت کە سوپای عێراقی لە دوا ساتەکانی مۆڵەتەکە مووشەکانی خوارووی عێراقی هەڵوەشاندیتەوە و ناوچەکەی چۆڵکردووە. بڕیاریشە تیمێکی پشکنینی نەتەوە یەکگرتووەکان بگەنە بەغدا، بەڵام دووبارە حکومەت نارەزایی هەیەو دەڵێت: قبووڵم نییە ئەو تیمە بە فڕۆکە لە بەغدا دابەزن، دەبێ یان فڕۆکەی عێراقی بەکاربهێنن، یان بە ئۆتۆمبێل لە سنووری ئوردنەوە بێنە ناو عێراق، بەوەش کێشەیەکی تر سەر هەڵدەدات.

لە چەمچەماڵ پاش ئەوەی رێکخراوی کیری خزمەتگوزاری سوتەمەنی دابەش دەکرێت، ئەندامێکی ئوسترالی ئەو دەستەیە بەدەستی خەڵکی ناوچەکە دەکوژرێت، بەوەش نەوت دابەشکردنەکە رادەگیرێت.

**١٠ی ینایری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٢٨٨ دەرچوو. نووسینێکی کورتم لەو ژمارەیەدا بڵاودەبێتەوە. ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژماره ٥٦ دەرچوو.

**١١ی ینایری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٢٨٩ دەرچوو. لەگەڵ ئەو ژمارەیەدا ژماره سفری پاشکۆی ئەدەبی لەگەڵدا بوو. (کوردستانی نوێ) بەزمانی ئینگلیزی ژمارەی ٧ی دەرچوو.

بۆ سازکردنی ڕاپۆرتێک بۆ ڕۆژنامەکەمان هەولێر من ئامادەی دانیشتنی ئەنجومەنی شارەوانی هەولێر بووم.

**١٢ی ینایری ١٩٩٢**

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٢٩٠ دەرچوو. بەبۆنەی ساڵیادی ڕۆژنامەکە ژمارەیەکی تایبەتی بڵاودەکاتەوە و لاپەڕەکانیشی ١٦ لاپەڕەبوو. هەر بەو بۆنەیە لە هۆڵی میدیا ئاهەنگێکی وتار خوێندنەوە سازکرا، چەندان وتارو بروسکەی پیرۆزبایی خوێندرایەوە.

دیارە کێشەی نێوان حکومەتی عێراقی و نەتەوە یەکگرتووەکان ئاڵۆزبووە، عێراقییەکان چەند ڕۆژە کەلوپەل دەگوازنەوە ناو سنووری کوێت، ئەو وڵاتە بە بەشێک لە خاکی خۆی دەزانێت، ئەنجومەنی ئاسایش و وڵاتانی هاوپەیمانیش بە توندی هوشیاریان کردووە و هەڕەشەیان لێ کردووە.

**١٣ی ینایری ١٩٩٣**

کوردستانی نوێ چوار ڕۆژی پشوودانی تایبەتی خۆی ڕاگەیاند.

فەرەنسا دەبێژێت کە حکومەتی عێراقی مووشەکەکانی لەناو ناوچەی هێڵی ٣٦ی کوردەکان ئامادەکردووە، بەوەش بریتانیاش نیگەرانە چونکە ئەگەر لەو حاڵەتەدا لە مووشەکەکان بدرێت، کوردەکان زیانیان بەردەکەوێت، رەنگە حکومەتیش لە تۆڵەی ئەو زەبرە لە کوردەکان بدات، ئەگەرچی نزیکەی ٥٠ فڕۆکە لە ناو خاکی تورکیا بۆ پاراستنی کوردەکان دانراوە. هەر لەبەر ئەو رەوشە نوێیە وەزیری دەرەوە بەرنامەی سەردانەکەی دەپچڕێت.

هەواڵی وا هەیە کە حکومەت چەند ناوچەیەکی نزیکی شاری هەولێر بۆردمانکردووە، لە کەرکووکیش ژمارەیەکی زۆری کوردی لەو شارە گرتووە.

گالۆنی بەنزین بە ٥٠ دینارە و بەرمیلی گازیش هەرزان بووە، یەک بەرمیل بە ٥٠٠ تا ٦٠٠ دینارە.

سەعات هەشت و نیو بە سەد فڕۆکەی جەنگی هاوپەیمانان لە سوپای عێراقی درا، هەموو ئاژانسەکان ئەو هەواڵەیان بە گرینگی باس دەکرد، هەر بەو شەوە لە ناو شاری هەولێر تەقەی خۆشی کرا، لەلایەکی تریشەوە ترسی ئەوەش هەبوو لە تۆڵەی ئەو زەبرە سەربازییە مەزنەش حکومەت عێراقی کوردستان بۆردمان بکات.

نەزار حەمدون نوێنەری عێراق لە نەتەوە یەکگرتوەکان زوو لە هەڕەشە و قسەکانی پەشیمان دەبێتەوە، حکومەت رازی دەبێت پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووکان بەفڕۆکەی خۆیان لە عێراق بنیشن، بەڵێنیش دەدەن جارێکی تر باسی کوێت نەکەن و دەستدرێژیش نەکەنە سەر ئەو وڵاتە. قسەکەرێک بەناوی وەزارەتی راگەیاندنی عێراق رادەگەیێنێت ئەو وتارەی عەبدولجەبار موحسین نووسیبوی، کە خاکی کوێت بەشێکە لە عێراق، ئەوە گوزارەشت لە بۆچوونی خۆی دەکات،

ئەوەیان بۆچوونی رەسمی ئێمە نییە. لەو قسەیەش دیارە حکومەتی عێراق پاش ئەو گورزە سەربازییە زۆر لاوازە و تەسلیم بووە.

چاودێران دەڵێن هاوپەیمانان ٨ بنکەو مۆڵگەی سەربازی عێراقیان بۆردمان کردووە، هەموو فڕۆکەکانیش بەسەلامەتی گەڕاونەتەوە بنکەکانی خۆیان لەناو خاکی مەملەکەتی عەرەبی سعوودیە. سەدامیش بەناوی خوداو تۆڵەکردنەوە قسەی کردبوو، لە هەولێریش تەقەی خۆشی بەردەوامە و پۆلیس و ئاسایش هەموو لە ئامادەباشی و ئینزارن، دەڵێن فڕۆکە کوێتییەکانیش بەشداریان لەو هێرشە ئاسمانییە بەشداریان کردووە. لەو گورزە سەربازییەدا کاندیدی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا بیل کلینتۆن بەگەرمی پشتیوانی سەرۆک بۆش دەکات، لەوێیدا گوتبووی ئەگەر ئێمە حکومی ئیدارەی ئەمریکا وەرگرین لە بۆش توندتر لە سەدام حوسێن دەدەین. لەو قسانەش بەردەوام باس لە یەکپارچەیی خاکی عێراقیش دەکرێت.

<u>١٤ی ینایری ١٩٩٢</u>

ئەگەرچی رۆژنامەی کوردستانی نوێ پشوودانی خۆی راگەیاندبوو، هاوپەیمانان سەربازگەکانی حکومەتیان بۆردومانکرد، بەو بۆنەیەوە ژمارەیەکی تایبەتی دەرچوو. ژمارەیەکی نوێ بوو لەساڵی دووەمی دەرچوونیدا، ژمارە ٢٩١ی بەسەرەوە بوو.

رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ٧ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتێکی کورتم لەسەر بیناسازی بڵاوکرایەوە.

<u>١٥ی ینایری ١٩٩٣</u>

رۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە ٥ دەرچوو.

ڕۆژنامەی (دەنگی قوتابیان)ی ژمارە ١ بەزمانی کوردی دەرچوو، ئەو ژمارەیە ٤ لاپەڕە بوو، چەند وێنەی کاریکاتێری مام جەلال کاک مەسعوودی تێدا نیگارکرابوو.

لە ترسی ئەگەری بۆردمانی حکومەتی عێراق ژمارەیەک لە نوێنەرانی ڕێکخراوە بێگانەکان لە کوردستان گەڕانەوە، دەڵێن حکومەت نیازی هێرشی هەیە، خەڵکەکەش ترسیان هەیە.

ئەمریکییەکان دەڵێن نیوەی هێز و چەکە ئاسمانییەکانی عێراقمان لەو بۆردمانەدا تێکشکاندووە، بەڵام حکومەتی عێراق بەردەوام لەسەر ئەوەی دان بە ناوچە دژەفڕینەکەی باشوور ناکات، دەڵێن ڕەنگە هاوپەیمانان بە سەرۆکایەتی ئەمریکی زەبرێکی تر لە هێزەکانی عێراقی بوەشێنن، دەوڵەتە عەرەبییەکانیش بەقسە و بەراگەیاندن پشتی حکومەتی عێراق دەگرن، قسەش هەیە کە لە شارەکانی نەجەف و بەسرا خەڵکەکەش لەو بۆردومانەدا زیانیان بەرکەوتووە، گوایە فڕۆکەکان لەترسی پێکانیان بە مووشەکانی حکومەت بەرز فڕیوەن و خاڵەکانیان باش نەپێکاوە، قسەکەرێک بەناوی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق دەڵێت لە ناوچەی خازری نزیک شاری موسڵ ڕاوی دوو فڕۆکەی ئەمریکیمان ناوە، لە ئاسمانی ناوچەکە دوورکەوتوونەتەوە. لەلایەن خۆشیانەوە ئەمریکییەکان دەڵێن ئێمە هەستمان بەوە نەکردووە، سەرجەم هەواڵەکان شێواوی و ئاڵۆزییان پێوەیە.

<u>١٦ی ینایری ١٩٩٣</u>

ڕۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ٨ دەرچوو. ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ١١ دەرچوو.

دووبارە کێشەی حکومەتی عێراق و هاوپەیمانان سەری هەڵدایەوە، عێراقییەکان دەڵێن ئیمڕۆ فڕۆکەیەکی نەیارمان لە ئاسمانی شاری بەسرا

راو ناوە، بواریش نادەین فڕۆکەی تیمەکانی پشکنین بێنە عێراق، هەروەها سوورین لەسەر ئەوەی شەش بنکەی ئاسمانی ناوچەی ئوم قەسری نزیک بەسراش چۆڵ ناکەین.

عێراقییەکانی ئەمریکی باسی نەهامەتی گەلانی عێراقیان دەکرد، یەکێک لەوانە کورد بوو، ناوی فؤاد دەروێش بوو، ئەو گوتبووی سەدام تاوانبارێکی گەورەیە.

<u>١٧ ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٩٢ دەرچوو. (ئالآی ئازادی)ی ژمارە ٥٧ دەرچوو.

کێشەکانی حکومەت و ئەمریکا بەردەوامە، تاریق عەزیز گوتبووی ئێمە بە هیچ شێوەیەک دان بە هێڵی دژە فڕینی ٣٢ و ٣٦ دانانێین، ناکرێ تیمەکانی پشکنین بێجگە لەسنووری ئوردن بێنە ناوخاکمان. سەرۆک بۆش کۆبوونەوەی لەگەڵ وڵاتە هاوپەیمانەکانی دەکات. لەکۆتاییدا عێراق رازی دەبێت تیمەکان بەفڕۆکە بێنە ناو عێراق بەمەرجێک لەودەمانەدا فڕۆکەی هاوپەیمانان لە ئاسماندا نەبن.

<u>١٨ی ینایری ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٩٣ دەرچوو.

ئێمشەو لە بنکە سەربازییەکان لەکەنداوی عەرەبیەوە، هاوپەیمانان ٤٠ مووشەکی کرۆزیان ئاراستەی کارگەی چەکە ناوەکییەکانی عێراقی لە تەنیشت ناوچەی ئەلزعفرانیەی کرد. هەواڵەکان دەڵێن مووشەک یان نارنجۆکێک لە ناو هوتێلی ئەلرشیدی بەغدا تەقیوەتەوە، لەوەێدا بریندایش هەیە. لەودەمانە لە هوتێڵەکەدا میوانانی بێگانە بۆ کۆنگرەی میللی ئیسلامی دابەزیبوون، دەڵێن هوتێڵەکە و ئۆتۆمبێلەکان زیانیان

بەرکەوتووە. پاش ئەو هێرشە مووشەکیانە سەدام لە تەلەڤزیۆنەوە وتارێکی هەبوو، لەوێدا گوتبووی عێراق ناشکێت. ئەو شەوە لە شاری بەغدا کارەبا نەبووە، ئاسمانی شارەکە بوویتە یەکپارچە ئاگر. هەر ئەورۆژەش فڕۆکەیەکی ئەمریکی فڕۆکەیەکی مێک ٢١ی عێراقی خستووتە خوارەوە.

بی بی سی: مام جەلال گوتی، ئەو عەنتەریاتەی سەدام سوودی نییە، ورەی سوپای عێراق لە ژێر سفردایە، ئێمە دڵنیاین کە هاوپەیمانان لە سەدام دەمانپارێزن.

کلینتۆن و جێگرەکەی دەستخۆشی لە زەبرەکەی هاوپەیمانان دەکەن کە لە سوپای عێراقیان داوە، وتیان ئێمە توندتری لێیدەدەین، ئێمە هەرگیز نەمانوتووە ئەگەر سەدام کردەوەکانی بگۆڕیت وازی لێدەهێنین. ئەمریکا دەڵێت ئێمە بە مووشەک لە بەغدامان داوەو بەردەوام فڕۆکەکانمان لە مەترسییەکان ئەوان دەپارێزین، بۆیەش لەو بنکە و پێگەیەمان داوە تا هاوڵاتیانی عێراقی زیانیان بەرنەکەوێت. لەودەمانەدا وەزیری راگەیاندنی کوێتی گوتبووی، حکومەتی عێراق وا خەریکی سوپاکەی لە سەر سنوورەکان دووردەخاتەوە. ئەوەی ئاشکرایە ئەو لێدانەی بەغدا تەنها فڕۆکەکانی ئەمریکا بووە، بەڵام سەرۆک بۆش پێشتر ئاگاداری هاوپەیمانەکانی فەرەنسا و تورکیا و بریتانیا و کەندا و کلینتۆنیشی کردوتەوە.

<u>١٩ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٢٩٤ دەرچوو.

ژمارەیەکی تری (رێگای کوردستان) دەرچوو.

ئیمڕۆش فڕۆکەکانی هاوپەیمانان لە پێگە سەربازییەکانی عێراقیان لە شارەکانی موسڵ و سەماوە داوە، عێراقییەکان دەڵێن ٢١ قوربانیمان هەیە.

دەڵێن فڕۆکەیەکی عێراقی لە ناوچەی کەرکووک کەوتووتە خوارەوە، سەرەتا خەڵکەکە وایانزانیوە فڕۆکەکە ئەمریکییە، بۆیە تەقەی خۆشییان کردووە و بەراکردن خەریکی دۆزینەوەی پیلۆتەکە بوون، بەڵام دەرکەوت فڕۆکەنە بریندارەکە عێراقییە، بۆیەش پەرۆشی زانینی راستییەکان بوون، چونکە سەدام بڕیاریداوە ئەوەی فڕۆکەیەکی ئەمریکی بخاتە خوارەوە، بە یەک ملیۆن دینار خەڵات دەکرێت.

کاک مەسعوود بە بی بی سی راگەیاندبوو ئەگەر بەغدا هێرشمان بکاتە سەر ئێمە ئامادەین بەرگری بکەین، ئەگەر بگاتە شەڕی پارتیزانیش، ئێمە ئەمجارە بەغدا دەهەژێنین. لیوا کەمال موفتیش وەک وەزیری کاروباری پێشمەرگە گوتبووی: پێشمەرگە ئامادەیە و دەتوانێت بەرگری بکات.

حکومەتی عێراقی رایگەیاند تا بوار ساز بکەین کلینتۆن بێتە سەرۆکایەتی ئەمریکا، شەڕەکەمان رادەگرین، ئامادەین بواربدەین فڕۆکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ گەیاندنی تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەغدا بنیشنەوە.

<u>٢٠ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٩٥ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٥٦ دەرچوو.

تەلەڤزیۆنی پارتی ڕێورەسمی هاتنە سەر کاری کلینتۆنی راستەوخۆ نیشاندا.

یەک بەرمیل گاز هەرزان بووە و نرخەکەی لەنێوان ٥٠٠ تا ٦٠٠ دینارە.

<u>٢١ ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٩٦ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ٨ دەرچوو.

ئیمرۆ چەند بارهەڵگری ئازووخە لەژێر چاودێری کارمەندان و پۆلیسی نێودەوڵەتی گەیشتنە هەولێر.

دەستکرا بە دابەشکردنی بەشە نەوتی هاوڵاتیان.

رێکخراوی (هێلپ)ی ئەڵمانی بەردەوام بۆ فەرمانبەران ئازووخە دابەش دەکات، بەشی هەر مووچەخۆرێک ٢٥ کیلۆ ئارد و ١٠ کیلۆ برنج و ٥ کیلۆ شەکر و ٣ کیلۆ روونە، دیارە ئەوەش یارمەتییەکی باشە بۆ فەرمانبەران، زۆریش دڵیان بەوە خۆشەو بەپەرۆشەوە چاوەڕوان دەبن.

<u>٢٢ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٢٩٧ دەرچوو. لەلاپەڕەی ٨ بابەتێکم بڵاوکرایەوە.

ئیمشەو تەلەڤزیۆنەکان بەرنامە ئاساییەکانیان بڕی و هەواڵی لێدانی بنکە مووشەکەکانی حکومەتیان لە موسڵ لەلایەن ئەمریکاوە بڵاوکردەوە. ئەو زەبرە سەربازییەش یەکەم ئەزموون و دەستوەشاندنی سەرۆکی نوێ ئەمریکی بوو، زۆرجار حکومەت موزایەدەی لەسەر کلینتۆن دەکرد، وەک سەرۆک بۆش نییە، لێدانی بنکەکە لەلایەن پەیڤداری کۆشکی سپییەوە سەلمێندرا. حکومەتی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە ئەو لێدانەی بە دەستدرێژی و دوژمنداری ناوبرد و رایگەیاند فڕۆکەکانی نەیارەکان

ئیمشەو لە ناوچەیەکی بازرگانیان داوە و کارگەیەکی پەینی کیمیاوی کشتوکاڵیان بۆردومان کردووە.

پەرلەمانی ئەوروپی لە بەیانێکدا، لێدانەکەی ئەوجارەی عێراقیان بەرەوا ناونەبرد.

سەعات یەکی نیوەڕۆ ئۆتۆمبێلێکی مینرێژکراو لەجەرگەی شاری هەولێر و بەرامبەر قەڵاتدا لە پێش چێشتخانەی ئەلمشوار دەتەقێتەوە. تەقینەوەکە گەورەبوو، کارەساتەکە شاری هەولێری هەژاند، لەو تەقینەوەیەدا ٨ کەس شەهیدبوون، نزیکەی سەد کەسیش بریندابوون، دوکانەکانی ئەو شەقامە هەموو زیانی مادی زۆریان بەرکەوت، ئەگەر ئەو تەقینەوەیە دوو سەعات زووتر بووایە قوربانییەکان دەگەیشتە سەدان کەس. خەڵکێکی زۆر بە هانای بانگەوازی خوێن بەخشین گەیشتنە نەخۆشخانەی فریاکەوتن، زۆرتر لە ٥٠٠ کەس بەژن و بەپیاوەوە خوێنیان بە برینداەرەکانی کارەساتەکە بەخشی. هەموو ئاژانسە جیهانییەکان باسی گەورەیی ئەو تەقینەوەیان دەکرد، لەوانە زۆر بەوردی رادیۆی مۆنتی کارلۆ بەرنامەی چڕی هەبوو، قسەکەری یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لە ئەنقەرە هەواڵەکەی پشتراست کردەوە.

# هەیڤی هەشتەم

# ٢٣ی ینایر تا ٢٢ی فبرایەری ١٩٩٣

<u>٢٣ ی ینایری ١٩٩٣</u>

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ١٣ دەرچوو. رۆژنامەی (پارێزگاران)ی ژمارە ٤ بەزمانی کوردی و عەرەبی دەرچوو. ئەورۆژنامەیە زۆر جەخت لەسەر کێشەی ولایەتی موسڵ دەکات، رۆژنامەکە لەلایەن حزبی پارێزگارانی کوردستان دەردەچێت، کە سەرۆکەکەی عومەر ئاغای سورچییە.

بۆ دووەم رۆژ و لەسەریەک فرۆکە ئەمریکییەکان تەقە لە رادارەکانی حکومەت لە ناوچەی موسڵ دەکەن، حکومەتی عێراقیش لەلایەن خۆیەوە دەڵێت ئێمە پەیرەوی رێکەوتنی ئاگربەستمان کردووە و هیچ رادارێکمان لەو شوێنەدا نییە.

گۆڤاری (دیدار)ی لقی سویدی لاوانی کورد ژمارەی یەکەمی بە چاپێکی جوان و دیزاینی نازدارم لەلایەن مامۆستا مومتاز حەیدەری بینی کە بەدیاری بۆی هاتبوو.

۲٤ی ینایری ۱۹۹۳

(کوردستانی نویَ)ی رۆژی ۲۹۸ دەرچوو. (ئالآی ئازادی)ی ژمارە ٥٨ دەرچوو. رۆژنامەی (گەڕانەوە)ی ژمارە سفر دەرچوو. ئەورۆژنامەیە لەلایەن کۆمەڵەی ئاوارەکان بە چوار لاپەڕە دەرچوو. رۆژنامەی (کوردستان)ی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ژمارە ۱۹۳ دەرچوو.

بۆ جاری سێیەم فڕۆکەکانی ئەمریکی بۆردومانی تۆڕێکی رادارییان لە خوارووی عێراق کردووە.

ئیمشەو تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان فیلمێکی بیگانەیان نیشاندا کە تێکستی کوردی لەگەڵ دابوو، لەسەر ئەرکی خۆیانەوە کرابووە کوردی.

قسە لەناو خەڵک گەرمە کە دەزگای ئاسایش لاوازە و دەبیَ کارێک بۆ ئەکتیڤکردنی ئەو دەزگایە گرینگە بکرێت، بڕیاریشە پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەتی بۆ ئەو مەبەستە بکات.

لەپاش تەقینەوەکەی پێش ئەلمشوار لە هەولێر راگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر شەقامە سەرەکییەکان قەدەغەکراوە و بەردەوام ئۆتۆمبێلەکان لەلایەن پۆلیسەوە پشکنینی وردیان بۆ دەکرێت.

یەک گالۆنی بەنزین بە ٤٠ دینارە.

۲٥ی ینایری ۱۹۹۲

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ۲۹۹ دەرچوو.

بابەتەکانی ژمارەیەکی تری رۆژنامەی هەولێرم دایە محەمەد زادە بۆ دیزاینکردنی.

مۆنتی کارلۆ: ئیدارەی ئەمریکی چەند بژاری بۆ رووخاندنی حکومەتی عێراقی لە پێشدایە، لەوانە گوشارە سیاسی و دبلۆماسییەکە چڕ بکرین، ماوە ماوە هێرشێکی چڕی بەفڕۆکە بکرێتەسەر و هەراسان بکرێت. هێرشێکی سەربازی بەزەبریشی بکرێتەسەر و لاوازبکرێت. دوابژاریش بەهێزکردنی کوردەکانە، بۆ ئەو مەبەستەش دەزگایەکی پەخشی تەلەڤزیۆنی گەورە لە کوردستان دابنرێت کار بۆ رووخانی ئەو حکومەتە بکات، هاوشانی ئەوەش کوردەکان پڕ چەک بکرێت زەبری توند لە سوپای عێراق بدرێت، بەهێزترین بژاریش لەلای وەزیری بەرگری ئەمریکایە.

لە دیمانەیەکدا لەگەڵ تەلەڤزیۆنێکی ئەمریکی تاریق عەزیز ئاشکرایکردووە ئامادەنە لەگەڵ ئەمریکیەکان دانوستان بکەن، سەبارەت بە مەسەلەی کوردەکانیش ئەو گوتبووی ئێمە هەموو شتەکانمان تەواو کردبوو، بەڵام ئەمریکاییەکان ناوەرۆکی رێکەوتنەکەیان بە کوردەکان هەڵوەشاندەوە، بۆیەش کوردەکان ئیمزایان نەکرد، هەموو دەمێکیش ئەو رێکەوتنامەیە ساز و ئامادەیە هەر دەمێک کوردەکان بخوازن دەتوانن ئیمزای بکەن.

شەش مانگی تریش گەمارۆیەکەی نەتەوە یەکگرتووەکانی سەر عێراق نوێکرایەوە.

<u>٢٦ ی ینایری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ٣٠٠ دەرچوو.

<u>٢٧ ی ینایری ساڵی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ٣٠١ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسینێکی کورتم بڵاوکرایەوە. (خەبات)ی ژمارە ٦٥٧ دەرچوو.

**٢٨ی ینایری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٠٢ دەرچوو.

(هەرێم)ی ژماره ٩ دەرچوو.

ئیمڕۆ لە چاپخانەی رۆشنبیری ژمارە ٤ی رۆژنامەی هەولێرم هێنایەوە، ئەو ژمارەیە ٨ لاپەڕە بوو، تیراژەکەی هەزار دانەیە، رۆژی ٣١ی ینایری لەسەرە. دیارە دیزاین و بابەتەکان نوێکاری پێوەیە.

**٢٩ی ینایری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٠٣ دەرچوو.

لەناو خەڵکی قسە هەیە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێم دەگۆڕدرێن، دواهەواڵیش ئەوەی کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران دەدرێتە کۆسرەت رەسوڵ عەلی، قسە لەسەر ئەوەش دەکەن چیتر مەسەلەی ئەگەر وەزیر یەکێتیی بێت دەبێ جێگرەکەی پارتی بێت، یان بەپێچەوانە نامینێت، بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش باش دەکرێت، چونکە ئەو رەوشەی ئێستا ناڕەزایی زۆری دروستکردووە، گلەییش لە دەزگاکانی پۆلیس و ئاسایش هەیە.

**٣٠ی ینایری ١٩٩٣**

(الاتحاد)ی ژماره ١٤ دەرچوو.

حکومەتی بەغدا رەزامەندی نیشانداوە سەرچاوەی چەکی کیمیاوی و نایترۆجینی و مووشەکان بداتە تیمەکانی پشکنینی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، رازیش بووە ئەو چاودێرییە بەردەوام بێت.

بەنزین گالۆنی بە ٣٨ دینارە.

__٣١ی ینایری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٠٤ دەرچوو.

(ئاڵای ئازادی)ی ژماره ٥٩ دەرچوو.

لەهۆڵی قوتابخانەی ئەیوبیە کۆمەڵەی زیندانە سیاسییەکان پێشانگایەکیان بەبۆنەی ساڵیادی شەهید ئارام سازکردبوو، لەوێ تەلەڤزیۆنی زەحمەتکێشان لەسەر مەسەلەی پاکسازی لێدوان و راوبۆچوونی لە ئامادەبووان وەردەگرت، منیش لەسەر پاکسازی و دوورخستنەوەی کۆنە بەڕێوەبەرەکان و ئەوانەی لەکاتی رژێم دەستیان دەڕۆیشت قسەم کرد، لەورۆژانە زۆر باسی پاکسازی دەکرێت.

__١ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٠٥ دەرچوو.

__٢ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٠٦ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو. لەو ژمارەیەدا کاریکاتێرێکی (حەمەتاڵ)ی هونەرمەندی تێدا بوو کە توانج لەسەر دابەشکردنی کورسیەکانی پەرلەمان و حکومەتی کردبوو، چۆن حزبەکانیان لەو پۆستانە بێبەش کردووە.

__٣ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٠٧ دەرچوو. رۆژنامەی (خەبات)ی ژماره ٦٥٨ دەرچوو. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژماره ٤ بە ١٢ لاپەڕە دەرچوو. ژماره ٧ی گۆڤاری (خەرمانە)م بینی کە لە سوید دەردەچێت، لەو ژمارەیەدا حەمە سەعید حەسەن بەتوندی دابەزیبووە سەر پەرلەمان

و حکومەتی هەرێم و دەسەڵاتداران، لەو ژمارەیەد مەلا بەختیار بابەتێکی لەسەر لێدانی پارێزگاری سلێمانی ساڵی ١٩٧٦ نووسیبوو. چاپی گۆڤارەکە جوان بوو. گۆڤاری (هەنگاو)ی نووسەرانی رانیە و قەڵادزە ژمارە ٤ و ٥ی دەرچوو، دیارە ئەو گۆڤارە بەناوی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەردەکەن.

سەرۆکی فەڵەستینی یاسر عەرەفات ئەوجارەش گەیشتە بەغدا، سەدام حوسێن مەدالیای ئوم ئەلمعارکی پێ بەخشی. حکومەت دەڵێ ئامادەم بای ٥٠ ملیۆن دۆلار پترۆڵ بفرۆشم و پارەکەی لەبەر رێنمایی و چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان لە فەڵەستینیەکان سەرف بکەم.

<u>٤ی فبرایەری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٠٨ دەرچوو.

رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ١٠ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بابەتێکم بڵاوکراوەتەوە.

راوەستانی ئۆتۆمبێل لەشەقامەکانی ناوشار هەر قەدەغەیە. کارەبای دوورۆژ جارێک شەش سەعات هەیە، ماوەماوەش بەیانیان یەک سەعات کارەبا دەدەنە هاوڵاتیان، خەڵکەکە لە بێ کارەبایی راهاتووە.

<u>٥ی فبرایەری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٠٩ دەرچوو.

رۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە ٦ دەرچوو.

گۆڤاری (رووناکبیر)م دەستکەوت و خوێندمەوە، ئەو گۆڤارە لە سوید بڵاودەبێتەوە.

ئەندام پەرلەمانە کوردەکانی پەرلەمانی تورکیا هاتنە کوردستان، بە گەرمی پێشوازی و مێوانداریان کردن.

٦ی فبرایەری ١٩٩٣

(الاتحاد)ی ژمارە ١٥ دەرچوو.

ئەنجومەنی ئاسایش بڕیار دەدات سوپایەکی ٧٥٠ چەکداری رەوانەی سەرسنووری کوێت عێراق بکات، ئەو سوپایەش دەسەڵاتی دەستکردنەوەشی هەبێت.

لە سەعات ١٠،٣٠ی بەیانی لە نزیک چێشتخانەی زانکۆی بەرامبەری نەقلیات نارنجۆکێک دەتەقێتەوە و لەئەنجامدا ٤ هاوڵاتی شەهید و ١٢ بریندار دەبێت. لە بەرنامەی تەلەڤزیۆنەکاندا دیمەنی کارەساتەکەیان نیشاندا.

مام جەلال و کاک مەسعوود لە مەسیف سەلاحەددین پێشوازییان لە بەرپرسانی سوپای هاوپەیمانان کرد، هەمان رۆژیش دوو ئەندامی باڵای ئۆپۆزسیۆنیش پێشوازییان لێکرا.

دیارە نرخی بەنزین بەرەو هەرزان بوون دەچێت.

٧ی فبرایەری ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ٣١٠ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٦٠ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٥٩ دەرچوو. دیارە ئەورۆژنامەیە هەفتەی دووجار دەردەچێت.

٨ی فبرایەری ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣١١ دەرچوو. لیژنەی فریاکەوتنی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رادەگەیێنێت تەقینەوەکەی هەولێر زیانی بە کارمەندانی ئەوان نەگەیاندووە.

**٩ی فبرایەری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٢ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستانی)ی ژمارە ٤٥ دەرچوو.

لە ئێستگەکانی مەڵبەندی سێ و یەکگرتن و قوتابیان هەواڵی ئەوەیان بڵاوکردەوە، کە تۆڕێکی بەکرێگیراو گیراون تەقینەوەکەی چێشتخانەکەی زانکۆیان ئەنجامداوە، خەڵکەکە ئەو هەواڵەیان بەخۆشییەوە وەرگرت، بەڵام ئاسایش وردەکارییەکانی بڵاونەکردەوە.

کۆنگرەی سێ قۆڵی تورکیا و ئێران و سوریا دەکرێت، بۆ باسکردنی مەسەلە و مەترسییەکانی دوارۆژی عێراق، ئەوان ترسیان لە دروستبوونی دەوڵەتی کوردی هەیە.

تیمێکی تری نەتەوە یەکگرتووەکان ڕۆژی ١٠ی فبرایەری بۆ پشکنینی مووشەکەکانی سوپای عێراقی داناوە بۆ سەردانی بەغدا، دیارە ڕژێمی بەغدا مەترسی لەسەر ئارامی ناوچەکەدا هەیە.

**١٠ی فبرایەری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٣ دەرچوو. لەلاپەڕە ٨ نووسینێکم بەناوی دیوارە جوانەکان و پێشنیارێک بڵاوکرایەوە. ڕۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٦٠ دەرچوو.

**١١ی فبرایەری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٤ دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ١١ دەرچوو.

١٢ی فبرایەری ساڵی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٥ دەرچوو. لەلاپەڕە ٨ بابەتێکم بڵاوکرایەوە.

١٣ی فبرایەری ١٩٩٣

(الاتحاد)ی ژمارە ١٦ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا رۆژنامەی هەولێری شارەوانی هەولیریان نمایش کردبوو.

١٤ی فبرایەری ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٦ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٦١ دەرچوو. رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٦١ دەرچوو.

مۆنتی کارلۆ: قسەکەرێک بەناوی پارتی دیموکراتی کوردستان رایگەیاند نارنجۆکێک لە کۆگای خواردەمەنی گشتی مانگی سووری عێراقی لەسلێمانی تەقیوەتەوە، دیارە بەکرێگیراوانی حکومەتی عێراقی لەو تەقینەوەیەدا تاوانبار دەکەن.

هەواڵی سەفەرکردنی مام جەلال بۆ سوریا لە لەندەن بڵاوکرایەوە.

وەزیری دەرەوەی تورکیا گوتبووی وا خەریکە سەدام حوسێن لەگەڵ ئەمریکا رێگا خۆش دەکات ئاشت بێتەوە و بڕیارە هەموو داواکانی ئەوان و نەتەوە یەکگرتووەکان جێبەجێ بکات.

نرخی دۆلار زۆر دابەزیوە، سەد دۆلار بە ١٥٠٠ دینارە، نزیکەی ١٠٠٠ دینار دابەزیوە. دینارێک بە ١٥ تومەنی ئێرانییە. کیلۆی شەکر بە ٧،٥ دینارە و یەک گالۆنی بەنزینیش بە ٣٠ دینارە.

__١٥ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٣١٧ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا لە کۆشەی هەر جارەی نووسینێک بابەتێکم بڵاوکرایەوە. هەواڵی سەفەرکردنی مام جەلال بۆ سوریاش لەو ژمارەیەدا بڵاوکرایەوە.

__١٦ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٨ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

__١٧ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣١٩ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٦٢ دەرچوو. گۆڤاری (الثقافة الجدیدة) دوو ژمارەی بەیەکەوە دەرچوو.

بۆ دیمانەیەک لەگەڵ هونەرمەند محەمەد عارف بۆ رۆژنامەکەمان سەردانی ئەوم لەماڵەوە کرد، سەرەتا دوو دکتۆری دەرەوەی کوردستان لەوێ بوون، لە نەخۆشخانەی دیانا کاریان دەکرد، یەکێکیان کوردی سوریا بوو، ناوی ئەکرەم بوو، ئەو گوتی: زۆر پیرۆزە سەرکردەکانی کورد بەگەرمی یەکتری ماچ بکەن، بەلام هەرگیز سەدام حوسێن ماچ نەکەن. کە ئەوان رۆیشتن دیداریێکمان سازکرد. دیارە ماوەیەکی زۆرە هاموشۆم ئەوم کردووە و هاورێیەتیمان گەرمە.

ئاژانسەکان گوتیان مام جەلال لەگەڵ عەبدولحلیم خدام دانیشتنێکی بەسوودیان بووە.

__١٨ی فبرایەری ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٢٠ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ١٢ دەرچوو.

**<u>١٩ی فبرایەری ساڵی ١٩٩٣</u>**

(کوردستانی نویٚ)ی ژمارە ٣٢١ دەرچوو.

**<u>٢٠ی فبرایەری ١٩٩٣</u>**

رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ١٧ دەرچوو.

**<u>٢١ی فبرایەری الّی ١٩٩٣</u>**

(کوردستانی نویٚ)ی ژمارە ٣٢٢ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی) ژمارە ٦٢ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٦٣ دەرچوو.

بەناوی سەدام حوسێن حکومەت بەیانێکی دەرکردبوو ئەو بازرگانەی مامەلە و کاری بازرگانی بۆ سوودی بێگانە بکات لەسێدارەدەدرێت.

**<u>٢٢ی فبرایەری ١٩٩٣</u>**

(کوردستانی نویٚ)ی ژمارە ٣٢٣ دەرچوو. ستوونی یەکەمی دوالاپەڕە من نووسیبووم.

بەبۆنەی رەمەزان کارەبا هەبوو، ماوەکەی کرابووە دوو وەجبە، یەکەمیان لە سەعات ٣ی ئێوارە تا ٨ی شەو و دووەمیان لە ٨ی شەو تا ١ی شەو، پاشیوانیش وەجبەکانیش یەک سەعات بوو بەو شێوەیە بوو، ٣ی شەو تا ٤ی شەو، وەجبەکەی تریش لە سەعات ٤ی شەو تا ٥ی شەو.

یەک گالۆنی نەوت بە ١٧ دیناربوو.

ئەگەرچی تیمێکی پشکێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کاردەکەن، ئیمرۆ تیمێکی تر، بەبیٚ ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت یەکسەر گەیشتنە بەغدا.

# هەیڤی نۆیەم

# لە ٢٣ی فبرایەر تا ٢٢ی مارسی ١٩٩٣

<u>٢٣ی فبرایەری ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٢٤ دەرچوو. ژمارەیەکی تری (ڕێگای کوردستان) دەرچوو.

ژەنرال یونیک بە کۆپتەرێک لە ناو یاریگەی هەولێر نیشتەوە، لەوێشەوە سەردانی کولێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددینی کرد، لەبەشی ئینگلیزی چاوی بە مامۆستاکان کەوت، لەدەفتەری مێوانداری تێبینییەکانی تۆمارکرد.

مۆنتی کارلۆ: قسەکەرێک بەناوی پەکەکە لە فەرەنسا گوتی: ئێمە ساڵی ١٩٩٣ دەکەینە ساڵی سەرهەڵدان، داواکارین چاودێرانی دەرەوە سەردانی کوردستانی تورکیا بکەن، بەچاوی خۆیان چەوسانەوەی کوردەکان بەدەستی حکومەت ببینن.

٢٤ی فبرایەری ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٢٥ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا لەلاپەڕەی ٨دا بابەتێکی کوردم بڵاوکراوەتەوە. رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٣٢٥ دەرچوو. رۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ١٠ دەرچوو.

مام جەلال بۆ جاری چوارەم لەگەڵ عەبدولحەلیم خەدام دانیشتووە، مەبەست لەو دانوستانەش دەیەوێت مەبەستی فیدراڵییەتی کوردەکانیان بۆ روونبکاتەوە، هەروەها سوریاش رۆڵی هەبێت لە هاندانی ئەو لایەنە عێراقییانەی سەر بە سوریان بەشداری ئەکتیڤ لە ئۆپۆزسیۆن عێراقی بکەن. مۆنتی کارلۆ.

ئاژانسەکان دەڵێن فڕۆکەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نزیک بەغدا هەڕەشەیان لێکراوە، دەڵێن هەستمان کردووە ئەو ناوچەیە مووشەکی زۆرە، بۆیەش لە ناوچەکە دوورکەوتووینەتەوە. بەڵام نەزار حەمدون دەبێژێت ئێمە ئەو فڕۆکانەمان راو نەناوە، ئەوان لە هێڵەکانی کارکردنەکانیان دەرچوون، ئەگینا ئێمە پابەندی هەموو رێکەوتنێک دەبین.

٢٥ی فبرایەری ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٢٦ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ١٣ دەرچوو.

٢٦ی فبرایەری ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٢٧ دەرچوو. نەوت و گاز نرخی زۆر دابەزیوە، گالۆنی گاز بە دە دینارە، شەکر و ئاردیش هەرزانترە.

**٢٧ی فبرایەری ١٩٩٣**

(الاتحاد)ی ژمارە ١٨ دەرچوو. رۆژنامەی (میدیا)ی ژمارە ١٥م بینی کە لەلایەن حزبی یەکبوون لە تورکیا دەردەچێت، ئەورۆژنامەیە بەزمانی کوردی و بهزمانی تورکییە، قەبارەکی ١٦ لاپەڕەیە و چاپی زۆر جوانە. رۆژنامەی (هەولێر)ی ژمارە ٦ و ٧ بە تیراژی ١٥٠٠ دانە دەرچوو، لەو ژمارەیە سەرۆکی نوێ شارەوانی بووە خاوەنی ئیمتیازەکەی، منیش سەرنووسەری رۆژنامەکە بووم.

تەواوی بیرەوەرییەکانی سیاسەتمدار (بەهائەدین نوری)م خوێندەوە کە ٤٤٠ لاپەڕە بوو، باسی ژیانی سیاسی خۆی دەکات، ئەو سەرکردەیەکی دیاری حزبی شیوعی عێراقی بووە، لەساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بەو حزبەوە نەماوە، شێوەی نووسینەکەی زۆر سادە و روون بوو، زۆر رووداوی ناوچەکەی راستگۆیانە گێڕاوەتەوە، کتێبەکە بەچاپێکی سادە بە زمانی عەرەبی چاپکراوە.

تەلەڤزێونی گەلی کوردستان فیلمی هونەرمەند (سەلمان کاکەیی) بەناوی (چارەنووس) نیشاندا، لە سوید بەرهەم هاتووە، فیلمەکە باس لەخێزانێکی کورد دەکات چۆن دەگەنە سوید و چۆن لەو وڵاتە دەژین.

**٢٨ی فبرایەری ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٢٨ دەرچوو.

**١ی مارسی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٢٩ دەرچوو. رۆژنامەی (التاخی) دواژمارەی بەزمانی عەرەبی بە ١٢ لاپەڕەی قەبارە گەورە دەرچوو، لە دوالاپەڕەدا بابەتێکم بەعەرەبی بەناوی مسمار بڵاوکرایەوە. رۆژنامەی

(خەبات) دواژمارەی ٦٦٥ بەزمانی کوردی دەرچوو، ئەو ژمارەیەش تایبەتی بوو بەیادی بارزانی نەمر.
یادی سەرۆک مەستەفا بارزانی بەرەسمی کرایەوە، لە هەموو دەزگا و شوێنە گشتییەکان لافیتە بەو بۆنەیە هەڵواسرابوو.
ئیمڕۆ بەنزین بە ٢٥ دیناربوو.

## ٢ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٣٠ دەرچوو. (برایەتی) دوا ژمارەی التاخی هەڵگرتبوو، ژمارە ١٥٨٥ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٤٨ دەرچوو. رۆژنامەی (طریق الشعب)ی ژمارە ٧ی دەرچوو.

## ٣ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٣١ دەرچوو. رۆژنامەی (خەبات)ی ژمارە ٦٦٦ بەزمانی عەرەبی دەرچوو. رۆژنامەی (کوردستان تایمز) ژمارە ٨ دەرچوو. رۆژنامەی (کوردستان نویز)ی ژمارە ١ دەرچوو.
سەدام حوسێن لە دیمانەیەکدا لەگەڵ پەیامنێرێکی ئەمریکی گوتبووی: من رازیم دانوستان لەگەڵ ئیسرائیل بکەم، ئەگەر عەرەبەکانی ناو ئیسرائیل رازی بن. رادیۆی مۆنتی کارلۆ گوتبووی: دەزگاکانی ئەمریکی رازی نەبوون ئەو دیمانەیە بڵاوبکەنەوە، بۆیەش لە رۆژنامەیەکی ئیتاڵی بڵاوکرایەوە.
ئیمڕۆ باخچەیماڵەوەم بۆ جاری دووەم بە لم پڕکردەوە یەک قەلاب لمم بە ٣٦٠ دینار کڕی.

## ٤ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ) ژمارە ٣٣٢ دەرچوو، لە پاشکۆیە ئەدەبییەکەی سێ کورتە چیرۆکی نووسەری عەرەب (زکریا تامر)م کردبووە کوردی بڵاوکرایەوە. (برایەتی)ی ژمارە ١٥٨٦ دەرچوو. ئەو ژمارەیە لە بازاڕدا رەوجی باش بوو. (هەرێم)ی ژمارە ١٤ دەرچوو. رۆژنامەی (الشهادە)ی ئۆرگانی ئەنجومەنی باڵای شۆرشی ئیسلامی دەرچوو.رۆژنامەی (بهرا)ی بزوتنەوەی ئاشووری دیموکراسی ژمارە ٤٩ دەرچوو.

ئاژانسەکان: لە ئەنجامی شەڕێکی سەخت بە فڕۆکەی سمتی و سوپاوە لە شاخی ئاگرین ٢٥ چەکداری پەکەکە کوژراون، مەفرەزەکەیان ژمارەیان ٦٠ کەس بووە لەناو ئێرانەوە پەڕیونەتەوە ناو تورکیا.

## ٥ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٣٣ دەرچوو. (برایەتی) ژمارە ١٥٨٧ دەرچوو.

ئەمریکا لە تەقینەوەکەی بنکەی بازرگانی ئەمریکی لە نیویۆرک، لایەنە ئیسلامیەکانیان تاوانبار کردووە، کەسێکی ئوردنی بەناوی (محەمەد سلامە) گومانی لێکراوە و گیراوە. قسەکەرێک بەناوی ئیسلامە ئەمریکییەکان گوتبووی: ناکرێ ئەمریکا ئیسلام بە تیرۆر ناو ببات، بۆیەش نارەزاییمان هەیە. ئەمریکاش دەڵێت سەری هەموو داوەکانی تیرۆر لە ئێرانەوە دەگاتە هەموو شوێنێکی ئەو جیهانە، دیارە چەند رۆژێک پێش ئێستا لە ئێران کۆنفراسێک بۆ پلان دارشتنی تیرۆر لە ئێران کراوە، بەوەش دەیانەوێت جیهان هەراسان بکەن، کاری تیرۆریش لە فەڵەستین، جەزائیر، میسریش هەیە.

کاک مەسعوود و دکتۆر فؤاد مەعسووم بە رۆیتریان راگەیاندووە، بۆ راپەڕاندنی کاروباری هەرێم وا باشە مام جەلال و کاک مەسعوود

سـەرۆكايەتی ئەنجومـەنی وەزيـران و پەرلـەمان بكـەن، ديـارە بـۆ ئـەو پێشنيارە چاوەڕوانی مام جەلال دەكەن لەدەرەوە بگەڕێتەوە

*****

٦ی مارسی ١٩٩٣

(برايەتی)ی ژمارە ١٥٨٨ دەرچوو. لەو ژمارەيەدا رۆژنامـەی هـەولێری ژمـارە ٦ و ٧ يـان نمايشـكردبوو. رۆژنامـەی (الاتحـاد)ی ژمـارە ١٩ دەرچوو. رۆژنامەی (بزوتنەوەی ئيسلامی)ی ژمارە ٩ دەرچوو.

گالۆنی بەنزين لەنێوان ٢٠ تا ٢٣ دينارە، شـەكر لـە شـەش دينـار و نيـو بووە حەوت دينار، ئاردی سفری ٥٠ كغم بە ٢٣٥ دينارە.

لـە كۆنگرەيـەكی رۆژنامەگـەری دكتـۆر (ئەحمـەد چەلـەبی) باسـی بەرنامەی ئابووری كردبوو، ئەوەش لە تەلەڤزيۆنەكان نيشاندرا.

مۆنتی كارلۆ: سەدام بۆ وشككردنی ئاوی ئەهوارەكان چەندان بەستی خـۆڵی دروسـتكردووە، رۆژنامەيـەكی ئـەمريكی نووسـيويەتی ئـەمريكا بەنيازە ئەو بەستە خۆڵانە بۆردومان بكات.

٧ی مارسی ١٩٩٣

(كوردستـانی نـوێ)ی ژمـارە ٣٣٤ دەرچـوو. (برايـەتی)ی ژمـارە ١٥٨٩ دەرچوو. رۆژنامەی (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٦٦ دەرچوو.

لـەهۆڵی ميـديا يـادی ١٥ سـاڵە شـەهيدبوونی (سـەعدی گچكـە)و هاوڕێكانی لە داستانی دەشتێو كرايەوە. خەڵكێكی زۆر ئامادەی ئەو كۆڕە بوون، سەيد كاكە و خورشيد شێرە و شاخەوان قسەيان كرد و باسـی ناسين و ئازايەتی و هاوڕێيەتی ئەويان كرد. بۆ ئەو بۆنەيە من دەقێكی كورتم نووسيبوو، كە ئەوان شـەهيدبوون و خـەباتيان كرد، ئيمرۆش بـۆ بەشكردنی كورسييەكە ململانێ و ناكۆكييە، دەيانەوێت كورسييەكە بكەنـە دوو لـەت، ئامـادەبووان دەقەكـەيان زۆر لا بـاش بـوو. دەقەكـە لەلايـەن

هونەرمەند تەها ئاغا جانەوە ئامادەکرابوو، لەلایەن تیپی شانۆیی یەلماز گۆنای نمایشکرا، کۆڕەکە دوو سەعاتی خایاند.

دەقی ئەو وتارەم بۆ هێمن سەعدی گچکەم نووسیبوو تا لە ١٥ ساڵەی شەهیدبوونی سەعدی گچکەی سەرکردە بیخوێنێتەوە.

ئامادەبووان... میوانان... هاوڕێیانی باوکم

سڵاوێکی سوور وەک خوێنی ئەو شەهیدانەی لە داستانەکەی دەشتێو شەهیدبوون. سەربەزرم ئیمڕۆ پێکەوە یادی شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکەی باوکم و هاوڕێ ئێوە و پاڵەوانی دەشتێو و پێشمەرگەی هەردەم لەناو سەنگەر و باوکی گۆڕی بێ کێل و قەفەسم دەکەنەوە. ئەو ئێمەی فێرکرد پیاو بین و ڕێزی خەڵکی بگرین. خەڵکێکی زۆر فێرکرد پێشمەرگە بن و عاشقی تفەنگ و سەنگەر بن. ئەو وانەکانی کوردایەتی لەبەر بوو، ئەو کە تازە گەنج بوو، باری گرانی کرێکاری و جەوری سەرمایەداران و دەرەبەگەکان یەکەم پیتی خەبات و کوردایەتی فێربوو، بۆیەش زوو دەبێتە پێشمەرگە، بەڵام پێشمەرگەیەکی زۆر ئازا و هەرگیز لە مردن نەترساو. سەعدی گچکەی شەهید تەنیا باوکی من نەبوو، بەڵکو ئەو باوکی منداڵە جووتیارەکانی دەشتی هەولێر و پشدەر و خۆشناوەتی و چەمی ڕێزانیش بوو، ئەو سەردەمانێک لە گەڕەکە مێللییەکان شاری هەولێر لاوێکی چاپوکی حزبایەتی بوو، برادەری کادر و شەیدایانی سیاسەت بوو. چەند ئێمەی خۆشویستوە ئەوەندەش سیاسەت و کوردایەتی و پێشمەرگایەتی خۆشویستوە، ئەو تێر دەستی بە سەر ئێمەدا نەهێنا ئەوەندەی دەستی لەسەر بەردی سەنگەرەکان بوو، ئەوەندی چیای لاواندەوە، ئەوەندە لەسەر سفرە و خوانی گوندەکان و ڕەوەندەکان و بارەگاکان بووە، نیو ئەوەندەش لەگەڵ ئێمەدا نەبوو. ئێمە هەندی خەڵکی سماقوڵی و بیستانە و گوندەکانی تر نەمانبینبوو، ئەوەندە ئاشنای

نەبووین.. بۆیەش ئیمڕۆ سەربەزرم لە سایەی فیدراڵییەت و کوردستانی ئـازاد، منـی کـوڕی ئـەو شـەهیدە پـڕ بـە دڵ و بـە گـەورەیی ڕێـز و خۆشەویستیتان ئاراستە بکەم و ئارەقەی ماندووبونتان بسڕم، هەمووتان بـەخێربێن. مـن وا هەسـتدەکەم بـاوکم لـەناو ئێـوەدا دانیشـتووە و جەمەدانییەکەی دەبینیم، قاتە ئەفسەرییەکەی جارانی لەبەرە و ڕوو بە خەندەوە لەو هۆڵەدا لە من دیارە. دیارە کە ئێوە هاتوون لەگەڵ ئێمەدا یادی شەهیدی سەرکردە سەعدی گچکە بکەنەوە. ئیتر لە کۆتاییدا دەڵێم هـەراز سـڵاو بـۆ گیـانی پـاکی شـەهید سـەعدی گچکـە و هاوڕێکـانی لـە داستانی دەشتێو و سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان.

بەنزین لە نێوان ١٨ تا ٢٠ دینارە.

بارانێکی خۆش باری.

کارەبـای هـەولێر لـە جیـاتی دوو وەجبـە دەبێتـە بـە سـێ وەجبـە، ماوەکەشی لە چوار سەعاتەوە کەم کرایەوە بۆ سێ سەعات.

وەزارەتـی دارایـی و ئابووری حکومـەتی هـەرێمی کوردستان بڕیـاری داوە لـە دەزگاکـانی حکومـەت پـارە کـەم سـەرف بکرێـت، وەزارەتـەکان پرۆژەکانیان ڕاگرن، تەنها مووچە سەرف بکەن.

<u>٨ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٣٣٥ دەرچـوو. (برایـەتی)ی ژمـارە ١٥٩٠ دەرچوو، لە لاپەڕە ٢ دا وتارێکی من بڵاوکرایەوە. ڕۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە ٧ دەرچوو. ڕۆژنامەی (یەکگرتن)ی ژمارە ١١ دەرچوو.

هەواڵی گۆڕینی کابینەی حکومەتی هەرێم بە سەرۆکایەتی دکتۆر فۆاد مەعسووم لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکرایـەوە، ئـەو هەواڵـەش بـە گەرمی لەناو خەڵکدا باس دەکرا.

وەفدێکی پەرلـەمای هۆلەنـدی لـە هوتێـل شـیرین پـالاس دابـەزیبوون، کامیرای ڤیدیوی گچکەیان پێ بوو، وێنەی زۆریان دەگرت.

لە بازاڕدا خواردەمەنی بەرەو هەرزانی دەڕوات.

قسـە هەیـە بـاجی خانوبـەرە لێبـووردنی رەهـای مامەلـەکان راگرێـت، بەوەش پارەیـەکی زۆر لـە هاولاتیـان دەسـتێنن و میزانیـەی حکومـەتی پێ پڕدەکەنەوە.

<u>٩ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٣٣٦ دەرچـوو. رۆژنامـەی (برایـەتی)ی ژمـارە ١٥٩١ دەرچـوو. رۆژنامـەی (رێگـای کوردسـتان)ی ژمـارە ٤٩ دەرچوو.

مـام جـەلال گەیشـتە کوێـت، لـەوێ گـوتی کۆشـش دەکـەین سـوپایەکی عێراقـی دامـەزرێنین، ئێمـە هـەموو بڕیارەکـانی نەتـەوە یـەکگرتووەکان سـەبارەت بـە کوێت قبـووڵ دەکـەین، دەزانـین کە لـە نـاو عێراقدا گیـراو و دیلی کوێتی زۆرە. دەقی وتەکانی مام جەلال لە ئاژانسـەکان بڵاوکرایەوە.

عێراق ناڕەزاییەکانی گەیاندووتـە نەتـەوە یەکگرتووەکان سـەبارەت بـە فڕینی فڕۆکەکانی جۆری یو ٢، ئەوەش جاری ٥٩ مین جارە عێراق سکاڵا دەداتـە نەتـەوە یـەکگرتووەکان. سـەبارەت بـە هـەواڵی پلانـی ئیسـرائیل بـۆ کوشتنی سـەدام حوسـێن دەڵـێن: مووشـەکێک هەیـە لەگـەڵ گـەرمایی لـەش دەڕوات، رەنگـە ئـەو مووشـەکە بـەکاربهێنن. عێراقییـەکان بـە شـانازییەوە دەڵـێن ئێمـە هـەموو نهێنیـەکانی فڕۆکـەی (یـو٢)مـان پـێ دەگـات، دەبـێ ئەمریکا چیتر ئەو فڕۆکە لە سەر ئاسمانی عێراق نەسوڕێنێتەوە.

بیرمەندی عەرەبی عێراقی هادی ئەلعلوی کتێبێکی بەناوی (التعذيب في الاسلام _ ئەشکەنجەدان لە ئیسـلام) بڵاوکردیتـەوە، لـەو کتێبـەدا بـە بەڵگـە باس لە کاروبار و بەڕێوەبەری رۆژانی خەلیفەکانی ئیسلام دەکات، کە لـە

سەردەمی ئەوانیش ئەشکەنجەدان هەبووە، کوشتن و هەڵواسین لای ئەوان ئاسایی بووە. لەو کتێبەدا زۆر لایەنی شاراوەی رۆژانی دەسەڵاتدارانی حوکمی ئیسلام دەگێڕێتەوە.

__١٩ی مارسی ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٣٧ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٦٧ دەرچوو.

یەک تەنکە روونی کانی تورکی شەش کیلۆیم بە ١٤٥ دینار کڕی، ئەوەش نیوەی مووچەی فەرمانبەرێکی نوێیە.

کتێبی (شاهدة انحرافات صلاح نصر) ئەو کتێبە لەسەر ژنێکەوە لاری و کارە بێ نامووسیەکانی (سەلاح نەسر)ی بەڕێوەبەری موخابەراتی میسری دەگێڕێتەوە. ئەو کتێبەم دەستکەوت و خوێندمەوە، نووسەری کتێبەکە ژنە ئەکتەری نازداری میسری (اعتماد خورشید) ە، ئەو ژنە لەبەرچاو و جوان بووە ماوەی چوارساڵ بە ناخۆشی و لەترسان بوویتە ژنی ئەو بەرپرسە میسرییە. ئەو نووسیویەتی پێش ساڵی ١٩٦٧ ئەو پیاوێکی خوێنرێژ و بێ نامووس بووە، هەڕەشەکردن و دەستدرێژی سێکسی لە ژنان کاری بەردەوام  و حەزی قووڵی ئەو بووە، دەسەڵاتی زۆر بووە و دەستی گەیشتووتە زۆر لە ژنە ئەکتەرە جوانە میسرییەکان، ئەوەی بەو پەیوەندییەکانیش رازی نەبووایە خراپی بەسەردەهات، ئەگەری لەناوچوونیشی هەبوو. پاش ئەو ساڵە سەرۆکی میسری جەماڵ عەبدولناسر دەیداتە دادگا، نووسەری ئەو کتێبە یەکێک بووە لەوانەی لە دادگای شاهیدیان لەسەری داوە. نووسەرەکە بەشێوەیەکی سادە و ئاسان رۆژانەی خۆی لەگەڵ ئەو پیاوە دەگێڕێتەوە، دیارە لە میسر رەواجی زۆر بووە بۆیە کتێبەکە لە یەک ساڵدا شەش جار چاپکراوە. ئەو ژنە لە میسر دەردەچێت، دەگاتە پاریس لەوێ موخابەراتی ئیسرائیل

دەچنە لای داوای لێدەکەن ڕۆژانە و بیرەوەرییەکانی خۆی بەیەک ملیۆن دۆلار بفرۆشێت، بەڵام ئەو خۆی دەگەڕێتەوە بەیروت لەوێ چاپی دەکات.

<u>١١ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٣٨ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٢ دەرچوو. ڕۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ١٥ دەرچوو.

خەڵکی هەولێر لەیادی ساڵوەگەڕی ڕاپەرین ڕێپێوانێکی هێمنانەیان سازکرد، تەلەڤزیۆنەکان بەو بۆنەیە بەرنامەی تایبەتییان هەبوو.

رادیۆی ئیمارات: مام جەلال بۆ تەلەڤزیۆنی کوێت دیمانەی هەبوو، پاش گەشتێکی سێ ڕۆژە کوێتی جێهێشت.

کارەبای شار باش نییە، کات و بەرنامەی دیار نییە، ئاویش کەمە.

یەک کیلۆ تەماتە بە ١٠ دینارە، یەک قنینەی غاز بە ٨٠ دینارە.

لیژنەی مافەکانی مرۆڤ لە نەتەوە یەکگرتووەکان بەیانێکیان دژ بە حکومەتی عێراق دەرکرد، بەردەوام بەرامبەر بە کوردەکان و شیعەکانی خوارووی وڵاتەکە سەرپێچی دەکات، بۆیەش دەبێ ئەو حکومەتە بەردەوام چاودێری نەتەوە یەکگرتووەکانی لەسەر بێت، بەردەوامیش سەردانی ئەو دوو ناوچەیە بکەن و راپۆرتی تایبەتیش ئامادە بکەن، بەڵام حکومەتی عێراق بەو پێشنیارە رازی نییە.

لەیادی ڕاپەرین لەناو باخچەی سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر کۆبوونەوەیەکمان سازکرد، من سەرپەرشتیم دەکرد، لەوێ وتارێکی پەخشان ئامێزم خوێندەوە.

## ١٢ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ) ی ژمارە ٣٣٩ دەرچوو. لە دوالاپەڕەدا کورتە نووسینێکم بڵاوکرایەوە. ڕۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٣ دەرچوو.

پەرلەمانی ئەوروپی هوشیاری دەداتە حکومەتی عێراق ئەگەر لە کوشتنی عەرەبەکانی ئەهوار بەردەوام بێت و بوار نەدات چاودێرانی نەتەوە یەکگرتووەکان چاودێری بکەن، ئەوا ناچار دەبن بۆ وەستانی ئەو دەستدرێژیانە چەک بەکاربهێنین.

دوا سەرۆکی تیمەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان گوتی: ئەو قسەیەی لەسەر زاری من بڵاوکراوەتەوە کە عێراق رازییە سەرچاوەی چەکەکانی ئاشکرا بکات دوورە لە راستی، بەپێچەوانە حکومەتی عێراق بەردەوام سەرپێچی بڕیارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات.

## ١٣ی مارسی ١٩٩٣

ڕۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە (١٥٩٤ دەرچوو. ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٢٠ دەرچوو. گۆڤاری (کادر)ی ژمارە ٣١ دەرچوو.

پاش کۆمەڵکوژییەکەی گوندی (عەوێنە)ی دەشتی هەولێر بەدەستی حکومەت و عەرەبەکانی ناوچەکە، لەسەر داوای پارێزگای هەولێر تەرمی قوربانییەکان بە ڕێپێوانێکی جەماوەریی ٢٠٠ هەزار کەسی گەیاندە پێش بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکان لە شارۆچکەی عەنکاوە.

بی بی سی: پارتی و یەکێتیی بەیانێکیان لە ئەوروپا بڵاوکردیتەوە کە پیاوانی ڕژێمی بەغدا لە دووری ٤٥ کم لەشاری هەولێر ٣٠ کەسیان لە ژن و مناڵانی گوندێکی کوردەکان کوشتوە.

ئێستگەی دیموکراتی ئێران دەڵێت فڕۆکەکانی ئێرانی ناوچەکانی ئێمەیان بۆردومان کردووە و ٤ کەسیان لە بارەگەکانمان کوشتووە.

حکومەتی ئێرانیش هەر ئەوەندەی وتووە کە چەند چەکدارێک لەناو سنووری عێراقەوە هاتوونەتە ناو خاکمان و سوپاکەمان راویان ناون.

ئێستگەی دەنگی کوێت لە قاهیرە باس لە کوبۆنەوەکانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقییەکان دەکات، ئاماژە بە رۆڵی مام جەلال دەدات بۆ کۆکردنەوە و سەرپەرشتی کردنیان.

١٤ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٤٠ دەرچوو. رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٥ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا نووسراوە کە پاش دیمانەکەی مام جەلال و عەبدولا ئۆجەلان لە وڵاتی سوریا، پەکەکە بڕیار دەدات درێژە بە خەباتی چەکداری نەدات.

رۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٦٥ دەرچوو.

<u>١٥ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٤٢ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٦ دەرچوو.

هەواڵەکان لە ناوشار کپە و دەنگوباسی گۆڕینی ئەندام و سەرۆکی کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کەم هەیە، دەڵێن مەسەلەکە بۆ سێ رۆژ دوا خراوە.

دووبارە نرخی بەنزین بەرزدەبێتەوە و گالۆنی گەیشتە ٢٥ تا ٢٨ دینار و خواردەمەنیش نرخی بەرز دەبێتەوە.

لە سوریا مام جەلال چاوی بە سەرۆکی سوری حافیز ئەلئەسد دەکەوێت، لەوێ بۆ پەیامنێری ئێستگەی مۆنتی کارلۆ گوتبووی: ئێمە دۆستایەتیمان لەگەڵ سوریا پتەو دەکەین، لە پاش جەژن کۆنگرەی هێزە ئۆپۆزسیۆنەکان لە سوریا دەبەستین، کۆشش بۆ یەکێتیی ئەو بەرەیە

دەکەین. سەبارەت بە سەفەرەکەم بۆ کوێت سەرکەوتوو بوو، کوێتییەکان بەڵێنیانداوە یارمەتی هەمەجۆری کورد بدەن.

ئاژانسەکان: تۆپخانەی ئێران ناوچەی کوردەکانی ناو سنووری هێڵی ٣٦ ی بۆردومان کردووە، دوو رێکخراوی فریاکەوتنی فەرەنسی لە ناوچەکە کاردەکەن نارەزاییان دەبڕیوە، داوا دەکەن ئیدانەی ئەو کارەکەی ئێران بکەن، هەروەها دانیال میترانی دۆستی دێرینی کوردەکان نارەزایی دەربڕیوە و ئەو بە میدیاکانی راگەیاندووە لە ئەنجامی ئەو بۆردمانە تا ئێستا شەش تەرم دۆزراوەتەوە.

نوێنەرێکی ئەمریکا لە ئەستنبۆل وتوویەتی وا باشە گوێ لە قسەکانی سەرۆکی پەکەکە ئاپۆ رابگیرێت و دانوستان لە گەڵ حزبی هاپ بکرێت، چونکە کێشەی کورد تەنها بە ئاشتی چارەسەر دەکرێت، دیارە کە وەزارەتی ناوخۆ و حکومەتی تورکیا زۆر بڕوا بە قسەکانی ئەو ناکەن، بەڵام چاودێرەکان و سیاسەتمدارەکان ئەو هەواڵە و ئەو پێشوەچوونە بە گرینگ دەزانن. بڕیارە لەو چەند رۆژە دانیشتنێک لەو بوارە بکریت، سوریا رۆڵی هەیە و مام جەلالیش کاری باش لەو بوارەدا دەکات، ئەو دەڵێ ئێمە لەگەڵ یەکپارچەیی خاکی تورکیا دادەبین.

<u>١٦ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٤٢ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا کورتە نووسینێکەم بڵاوکرایەوە. (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٧ دەرچوو. (یەکگرتن)ی ژمارە ١٢ دەرچوو. (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٥٠ دەرچوو. رۆژنامەی (طریق الشعب)ی ژمارە ٨ دەرچوو. گۆڤاری (القافلة)ی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە ١ بەچاپێکی جوان و بابەتی دەوڵەمەند دەرچوو.

ئیمـڕۆ یـادی کیمیابـارانکردنی شـاری هەڵەبجـەبوو، لـەکاتژمێری دەی بەیانی بۆ بەرزراگرتنی ئەو بۆنەیە هـاتوچۆ لەسـەرجەم شـەقامەکان یـەک دەقە راوەستا.

ئیمڕۆ رۆژێکی ساردبوو.

حکومەتی فەرەنسی بەرەسمی ئاگاداری حکومـەتی ئێران دەکاتـەوە لـە کـارە دوژمنکارییـەکانی بەرامبـەرە بـە کوردەکـانی نـاو ئێـران و عێـراق ناڕازییـە، ئـەوەش بەنامەیـەک لەلایـەن سـەفیری وڵاتەکـەیان لـە تـاران دراوەتە حکومەتی ئێرانی.

ئیمڕۆ دوو فڕۆکەی کۆپتـەری هاوپەیمانان لـەناو یاریگـەی خۆجێیـەتی هەولێر دەنیشێتەوە، دیارە فڕۆکەکان (سامی عەبدولرەحمان) یان بردووە بەرەو تورکیا،

دەنگی کوردی ئـەمریکا: لـە برۆکسـل قسـەکەرێک بەنـاوی کوردەکـانی تورکیـا گوتوویـەتی: بەرنامـە و پلانـە هەیـە شۆڕشـی چەکداری نـەمینێت، خەباتی سیاسی گەشە بکات.

نوێنەرایەتی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان لـە ئـەمریکا یـادی نـەورۆز دەکەنەوە، لەو ئاهەنگەدا چەند کۆنگریسمانێکی ئەمریکی بەشداری دەکەن.

دەنگی ئەمریکا: لەیادی هەڵەبجەدا کوردەکان لە هەموو شـارەکان کۆڕ و کۆبوونەوەیان بەست و یادەکەیان بە پیرۆزی بەڕێکرد.

<u>١٧ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٣٤٣ دەرچـوو. (خـەبات)ی ژمـارە ٦٦٨ بەزمانی عەرەبی دەرچوو.

مـۆنتی کـارلۆ: حکومـەتی ئـەمریکا زانیویـەتی فڕۆکـەکانی حکومـەتی عێراقـی ناوچـە دژەفڕینـەکانی کوردسـتانی بەزانـدووە و ناوچەکـەی

بۆردومـان کـردووە، ئـەوەش ئـەمریکای نیگـەرانکردووە، بـەڵام ئـەمریکا لەگەڵ یەکپارچەیی دەوڵەتی عێراقە.

بـی بـی سـی: ئـەو شـوێنەی ئەمریکییـەکان بەنـاوی کارگـەی (ئەلنـدا) بۆردومـــانی کـــرد، گوایـــە کارگـــەی بەرهـــەمهێنانی مووشـــەکە، ئیمـــڕۆ نۆژەنکرایەوە، بە سەرپەرشتی سەدام حوسێن کرایەوە. هەر لەو بۆنەیەدا چەنـدان میـوانی بێگانـەش داوەتکرابـوو، نیشـانی جـەماوەری خـۆی و میوانەکانیدا کارگەکە تایبەت بووە بۆ دروستکردنی ستوونی کۆنکریتی.

ئیمـڕۆ لـەبازاڕ و شـوێنە گشـتیەکان حزبـی هـاپ و پەکەکـە لافیتـەی نـــارەزایی کۆمەڵکوژییەکـــەی گونـــدی عەوێنـــەی دەشـــتی هـــەولێریان هەڵواسیبوو.

هەواڵـە گرینگـەکان ئیمـڕۆ زۆر بـوون، گرینگـەکان هـەواڵی دەسـت لەکارکێشانەوەی دکتۆر فؤاد مەعسووم لـە پۆسـتی سـەرۆک وەزیرانـی حکومەتی هەرێمی کوردستان بوو.

سـەرۆک ئـاپۆ لێـداونێکی داوە تێـدا بڕیـارە پەکەکـە لـە مـاوەی ٢٠ ی مـارس تـا ١٥ ی ئـەپریل شـەڕ رادەگرێت. هـەروەها ئاژانسـەکان بـاس لـە بۆردومانەکی فڕۆکەکانی ئێران بۆ ناوچەکانی کوردستان بە گەرمی باس دەکرا.

بی بی سی: رایگەیاند سـەرۆک ئـاپۆ یەکـەمجارە بـە جلـی مـەدەنی و ملپێچی سوورەوە دەرچووە، هـەروەها گـوتی: ئـەو میانرەویی پەکەکـەش دەستی مام جەلالی تێدایە، چونکە ئەو ماوەیەک پێشتر سەردانی کردبوو.

<u>١٨ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٣٤٤ دەرچـوو. لـەو ژمارەیـە بایـەخی بـە لێدوانەکـــەی ســـەرۆک ئـــاپۆ دابـــوو، لـــەو ژمارەیـــە چەنـــد هـــەواڵیان

بڵاودەکەنەوە بە فاکسمیل بۆیان هاتبوو. رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٨ دەرچوو.

خەڵکی بەگشتی لیدوانەکەی سەرۆکی پەکەکەیان بەباش دەزانی، هەستدەکرا گەشبینییەک هەیە و رەنگە کێشەی کورد بەهەنگاوی باش و دەوڵی بچێتە پێشەوە.

گالۆنی بەنزین بە ٢٥ تا ٢٧ دینارە و سەد دۆلاریش بە ٢٠٩٠ دینارە و کارەباش باش نییە.

دکتۆر سەلاح عەزیز بەناوی کۆبوونەوەی رۆشنبیرانی کورد لە ئەمریکا لە واشنتۆن کە بنکەی بەدلیسی سازیکردووە، بۆ دەنگی ئەمریکا قسەی کرد، هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دوو کەسی ئەمریکی بەشداریش بۆچوونی خۆیان لەسەر دۆزی کورد بۆ ئێستگەکە دەربڕیبوو، بڕیاریشە ئەو کۆبوونەوەیە بۆ ماوەی سێ ساڵ ببەسترێت، داواکاریشن داکۆکی لەمافەکانی گەلی کوردستان بکەن.

نەتەوە یەکگرتووەکان کۆتایی بەدانانی سنووری نێوان کوێت و عێراق هێنا، دیارە مەبەستیش رازیکردنی هەردوولایە، سنوورەکەش لە خۆر عەبدولاش رەت دەبێت، ئەو بڕیارەش پاش چەندان کۆبوونەوە لە ژەنێف ئەنجامدرا، کە تێدا نوێنەری حکومەتی عێراقی تێدا ئامادە نەدەبوو.

یادی یەکەمی بەرنامە میللیەکەی زووم زووم بوو لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان، بۆیەش بەرنامەیەکی تایبەتیان سازکردبوو، لەو بەرنامەیەدا بۆ یەکەمجار دیمەنی پرۆڤەکانیان نیشاندا.

<u>١٩ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٤٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٥٩٩ دەرچوو. بڵاوکراوەی (ئابووری)ی ژمارە ٤ و ٥ بەیەکەوە دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ١٦ دەرچوو.

مەسعوود بارزانی رایگەیاند لەگەڵ حکومەتی تورکیا بڕیاردراوە ١٢ خاڵی پشکنین و چاودێری سنوور دابنێین، ئەوەش ڕێگا لەپەڕینەوەی پەکەکە دەگرێت بۆ ناو خاکی تورکیا.

دەنگی ئەمریکا: لەناوچەی کوردەکان سێ کەس کوژراوە، دیارە ئەوەش پێش شەڕ راگرتن و ئاگربەستەکەی پەکەکە بووە.

دەقی دیمانە تەلەڤزیۆنەکەی ئاپۆ سەعات نۆ و نیوی شەو لەتەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان نیشاندرا، مام جەلال لەتەنیشتی دانیشتبوو، ئاپۆ بەزمانی تورکی وەڵامی پرسیارەکانی دەدایەوە، لەدیمەنەکەدا ئاڵایەکی پەکەکە هەڵواسرابوو. دیمانەکە لە کەناڵی بی بی پلوس تورکییەوە وەرگیرابوو.

حکومەتی ئەمریکی بەرنامەیەکی تایبەتی بڵاودەکاتەوە کە بریتییە لە راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە پێشێلکارییەکانی سوپای عێراق لە کوێت، بۆیەش وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکی لەو راپۆرتەوە ئەوە ئاشکرا دەکات، کە حکومەتی ئەمریکی ناتوانی لەگەڵ عێراق دۆستایەتی بکات تا حکومەتی سەدام حوسێن مابێت. دەنگی ئەمریکا.

کەسایەتی عێراقی (صاحب الحکیم) لێپرسراوی رێکخراوێکی مافی مرۆڤی عێراق لە دەرەوە بە دەنگی ئەمریکای راگەیاندووە ئەوان بەنهێنی چوونەتە ناوچەی ئەهوارەکان، لەوێ وێنەیان گرتووە و کرتەی ڤیدیۆییان گرتووە، دیارە سوپای عێراقی ناوچەکە بە تۆپ بۆردومان دەکات. هەروەها ئەو گوتوویەتی: ئەگەرچی حکومەتی عێراقی ژمارەیەک رۆژنامەنووسی بێگانەی بردبووە ناوچەکە، بەڵام هیچیان نەدیبوو، هیچیان نیشان نەدابوون.

<u>٢٠ی مارسی ١٩٩٣</u>

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٠ دەرچوو.

ئێوارەی ئیمڕۆ ئاگری نەورۆز کەم لەناو شار کرایەوە، رەنگە گرانی سوتەمەنی رۆڵی هەبێت. شەو درەنگ تەقەیەکی کەم بە یادی نەورۆز کرا. رۆژنامەکانی بەغدا باسی نەورۆزیان کردبوو، بەنزینیش هەر گرانە.

رۆژنامەی (میدیا) ژمارەی یەکەمی لە سلێمانی دەرچوو، دیارە لەلایەن پەکەکەوە دەردەچێت، چاپەکەی جوان نەبوو، بابەتەکانیشی سادە بوون.

ئاژانسەکان: کۆنگرەیەک لەلایەن کوردەکانی ئەمریکا لەسەر فیدراڵییەتی کوردستان بەسترا. لەو کۆنگرەیەش باس لەو کۆبوونەوە سێ قۆڵیانە کراوە ماوە لەنێوان سوریا و تورکیا و ئێران دەبەسترێت و تێدا باسی دوارۆژی کوردستان دەکەن. بەشداربووانی کۆبوونەوەکە دکتۆر بەرهەم سالح و دکتۆر نەجمەدین کەریم و دکتۆر سەلاح عەزیز و چەند شارەزاییەکی ئەمریکی و بێگانە لە دەنگی ئەمریکا باسی گرینگی کۆبوونەوەکەیان کرد.

بەکۆششی مام جەلال توانرا (کەمال بورقا)ی سەرۆکی حزبی سۆسیالیستی کوردستانی تورکیا لەگەڵ سەرۆکی پەکەکە کۆبکاتەوە و بەیەکەوە باس لەو پێشهاتەی بزاڤی کوردستان بکەن. دیارە ئەو دانیشتنە لەلایەن پەکەکە و سەرۆک ئاپۆ زۆرە و کەم دیمانەی وا کراوە.

گالۆنی بەنزین بە ٣٠ دینارە و گالۆنی نەوتیش بە ٢٠ دینارە.

ئیمڕۆ بڕیارمدا جگەرە نەکێشم، دیارە جگەرەکانی بازاڕ زۆر خراپن، بۆیەش تەندروستیم باش نەبوو.

لەسەر رێگای دوکان سلێمانی تەقە لە ئۆتۆمبێلی دکتۆرێکی بەلژیکی کرا، ئەو و دوو کەسی لەگەڵیدا بوون سەلامەت بوون، ئەو لە نەخۆشخانەیەکی کەمئەندامان کاری دەکرد.

نەورۆزی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٤٦ دەرچوو. رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٦٠١ دەرچوو. رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٢١ بە ١٢ لاپەڕە دەرچوو. رۆژنامە (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٦٦ دەرچوو.

ئیمڕۆ سەرما و باران بوو، بۆیە خەڵکی نەچوونە دەرەوە.

وەزیری ناوخۆی تورکیا رایگەیاند یادی نەرۆزی ئیمساڵ بەئارامی بەڕێوەچوو، تەنها دوو رووداو بووە، یەکیان لە ئەنجامی قەرەباڵغی خەڵکەوە بووە، دووەمیشیان لە تەقەیەکی دوورەوە بووە.

تەلەڤزیۆنی کوردستان فیلمێکی کوردی لە دەرەوە بەرهەم هاتبوو نیشاندا، فیلمەکە لە ناوچەی هەکاری کوردستانی باکوور کرابوو.

شوعییە کوردستانییەکان بەیانێکیان بڵاوکردەوە بەناوی بزوتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان (برنک).

٢٢ی ١٩٩٣

(یەکگرتن)ی ژمارە ١٣ دەرچوو.

رۆژنامەی (جووتیار)ی یەکێتیی جوتیارانی کوردستان ژمارە سفری دەرچوو.

تەلەڤزیۆنەکانی ئاهەنگی کوردەکانی باکووریان نیشاندەدا.

# هەیڤی دەیەم

## لە ٢٣ی مارس تا ٢٢ی ئەپریلی ١٩٩٣

٢٣ ی مارسی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٤٧ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٢ دەرچوو.

ئیمڕۆ یەکەم رۆژی جەژنی رەمەزان بوو.

٢٤ی مارسی ساڵی ١٩٩٣

لەگەڵ مناڵەکان چووینە دەرەوە، رێگای کۆیە و ناوچەی دلۆپە قەرەباڵغ بوو، خەڵکێکی زۆر بۆ سەیران هاتبوونە دەرەوە.

٢٥ی مارسی ١٩٩٣

بەرنامەی تەلەڤزیۆنەکان بەبۆنەی جەژن بەردەوامە.

__٢٦ی مارسی ١٩٩٣__

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٣ دەرچوو.

دەنگی ئـەمریکا: لەناوچـەی کوردەکـانی تورکیـا چەکـدارێکی پەکەکـە کوژراوە و ٤٨ کەسیش گیراوە.

لیژنـەی قـەرەبووی شـەڕی کوێت رایگەیاندووە تا ئێستا ٧٠٠ هـەزار داوای قـەرەبوویان بـە دەسـت گەیشـتووە، ئـەوەش داوای هاوڵاتیـان و دەزگـا حکومییـەکان و رەسـمییەکانە، واش چـاوەڕوان دەکرێـت ژمـارەی ئەوانە زیانیان لەو شەڕەدا پێگەیشتووە و داوای قەرەبوو دەکەنەوە بگاتـە دوو ئەوەندە. دەنگی ئەمریکا.

نوێنەرانی رووسیا و بریتانیا و ئەمریکا لە ئەنجومەنی ئاسـایش داوای نوێنەری عێراقیان لە نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە، بۆ ئـەو مەبەسـتەش نــەزار حەمــدون نامــەی نــاڕەزایی ســەبارەت بــە جێبــەجێ نــەکردنی بڕیارەکـانی نەتــەوە یــەکگرتووەکانی لەلایــەن حکومەتەکەیــەوە دراوەتــە دەست. دەنگی ئەمریکا.

__٢٧ی مارسی ١٩٩٣__

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٤ دەرچوو.

ئەنجومـەنی ئاسـایش خـەریکـە گەمارۆیەکـەی نەتـەوە یـەکگرتووەکانی سـەر عێراق دوو مانگی تر نوێ دەکاتـەوە. سـەرۆک کلنتۆن گوتوویـەتی: نوێکردنـەوە و درێژکردنـەوەی گەمارۆیەکـەی سـەر عێراق بەنـد نییـە بـە مانـەوەی سـەدام ئەوەنـدە بەنـدە بـە جێبـەجێکردنی بڕیارەکـانی نەتـەوە یەکگرتووەکان.

**٢٨ی مارسی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٤٨ دەرچوو. گۆشەی بۆمبای ئەو ژمارەیە من نووسیبووم. ڕۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٥ دەرچوو.

ئیمڕۆ لە شارەوانی دەستمانکرد بە چاندنەوەی نەمام لە دارستانەکەی کوران، پاش ئەوەی خەڵکەکە لەو دوو ساڵەی رابردوو هەموو دارەکانیان بڕیەوە، دارستانەکە ببووە گۆڕەپانێکی رووت، وەک کاری راگەیاندن هاوکارییم دەکردن، هەموو دەزگا حکومییەکان کۆمەکیان کرد، قوتابییەکان هاتبوون بۆ چاندنی نەمام، نزیکەی نۆ هەزار نەمامان چاند، کابرایەک لەسەر بیرەکەی کۆنی کوران باخچەی کردبوو، شارەوانی خۆی ئیمکانیەتی نەبوو بیرەکە بەکار بخات، بۆیە کابرایان ناچار کردبوو ئاو بداتە نەمامەکان، ئەگەرنا ناهێڵن لەو شوێنە باخچە بکات. دارەکانیش لەلایەن رێکخراوە بێگانەکانەوە دابینکرابوو.

دوێنێ لە ناو ئۆردی رەشکین گۆڕێکی بەکۆمەڵ دۆزرایەوە، لە کوردستانی نوێ بووم بە ئۆتۆمبێلی خۆم رۆژنامەنووس و کامیرەکانم بردە ئەوێندەرێ، سی گۆڕیان هەڵدایەوە، جەنازەکان جلی سەربازییان لەبەردا بوو، دیارە هەر بەجلەوە نێژرابوون، پۆستاڵیان لەپێدابوو، بەڵام لەناو سەندووق بوون. یەکێکیان کەرتە شخاتەی دەجلەی لە گیرفان دابوو، جلەکان داویان نەمابوو. زنجیری پانتۆڵەکان مابوو. گۆڕەکان بەرێزبوون ژمارەی هەر رێزێک دە گۆڕ بوو. پاش ماوەیەک پارێزگاری هەولێر چەند فەرمانبەرێکی نەتەوە یەکگرتووەکانی هێنایە سەر گۆڕەکان، ئەوان بەیەکەوە ماوەیەک راوەستان، دیارە ئەوانە لە شەڕەکانی حاجی ئۆمەران و گردمەندیل کوژرابوون، چەندان پەیامنێری دەزگاکانی راگەیاندن ئامادەبوون، درێژی گۆڕە بە کۆمەڵەکە دووسەد مەتر درێژ دەبوو.

بـی بـی سـی: کوردەکـان دەڵـێن گـۆڕێکی بەکۆمـەڵ لـەناو کۆنـە سەربازگەی سەردەمی حکومەتی عێراقی دۆزراوەتەوە، دیارە گۆڕەکانی سـەربازی عـەرەبی خـوارووی عێراقـی تێدایـەوە و مەزنـدە دەکرێـت ژمارەیان بگاتە ١٥٠٠ گۆڕ.

<u>٢٩ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٤٩ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٦ دەرچوو. (رووناکی)ی ژمارە ٩ی دەرچوو، ئەورۆژنامەیە لەلایەن حزبی ئەللەی شۆرشگێری شێخ ئەدهەم بارزانی لەئێران چاپدەکرێت. رۆژنامەی (بزوتنـەوەی ئیسـلامی)ی ژمـارە ١٠ی بـە هەشـت لاپـەڕە دەرچـوو. رۆژنامەی (الشمس) بە زمانی عەرەبی حەسەن ئەلعەلەوی لە دوورگەی قوبرسـەوە دەری دەکات ژمارەی چوارەمم دەسکەوت، رۆژنامەکە بە لاپـەڕەی گـەورە چـاپکراوە، لـەو ژمارەیـەدا دیمانەیـەکی یـەک لاپـەڕەیی لەگـەڵ مـام جـەلال تێدابوو. هەردوورۆژنامـەی (وڵات) و (ئـازادی)م لـە تورکیاوە بۆ هاتبوو، ئەو دوورۆژنامەیە بە پیتی لاتینی و بە چاپی جوان لە تورکیا دەردەچێت.

بەنزین ئیمڕۆ هـەرزان بوویتـەوە و یـەک گالۆنی بـە ٢٢ دینـارەو یـەک قنینە غازیش بە ٩٥ دینارە.

<u>٣٠ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٥٠ دەرچوو.

(برایــەتی)ی ژمــارە ١٦٠٧ دەرچــوو. لــەو ژمارەیــەدا بابــەتێکم بڵاوکرایەوە.

رۆژنامەی (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٥١ دەرچوو.

سەرۆکایەتی شارەوانی هەولێر و لەسەر بڕیاری ئەنجومەنی وەزیرانی حکومەتی هەرێم و بۆ بەناحیەکردنی ئوردوگاکانی ناوچەی هەولێر منیان ناردە ئەو ئوردوگایانە تا راپۆرتێک لەسەر رەوشی ئاوەدانی ئوردوگاکان بنووسم. ئیمڕۆ چوومە ئوردوگای باسرمەی سەر بە ناحیەی هەریر و سارداو و بادلیانی سەر بە قەزای سۆران. لەو گەشتە مەیدانییەکە بۆم دەرکەوت زۆری خانووەکانی باسرمە رووخێندراوە، خەڵکەکە بلۆکەکانیان بردوتەوە گوندەکانی خۆیانەوە. هەردوو ئوردوگاکەی تریش ئاوەدانی کەمی تێدا ماوە.

سەرۆک وەزیرانی بریتانیا جۆن مێجەر لە لەندەن مام جەلال و حەسەن ئەلنەقیب و محەمە بەحر ئەلعلوم دەبینێت.

هەواڵەکان وا دەگەیێنن کە مام جەلال داوەتکراوە تورکۆت ئۆزال و سلێمان دیمیریل ببینێت.

گەورە لێپرسراوانی حکومەتی تورکیا و پەرلەمان داواکەی سەرۆک ئاپۆ بە فێڵ دەزانن، نیازیش وایە مەسەلەکە بخرێتە بەردەم پەرلەمان، دوو پەرلەمانتاری کوردیش داواکارن کێشەی رەوای کورد ئاشتیانە چارەسەر بکرێت، هەروەها هەواڵەکان ئەوە دەگەیێنن کە پەرلەمانەکانی ولاتانی ئەورووپیش گوشاریان لەسەر حکومەتی تورکی هەیە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشە کۆنە خوێناوییە.

ئیمشەو بۆ یەکەم جار تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان هەواڵەکانی راستەوخۆ بڵاوکردەووە.

<u>٣١ی مارسی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٥١ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٦٩ بە ١٢ لاپەڕە دەرچوو.

ئیمڕۆ بۆ نووسینی راپۆرتێک لەسەر ئۆردوگاکان چوومە ئۆردوگای (چەژنیکان) ی پشت عەنکاوە، لەوێدا بینیم ئۆردوگاکە چۆڵە و چەند کەلاوە خانوویکی تێدا ماوە. هەر لەو دەڤەرەدا چوومە ئۆردوگای (بەرحوشتر)، بینیم ئۆردوگاکە تەنها ژمارەیەکی کەمی خانووی تێدایە و عاموودەکانی کارەباش بی وایەر ماونەتەوە. ئۆردوگای (گردەچاڵ) تەنها دووی ماڵی تێدابوو، شوێنی ئۆردوگاکە لەلایەن جووتیارەکانی ناوچەکە تۆ کراوەتەوە و عاموودەکانی کارەبای ماوە. ئۆردوگای (شاخۆلان) دانیشتیوانی خەڵکی ناوچەکانی مێرگەسوور بوون، زۆربەیان شێروانی بوون وەک خۆیەتی، بەلام خۆیان حەز دەکەن بار بکەن و بگەڕێنەوە شوێنەکانی خۆیان، خەڵکی گوندی شاخۆلانیش لەبەر زەوییە کشتوکاڵییەکان زۆر پەرۆشن ئۆردگاکە تەخت بکرێت تا ئەوانیش وەک ئۆردوگاکانی ناوچەی بەڕانەتی دووبارە زەوییەکان تۆ بکەنەوە. ئۆردوگای (کەورگۆسک) خێزانە پشدەرییەکان نەماون، بەلام هێشتا ئۆردوگاکە ئاوەدانە. ئۆردوگای (تۆپزاوە) ئەو ئۆردوگایەش ئاوەدانە. ئۆردوگای (جەدیدە زاب) تەنها خەڵکی کەرکووک و دەشتی هەولێر تێدا ماوە، یەک خێزانی پشدەری تێدا نەماوە، خەڵکەکە گلەییان هەیە شەوانە مەحەویلەکانی کارەبایان دەدزرێت، زۆر بێ ئاون بۆیەش وەزعیان خراپە.

دەنگی ئەمریکا: لە دوو شەڕدا لە کوردستان ١١ چەکداری پەکەکە کوژراون، بەلام کوژرانی حکومەت نەزانراوە.

بەنزین هەرزان دەبێت، سەد دۆلار بە ٢٢٥٠ دینارە.

**<u>١ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>**

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ٣٥٢ دەرچوو. لەسەر داوای بەرپرسی لاپەڕەکە ئاسۆ ئەحمەد، من هەموو لاپەڕەکەم لەسەر سالْرۆژی کۆچڕەوەکە ئامادەکردبوو.

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٨ دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ١٧ دەرچوو.

لە سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو زانیومە حکومەتی ئەمریکی داوای لە مەستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی کردووە، سەردانی ئەمریکا بکات.

بەنزین گالۆنی بە ١٨ دینارە، سەد دۆلاریش بەرزدەبێتەوە، نرخەکەی دەگاتە ٢٥٠٠ دۆلار.

**<u>٢ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>**

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ٣٥٣ دەرچوو. هەواڵی سەردانی مام جەلالی بۆ ئەنقەرەی تێدابوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٠٩ دەرچوو.

**<u>٣ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>**

(برایەتی)ی ژمارە ١٦١٠ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٢٢ دەرچوو.

وەفدێکی باڵای هەرێمێکی ئەڵمانیا گەیشتە هەولێر، شەوەکەی لە هوتێلی شیرین پالاس دابەزین، وەفدەکە لەلایەن دکتۆر فؤاد مەعسووم و وەزیرەکانەوە پێشوازییان لێکرابوو. وەفدەکە وەزیری داد و پارێزگاری هانۆڤەربوون، هەروەها چەند رۆژنامەنووسێکیان لەگەڵدا بوو.

مام جەلال گەیشتە ئەنقەرە، لەلایەن تورکۆت ئۆزالەوە پێشوازی لێکرابوو، قسە هەیە سەفەرێکی تریش بۆ لای عەبدولا ئۆجەلان لە سوریان بکاتەوە.

**٤ی ئەپریلی ١٩٩٣**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٥٤ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦١١ دەرچوو. (ئالاّی ئازادی)ی ژمارە ٦٧ دەرچوو.

ئاژانسەکان: ١١ چەکداری کوردەکان لە تورکیا کوژراون، چوار سەربازی تورکییش بریندارن.

**٥ی ئەپریلی ١٩٩٣**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٥٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦١٢ دەرچوو. (بزوتنەوەی ئیسلامی)ی ژمارە ١١ دەرچوو.

**٦ی ئەپریلی ١٩٩٣**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٥٦ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦١٣ دەرچوو. (ریێگای کوردستان)ی ژمارە ٥٢ دەرچوو. (یەکگرتن)ی ژمارە ٥ بەزمانی عەرەبی دەرچوو. (بۆ پیێشەوە)ی رەوتی کۆمۆنیست ژمارەی ١٦ ی بەقەبارەی گەورە بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتی زۆری دژ بە ئیسلامییەکان تیێدابوو، باسی لایەنی خراپەکارییەکانی حکومەتی بە ئاشکرا باس کردبوو. گۆڤاری (هەنگ)ی منالاّنی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارەی یەکەمی دەرچوو.

چوومە بینی شانۆگەری (ئەو کاتەی ئەڤین مەزنتر دەبیێت) دەقی شانۆییەکە هونەرمەند ئەحمەد سالار نووسیبووی، دەرهیێنانی هونەرمەند (فەرهاد شەریف) بوو، نمایشەکە لە هۆڵی گەل نیشاندرا، دەرهیێنانەکە لاوازبوو، ئەکتەرەکان باش رۆڵی نەبینبوو.

### ٧ی ئەیریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٥٧ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٧٠ بەزمانی عەرەبی دەرچوو.

خوێندکارێک لە ئیتاڵیاوە گەڕابووەوە خەریکی لێکۆڵینەوە و نۆژەنکردنی نەخشەی بنەڕەتی هەولێربوو، داوای کتێبی هەولێر و ژمارەکانی رۆژنامەی هەولێری کردبوو، منیش بۆم هێنا زۆر سوپاسی کردم. بەڵێنیدا چەند رۆژنامەی (هەتاو)م بۆ بنێریت ماوەیەکە بەزمانی کوردی لە ئیتاڵیا دەردەچێت.

تورکمانەکانی هەولێر خەریکن کۆدەبنەوە تا وەفدێک بۆ تورکیا سازبکەن.

### ٨ی ئەیریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٥٨ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بابەتێکم لەسەر گەڕانەوەی دانیشتووانی ئۆردوگاکان بۆ گوندەکانیان بڵاوکرایەوە. رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٦١٤ دەرچوو. بابەتێکم لەلاپەڕەی کۆتایی بڵاوکرایەوە. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ١٨ دەرچوو. (کوردستان نویز)ی ژمارە ٢ بەزمانی ئینگلیزی دەرچوو.

بەردەوام بارانە، ئاو لە شەقامەکان یەک بست دەڕوات، دەڵێن ئەو بارانە ، لەو کاتەدا بۆ لابردنی سن و کیسەڵە باشە، هەمووی رادەماڵێت ساڵی پار ئەوانە زیانی زۆریان لە دەغڵ و دانی کوردستان دابوو. ئەو دوورۆژەش تەزرەش هەبوو، دەڵێن ئەوەش بۆ رەز و باخات زیانی هەیە.

مام جەلال بە دەنگی ئەمریکای راگەیاند سەردانی ئەمریکا دەکات، لەگەڵ نوێنەرانی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کۆدەبێتەوە، لەوێ لەسەر بابەتەکانی دوارۆژی عێراق و مافەکانی مرۆڤ و هەندێ کێشە قسەیان

لەگەڵدا دەکات. هەر لەسەر پێشنیاری ئێمە وەفدێکی پەرلەمانی تورکیا سەردانی کوردستان دەکەن، باس لە بوژانەوەی ئابووریمان دەکەن.

حزبی یەکگرتن یادی شەهیدانی کاردۆ گەلاڵی و عەلی هەژاریان کردووە، لەوتارەکەیدا سامی عەبدولرەحمان بەتوندی هێرشی بردە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، گوتی ئێمە ناهێینە ناو حکومەت، وا پێدەچێت لە کابینە نوێیەکەی کە بڕیارە کۆسرەت رەسوڵ پێکیبهێنێت ئەوان داوای دوو پۆستی وەزاری دەکەن.

<u>٩ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٥٨ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦١٥ دەرچوو.

بەشی دووەمی دیمانەکەی هونەرمەند (ناسری رەزازی) لەبەشی کوردی دەنگی ئەمریکا بڵاوکرایەوە، (موعتەبەر شێروانی) بەرنامەکەی بەڕێوەدەبرد، لەو دیمانەیەدا ناسر گلەیی لە هونەرمەندانی شاری سنەی رۆژهەلات هەبوو، کە ئاوازە کوردەکانی خۆیان بە زمانی فارسی دەڵێنەوە. هەروەها ئەو وتی وا تازە فێری زاراوەی بادینی بووم گۆرانیشی پێ دەڵێم، ئەگەر من بە کرمانجی گۆرانی بڵێم و دکتۆر شڤانیش بە سۆرانی گۆرانی بڵێت یەکێتیی زاراوەکانی هەنگاوی باش دەنێت، بۆیەش برادەرە کرمانجەکانم دەڵێن ناسر کرمانجییەکەی تۆ سورمانجییە. لە فارسییەوە چەند کتێبکم کردووتە کوردی، لە سویدیش بەکاری نووسین سەرقاڵم.

لە رادیۆی مۆنتی کارلۆ مێزگردێکی یەک سەعاتی لەسەر دوارۆژی عێراق و کوردستان هەبوو، لەناو  قسەکاندا، زید حەیدەر سەفیری عێراق لە بەلژیکا وتی: ئەگەر ناوچە کوردنشینەکان بگێڕینەوە سەر وڵاتەکەمان و گەمارۆکانمان لەسەر هەڵگیرێت ئێمە پەیڕەوی دیموکراسی و فرەحزبی

دەکەین. مام جەلال لەگەڵ فیدراڵییەت بوو، شیعەکان دەیانووت لەورۆژانە باسی فیدراڵییەت زێدەڕۆییە، هانی ئەلفکیکی و محەمەد باقر ئەلحەکیمیش بەشداربوون، لەو کۆڕەدا غەسان سەلامە وتی کوردەکان لە ناوچەکانی خۆیاندا دیموکراسییەکی باش پەیڕەو دەکەن.

ئاژانسەکان: عێراقییەکان تەقەیان لە ناوچەی بەنداوی موسڵ لە فڕۆکەکانی هاوپەیمانان کردووە، ئەوانیش بە قونبەلەی هێشوویی وەڵامیان داونەتەوە. عێراقییەکانیش دەڵێن ئێمە تەقەمان لە فڕۆکەکان نەکردووە، نیوەڕۆ بووە و سەربازەکانمان خەریکی نانخواردن بوون، لەو هێرشەدا تەنیا یەک سەربازمان بریندار بووە. دیارە عێراقییەکان مەبەستیان نییە زۆر لەسەر مەسەلەکە بڕۆن، وا تیمێکی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بۆ پشکنینی چەکەکان لە عێراقن.

<u>١٠ی ئەپریلی ساڵی ١٩٩٣</u>

(برایەتی)ی ژمارە ١٦١٦ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٢٣ بە ١٢ لاپەڕە دەرچوو.

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دکتۆر فؤاد مەعسووم سەبارەت بە دوا بۆردومانەکەی هاوپەیمانەکان بە بی بی سی رادەگەیێنێت دووبارە عێراقییەکان دەیانەوێ هاوپەیمانەکان تاقی بکەنەوە.

لەپاش بارانێکی زۆر، لافاو زیانی زۆری لە گوندەکانی تەق تەق داوە. بی بی سی.

عێراقییەکان ئەو لێدانەی دوایی بەنداوی موسڵ بەکارێکی ترسنۆکانە ناوبردبوو، چونکە لەودەمانە ئەوان خەریکی ئاهەنگەکانی جەژنی بەهارن.

## ١١ی ئەپریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٦٠ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦١٧ دەرچوو. رۆژنامەی (نیشتمان)ی ژمارە ٨ دەرچوو. رۆژنامەی (ئـالآی ئازادی)ی ژمارە ٦٨ دەرچوو. لەلاپەڕەی هەشتدا بابەتێکم بڵاوکرایەوە.

ئیمڕۆ فەرمانی دانانی کۆسرەت رەسوڵ عەلی بە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران دەرچوو، لە ئێستگەی مەڵبەندی سێی یەکێتیی بروسکەی پیرۆزباییان بۆی دەنارد.

دەنگی ئیسرائیل: عەبدولا رەسوڵ عەلی دەکرێتە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو دەڵێ ئێمە دانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراقی ناکەین.

دەنگی ئەمریکا و بی بی سی: عەبدولا رەسوڵ دەبێتە دووەم سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەو سەرکردەیەکی یەکێتیی نیشتمانی کوردستانە، لە شاخ پێشمەرگە بووە.

رۆژنامەکانی حکومەت بۆ یەکەمجار هێرشی توند دەبەنە سەر سەرۆکی نوێی ولآیەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کلینتۆن.

هەواڵی دانانی کۆسرەت رەسوڵ بە سەرۆکی حکومەت زۆر باسدەکرا، برادەرانی یەکێتیی زۆر هیوایان بەو دەستنیشانکردنە هەیە، خەڵکیش دەڵێن ئەو کەسێکی توندە، هەیە دەڵێ گەر پارەی لە بن دەست نەبێت هیچی پێ ناکرێت، چونکە کار و پرۆژە بە سامان و دارایی باش ئەنجام دەدرێت.

## ١٢ ئەپریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٦١ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا ریپۆرتاژێکم سەبارەت بە کێشەی پێشانگاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل سازکردبوو بڵاوکرایەوە. (برایەتی)ی ژمارە ٦١٨ دەرچوو. رۆژنامەکەی حەسەن

ئەلعەلەوی (الشمس) لە بازاڕ هەبوو. هەروەها ڕۆژنامەی (بغداد)ی وەفاقی وەتەنی عێراقیش لە لەندەن دەردەچێت هەبوو.
کۆسرەت ڕەسوڵ لە ئێستگەی دەنگی ئەمریکاوە داوای لە نەتەوە یەکگرتووەکان کرد گەمارۆیەکەی سەر کوردستان هەڵگرن، هەروەها سەبارەت بە هەیکەلی وەزارەتەکان وتی حکومەتەکەمان فرەحزبییە و ناوی سێ وەزیریشی ئاشکرا کرد.

۱۳ی ئەپریلی ۱۹۹۳

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ۳٦۲ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ۱٦۱۹ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ڕێگای کوردستان)ی ژمارە ٥۳ دەرچوو.
چوومە بارەگای حزبی یەکبوونی کوردستانی تورکیا، لە بینایەکی حکومەت بوو لە بەرامبەر وەزارەتی ڕۆشنبیری، لەوێ کادرێکیان بەناوی ئازاد گوتی من خەڵکی شاری ماردینم قسەی لەگەڵ کردم، دانەیەکی لە ڕۆژنامەی میدیای ژمارە ۲٦ ی دامێ، ئەو گوتی ڕۆژنامەکەمان ٥ ساڵە بەناوی خوازراو لە تورکیا دەردەچێت، هەروەها گوتی بڵاوکراوەی (ئارمانج)مان هەیە لە دەرەوەی وڵات دەردەچێت، دانەیەک لە پەیڕەوی حزبەکەی دامێ کە بە زمانی عەرەبی بوو.
سوپای ئێرانی بڕیارە لە ڕۆژی ۲٥ ی ئەو مانگە بۆ ماوەی دە ڕۆژ نمایشێکی سەربازی لە دەریا و لە وشکایی و لە ئاسمان بکات، ئەوەش ئاماژەیە دەتوانن بەرگری لە وڵاتەکەیان بکەن و سوپا و هێزێکی فرەچەکیان هەیە، بە قسەی ئێرانییەکان ئەوەش پاش ئەوە هاتووە وڵاتانی کەنداو ۱۳ جار بەقەد وڵاتی ئێرانی چەکی هەمەجۆریان دەستکەوتووە. سوپاکەیان ئامادەباشی تەواوی هەیە بۆ پارێزگاری لە دەریا، خاک و ئاسمانی ئێران بکەن، بواریش نادەن دوژمنانی کۆماری ئیسلامی یەک

بستی ئەو خاکە داگیر بکەن، بەقسەی ئێرانییەکان لە رووسیا چەند کەشتی بن ئاوییان وەرگرتووە. مۆنتی کارلۆ.

ئاژانسەکان دەڵێن حکومەتی تورکیا دوو چەکداری پەکەکەیان کوشتوە و ٢٧ یان بەدیل گرتووە، ئەوەش لە ئەنجامی شەڕێک بووە لە دەڤەری شرناخ.

<u>١٤ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٦٤ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٢٠ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ١٩ دەرچوو. گۆڤاری (کاروان)ی وەزارەتی رۆشنبیری ژمارە ٣ دەرچوو.

عەبدولرەحمان پاشا ژمارەی دووەمی بڵاوکراوەکەی خۆی کە لە لقی شەشی پارتی دیموکراتی کوردستان لە تاران بەناوی (سپێدە) دەریدەکات پێشکەش کردم، چەندان وتار و دیمانەی باشی بە زمانی عەرەبی و کوردی تێدا بوو، گەرچی چاپەکەی سادەیە، بەڵام لە رووی دیزاین و هێلکارییەکان و بابەتەکان ژمارەیەکی باش بوو.

گۆڤاری منداڵانەی (پەریستان) ژمارەی دووەمی بە رەنگاورەنگی دەرچوو.

رۆژنامەکانی خۆمان نووسیبوویان کە حکومەت گوندەکانی (سەفییە) و (مەتراد)ی ناوچەی گوێری تۆپبارانکردووە، خەڵکی ناوچەکەش برینداربووینە.

<u>١٦ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٦٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٢١ دەرچوو.

لـه گۆنگرەیـەکی رۆژنامەگەرییـدا سـەرۆکی پەکەکـە ئاگربەسـتە یـەک لایەنەکەی لـە گـەڵ حکومـەتی تورکیا درێـژ دەکاتـەوە، ماوەکەشـی دیـاری نەکردبوو، لەو دیمانەیەدا مام جەلالیش لە تەنیشتی دانیشتبوو. رۆژنامەی (طریق الشعب)ی ژمارە ٩ دەرچوو.

کتێبـــی (هەڵوێســـتی یەکێتیـــی و تاڵـــەبانی و دەربـــارەی شۆرشـــی کوردسـتانی بـاکوور) بـەرگی یەکـەم چـاپی دووەم لـە نووسـینی ئاسـی رەبـاتی، لەسـاڵی ١٩٩٠ لــە وڵاتــی ســوید چـاپکراوە، دەســتمکەوت و خوێندەوە. نووسـەری ئـەو کتێبـە زۆر بەتونـدی رەخنـە لـە هەڵوێستەکانی مـام جـەلال دەگرێـت، ئـەوی بـە نۆکـەری عـەرەب و ئیسـرائیل و ئێرانـی پێناسـە کـردووە، هـەموو سـاڵەکانی خـەباتی ئـەوەی بـە دووبـەرەکی و ئاژاوەنانــەوە و دانوســتان دەزانێــت، هــەر لەســاڵی ١٩٦٣ەوە خــەریکی دووبـەرەکی و چوونـە سـوریا بـووە، بەخیانەتـەکانی پـارەی لـە هـەموو لایـەک وەرگرتـووە، بـە بۆچوونی مـن هێشـتا هـیچ نووسـەرێکی نـەیار و دوژمنـی کـوردیش بـەو جـۆرە باسـی مـام جـەلالیان نـەکردووە، دیـارە نووسـەرەکە کۆنـە یەکێتییـە و لەنووسـینەکەدا ستایشـی رۆڵـی بـارزانیش دەکات.

<u>١٧ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٢٢ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٢٤ دەرچوو.

ئیمرۆ تورکۆت ئۆزالی سەرۆکی تورکی بە نەخۆشی دڵ کۆچی دوایی کرد، لە رێورەسمی ناشتنی تەرمەکەیدا مام جەلالیش ئامادەبوو.

ئیمرۆ بازاڕی شێخەلا چۆڵ بوو، وەک رۆژانی رابردوو بازاڕی گەرم نەبوو.

لـە ناوچـەی فرۆشـتنی ئۆتـۆمبێلان لەگـەڕەکی زانیـاری تەقـە لەگـەڵ چەکدارانی بزوتنەوەی ئیسلامی پەیدابوو، دەڵێن ئیسـلامییەکان چەکداری

زۆریـان هێناوەتـە هـەولێر، حکومـەتیش داوای لێکـردوون مزگەوتـەکان نەکەنە بارەگای حزبەکەیان.
حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لە بەیانێکدا بڵاوکراوەتـەوە ئاماژە بەوە دەدەنە هێزەکانی ئێرانی بەنیازە گوندەکانی سەرسنوور چۆڵ بکات، بۆ ئەو مەبەستەش چەکدار و جبەخانەی ئەستووریان هێناوەتە ناوچەکە.
دەڵێن رەوشـی ئابووری بەغدا باش نییە، ئارد و خواردەمـەنی گران دەبێت، لە گەڕەکە میللییەکانیش شەوانە تەقە هەیە.

<u>١٨ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردسـتانی نـویێ)ی ژمـارە ٣٦٦ دەرچـوو. (برایـەتی)ی ژمـارە ١٦٢٣ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٦٩ دەرچوو.

<u>١٩ ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویێ) ی ژمـارە ٣٦٧ دەرچـوو. (برایـەتی) ی ژمـارە ١٦٢٤ دەرچوو.

<u>٢٠ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٦٨ دەرچوو. لە لاپەڕە ٨ کورتـە بابـەتێکم بڵاوکرایـەوە. رۆژنامـەی (برایـەتی)ی ژمـارە ١٦٢٥ دەرچـوو. رۆژنامـەی (رێگای کوردستانی)ی ژمارە ٥٤ دەرچوو.
دەنگی ئەمریکا: حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران لـە فەرەنسا و لـە ئەنقـەرە بـەیانێکیان دابەشکردووە، کە تۆپـەکانی ئێران ناوچـەی رانیـەیان تۆپباران کردووە، ئەوەش زیانی بە هاوڵاتیان گەیاندووە.
قسە هەیە گوایە سـەدام سیستـەمی حکومەتەکـەی دەکاتـە ئیسـلامی، وا هێدی هێدی ئەو دیاردەی بۆنی دژە ئیسلامی پێوە بێت لایان دەبات.

## ٢١ی ئەپریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٦٩ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٧٢ دەرچوو.

ئیمڕۆ ٤٦٥ دیناری ئەسلی بە ١٠٠٠ دیناری عادی بوو.

لەناو خەڵکی وا باوە ئاسایش چەندان گومانلێکراویان گرتووە، ژمارەیان زۆرە و دەستیان لە تەقینەوەکاندا هەیە، هەموویان بەو تاوانانە لەسێدارە دەدرێن، بەڵام دوایی ئاشکرا بوو ئەو ژمارە زۆرەیان خەڵکەکە باسیان دەکرد، تەنها یەک تاوانباربوو. ئەویش بۆ پێنج هەزار دینار برایەکی خۆی کوشتبوو، برادەرێک بۆی گێڕامەوە لە مەراسیمی لە سێدارەدانەکە زۆر ماندوو بووین، خزموکەسی کابرای تاوانبارمان بانگکردبوو، دەستەی یاسایی ئامادەبوون، مەلا هات و پێویستییە ئاینەکانی ئیسلامی جێبەجێکرد، بەڕێوەبەری بەندینخانەکە بڕیارەکەی خوێندەوە، بڕیارەکەش لەلایەن سەرۆکی پەرلەمانەوە پەسندکرابوو، چونکە ئیشەکە یەکەمجار بووە و شارەزایمان نەبوو، بۆیە زۆر بەو لەسێدارەدانە ماندووبووین، دووجار پەتەکە دەپسا، کابرایان دەهێنایەوە خوارەوە و دکتۆرەکە پشکنینی بۆ دەکرد، دەردەچوو تاوانبارەکە نەمردووە، دووبارە پەتیان بۆ هەڵدەواسیوە. ئامادەبووان بەتایبەتی خزموکەسەکانی پێیان ناخۆش نەبوو، چونکە ئەو تاوانی گەورەی کردبوو، وایاندەزانی حەقی خۆیەتی لەسێدارەبدرێت. قسەش هەیە لەچەند ڕۆژی تریش چەند تاوانباری تر لەسێدارەبدرێن.

ئاژانسەکان: بۆردمانەکەی ئێران بۆ گوندە سەرسنوورەکان زۆرتر لە شەش هەزار هاوڵاتی ئاوارە کردووە، ئێران بەغدا بەوە تاوانبار دەکات هێزەکانی موجاهیدینی خەڵق و حزبی دیموکراتی ئێرانی لەوان چەکدارکردووە، هێرش دەبەنە سەر ئێران. دیموکراتیش دەڵێن لەوڕۆژانە لە ناوچەی بۆکان خۆفرۆشێکمان کوشتووە.

<u>٢٢ ی ئەپریلی ١٩٩٢</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٧٠ بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو، (برایەتی)ی ژمارە ١٦٢٦ دەرچوو. ڕۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ٢٠ دەرچوو.

ڕۆژنامەی (بۆ پێشەوە)ی ژمارە ١٧ دەرچوو، لەو ژمارەیەدا بابەتی زۆری دژی ڕەوتی ئیسلامییەکان بڵاودەکاتەوە، لەو ژمارەیەدا ئاماژە بەو کراوە گوایە مەلا توندڕەوەکان وتوویانە چاپخانەی زانکۆی دەتەقێنیەوە چونکە ڕۆژنامەی بۆ پێشەوە لەوێ چاپ دەبێت.

لەهۆڵی میدیا، لەیادی ٩٥ ساڵەی ڕۆژنامەگەری کوردی، ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، برایەتی، هەرێم یادی ئەو بۆنە پیرۆزەیان کردەوە، لەو یادە نوێنەری ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی باکووریش ئامادەبوون. لە گوتارەکە هەستدەکرا هەردوو حزب یەک گوتار و بۆچوونیان لەسەر مەسەلە چارەنووسسازەکاندا هەیە.

قوتابیان دژی تۆپبارانی گوندەکانی سەر سنوور لەلایەن ئێرانەوە خۆپیشاندانانیان سازکرد.

وەفدێکی کۆنگرێسی ئەمریکی لەسەر داوەتی پەرلەمانی کوردستان گەیشتنە هەولێر، چاویان بە کاک مەسعوود کەوتبوو.

یەک بەرمیلی نەوت بە ٤٠٠ دیناربوو، گالۆنی بەنزین بە ٢٢ و ٢٣ دینارە.

# هەیڤی یازدەهەم

# لە ٢٣ی ئەپریلەوە تا ٢٢ی مایی ١٩٩٣

٢٣ی ئەپریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٧١ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٢٧ دەرچوو.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان ریپۆرتاژێکی هەواڵی بڵاوکردەوە کە مام جەلال لە دەرەوەی وڵات رەوانەی کردبوو، ناوەڕۆکی ریپۆرتاژەکە کۆشش و کارنامەیە بۆ دروستکردنی بەرەیەکی کوردستانی گەورە و سازکردنی دیمانەی هاوبەشی حزبەکانی باشوور و باکوور و پەکەکە و کاوە و دیموکراتی ئێران و سوسیالیست و یەکبوون، دیارە رۆڵی مام جەلال و عەبدولا ئۆجەلان و ئەحمەد تورک بەرز دیارە. ئاماژەش بە رۆڵی گەورە سیاسەتمدارانی تورکیش دراوە.

وەفدێکی باڵای فەرەنسی گەیشتە کوردستان، کاک مەسعوود و سەرۆک وەزیران و وەزیری کاروباری مرۆڤایەتی پێشوازی کردبوون.

بە سەرۆکایەتی کاک مەسعوود کۆبوونەوەیەکی بەرەی کوردستان بەسترا، لەوێ کاک مەسعوود بە ئامادەبووانی وتبوو، کە دەعوەتێکی

کۆنگرێسی ئەمریکی بۆ هاتووە و بڕیارە سەردانی ئەمریکا بکات، قسە لەسەر تۆپبارانەکی ئێرانیش کرابوو.

وەزارەتی تەندروستی بڕیار دەدات ئامۆژگەی کەم ئەندامان بەناوی دکتۆر (ڤنسنت) بکات، ئەو دکتۆرە بەلژیکایەی بەدەستی بەکرێگیراوانی رژێم لە دوکان تیرۆرکرا.

رۆژنامەکانی بەغدا بە تۆپبارانی ئێرانییەکان بۆ سەرسنوورەکان نیگەران و تووڕەن، دیارە حکومەتیش بەڵێندەدات تۆڵەی ئەو دەستدرێژییە بکاتەوە.

<u>٢٤ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٢٨ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٢٥ دەرچوو.

کیلۆی ماست بە چوار دینارە، ئەو نرخەش کەمە، هۆکارەکەش دەگەڕێتەوە سەر ئەوەی کارەبا کەمە، ناکرێ خەڵک ماست زۆرتر بکڕێت و هەڵگرتنی زەحمەتە، بۆیەش کەم دەفرۆشرێت و هەرزان بووە. کیلۆی پەنیری کوردی بە ١٦ دینارە.

گەنم و جۆ زۆر باشە، بەڵام جوتیارەکان لەترسی سن و کیسەڵە نیگەرانن، دەترسن وەکساڵی پاریان لێ بێت. خەڵک دەیانووت هاتنی سن و کیسەڵە دەستی دەرەوەی تێدا، دەڵێن هێلکەیان لە ئاسمانەوە فڕێداوە، بۆیە ئەو زیندەوەرانە زۆرن. جوتیارەکانیش رەوشیان خراپە و بۆیە لەئێستاوە پارە بە سەر گەنمەکانیانەوە وەردەگرن.

کاک مەسعوود بەرەو ئەمریکا بەڕێ کەوت.

دەڵێن لە بەغدا ١٠٠ دۆلار بە ٧٩٠٠ دینارە، لەوێ خواردەمەنی گرانە و گرانتریش دەبێت، فڕۆکە جەنگییەکانیش بۆ ترساندنی خەڵکی گەڕەکە میللییەکان بەنزمی دەفڕن.

### ٢٥ی ئەپریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٧٢ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٢٩ دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ٢١ دەرچوو. (ئالای ئازادی)ی ژمارە ٧٠ دەرچوو.

ئیمڕۆ سەعات دوازدە و نیو، ئەندامانی کابینەی نوێی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی کۆسرەت رەسوڵ عەلی سوێندی یاساییان خوارد، تێدا چوار وەزیر گۆڕابوون. لەو کابینەدا قادر جەباری لەسەر حیسابی حزبی یەکگرتن بووە وەزیری داد.

- بارانێکی زۆر باری رێژەکەی گەیشتە ١٥ ملم.

### ٢٦ی ئەپریلی ١٩٩٣

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٧٣ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٠ دەرچوو. رۆژنامەی یەکێتیی تێکۆشانی رەنجدەران بە زمانی کوردی و عەرەبی بە ٨ لاپەڕە دەرچوو.

بەیادی رۆژی کرێکارانی جیهانەوە، رۆژنامەی بۆ پێشەوە پاشکۆیەکی چوار لاپەڕەیی دەرکردبوو.

ئیمڕۆ لەکاتژمێری ٥ی ئێوارە لە بارەگایەکی تایبەتی پەکەکە لەشوێنێکی لاچەپی عەنکاوە لەگەڵ ژمارەیەک کەسایەتی و رۆشنیرانی هەولێر سەردانی فەرهاد ئۆجەلانمان کرد، ئەو بۆ ماوەی دوو سەعات لەسەر رەوشی سیاسی حزبەکەیان قسەی بۆ کردین، ئەو وتی دووجار لە سەردەمی میدیاکان و ئەیوبیەکان حکومەتی کوردی سنوور فراوان دامەزراوە، بۆیە دەبێ ئێمە هەموودەمێک رابردووی خۆمان پێش هەموو هەنگاوێکی تر لەپێش چاو بێت، دیارە رەوشەکە ئەوەی پێوە دیارە دووبارە ئەو حکومەتە فراوانە لە کوردستانی گەورە دادەمەزرێتەوە، بۆ ئەوەش وڵاتانی وەک ئەمریکا و بریتانیا و ئیسرائیل پشتیوانیمان دەکەن،

بۆیـەش دەبـێ کـۆنگرەی نەتـەوەیی بـۆ هـەموو حزبـە کوردسـتانییەکان ســازبکرێت، ئێمــەش لهســەرەتاوە خــەباتمان کــردووە، مێژووەکەشــی دەگەڕێتەوە بۆ ٣٤ ساڵ. هۆکاری سـەرەکی لـەو شـەڕەی دوایی پەکەکە لەگـەڵ حزبـە کوردسـتانییەکانی باشـوور گـوتی: حکومەتـەکانی سـوریا و ئێـران و تورکیـا رۆڵیـان هـەبوو، ئـەوان هـۆی سـەرەکی هەڵگیرسـانی شەڕەکەبوون، بۆیەش دەبێ ئەو رووداوە بەباشی بنووسرێتەوە، تا ببێتە دەرس و دووبـارە نەبێتـەوە، ئێـران دەیویسـت چـەکمان بـداتێ، بـەڵام سنووری وا داخستبوو بواری هـاتنی یـەک کیلۆ ئـاردی نـەدەدا، لەسـەر سنووری ئێران ٥٥ پێشمەرگەمان گیراوە، لەسەر سنووری سوریاش ١٧ پێشــمەرگەمان گیــراوە. حکومەتــەکانی ناوچەکــە حــەز دەکــەن ئــەو حکومەتەی هەرێمی کوردستان برووخێت، بۆیە وڵاتانی خۆرئـاوا بواریـان نادەن. تورکیاش لە سیاسەتی دەوڵـی رۆڵـی جارانی نـەماوە. بڕوا دەکـەم کوردستانی گەورە جێبەجێ دەبێت. حەزدەکـەم ئێوە قسـەدەکەن، وشـەی ئێمە و ئێوە و سنوورتان لەسەر زمان نەبێت، ئێمە لەگـەڵ کـەمال بورقـای دانیشــتین، ئــەوە نیشــانەی دیموکراســیەتی ئێمەیــە، وەنــەبێت ئــەو پارسـەنگێکی سیاسـی هـەبێت، ئـەوان وەک ئێمـە نـین، ئێمـە هـەموودەمێ دەکارین ٣٠ هەزار چەکدار ببەینە شـاخ، ئێمـە میللـەتی کوردمـان هێناوەیە سـەر پێیـان، رەنگـە خـەباتی ئێمـەش رۆڵـی هـەبووە لـە دامەزرانـدنی حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان. لـەو شـەڕانەدا هەسـتمان دەکرد یەکێتیی بەئاشـکرا شـەڕی ئێمـەیان نـەدەکرد. ئێمـە خـەباتمان خوێنـاوی و سـەخت بـووە، چەنـدان ئەنـدامی سـەرکردایەتی لـە شـەڕەکاندا تەسـلیم نـەبوون و خۆیـان کوشـتووە، ئەندامـەکانمان ئامـادەن خۆیـان دەسـووتێنن، زەبـری ئێمەشــە دەوڵــەتی تورکیــای هەژانــدووە. لەکۆتاییـدا یــەک یــەک دەسـتی کوشـین و ماڵئاواییمـان لێکـرد، دیـارە لـەو بارەگایـەدا خـەڵکی برینـداری تێدابوو، ژمارەیـەک کیـژی چەکداریش هـەبوو، دوو کیـژی زۆر جـوان لـە

ریزی ئەو دانیشتبوون، لەو دانیشتنەشدا بواریدا کێ پرسیاری هەیە ئازادانە بیکات.

<u>٢٧ی ئەیریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٧٤ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٣١ دەرچوو. (ریگای کوردستان)ی ژمارە ٤٩ دەرچوو. (بزوتنەوەی ئیسلامی)ی ژمارە ١٢ دەرچوو. هەردوو ژمارەی ٣ و ٥ی گۆڤاری (دیدار)ی لاوانی سویدمان بە دەست گەیشت، دەرهێنان و دیزان و چاپەکەی نازداربوو

لە ئەمریکا وەفدێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی کریستۆفەر دەبینن، ئەو پێیان دەڵێت ئەمریکا نیازی وایە داوا لە ئەنجومەنی ئاسایش بکات بە تاوانی شەڕەکەی کوێت و چەوساندنەوە و کۆمەڵکوژی میللەتەکی سەرانی حکومەتی عێراقی دادگایی بکرێت، هەروەها ئەو بە ئەندامانی وەفدەکەی وتبوو، ئەمریکا پشتی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی بەرنادات، کاریش بۆ رووخانی سەدام حوسێن دەکەن. ئاژانسەکان.

قسەکەرێک بەناوی پارتی وتوویەتی سوپای ئێرانی لەسنووری پێنجوێنەوە ٥ کم هاتووتە ناو سنوورەکەمان، بەردەوامیش ناوچەکە تۆپباران دەکات.

<u>٢٨ی ئەیریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٧٥ دەرچوو. لەلاپەڕە ٤ بابەتێکم بڵاوکرایەوە.

(خەبات)ی ژمارە ٦٧٣ دەرچوو.

رۆژنامەی (المؤتمر) ژمارە سفری دەرچوو. ئەورۆژنامەیە ٨ لاپەڕەیە و بە عەرەبی لە چاپخانەکانی هەولێر چاپ دەکرێت، هەفتانەیە و

نووسەرانی هەولێری عەرەبیزانیش کاری تێدا دەکەن، رۆژنامەکە لەلایەن (المؤتمر العراقی الموحد)ەوە دەردەچێت.

سەردانی پێشانگای تایبەتی هونەرمەند (نامیق عەلی قادر)م کرد، لەو پێشانگایە چەندان تابلۆی تایبەتی بە شێوازی خۆی نمایشکردبوو.

کارگێری لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستان (مقداد) لەکاتی پشکنینی ئۆتۆمبێلەوە دەبێتە دەمەقاڵێ لەگەڵ پۆلیسەکان، لەئەنجامدا بریندار دەبێت، ئەو دەبەنە نەخۆشخانە لەوێش لەگەڵ دکتۆرەکان ناخۆشییەک روو دەدات، دەستدرێژیش دەکرێتە سەر کارمەندانی نەخۆشخانەکە، بۆیە کارمەندانی نەخۆشخانەکە نارەزاییان دەبێت.

وڵاتی ئەریتریا سەربەخۆیی خۆی لە ئەسیوبیا رادەگەیێنێت، یەکەم وڵاتیش ئەمریکا بەرەسمی دانی پێدادەنێت. ئەو بریارەش پاش چەندان ساڵ شەڕ و ئاوارەبوونی سەدان هەزار هاوڵاتی دەردەچێت.

<u>٢٩ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٧٦ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٢ دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ٢٢ دەرچوو.

وەفدی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی لە ئەمریکا دیمانەیان بە وەزیری دەرەوە و جێگری سەرۆک و د. جۆرجیان دەکەوێت، کاک مەسعوود بۆ بەشی کوردی و فارسی دەنگی ئەمریکا قسەی کرد، لەگەڵ سالح حەسەن لە بەشە کوردییەکەی گوتی: ئێستا نیگەرانیم لەپاڵپشتی ئەمریکییەکان بۆ کورد نەما، ئەگەر لایەنی ئۆپۆزسیۆن بێنە سەرحوکم ئەمریکا لە فیدراڵییەتەکەمان هاوکاریمان دەکات و پەشیمان نابێتەوە.

کۆمەڵەی زانایانی کارکەر بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ئەمریکا، راپۆرتێکیان ئاشکرا کردووە کە حکومەتی عێراقی لەساڵی ١٩٨٨ دژ بە کوردەکانی چەکی کیمیاوییان بەکارهێناوە. ئەوەش پاش ئەوە هاتووە کە ئەو زانایانە

خۆڵی ئەو گوندانانە بردووە و تاقیکردنەوەیان لەسەر کردووە و بۆیان ڕووندەبێتەوە کە چەکی حەرامکراوی دەوڵی تێدا لێدراوە، لەوانە چەکی کیمیاوی.

گرووپی ٥٣ی پشکنینی چەکی کیمیاوی دەگەنە بەغدا.

گالۆنی گاز بە شەش، نەوت بە نۆ و دە دینارە.

سامی عەبدلرەحمان لەگەڵ چەند ئەندامێکی ئۆپۆزسیۆنی عێراقی سەردانی هۆلەندا دەکات، بڕیارە دیمانەیان لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەو وڵاتە ببێت.

ڕەوتی کۆمۆنیست ئەفیشی یادی جەژنی کرێکارانی جیهانی لە ناو شاردا بە زۆری بڵاودەکردەوە.

<u>٣٠ی ئەپریلی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٧٧ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٣ دەرچوو.

بەردەوام بۆ پیرۆزبایی کردن لە کۆسرەت ڕەسوڵ خەڵکێکی زۆر سەردانیان دەکرد، لە ڕۆژنامەکانیش پیرۆزباییەکان بڵاودەکرانەوە.

برادەرێکی شیوعیە کوردستانییەکانم بینی، ئەو لە سەر ڕەوشی شیوعییەکان و بەرنامەیان قسەی بۆ کردم و وتی: ئێمە کۆمەڵە گەنجێکین دەمانەوێ بە بێ ئەندامە پیرەکان کار بکەین، وەنەبێ هاوڕێ (عەزیز محەمەد) و (کەریم ئەحمەد) بۆچوونیان لەگەڵ ئیمەدا دوور بێت، بەڵام لەگەڵ ئێمەدا نین، ئێمە سێ مانگە مووچەمان حیجز کراوە، ڕەنگە لەمانگی داهاتوو هەرێمی کوردستانی حزب کۆنگرە بکات. خەریکین بەیادی کۆنە شیوعییەکانی کوردستان، (ڕزگاری) یان ناو بوو، ڕۆژنامەیەک بەو ناوە دەربکەین، ئێمە تا کۆنفراسێک دەکەین بەناوی شیوعییە کوردستانییەکان کار دەکەین.

١ی مایی ١٩٩٣

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٤ (الاتحاد)ی ژمارە ٢٦ دەرچوو.

ئیمساڵ بەگەرمی یادی جەژنی کرێکاران کرایەوە.

لەیادی جەژنی کرێکاران حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان ئاهەنگێکی جەماوەری سازکرد، تێدا مەلا بەختیار وتاری مەکتەبی سیاسی حزبی خوێندەوە، لەو وتارەکەیدا وتی ئەگەرچی ئێمە خۆمان بەبەرەی دڵسۆزی و راستگۆیی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەزانین، ئینجا لە کابینەی نوێدا بەشدارییان پێ نەکردین. بەناوی یەکێتیی جەبار فەرمان وتاری خوێندەوە، پارتی و شیوعی و شیوعیە کوردستانییەکان و یەکگرتن بە بروسکە بەشداری یادەکەیان کردەوە، هەر لەو یادەدا بزوتنەوەی ئاشوری و دیموکراتی ئێران و رێبەرایەتی دیموکراتی ئێران وتاریان خوێندەوە، شێرکۆ بێکەس چەند کۆپڵە شیعرێکی نوێی خوێندەوە.

هەواڵەکان وا دەگەیێنێت ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەرازیلی مینرێژکراو بە ٥٠ کغم تی ئێن تی و شوفێرەکەی گیراوە.

*****

٢ی مایی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٧٨ دەرچوو. لە گۆشەی قەڵەمی لاپەڕەدا بابەتێکم بڵاوکرایەوە. (برایەتی) ژمارە ١٦٣٥ دەرچوو. لەو ژمارەیەدا بەتوندی وەڵامی گۆشەی بۆمبای کوردستانی نوێ دایەوە، کە توانجیان لەسەر رووداوەکەی نەخۆشخانەی هەولێر و پەلاماری دکتۆرەکان لەلایەن دەستەی بەرپرسەکەی پارتی گرتبوو، ئەوانیش نمونەیەکی دەستەی مام جەلالیان باسکردبوو چۆن هەڕەشەیان لە پۆلیسی هاتوچۆ کردووە.

مەستەفا هیجری سکرتێری حزبی دیموکراتی ئێران بە دەنگی ئەمریکای راگەیاند کە ئێمە لەگەڵ فیدراڵین لە ناو چوارچیوەی ئێراندا،

ئێرانیش کۆشش دەکات حکومەتی هەرێمی کوردستان لاواز بکات، بۆیە ئەو ناوچانە هێزەکانی ئەوان تێدا پێشرەوییان کردووە و داگیریان کردووە، بە هیچ شێوەیەک پێشمەرگەکانی حزبی ئێمەی تێدا نییە.

نوێنەری فاتیکان بۆ رازیکردنی کریستیانەکانی عێراق بۆ ئەوەی وڵات جێنەهێڵن سەردانی بەغدای کردبوو، نوێنەرەکەیان لە خودا دەپاڕێتەوە ئارامی و ئاشتی بگەڕێتەوە ئەو وڵاتە و ئەوانیش بێنەوە زێدی دێرینی خۆیان، چونکە لە کۆنەوە کریستیانەکان لێژە ژیاون و مەڵبەندی ئەوان بووە. ئەوەی شایانی باسە کریستیانەکانی ناو عێراق بە لێشاو کۆچ دەکەن.

حزبی دیموکراتی ئێران دووبارە باس لەوە دەکات هێزەکانی ئێرانی سنووریان بەزاندووە. دەنگی ئەمریکا.

**٤ی مایی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٧٩ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٦ دەرچوو. (رێگای کوردستان)ی ژمارە ٥٠ دەرچوو. گۆڤاری (سەرهەڵدان)ی ژمارە ٢ دەرچوو، ئەو گۆڤارە لەلایەن مەڵبەندی بادینانی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان دەردەچێت، بابەتەکانی باشن، گۆڤارەکە بە دیزاینی جوانیش دەرچوو.

گۆڤاری (پەیڤ)ی ژمارە ١ی لقی دهۆکی یەکێتیی نووسەرانی کوردستان دەرچوو.

**٥ی مایی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٨٠ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٧٤ دەرچوو. گۆڤاری (سیاسەتی دەوڵی)ی ژمارە ٥ دەرچوو.

له هۆڵی گەل له نووسینی هونەرمەند (حەسەن گەرمیانی)و دەرهێنانی هونەرمەند (لالۆ رەنجدەر) شانۆگەری (وەرزێکی شووم) نمایشکرا، بۆ دیتنی ئەو شانۆگەرییە جەماوەرێکی زۆر ئامادەبوون، شانۆگەرییەکە باس لە ئەنفالّ و دڕندەیی بەعسی دەکرد، خەڵکەکە بە رووداوەکان گریانیان دەهات.

بۆ جێبەجێکردنی بڕیاری لغوکردنی پارەی ٢٥ ی ئەسلی لەناو سنووری دەسەڵاتی حکومەت، حکومەت سنوورەکانی کوردستان و ئوردن دادەخات، هاتوچۆ بۆ شارەکانی موسڵ و کەرکووک نەما، بەوەش نرخی دۆلار بەرز دەبێتەوە، نرخی پارەی عادیش بەرزبوونەوەی بەخۆیەوە دەبینێت، پارەی سویسریش واتە کۆنەکەش دادەبەزێت، ئەوەش خواردەمەنی لە بازاڕ گران دەکات. لەپاش ئەو رووداوە و ئەو تەنگژە ئابوورییەش خەڵکی هەمووی ترساوە و قسە و بۆچوون زۆرە، ترسی لغوکردنی دروای ٥ و ١٠ کاغەزیش وەک ٢٥ ییەکە دەربچێت، لەترسی پارەکانیان خەڵک دۆلار زۆر دەکڕن، سەد دۆلار بە پارەی عادی بە سێ هەزارە و بە پارەی سویسریش سەد دۆلار بە ٢٦٠٠ دینارە، واتە تەنها بە ٥ و ١٠ ی ئەسلییە، لەلایەن خۆیەوە حکومەتی هەرێمیش بەیانێک دەردەکات پارەی ٢٥ سویسرا مامەلەی پێدەکرێت، لەلای ئەوان دەڕوات، بەڵام بڕیارەکە سەرناگرێت و پارەکە قیمەتی نەما.

<u>٦ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٨١ دەرچوو. ( برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٧ دەرچوو. (بۆ پێشەوە)ی رەوتی کۆمونیست ژمارە ١٨ دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ٢٣ دەرچوو.

فەرمانی دامەزراندنی جێگرانی وەزارەتەکان دەرچوو، لەوانە بازران مەلاخالید بۆ وەزارەتی رۆشنبیری و خورشیدە شێرە بۆ کشتوکاڵ و ئاوات عەبدولغفور بۆ پیشەسازی و قادر قادر بۆ کاروباری پێشمەرگە.

وەزارەتی ئابووری ئاگاداری هاولاتیان دەکاتەوە سەردانی بانکەکان بکەن بۆ وەرگرتنی ئیستیمارەی تۆماری پارەی ٢٥ی ئەسلی، پاش ئەوەی ژمارەی پارەکانیان دەنووسن، ئیستیمارەکانیش تەسلیم بە بانکەکان بکەنەوە.

هەواڵی لغوکردنی پارەی ٢٥ی عێراقی لە ئوردنیش نیگەرانی و پەشێویی بڵاودەکاتەوە، ئوردنییەکان ئەو پارەیان زۆر هەڵگرتبوو، لە بازاڕدا مامەلەی پێ دەکرا، بۆیە دەڵێن چەندان کەسی پارەدار تووشی دڵەکوتە بووینە و گیانیان کەوتووتە مەترسییەوە، خەڵکی واش هەبوو لە داخی زیانە گەورەکەی لەناکاوە بە سامانەکەی کەوتووە هەوڵی داوە خۆی بکوژێت. عێراقییەکانی ناو ئوردنیش ژمارەیان زۆرە، ئەوانیش زیانی ئەستووریان لێکەوتووە، دیارە کە مامەلەی بازرگانی عێراق تەنها لەو دەروازەیە بوو، هیچ بواریش نەبوو خەڵکەکە بگەنەوە ناو عێراق و پارەکەیان تەسلیم بکەنەوە. ئاژانسەکان.

دکتۆر عەلی ولایەتی دەڵێت ئێران بە نیازە پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقی نوێ و باش بکاتەوە.

ئەگەر هاولاتیان لەو پارەلغوکردنە زیانە پێگەیشتووە، کاربەدەستانی دەولەتیش بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە پەریشانە، رەوشی ولاتەکەیان بەرەو تەنگژە دەچێت، پارەکەیان بەهاکەی دەچێتە ناو زەلکاوەوە.

بۆ ماوەی شەش رۆژە بۆ پاراستنی دەغلودانی هاولاتیانی ناوچەی ژێر هێڵی ٣٦ فرۆکەکانی هاوپەیمانان ناوچەکە دەرشێنن، ئاگاداری هاولاتیان دەکرێتەوە ئەو دەرمانە زیان بە تەندروستی ناگەیێنێت. بەلام

لەورۆژانە ئاوو هەواکە خۆش نییە، بۆیە رەنگە رشاندنەکەش سوودی نەبێت.

دۆلار لە بازار هەر بەرز دەبێتەوە، پارەی ٢٥ ی ئەسڵیش دادەبەزێت، نرخی خواردەمەنیش زۆر بەرزە، هاوڵاتیان لەو بازاڕە و لەو سیاسەتە دەترسێن.

حکومەتی تورکیان هاوڵاتیانی خۆی دڵنیا دەکاتەوە ئەو سیاسەتە و ئەو پارەلغوکردنە هیچ باندۆری لە سەر تورکیا نابێت، تەنها وڵاتانی کەنداو و ئوردن بەر زیانەکە دەکەون.

پیاوانی ئاینی عێراق ئامۆژگاری خەڵکەکە دەکەن، ئەوانەی نیازی سەفەری حەجیان هەیە، با پارەکانیان لە ناو وڵاتەکەیان بدەنە هەژارەکان زۆر باشترە و خێری زۆرترە.

<u>٧ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٨٢ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٨ دەرچوو.

بەیانی بارانێکی خۆش باری، دونیاش ساردە.

گالۆنی بەنزین دەگاتە ٣٨ دینار.

چاودێرانی ئابووری جیهانی دەڵێن ئەو سیاسەتەی عێراق بۆ لغوکردنی پارە زۆر هەڵەبووە و ماوەکەشی زۆر کورت بووە، بۆیە وڵاتانی کەنداو نیگەرانن و زیانی زۆریان بەرکەوتووە.

<u>٨ی مایی ١٩٩٣</u>

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٣٩ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٢٧ دەرچوو.

(وڵات)ی ژمارە سفر دەرچوو، ئەورۆژنامەیە گوزارشت لە سیاسەتی پەکەکە دەکات، ناوی (سەرفراز نەقشنبەندی) وەک خاوەن ئیمتیاز و

سەرنووسەری پێوەیە، چاپەکەی جوانە، رۆژی یەکەمی لە هەولێر نزیکەی هەزار دانەی لێ فرۆشراوە.

گالۆنی بەنزین گەیشتە ٤٠ دینار، ئارد و شەکر و روون گران دەبێت، هاتوچۆ بۆ ناو حکومەت بە هیچ شێوەیەک نییە و هەواڵیان نییە.

نرخی سەد دۆلار گەیشتە ٣١٧٥ دینار، نرخی ٢٥ ی ئەسلی هەزاری بە ٤٠٠ دینارە، خەڵک هەیە دەیکڕێت، بڕوای وایە دووبارە ئەو پارەیە دەگەڕێتەوە، دەڵێن ئێرانییەکان پارەیەکی زۆریان گەیاندووتەوە ناو کوردستان و دەیفرۆشن، ئەوەی زانراوە لەناو شاری هەولێر خەڵکەکە یەک ملیۆن دیناریان بە درواى ٢٥ ی ئەسلی هەبووە، ئەو پارەیەش زۆرە، بەردەوام خەڵکەکە لە پێش بانکەکان ژمارەی پارەکانیان دەنووسن و تەسلیمی بانکی دەکەن، بەڵام هیچ وەڵامی دروستیان وەرنەگرتووە.

شارەوانی هەولێر بەنیازە لەنگەفرۆشەکانی نزیک بانکی رافیدین و شێخەڵا بگوازنەوە شوێنێکی تر، بۆیەش ئەوانیش رێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ بەردەم سەرۆکایەتی شارەوانی کرد، لەپاش دیمانەی نوێنەریان بڕیاردرا، جارێ ئەو عەرەبانە و کەپرانە هەر بمێنێنەوە.

خەڵکی شارۆچکەی عەنکاوە هاتنە بەردەم پەرلەمان، داواکاربوون ئەو شوانەی دوێنێ شەو جوتیارێکی ئەوانی کوشتووە، بە زووترین کات بدۆزرێتەوە و تەسلیمی دادگا بکرێت.

<u>٩ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٨٣ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٤٠ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٧٢ دەرچوو.

سەرۆکی ئەمریکی لەیادی رزگارکردنی کوێت لەوێ بووە، پۆلیسی کۆێتی کەسێکی بەمینەوە گرتووە، بە نیازبووە لەپێش جۆرج بۆش خۆی

بتەقێنتەوە، گیراوە گوتوویەتی حکومەتی عێراقی منی رەوانەکردووە، بۆیەش ئەمریکا بە وردی لەو مەسەلەیە دەکۆڵێتەوە. دەنگی ئەمریکا.

ئەگەرچی پەکەکە یەک لایەنە شەڕەکەی راگرتووە، بەڵام لە ناوچەکانی سلۆپی ٩ چەکداریان کوژراوە. دەنگی ئەمریکا.

*****

<u>١٠ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٨٤ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٤١ دەرچوو.

فازیل ئەتروشی پەیڤداری پارتی دیموکراتی کوردستان لە لەندەن بۆ ئێستگەی لەندەن رایگەیاندووە رژێم هەموو جۆرە شەڕێک دژ بە کوردستان دەکات، پاش گەمارۆ ئابوورییە سەختەکە وا ئەوجارە بەو پارەلغوکردنە بازاڕەکەی کوردستانی شێواندووە، هەمووش بۆ ئەوەیە ئەزموونە دیموکراسییەکەی کوردستان لەبارببات، دیارە ئەوەش بەئاشکرا شکاندنی بڕیارەکەی ژمارە ٦٨٨ ئەنجومەنی ئاسایشە، بۆیەش حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاریداوە ئەو پارە زۆر بەئاسایی لە بازاڕدا کاری پێ بکات، چونکە ئێمە بەشێکین لە عێراق و پارەکەش عێراقییە.

ئیمڕۆ سەد دۆلار بە ٤٠٠٠ دیناربوو، بەڵام پاشان دابەزی بۆ ٣٤٠٠ دینار، لەیەک رۆژدا ئەو بەرزبوونەوە و دابەزینەی بەخۆیەوە بینیوە.

بەنزین دەبێتە ٣٥ دینار.

وەزیری رۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیار دەدات، یانەکانی کوردستان بەشداری گەمەی یانە و چالاکییەکانی بەغدا نەکەن، بەیەکجاری لەوان داببڕین.

لەناو حکومەت ئیمڕۆ دوا ڕۆژی پارەلغوکراوەکە بوو، حوسێن کامیل گوتوویەتی ئێمە بە هیچ شێوەیەک لە بازاڕدا دۆلارمان نەکڕیوە و هەموو پروپاگەندی دوژمنانی عێراقە.

ڕۆژنامەی ئەلشرق ئەلئەوست، لە ژمارەی دوێنێ نووسیویەتی، ئەو پارەلغوکردنە وا دەکات گەمارۆکەی سەر بەشی کوردەکان هەڵبستێت.
تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان.

__١١ی مایی ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٨٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٤٢ دەرچوو. (ڕێگای کوردستان)ی ژمارە ٥٧ دەرچوو.

ئیمڕۆ ڕێگای نێوان کوردستان و شارەکانی عێراق کرایەوە، ئەوانەی لەو دیو مابوونەوە گەڕانەوە، مانەوەیەکەیان شەش ڕۆژی خایاند، بۆیەش زۆر ماندوو ببوون. ئەوان دەگێڕنەوە وەزعی ئابووری ناو حکومەت زۆر خراپە، لەناو بازاڕ هیچ جۆرە خواردەمەنییەک دەست ناکەوێت.

نرخی خواردەمەنی بەرزە، یەک فەردە برنج دەگاتە هەزار دینار، کیلۆیەک شەکر بە ١٨ دینارە. خەڵکەکە پەریشانە، بازاڕ داخراوە، یەک گالۆن بەنزین بە ٤٥ تا ٥٠ دینارە، یەک گالۆن نەوت بە ٢٥ تا ٣٠ دینارە، بانکەکانیش چیتر ئیستیمارەکانی بیست و پێنجیە سویسرییەکە وەرناگرن، لە ڕۆژنامەکانی ڕژێم نووسرابوو کە لە شارەکانی ئەواندا سێ ملیۆن دیناری ٢٥ ی سویسرییان لە خەڵکە وەرگرتووتەوە، لە هەولێریش پارە زۆربووە.

__١٢ی مایی ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژماره ٣٨٦ دەرچوو. (خەبات)ی ژماره ٦٧٥ دەرچوو.

بارانێکی زۆر باری ئاوێکی زۆر له شەقامەکان راوەستاوه.

ئیمشەو تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان دەقی دانیشتنەکەی پەرلەمانی کوردستان نیشاندا، بابەتی گفتوگۆیەکە سەبارەت بەئاڵۆزی بازاڕ و گرانییەکەی و پارەلغوکردنەکە بوو، سەرجەمە پێشنیارەکان کۆشش بوو سەرمایەدارکان هانبدەن ئازووخە بهێنن، بازاڕ گەرم بکەن، ئەوانیش ئاسانکارییان بۆ بکەن. سەرۆکی حکومەت کۆسرەت رەسوڵ ئامادەی ئەو دانیشتنە بوو ئەو لەوێ وتی: رێگاش نادەین بازرگانەکان گەمە بە نانی میللەت بکەن و بەکەیفی خۆیان ئازووخە گران بکەن، ئەگەر سەرپێچیش بکەن حیسابیان لەگەڵدا دەکرێت، خەڵکەکە قسەکانیان زۆر پێخۆش بوو. دەڵێن لێپرسراوانی بادینان ئاسانکاری ناکەن ئازووخە بگاتە هەولێر و سلێمانی، ئاشکرایە تاکە دەروازەش بۆ هاتنی ئازووخەش رێگای تورکیا و زاخۆیە.

ئەو چەند رۆژەی ئەو کەسانەی لەسەر سنووری تورکیا کوژرابوون هەموو کوردی عێراق بوون بەنیازی پەڕینەوە لە سنوور و رۆیشتن بۆ دەرەوە بوون، بۆیە پەکەکە دەڵێت ئەوانەی کوژراون گەریلای ئێمە نین، هەموو تەرمەکانیان گەیاندراوەتەوە شارەکانی باشوور.

قەسابەکان بە پارەی عادی و بە ئازایەتی خۆیان مەڕ لەسەر سنوورەکانی حکومەت دەکڕن و ئاودیوی دەکەن، لەوێشەوە رەوانەی تورکیای دەکەن، لەوێ پارەیەکی باش دەکات، ئەوەش بازاڕی بوژاندیتەوە. خێری بۆ خەڵکی هەولێر هەیە.

**۱۳ی مایی ۱۹۹۳**

رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)ی ژمارە ۳۸۷ دەرچوو. رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ۱٦٤۳ دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ۲٤ دەرچوو. ژمارەیەکی تری رۆژنامەی (المؤتمر) دەرچوو.

ئیمشەو دیعایەکی زۆر ناخۆش و ترسناک بڵاوکرایەوە گوایە ئاوی خواردنەوەی هەولێر ژەهراویکراوە، کەس ئاوەکە نەخواتەوە، مەلای مزگەوتەکان لە بڵندگۆکانەوە هاواریان دەکرد، خەڵکی تەلەفۆنیان بۆ یەکتری دەکرد، بەتەواوی شارەکە رەوشی پەریشان بوو.

ئیمڕۆ بازاڕ باش بوو، پۆلیس و ئاسایش چەند دوکانی دەوڵەمەندەکانی شکاند و ئازووخەکانیان بە نرخی مەعقول دەفرۆشت، کاروانی خواردەمەنیش گەیشتە هەولێر. شەکر کیلۆی بە ۱۲ دینارە و تەنکەی روون بە ۲۷۵ دینارە و دۆلار نرخی دابەزی بۆ سێ هەزار دینار، بە هەرزانبوونی خواردەمەنی خەڵکەکە رەنگی هاتەوە بەر و دڵیان خۆش بوو. بەنزین زۆر گران بووە گالۆنی گەیشتە سەد دینار و گالۆنی نەوتیش بە ۳۵ تا ٤۰ دینارە.

بارانەکە لێ دەکاتەوە و زیانی زۆری بە شەقام و پردەکان و شینایییەکان گەیاندبوو.

دەنگی ئەمریکا: ئەگەر پۆلیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانی ناو کوردستان یارمەتییان نەگاتێ ناچارن پۆلیسەکان دەکشێنەوە، چونکە باری ئابووری نەتەوە یەکگرتووەکان بەرگەی ئەوە ناگرێت مووچەی ۲۳٦ پۆلیس بدات، بڕیارە رۆژی هەینی ۵۰ پۆلیس بگەڕێنەوە، عێراقیش رازی نییە مانگانەکەیان بدات کە دەکاتە دوو ملیۆن دۆلار.

__١٤ی مایی ١٩٩٣__

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٣٨٨ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٤٤ دەرچوو.

سەرچڵ قەزاز نوێنەری یەکێتیی و سەفین دزەیی نوێنەری پارتی لە ئەنقەرە، رایانگەیاند کشانەوەی پۆلیسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوڵاتیان لە کوردستان دەخاتە مەترسییەوە، ئەگەر ئەوەیان پێ چارەسەر نەکرا با پارەکە بدەنە کوردەکان خۆمان پارێزگاری لە خۆمان بکەین.

__١٥ی مایی ١٩٩٣__

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٤٥ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٢٨ دەرچوو.

ئەحمەد تورک سەرۆکی حزبی (هاپ)ی تورکیا بە زمانی کوردی و تورکی بە دەنگی ئەمریکا راگەیاند، لەبەر ئەو رەوشە سیاسییەی لەئارادایە دە ملیۆن کورد لە شارەکانی تورکیا بڵاوبوونەتەوە، لەوانە تەنها لە شاری ئاستنبۆل سێ ملیۆن کورد دەژیت، بەداخەوە حکومەتی تورکی هیچ بڕیارێک بۆ کورد دەرناکات تا چارەسەری کێشەکان بکات، بۆیە منیش هاتوومەتە ئەمریکا لەگەڵ لێپرسراوانی وەزارەتی دەرەوە باس لە مەغدووریەتی کوردەکانی تورکیایان بکەم، کە میللەتێکی سێ ملێۆنی بێ قەوارەی سیاسیین.

بەنزین هەرزان دەبێتەوە و گالۆنی بە ٣٠ دینارە، خواردەمەنی گەیشتە هەولێر نرخی ئاسایی دەبێتەوە، بۆ کڕینی ئەرزاق بازرگانەکانی خۆیان چوونە زاخۆ بۆ کڕینی ئازووخە، لەبەر گرانفرۆشی چەند رۆژە خەڵکێکی زۆر گیران، تا مەسەلەکەش حەل بکەن وەفدێکی حکومی سەردانی زاخۆی کردبوو، سەرۆکایەتی ئەنجومەنیش خەریکە کۆمپانیای ئەهلی بۆ هێنانی ئازووخە هاندەدات.

__١٦ی مایی ١٩٩٣__

(کوردستانی نویّ)ی ژماره ٣٨٩ دەرچوو. (برایەتی)ی ژماره ١٦٤٦ دەرچوو. (ئالآی ئازادی)ی ژماره ٧٣ دەرچوو.

تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستانی دیمانەی (عومەر هەڵمەت) لەگەڵ مام جەلال لە ئەمریکا بڵاودەکاتەوە، لەویّ مام جەلال وتی: بڕیاری لغوکردنی پارە ٢٥ی ئەسلی نیشانەی جیابوونەوەی ئابوورییە لەگەڵ حکومەت، بەلاّم ئەوان خەیاڵیان خاوە کە ئێمە دەستبەرداری ناوچە کوردستانییەکانی ژێر دەستی رژێم نابین، ئەو هەنگاوانەش بە قازانجی کورد دەشکێتەوە. بڕیارە لەگەڵ کاک مەسعوود رێزلێنانەکەی دانیال میتران وەرگرین، بۆیە دەچمە فەرەنسا و لەوێشەوە سەردانی بریتانیا و سعوودیە و کوێت و سوریا و تورکیاش دەکەم.

__١٧ی مایی ١٩٩٣__

(کوردستانی نویّ)ی ژماره ٣٩٠ دەرچوو. (برایەتی)ی ژماره ١٦٤٧ دەرچوو.

دەنگی ئۆپۆزسیۆن: دەوڵەتە زلهێزەکان وا خەریکی بڕیارێک لە ئەنجومەنی ئاسایش دەردەکەن بۆ سەرفکردنی پارە بلۆککراوەکانی عێراق تا لە مەسەلە فریاکەوتنی کوردستان سەرفی بکەن.

حکومەتی تورکیا رازی بووە کوردەکانی عێراق لیرەی تورکی بەکاربهێنن، ئەوەش کوردەکان هاندەدات زۆرتر ئاڵوگۆڕی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتی تورکیا بکەن.

مام جەلال و کاک مەسعوود لە بریتانیاوە بەرێکەوتن بەرەو فەرەنسا، واش بڕیارە چاویان بە سەرۆکی فەرەنسی بکەوێت.

دووڕۆژە خواردەمەنی گران دەبێتەوە.

دکتۆر بەرهەم ئەحمەد ساڵح و ئەحمەد تورک بەیەکەوە پاداشتێکیان داوەتەوە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئەمریکا، تێدا داواکارن فشار بخرێتە سەر دەوڵەتی عێراق و تورکیا تا چیتر مافی کوردان لەو وڵاتانە پێشێل نەکرێت.

**١٨ی مایی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩١ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٤٨ دەرچوو. (ڕێگای کوردستان) تری نوێی دەرچوو.

ڕۆژنامەی (کوردستان نویز) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

دوێنێ و ئیمڕۆ بۆ کۆکردنەوەی یارمەتی بۆ هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێر، بەناوی شارەوانی هەولێر سەردانی مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتیی و زەحمەتکێشان و یەکگرتن و بزوتنەوەی ئاشوری و فریاکەوتنی ئیسلامی  و دەبلیۆ ئێف پی و یونیسێفمان کرد، هەموولایەک بەڵێنیان دا یارمەتیمان بدەن تا هەڵمەتی پاککردنەوەی شار بەرێکوپێکی و بەباشی بەڕێوەبچێت.

لەورۆژانە بەرپرسی قەرارگەی ئێران لەناو شاری دیانا کوژرا.

**١٩ی مایی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩٢ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٧٦ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ڕێگای ڕەنجدەران)ی ژمارە ٢ دەرچوو.

چوومە یونیسێف ڕەزامەندی ٥ هەزار لیترم گاز بۆ شارەوانی لە سارا وەرگرت.

ئێستگەی مەڵبەندی سێ بە موژدە و دڵخۆشییەوە هەواڵی ئەوەی بڵاوکردەوە ئەو کەسەی تەقینەوەکەی پێش چێشتخانەی ئەلمشواری ئەنجامدابوو دەستگیرکرا.

مام جەلال و کاک مەسعوود بۆ ماوەی یەک سەعات دیمانەیان لەگەڵ سەرۆکی فەرەنسی فەرانسوا میتران هەبوو، حکومەتی فەرەنسا ئامادەیی نیشاندا یارمەتی کوردەکان بدات.

<u>٢٠ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویّ)ی ژمارە ٣٩٣ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٤٩ دەرچوو. (وڵات)ی ژمارە ١ دەرچوو. (المؤتمر)ی ژمارە ٣ بە زمانی عەرەبی دەرچوو. رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارە ٢٥ دەرچوو.

ئەگەرچی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتی رۆشنبیری بڕیاریانداوە یانە وەرزشییەکانی کوردستان بەشداری گەمەکانی عێراق نەکەن، وادیارە یانەی وەرزشی هەولێر سەرپێچی دەکات و بڕیارەکە جێبەجێ ناکات.

لە بادینان بوار نادەن خواردەمەنی بە زۆری بێتە هەولێر و سلێمانی، بۆیەش هەردوو مەکتەبی سیاسی بۆ باسکردنی ئەو کێشەیە کۆدەبنەوە.

دەڵێن پارێزگای هەولێر و وەزیرەکەی ناخۆشیيان بووە، بۆیە یەکەمیان توورەبووە و سەفەری کردووە.

<u>٢١ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نویّ) ی ژمارە ٣٩٤ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٠ دەرچوو.

لەگەڵ ئەحمەد تورک لەو سەفەری ئەمریکادا پەرلەمانتاری کوردی تورکیا لەیلا زاناش بەشدارە، لە دەنگی ئەمریکا باسی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤی کوردی لە تورکیا کرد، زۆر بە توندی هێرشی بردە سەر حکومەت، دیارە هەڵوێستی توندە.

دەنگی ئەمریکا: راوێژکاری ئەڵمانیا لەو سەردانەی بۆ تورکیا نیگەرانە لەوەی دانوستانەکەی حکومەتی تورکیا و پەکەکە سەری نەگرت و ئاشتییەکە نەهاتە دی.

دیناری عێراقی بەرامبەر بە تومەنی ئێرانی زۆر دابەزی گەیشتووتە چوار و پێنج تومەن، جاران لە هەشتاکان یەک دینار نزیکەی ٩٠ تومەن بوو.

کە باس لەوە دەکرێت گوایە کوردەکان بەنیازن لیرەی تورکی بکەنە پارەی رۆژانەیان، حکومەتی تورکیا لەو پێشهاتە ترسی هەیە، رەنگە ئەوەیان ببێتە سەرەتای جیابوونەوەی کوردەکان لە بەشە عەرەبییەکەی و عێراق پارچە پارچە بێت.

<u>٢٢ی مایی ١٩٩٣</u>

رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥١ دەرچوو. رۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٢٩ دەرچوو.

رۆژنامەی (رووناکی) حزبی ئەللەی شۆرشگێری کوردستان ژمارە ١٠ی دەرچوو.

لەگەڵ وێنەگرانی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بەرنامەیەکمان بۆ هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێر تۆمارکرد، لە گەڕەکەکان دیمانەمان دەکرد و هانی خەڵکەکەمان دەدا یارمەتی دەزگاکانی شارەوانی بدەن تا هەولێری پایتەخت خاوێن و تەندروست بێت، بەرنامەکەمان لەگەڵ (شاهین نەجمەدین) مۆنتاژکرد، بەرنامەکەش پێش سەعات هەشت بڵاوکرایەوە.

*****

# هەیڤی دوازدەهەم

# لە ٢٣ی مای تا ٢٣ی یونیۆی ١٩٩٣

٢٣ی مایی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٢ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٧٤ دەرچوو.

ئیمڕۆش بەرنامەیەکی ترمان بۆ هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێر سازکرد.

٢٤ی مایی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩٦ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٣ دەرچوو.

بەرنامەیەکی تری هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێرمان سازکرد.

٢٥ی مایی ١٩٩٣

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩٧ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٤ دەرچوو. (ڕێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

لەتۆڵەی تەقاندنەوەی چەند بۆڕی نەوتی عەبادان فڕۆکەی ئێرانی لە ناوچەکانی جەلەولا و خالس بنکەکانی موجاهیدنی خەڵقیان بۆردومانکرد.

کریستۆڤەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا کورد دڵنیادەکاتەوە کە پاڵپشتیان دەکات، هەردەمێک لەلایەن حکومەتی عێراقی مەترسییان بکەوێتە سەر.

وەفدێکی هاوپەیمانی پێکهاتوو لە نوێنەرانی ئەمریکا و بریتانیا و فەرەنسا و ئوستراليا و توركيا گەيشتنە زاخۆ، وەفدێکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی سەرۆکی حکومەت پێشوازییان کردن.

یەک گالۆن بەنزین بە ٤٠ دینارە و کیلۆیەک خیار بە ٩ دینارە و تەماتەش بە ٧،٥ دینارە.

شەڕ لەنێوان پەکەکە و حکومەتی تورکیا لە چەند ناوچەیەک گەرم بووە، کوژراو لە هاوڵاتی ناوچەکانیش هەبوو، ئاژانسەکان دەڵێن ڕەنگە پەکەکە هێرشیان کردبێت.

ئاسایش دەڵێت ئەوانەی چێشتخانەی ئەلمشوار و دوکانەکانی تەنیشتیان لە بن قەڵات تەقاندەوە سێ کەس بوونە و خەڵکی چەمچەماڵ بوون.

<u>٢٦ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩٨ دەرچوو. لەلاپەڕە ٨ بابەتێکم بڵاوکرایەوە.

(خەبات)ی ژمارە ٦٧٧ بە ١٦ لاپەڕە دەرچوو.

بەرنامەیەکی ترم لە تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بۆ هەڵمەتی پاککردنەوەی هەولێر تۆمارکرد، بەرنامەی ئیمشەومان نزیکەی ٤٠ دەقە بوو.

دەنگی ئۆپۆزسیۆن: پەیڤداری وەزارەتی بەرگری ئەمریکی کوردەکان دڵنیادەکاتەوە ئەگەر حکومەتی عێراقی هێرش بکاتە سەریان، بەرگرییان لێدەکەین، بەردەوامین لە پاراستنی کوردەکان.

کۆبوونەوەی نوێنەرانی وڵاتانی هاوپەیمان و حکومەتی هەرێم لە زاخۆ کۆتایی هات، دەڵێن لە کۆبوونەوەکەدا باس لە مەسەلەی ئابووری کراوە و بڕیارە راپۆرتێک بدەنە دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە نیویۆرک و ژەنێڤ، ئەوەش بۆ ئەوەیە چارەسەرێک بۆ باری ئاڵۆزی ئابووری ئەو ناوچەیە بدۆزنەوە. ئاژانسەکان زۆر باس لە بەکارهێنانی لیرەی تورکی لە کوردستان دەکەن.

حکومەتی تورکیا بواری نەدا ئەوانەی مەبەستیان بچنە ماڵی خودا بە خاکی تورکیاوە بڕۆن، بۆیەش رەنگە ٤٣٦ حاجییەکەی کوردستان دەبێ یان بە ئوردن یان بە سوریادا بچن، بی بی سی.

مام جەلال و کاک مەسعوود لە سعوودیە داوایان کردووە، یارمەتی ئابووری و سەربازیمان بدەن. ئاژانسەکان.

<u>٢٧ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٣٩٩ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٥ دەرچوو. (هەرێم)ی ژمارە ٢٥ دەرچوو. رۆژنامەی (کوردستان تایمز) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

هەواڵی شەهیدبوونی تێکۆشەر و پێشمەرگەی بەرەی چەپ (رؤوف کامیل ئاکرەیی)ی لە دهۆک بڵاوکرایەوە، ئەو هەواڵە هەموو کوردستانی هەژاند، بەراستی تیرۆرکردنی ئەو ئەزموونەکەی کوردستانی خستە مەترسی.

بەرنامەیەکی ترمان بۆ هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێر تۆمارکرد. لە کاتی مۆنتاژەکردنەکە میکسەرەکە گەرمی کرد، بۆیە

دەرهێنەرەکە کارەکەی راگرت، پاش چاوەڕوانییەکی زۆر میکسەرەکە سارد بۆوە و کارەکەمان تەواوکرد.

حکومەتی تورکیا دەڵێت ئەگەر کوردەکان پارەی تورکی بەکاربهێنن، واتە لە سکەدانی جۆرە پارەیەکی تایبەتییان پێویستە.

دەڵێن لە پشدەر ئاغاکان و جوتیارەکان شەڕیان لێ پەیدابووە، حکومەتی هەرێم و حزبەکان داوای ئارامبوونەوە دەکەن و دەخوازن کێشەکانیان بەئاشتی چارەسەربکەن.

لە فەرەنسا کۆبوونەوەیەکی گشتی بۆ حزبە کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان بەستراوە.

گالۆنی بەنزین بە ٣٨ دینارە.

<u>٢٨ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤٠٠ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٦ دەرچوو. رۆژنامەی (وڵات)ی ژمارە ٢ دەرچوو.

بۆ تیرۆرکردنی رؤوف تێکۆشین هەموو حزب و گروپ و رێکخراوەکانی هەولێر لافیتەی پرسە و ناڕەزایی توندیان بەرزکردەوە، هەموولایەک داوایان دەکرد بکوژان بەخێرایی دەستنیشان بکرێن و سزای یاساییان بەسەردا بچەسپێنن.

هەڵمەتی پاککردنەوەی شاری هەولێر هەفتەکەی تەواو بوو، دەزگاکانی شارەوانی هەولێر و ئەوانەی یارمەتیان دابوو، توانی ١٠ هەزار تۆن لە ناو گەڕەکەکان کۆبکاتەوە و دووری خستەوە. هاوڵاتیان رێز و ستایشی زۆریان بۆ کارمەندانی شارەوانی دەکرد، لەناو گەڕەکەکان بە خۆشییەوە پێشوازییان دەکردن.

**٢٩ی مایی ١٩٩٣**

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٧ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٣٠ دەرچوو.

وارین کریستۆڤەری وەزیری بەرگری ئەمریکی گوتی: ئێران وڵاتێکی ناپەسندە لە ناوچەکە، لە سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش مەترسی هەیە، ئەوان بەئاشکرا رەفتار دژی ئێمە دەکەن. بی بی سی.

بی بی سی: سوپای حکومەتی عێراقی ئەوە دووەم جارە هێرشە دەکاتە سەر گوندەکانی کوردەکان، لەو هێرشەدا ١٢ دەبابە و ٢٠ زرێپۆشی بەکارهێناوە، خەڵکەش بەرەو هەولێر رایانکردووە.

مەملەکەتی سعوودیە رازی نەبوو حاجییەکانی ئێران خۆپیشاندان دژ بە وڵاتانی خۆرئاوا بکەن.

**٣٠ مایی ١٩٩٣**

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤٠١ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٥٨ دەرچوو. (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٧٥ دەرچوو.

رۆژنامەی (رزگاری)ی شیوعییە کوردستانیەکان ژمارەی یەکەمی دەرچوو.

بەبێ بەشداری پارتی و یەکێتیی، حزبە چەپەکانی کوردستان و پەکەکە و هاپی باکووریش رێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ دەستنیشانکردنی بکوژانی رؤوف کامیل تێکۆشین کردبوو، لەناو جەماوەرەکەدا کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لقی هەولێر کە سەر بە یەکێتیین بەشداربوون.

بەرنامە هەیە حزبی یەکگرتن لەگەڵ پارتی یەکبگرن، یەکگرتن داوا دەکات ناوی حزبەکە پاش یەکگرتنەوەکە وشەی یەکگرتنی پێوە بێت، هەروەها شیعاری حزبەکەش رەنگی شینی لەگەڵدا بێت.

تەلـەڤزیۆنی سـەربەخۆی پارێزگـارانی حزبـی پارێزگارانی کوردسـتان کەوتـە پەخشـکردن، پەخشـەکەی جوانـە و گـۆرانی بێگانـەی خۆشـیش بڵاودەکاتەوە.

<u>٣١ی مایی ١٩٩٣</u>

(کوردسـتانی نـوێ)ی ژمـارە ٤٠٢ دەرچـوو. (برایـەتی)ی ژمـارە ١٦٥٩ دەرچـوو. رۆژنامـەی (بـۆ پێشـەوە)ی رەوتـی کۆمونسـیت ژمـارە ٢٠ ی دەرچوو.

ئیمڕۆ یەکەم رۆژی جەژنی قوربان بوو.

جووتیارانی گوندی شێخان بە ئاژانسی فرنس پریسیان راگەیاندووە سوپای حکومەتی عێراقی بە تۆپ دەغڵ و دانـەکانیان دەسوتێنێت. دەنگی ئەمریکا.

سـوپای تورکیا هێرشـی بردووتـە سـەر بنکـە و بارەگاکانی پەکەکـە و دەڵێت ژمارەیەک چەکدارم کوشتووە و ژمارەکەش دەگاتە ٤٠ کـەس، لـەو شەڕانەدا دوو سەربازییش کوژراوە. دەنگی ئەمریکا.

<u>١ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤٠٣ دەرچوو، ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بـە یادی دامەزراندنی یەکێتیی نیشتمانی کوردسـتان. (برایـەتی) ژمـارە ١٦٦٠ دەرچوو، تێدا فەلەکەدین کاکەیی بە بۆنەی تیرۆرکردنـی رئووف تێکۆشـین ناڕەزاییەکی نووسیبوو، هـەمان بابـەت لـە رۆژنامـەی کوردسـتانی نـوێش بڵاوکرایەوە.

دووەم رۆژی جەژنـە، ئۆتۆمبێلەکـەم تایـەکانی تـەواو نـەبوون، پرسـیم وتیان تایە بە ٣٢٠٠ دینارە، ئەوەش پارەیەکی زۆرە، پاتریـەکی یابانیم بـە هەزار دینار بۆ کڕی، دوو سەرە پاتریم بە ٥٠ دینار کڕی.

له تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان بەبۆنەی جەژن بە تەلەفۆن راستەوخۆ داوای گـۆرانی دەکـرا، بەرنامــەکان خــۆش بــوون، بەهــەمان شــێوەش بەرنامەی لەو جۆرە لە رادیۆی مەڵبەندی سێ هەبوو.

کارەبا باشە، ٢٤ سەعات هەیە، ئاویش هەیە و زۆرە.

ئیمـڕۆ لـە دهـۆک پەرلـەمانتار و ئەنـدامی سـەرکردایەتی بزوتنـەوەی دیموکراتی ئاشووری فرنسیس لە دهۆک تیرۆرکرا.

<u>٢ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

عەلی برای مام رۆستمی جیرانمان لە ئەمریکا گەڕابۆوە، حەزی دەکرد تابلۆی باش بکڕێت، بۆیە من بردمە ماڵی هونەرمەندی هاوڕێم محەمەد عارف، لەوێ دوو تابلۆی لێ کڕی، ئەو لەپاش نسکۆی ساڵی ١٩٧٥ەوە لە ئەمریکا دەژیت، تابلۆیەکیان وێنەی ژنێک بوو، وتی ئەوەیانم بەیادی دایکـم دەوێـت، بـە هـەردوو تابلۆکـە دووسـەد دۆلاری پێـدا، ئەودەمانـە پارەکە زۆر بوو.

دۆلار نرخی بەرزە و خواردەمەنی گرانە.

کۆبـوونەوە لـە ژەنێـف بـۆ فریاکـەوتنی کـوردی عێـراق بەردەوامـە، بـەنیازن کارئاسـانی بکـەن ٥٠٠ ملیۆن دۆلار پەیدا بکـەن، رەنگـە بریتانیـا یەکەم دەوڵەت بێت پارە تەرخان بکات.

حکومـەتی تورکیـا رایگەیانـدووە لـەو شـەڕانەی دواییـدا تـوانراوە سـەد ئەندامانی پەکەکە بکوژن، چەند رۆژە لـە ناوچـە شـاخاوییەکان شـەڕەکان گەرمە و گەمارۆی چەکداران دراوە.

<u>٣ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

یـادی دامەزرانـدنی یەکێتیـی لـە هـەموو کـەناڵ، لـە هـەموو رووێکـەوە بایەخی زۆری پێدراوە.

لە کۆبوونەوەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، دەنگ بەوە درا ئێران مافەکانی مرۆڤ پێشێلدەکات، ئێستاش بانگەواز بڵاودەکاتەوە نووسەری بریتانی سولمان روشدی بکوژێت.

دەنگی ئەمریکا بڕیاردەدات لە رۆژی ١٤ ی یونیۆدا بەرنامە کوردییەکی لە سەعات چوار و نیوی ئێوارە پەخش بکات.

گۆڤاری سەرهەڵدانی مەلبەندی بادینانی یەکێتیی ژمارەی سێیەمی دەرچوو.

## ٤ ی یونیۆی ١٩٩٣

(کوردستانی نویَ)ی ژمارە ٤٠٤ دەرچوو. ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بەیادی یەکەمی دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان. رۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦١ دەرچوو.

بۆ بەشداری لە کۆنگرەی حزبی سۆسیالیستی نەمسا کاک مەسعوود دەگاتە نەمسا.

دۆلار نرخی بەرز دەبێتەوە، سەد دۆلار دەگاتە ٤٦١٠ دینار، بۆیە نرخی یەک کیلۆ شەکر دەگاتە ١٨ دینار، دیارە پارەدارەکانی ئێرانی لە بازاڕدا دۆلار بە پارەی پێنجی و دەی سویسری دەکڕن، بازاڕی پارەی ٥ و ١٠ کزە و پارەی عادی بەرزدەبێتەوە، رەنگە نرخەکەی لەگەڵ پارە ئەسلی وەک یەکی لیَ بێت، دەڵێن لە بازاڕەکانی شاری موسڵ سەد دۆلار بە ٧٨٠٠ دینارە، رەنگە لێرەش بگاتە ئەو نرخە. گرانی لە بازاڕدا هەیە، بەڵام سەوزە هەرزانە، ئیمڕۆ یەک فەردە کوودیم بە ٢٥ دینار کڕی، کیلۆی خیار بە شەش دینارە.

## ٥ی یونیۆی ١٩٩٣

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٦١ دەرچوو.

هەواڵەکان وا رادگەیێنن، لە شەڕێکدا لەنێوان سوپای تورکیا و پەکەکە، ٢١ چەکداری پەکەکە و ٣ سەربازی تورک کوژراون.

ئاژانسەکان: ئەو کەسانەی ویستبوویان سەرۆک بۆش لە کویت بکوژن عێراقی بوون، هەردووکیان ئەفسەری سوپای عێراقن، دانیان بە تاوانەکەیان داناوە.

<u>٦ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤٠٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٢ دەرچوو.

دۆلار زۆر بەرزە، کاریگەری لە سەر بازاڕ و نرخی خواردەمەنی زۆرە، خەڵکەکە تەنگاو بووە، بۆیەش حکومەتی هەرێم چەند کۆبوونەوەی کردووە، باس لەوە دەکرا چارەسەرێک بدۆزنەوە، دیارە ە حکومەتی عێراقی رۆڵی زۆری هەیە، چونکە پارەکە لە دەستی ئەوە و دەتوانێت هەمووی لغو بکاتەوە، نازاندرێت رەوشەکە دەگاتە کێندەرێ، لە کوردستان مامەلە لە بازاڕ و مووچەکان و گومرگەکان هەموو بە پارەی ئەسلییە، بۆیە سەرەتا زوو بازاڕی دۆلاریان داخست، مامەلەی پارەیان راگرت، ئەوەش زۆرتر وەزعەکەی بازاڕی ئاڵۆزی دەکرد، بەلام دەبووایە چارەییەک بدۆزنەوە، چونکە مامەلەی کڕینی خواردەمەنییەکان لە تورکیاوە هەموو بە دۆلارە، بازاڕ بە پارەی ئەسلی دەفرۆشێت و پارەکە دەکاتەوە دۆلار و دەچێتە زاخۆ و باری نوێی خواردەمەنی پێ دەکڕێتەوە.

وەزیری راگەیاندنی تورکیا دەڵێ شەڕەکانمان دژ بە پەکەکە بەردەوامە هەتا ئەو حزبە و چەکدارەکانی بنبڕدەکەین، لەو شەڕانەدا سێ سەربازمان کوژراوە و هاولاتیەکیش کوژراوە.

کوێت رادەگەیەنێت پێنج هاوڵاتی کوێتی لەسێدارە دەدات کە رۆژانی داگیرکردنەکە یارمەتی سوپای داگیرکەری عێراقیان داوە.

سۆماڵییەکان هێرشیان بردووتە سەر سوپای نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ چەسپاندنی ئاشتی و گەیاندنی ئازووخە لەوێ کارکەرن، لەو شەڕەدا ٢٧ سەربازییان کوشتووە، سەربازەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانیش هاوڵاتی پاکستانین. ئەوەش بە گەورەترین دەستدرێژی بۆ سەر سوپای نەتەوە یەکگرتووەکان دەژمێردرێت.

١٥ هەزار دینارم بۆ مەسرەفی رۆژنامەی هەولێر لە ژمێریاری وەرگرت.

<u>٧ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤٠٦ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٣ دەرچوو.

دەنگی ئەمریکا: شەڕ و پێکدادانەکانی سوپای تورکیا و پەکەکە بەردەوامە، ئەوان دەڵێن تا ئێستا چوار هەزار چەکداری پەکەکە ئەوانەی هیچیان لەسەر نییە تەسلیم بوونەتەوە، سەرۆکی حزبەکەش عەبدوڵا ئۆجەلان بە ئاژانسی فرانس پرێسی راگەیاندووە لەورۆژانە پرۆژەیەکی چارەنووسساز رادەگەیەنێت.

لە پارێزگای هەولێرەوە ئاگاداری فەرمانبەران کرایەوە کە نوێنەری دائیرەکان بێنە سایلۆی هەولێر و بەشە گەنمی خۆیان وەرگرن. گوایە لە سایلۆ گەنم ماوەتەوە و دەیانەوێ وەک یارمەتی بیدەنە فەرمانبەران، هەرکەسە و ٧ کیلۆی بەش دەکات.

۸ی یونیۆی ۱۹۹۳

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٤٠٧ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٤ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارەیەکی تری دەرچوو.

بازاڕی دۆلار لە شێخەلا هەر داخراوە. خواردەمەنیش هەر گرانە و یەک گالۆن بەنزین بە ٣٥ دینارە. یەک فەردە ئارد لە نێوان ٧٠٠ تا ٨٠٠ دینارە و هەزار دۆلاریش بە ٤٣٠٠ دینارە، گوزەرانی خەڵکەکە زۆر پەریشانە.

لە ناو خەڵکی قسەی وا هەیە گوایە لە ژەنێف دانوستان لە گەڵ حکومەت هەیە، تاریق عەزیز مام جەلال و کاک مەسعوود دەبینێت، بەلام دیارە قسەکان هیچ بناخەیەکی راستی نییە، تەنیا قسەی خەڵکە.

۹ی یونیۆی ۱۹۹۳

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٤٠٨ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٧٨ دەرچوو.ژمارەیەکی نوێی رۆژنامەی (ولات) دەرچوو، ئەو ژمارەیە بەخۆڕایی دابەشدەکرا، ژمارەکە تایبەتی بوو بەیادی شەهیدبوونی رۆوف کامیل ئاکرەیی سکرتێری رێکخراوی تێکۆشین. گۆڤاری (کادر) ژمارە ٣٢ ی دەرچوو.

(میدیا) گۆڤارێکی سەربەخۆیە، لەشاری سلێمانی و بەرۆنیۆ دەردەچێت، ژمارەی دووەمی دەرچوو. گۆڤاری (رینیسانس) بەرۆنیۆ ژمارەی یەکەمی دەرچوو، گۆڤارەکە سیاسییە تیورییە.

عەبدولا ئۆجەلان بە ئاژانسەکانی راگەیاند پاش ئەوەی حکومەتی تورکیا ئاگربەستەکەی ئێمەی قبووڵ نەکرد، بڕیاردەدەین شەڕ بەقورسی دەستپێبکەینەوە، بۆ ئەو شەڕەش دە هەزار چەکدارمان ئامادەیە، لەناو تورکیاش شێست هەزار چەکداری سازمان هەیە، بۆیەش هوشیاری

دەدەینە بێگانەکان لە ناوچەکە دووربکەونەوە و ئەمجارەش ئاستنبۆل و ئەنقەرەش دەکەینە مەبەست.

**١٠ی یونیۆی ١٩٩٣**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٤٠٩ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٥ دەرچوو رۆژنامەی (هەرێم)ی ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

**١١ی یونیۆی ١٩٩٣**

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٤١٠ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٦ دەرچوو.

عەبدولا ئۆجەلان بە رۆژنامەی ئەلحیاتی لەندەنی راگەیاندبوو، کە ئەو شەڕی ئەوجارە بۆ چەسپاندنی ئاشتییە، بەو بانگەوازە ئێمە هەموو بنکە و شوێنە بازرگانی و گەشتوگوزارەکانی تورکیا لە مەترسیی دایە، لەو شەڕەدا بە هیچ شێوەیەکی کەسانی مەدەنی ئامانجمان نییە و زیان بەوان ناگەیێنین، سەبارەت بە کارەساتەکەی بنگۆل ئێمە لێکۆڵینەوە دەکەین، بەڵام ئەوەش مانای ئەوە نییە جارێکی تر ئاگربەست ناکەین، ئامادەین دووبارە شەڕەکەمان راگرین.

دووبارە قەیرانی دەزگاکانی حکومەتی عێراقی و پشکێنەرەکان سەری هەڵداوەتەوە، ئەوان ویستوویانە بۆ پشکنین بچینە شوێنێکی تایبەتی لەلایەن پیاوانی حکومەتەوە رێگایان نەدراوە، بۆیە پشکێنەرەکان دەڵێن دەست لە کارەکە هەڵدەگرین و دەگەرێنەوە.

**١٢ی یونیۆی ١٩٩٣**

(برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٧ دەرچوو. (الاتحاد)ی ژمارە ٣١ دەرچوو.

بەیانی جیابوونەوەی حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پەیڕەوی یەکگرتن دەرچوو، ئەوەش لە کەشوهەوایەکی ئارام و لە یەکتێگەیشتنەوە بووە، ئەو دوو باڵە جیابوونەوە، ئەوەی شایانی باسە پەیرەوی یەکگرتنەوە، ئالاّی شۆرش بوو کە لەگەڵ حزبی زەحمەتکێشان یەکیان گرتبوو، وا دووبارە مەلا بەختیار و کادیرە کۆنەکانی ئالاّی شۆرش جیادەبنەوە، بەلاّم ئەمجارە بەناوی پەیڕەوی یەکگرتن جیادەبنەوە. رەنگە ئەوانە بچنەوە ناو یەکێتیی، کە جاران لە شاخ لە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان جیاببوونەوە.

__١٣ی یونیۆی ١٩٩٣__

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٤١١ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٦٨ دەرچوو. (ئالاّی ئازادی) ژمارە ٧٦ دەرچوو.

خەریکی سازکردنی بابەتەکانی ژمارەیەکی تری رۆژنامەی هەولێرم. دوێنێ لەگەڵ سەرۆک شارەوانی سەردانی وەزیری ئەوقافمان کرد، تا فەتوایەک بۆ شارەوانی هەولێر وەرگرێت ئەگەر بەشێکی لاچەپ و رووخاوی گۆڕستانی چراخ هەڵگرین و زەوییەکەی بکەینە پرۆژەیەک بۆ خێری شارەوانی، وەزارەتی ئەوقاف لارییان نەبوو، بەلاّم رەزامەندی یەکێتیی زانایانی ئاینی کوردستانی دەویست، ئەوەشیان ئاسان نییە.

مام جەلال لە سوریا چاوی بە ئەلحەکیم دەکەوێت.

کارەبا بەردەوام هەیە.

__١٤ی یونیۆی ١٩٩٣__

(کوردستانی نویێ)ی ژمارە ٤١٢ دەرچوو. (برایەتی) ژمارە ١٦٦٩ دەرچوو. رۆژنامەی (رێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

ژمارەیەکی نوێی رۆژنامەی (هەولێر)مان دەرکرد،

بەشی کوردی دەنگی ئەمریکا کاتی پەخشەکەی لەبەیانییەوە بووە ئێواران، لە سەعات چوار و نیوی ئێوارە پەخشی دەستپێکرد، پەخشەکەش لەسەر شەپۆلی کورتە.

کوردستانی نوێ: وارین کریستۆڤەر داوای لە حکومەتی تورکیان کردووە، ماوەی هێزەکانی پاراستنی کوردەکان بکاتە دووساڵ یان سێ ساڵ.

بەهای سەد دۆلاری گەیشتە ٤٨٣٠ دیناری ئەسلی، یەک کیلۆ شەکر بە ٢٠ دینارە و کیلۆیەک ئاردیش بە ٨ دینارە.

گەنم بڕی باش نەبوو، داهاتەکەی کەم بوو، ئەوە دووەمجارە وەزارەتی دارایی نرخی کڕینی گەنم لە سایلۆ بەرز دەکاتەوە بەڵام کەس گەنمەکە تەسلیم ناکات، چونکە ئەوان تەنها سێ هەزار دینار دەدەنە یەک تۆن و لە بازاڕیش بە پێنج هەزار دینارە. جۆ تۆنی بە ٦٠٠ دینارە خەڵکی بە تەنکە بۆ نان جۆ دەکڕن، یەک تەنکە جۆ بە ٢٠ دینارە.

هێزەکانی ئەمریکی و هاوپەیمانەکان لە شاری مقادیشو دەدات.

لە ژەنێف کۆنگرەیەکی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ بۆ ماوەی دە رۆژ دەبەسترێت.

<u>١٥ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤١٣ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٧٠ دەرچوو.

ئیمڕۆ دۆلار دابەزی لە ٥٠٠٠ دینار گەیشتە ٤٠٠٠ دینار، بەڵام دوایی گەیشتەوە ٤٤٠٠ دینار. پارەی ٢٥ ی ئەسلی ئێستا پارە دەکات هەزاری بە ٧٠٠ و ٨٠٠ دینارە.

بەردەوام رۆژنامەکانی بەغدا باسی بەرپرسەکانی حکومەتی هەرێم و حزبەکان دەکات، قسەیان بۆ هەڵدەبەستێت، ئیمرۆ رۆژنامەی ئەلعراق باسی قادر عەزیزی سکرتێری حزبی زەحمەتکێشانی کردبوو.

لەژمارەی ئیمڕۆی رۆژنامەی بۆ پێشەوە زۆر لایەنی ئاڵۆزی ئابووری خەڵکەکە و باری گرانیان و گلەییەکان دەکات.

یەکێتیی بێکارانی کوردستان لە بەر گوزەرانی خراپی خەڵکەکە و گرانی بازاڕ و نەبوونی کار، بە نیازن خۆپیشاندانی هێمنانە سازبکەن، بەڵام وەزارەتی ناوخۆ بەیانێک بڵاودەکاتەوە بوارنادەن ئارامی شارەکە بشێوێنن، ئێمە کاردەکەین گوزەرانی خەڵکەکە باش بێت.

<u>١٦ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤١٤ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٧٩ دەرچوو.

کاک مەسعوود گەیشتە تورکیا لەوێ دیمانەی سلێمان دیمیریلی کردووە، لەو دیمانەیەدا داواکار بووە حکومەتی تورکیا ماوەی مانەوەی هێزەکانی هاوپەیمانان درێژ بکاتەوە و بەردەوام هاوکاریمان بکەن.

لە نەخۆشخانەی هەولێر و لەبەشی خوێن دەستەیەک لە کارمەندانی خوێن وەرگرتن هاتنە شارەوانی و داوایان لە فەرمانبەران دەکرد خوێن بدەنە ئەو منالانەی نەخۆشی تالاسیمیایان هەیە، ئەو تیمە سەردانی قیادەی ناوچەی هەولێری پێشمەرگە و بەندینخانەشی کردبوو، ئەوان وتیان لەشاری هەولێر نزیکەی ٢٠٠ منالی نەخۆشمان هەیە، بەردەوام و بەو شێوەیە خوێنیان بۆ پەیدا دەکەین، ئەگەر خوێنیان نەدەینێ ژیانیان دەکەوێتە مەترسییەوە. بۆ ئەو مەبەستەش داوامان لە چەندان رێکخراوی تەندروستی خێرخوازی بێگانە کردووە، لەوانە سویدییەکان بڕیارە

یارمەتیمان بدەن. ئەوان لەگەڵ خۆیاندا دوو منداڵیان هێنابوو، من و چەند فەرمانبەرێک خوێنمان دانێ، وتیان ناسنامەی خوێنبەخشینتان بۆ دەکەین.

۱۷ی یونیوی ۱۹۹۳

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤١٥ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ۱٦٧۱ دەرچوو. رۆژنامەی (المؤتمر)ی ژمارە ٥ دەرچوو.

دەنگی ئەمریکا: لەسەر داوای نەتەوە یەکگرتووەکان و بۆ فرۆشتنی پترۆڵی عێراقی تا پارەکەی بۆ فریاکەوتنی عێراقییەکان سەرف بکرێت، بڕیارە تاریق عەزیز بچێتە ژەنێڤ، لەوێ دیداری کاربەدەستانی نەتەوە یەکگرتووەکان بکات، لەسەر ئەو مەسەلەیە خێرخوازییەدا دانوستان بکەن.

بیل کلنتۆن بە نووسراوێکی رەسمی وەڵامی سیناتۆرێکی ئەمریکی دەداتەوە، کە داوای کردبوو، بە هەموو شێوەیەک کۆمەکی کوردەکان بکرێت و هەموو جۆرە یارمەتییەکیان بۆ ساز بکەن، ئەو لە نامەکەیدا نووسیبووی: وەزارەتی دەرەوە و بەرگری کاردەکەن کوردەکان بپارێزن، کاریش دەکەن فریاکەوتنیان بۆ ساز بکەن، دڵنیاین کە سەدام ناتوانی سەرپێچی بڕیارەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە ٦٨٨ بکات، کە کریستۆڤەر کاک مەسعوود و مام جەلالی دیوە، پێی راگەیاندبوون کە ئەمریکا بەردەوامە لە سەر کۆمەک و پاراستنی کوردەکان. دەنگی ئەمریکا.

حکومەتی ئەمریکی گلەیی لە مەملەکەتی ئوردنی هەیە کە رۆژانێک پاڵپشتی سەدام حوسێنی کردووە، کار ئاسانی بۆ وەرگرتنی چەک و مەشقی سەربازیش کۆمەکی کردووە. دەنگی ئەمریکا.

دۆلار بە ٤٥٠٠ دینارە.

ڕۆژنامەنووسێکی هۆلەندایی هاتە شارەوانی هەولێر، دەیویست باسێک لەسەر گۆڕستانی شارەوانی (کارگەی قیر) ساز بکات، ئەو گۆڕستانەی بە فەرمانی حکومەت شارەوانی تەرمی کوژراوی دەستی ئەمن و دەزگاکانی حکومەتیان دەشاردەوە، منیش ژنە ڕۆژنامەنووسەکەم گەیاندە لای (حاجی حمە سەعید) ئەوەی ئەو تەرمانەی دەشووشت و سەرپەرشتی ناشتنیانی دەکرد و شارەزایی لەو مەسەلەیە هەبوو.

__١٨ی یونیۆی ١٩٩٣__

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤١٦ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٧٢ دەرچوو. ڕۆژنامەی (وڵات)ی ژمارە ٤ دەرچوو.

ڕۆژنامەی (ڕێگای ڕەنجدەران)ی یەکێتیی تێکۆشین ژمارە ٣ ی دەرچوو، ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بە یادکردنەوەی سکرتێرە شەهیدەکەیان ڕؤوف ئاکرەیی.

بڕیارە مام جەلال بگاتە تورکیا، بەڵام بەو هەواڵەی کە ئیمڕۆ لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ بڵاوکراوەتەوە، کە لە بی بی سی وتراوە مام جەلال دووبارە دەگەڕێتەوە ئەوروپا. کاک مەسعوودیش هەر لە تورکیایە.

لە هۆڵی میدیا و بە ئامادەبوونی نوێنەرایەتی هەموو حزبەکانی کوردستانی و عێراقییەکان هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی کۆنگرەی بەستا، نیاز وایە لەو کۆنگرەیەدا حزبی شیوعی کوردستان دامەزرێنن.

__١٩ی یونیۆی ١٩٩٣__

ڕۆژنامەی (برایەتی)ی ژمارە ١٦٧٤ دەرچوو. ڕۆژنامەی (الاتحاد)ی ژمارە ٣٢ دەرچوو. ڕۆژنامەی (ئاڵای ئازادی)ی ژمارە ٧٧ دەرچوو.

ئیمڕۆ دۆلار دابەزی بۆ ۳۰۰۰ دینار، دەڵێن پترۆڵی عێراق دەڕوات، بۆیە هەرزانی کەوتە بازاڕ و کیلۆی شەکر بە ۲۵ دینارە، خیار بە ۲ دینار، تەماتەش بە ٦ دینارە.

کاک مەسعوود مێوانداری چەند کوردێکی باکوور دەکات، لەسەر رەوشی ئیمڕۆ کوردستان قسەیان بۆ دەکات.

لەگەڵ (عەبدولرەحمان فەرهادی) بۆ دیمانەی سێ رۆشنبیری کوردی باکوور چووینە هوتێلی شیرین پالاس، ئەو بۆ رۆژنامەی کوردستانی نوێ دیمانەی دەرکردن. من پرسی (یەشار کەمال)م لێیان کرد، یەکێکیان گوتی: رۆماننووسی گەورەی تورکیا یەشار کەمال خۆی کوردە، بەڵام بە زمانی کوردی قسە ناکات، من بە کوردی قسەم لەگەڵدا کردووە، ئەو وەڵامەکەی بە تورکی بووە. لە نووسەرە گەورەکانی تورک عەزیز نەسین لە تاواندنەوەی زمان و فەرهەنگی کوردی بێدەنگ بوو، بەڵام ئیسماعیل بێشکچی زۆر جار وتوویەتی بەس نییە وا بەچەک و هێرشەکان قڕیان دەکەن، دەتانەوێ زمان و کولتوورەکەشیان بسڕنەوە. تورکەکان دەڵێن بێشکچی نۆکەری ئینگلیزە، بۆیەش چاویشی شینە و سیماکەی لەوان دەکات، لەسەردەمی کەمال ئەتاتۆرک ئەوەی خۆشیان نەویستبووایە پێیان وت بەکرێگیراوی ئینگلیز. لەو سەفەرەدا مەبەستمان کردنەوەی مەڵبەندی رۆشنبیری لە کوردستان، ئێمە کۆرسی زمانی کوردیمان هەیە، خەڵکی فێری نووسینی کوردی دەکەین. یەکێکیان وتی: من هەرگیز بۆ کەس چەپڵەم لێ نەداوە، بەڵام بۆ ئەو حکومەتەی هەرێمی کوردستان لەخۆشیاندا نیوە چەپڵەم بۆیان لێداوە، ئەگەر لەداهاتووش حکومەتی یەکگرتووی کوردستان دامەزرێت من چەپڵەی تەواو لێ دەدەم. ئەوان گوتیان هونەرمەند (یەلماز گونا)ی سەرەتا کەسێکی چەپ بوو، باسی مەسەلەی نەتەوەیی کوردی نەدەکرد، بەڵام دوایی هەڵوێستی گۆڕا و فیلمی لەسەر کورد و کێشەی کوردستان و چەوسانەوەی کوردەکانی

چێکرد. وەفدەکە نوێنەری مەڵبەندی میزوپۆتامیای کوردی بوون لە تورکیا، لەوانە ئیبراهیم گوریس و دکتۆرە فلیس ئۆغۆن و فەقێ حوسێن بوون، ئەوان گوتیان سەرەتا ئەو مەڵبەندە لەلایەن ئیسماعیل بێشکچی بەناوی شەریکەتی میزوپۆتامیا هاتە چاکردن، ئێمە ئێستا مۆڵەتەکەمان بەناوی ئەوانە. یەکێکیان وتی ئەگەر چیرۆکی ژانی گەلی مامۆستا (ئیبراهیم ئەحمەد) بخوێنیتەوە دیارە پاڵەوانەکە بەرێکەوت دروست دەبێت، هەڵکەوتنی یەشار کەمالیش لەو جۆرەیە، فەقێ حوسین گوتی: دەوڵەت باوکی ئەوی کوشتووە، ئینجا ئەو هەستی کوردایەتی نییە، چەند جار ئەوەم بەبیر دەهێنایەوە، بەڵام ئەو کەسێکی چەپە و هەستی کوردایەتی لاوازە. دیارە ئەندامانی وەفدەکە لەلایەن سەرۆکی حکومەت کۆسرەت رەسوڵ پێشوازییان لێکرابوو، ئەوانیش داوای مۆڵەتی کردنەوەی لقی مەڵبەندەکەیان بوون لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک، وتیان ئارەزوومانە مەڵبەندەکەمان لە هەموو بەشێک و لە هەموو شارێکی کوردستان لق و بارەگەمان هەبێت. دیمانەکە خۆش بوو، ئەوان زۆریان قسە کرد و ئێمەش پرسمان زۆربوو، بۆیە ماوەی یەک سەعات ماینەوە.

<u>٢١ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستان نوێ)ی ژمارە ٤١٨ دەرچوو. (برایەتی)ی ژمارە ١٦٧٥ دەرچوو.

بەبۆنەی یەکی موحەرەم ئیمرۆ پشوو بوو.

ئیمرۆ کاک مەسعوود بە فرۆکەیەکی هاوپەیمانان گەڕایەوە کوردستان، سەرکردایەتی هەردوو حزب لە سەلاحەددین پێشوازییان کرد، ئەو بە کورتی وەڵامی رۆژنامەنووسانی دایەوە، لە وەڵامدا گوتی: بەڵێنی زۆرمان پێدراوە، دەڵێن پارێزگاریتان دەکەین، لەو بەڵێنانە بۆ

کوردستان هیچی ترم پێ نییە. لە قسەکانیدا هیوایەکی گەرم بەدی نەدەکرا.

دووبارە دۆلار بەرز دەبێتەوە و نرخی گەیشتەوە ٣٥٠٠ دینار، بازاڕ شپرزەیە و کیلۆی شەکر گەیشتە ١١ دینار، ئێوارەکەی گەیشتە ١٦ دینار، دۆلارفرۆشەکانیش لەو دابەزین و هاتنەخوارەوەی دۆلار نیگەرانن.

تاریق عەزیز لەگەڵ سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان دکتۆر (پوترس غالی) دادەنیشێت، دەڵێن دیمانەکە باش بووە و ئەو جۆرە دیدارەش بەردەوام دەبێت.

دەنگی ئیسرائیل: پاش مانەوەی ١٢ ڕۆژ لە سوریا مام جەلال دیمشقی جێهێشت.

<u>٢٢ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(ڕێگای کوردستان) ژمارەیەکی نوێی دەرچوو.

ئیمڕۆ خەڵکی زۆر باسی لێدوانەکەی کاک مەسعوودیان دەکرد، دڵیان خۆش نەبوو، دۆلار بەرزدەبێتەوە و دەگاتە ٤٢٥٠ دینار.

<u>٢٣ی یونیۆی ١٩٩٣</u>

(کوردستانی نوێ)ی ژمارە ٤١٩ دەرچوو. (خەبات)ی ژمارە ٦٨٠ دەرچوو.

کۆتایی

## شێرزاد هەینی

لە دایکبووی: ١٩٥٥ هەولێر.

دەستپێک: سەرەتای حەفتاکان.

ئاستی خوێندن: خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە هەولێر تەواوکردووە. دەرچووی ئامۆژگای تەکنەلۆژیای (رووپێوی)، بەغداد.

کارنامە: خانەنشین

* هەنووکە لە وڵاتی سوید دەژی.

بەرهەم و چاپکراوەکانی:

١. لەیادی سەد ساڵەی شارەوانیدا، بە یارمەتی ئەمینداریێتی رۆشنبیری و لاوان لە چاپدراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی عەلا، هەولێر، ١٩٨٥، قەبارە: (١٧×٢٤) سم، نرخ: (١٥٠٠) فلس.

٢. هەر لەشارەوانیدا، ١٩٩٤ (١٢) ژمارەی رۆژنامەی هەولێری دەرکردووە.

٣. کەلاوە، ریپۆرتاژ، بۆ ئۆردوگاکانی دەڤەری هەولێر، چاپی یەکەم، ١٩٩١.

٤. دیوەخانی فلێن، رۆژانەو رێپۆرتاژ، چاپی یەکەم، ١٩٩٩.

٥. هەولێر.... تا دبلن، رێپۆرتاژ، چاپی یەکەمن، بڵاوکراوەکانی رۆژنامەی "ئاڵای ئازادی"، چاپی یەکەم، هەولێر، ١٩٩٦، ٨٨ لاپەرە. چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری هاڤیبوون٢، زانکۆی ئازادی بەرلین، ٢٠٠٠.

٦. بەغداد.... بۆ هەولێر، ریپۆرتاژ، چاپی یەکەم، سوید و سلێمانی، ٢٠٠٠.

٧. مەملەکەتی فارگۆنەکان، ریپۆرتاژ و رۆژانە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٠، ٩٠ لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و

بڵاوکرنەوەی بەدرخان، چاپخانەی هاوسەر، هەولێر، ٢٠٠٦، ٢٥٤ لاپەرە، (١٤×٢٠)سم، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.
٨. کاکە ئەبو ئیسماعیل، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
٩. گابریل گارسیا مارکیز، بەسەرهاتی دەریاوانێکی خنکاو، بڵاوکراوەکانی گۆڤاری ئایندە، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠١.
١٠. دە رۆژەکەی هەولێرم، وتار و ریپۆرتاژ، هەولێر گۆڤاری گوڵان، ئوستراليا رۆژنامەی کورد، ٢٠٠١.
١١. سیڤییەکان ١، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، کۆمەڵە دیدارێکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٢ _ ٢٠٠٩.
١٢. سارد یان گەرم، چاپکراوەکانی دەزگای هەواڵ بۆ رۆژنامەوانی و راگەیاندن، چاپی یەکەم، ٢٠٠٥، ١٠٥ لاپەرە، قەبارە: (٢٢×١٠.٥)سم.
١٣. نێلسۆن ماندێلا، گەشتە دوورەکەم لە پێناوی ئازادیدا، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٨٦ لاپەرە.
١٤. مەملەکەتی کەلاوەکان، وتار و پێناسەی بیناسازی کوردییە، کتێبی گیرفان، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٥، ٢٤ لاپەرە.
١٥. کۆریا: پێناسە و شارەزابوونی وڵات و میللەتی کۆریایە، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای وەرگێران، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.
١٦. ستیفان بروشفیلد، پول ئا. لیڤین، هۆلۆکۆست: ئاگاداری نەوەکانتانی پێبکەنەوە، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٧.

١٧. دوو برێنسیسی نازداری بێناز، دیانا و ماساکۆ، وەرگێران و ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ١٧٦ لاپەرە.

١٨. مارتن لۆسەر: بەشێکە لە کتێبی ناتوندوتیژی، وەرگێران و ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی سەنتەری مەسەلە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨.

١٩. بیار بیون، بەرەو کۆشکی ئالیزی، شیراک و سارکۆزی و روایال، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_ بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی روون، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٤٣ لاپەرە.

٢٠. ٩٥٥ دەقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەس، دیمانە، بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، چاپخانەی تیشک، هەولێر، ٢٠٠٨، ٣٣٣ لاپەرە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی جەمال عیرفان، سلێمانی، ٢٠١٥.

٢١. دۆلار لە ئەمریکا، دوو بابەت لەسەر پارە و سەرمایە و بانک لە ئەمریکای نوێدا، ئامادەکردن و وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٨، ٢٢٣ لاپەرە.

٢٢. کریستۆفا دلوار و کریستۆف دۆبوا، سێکس و پۆلەتیک: دیوێکە لە ژیانی دبلۆماتی فەرەنسای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٨، ٢٢٤ لاپەرە.

٢٣. مەجبور گێرانەوەی دوێنێی نزیکە!، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرێتیی رۆژنامەنووسی و چاپ بڵاوکردنەوە، چاپی

یەکەم، چاپخـــانەی رۆمـــان، ســـلێمانی، ٢٠٠٨، ١٢٨ لاپەرە، قەبـــارە: (٢٠.٥×١٤.٥)سم.

٢٤. تەها حوسێن، نابینایەکی بینا، ئامادەکردن، دۆسیەیەک لە گۆڤاری نما، هەولێر، ٢٠٠٨.

٢٥. سارا پالین، ژنێکی دەرچوو لە نەریتەکان/ ژیانی هاووڵاتییەکی ئەمریکاییە، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٨، ٩٥ لاپەرە، قەبارە: (١٩×١٢.٥)سم.

٢٦. کامیلیـــانە ئەنتفـــایفر دو فرانســـوا نیکۆلـــۆ و منـــی لنـــی، مـــن رۆژنامەنووسم، جاسووس نیم، وەرگێران لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سیمانی، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپەرە، قەبارە: (٢٠×١٤)سم، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.

٢٧. ترێنە خێراکەی رۆژهەڵات، وەرگێران، بڵاوکراوەکانی دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی (دهۆک)، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، ١٣٦ لاپەرە.

٢٨. کـــاکە ئەبـــو خەلیـــل، ســـەربردە و ریپۆرتـــاژ و روداو، لە بڵاوکراوەکانی پاشکۆی رەخنەی چاودێر، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢١٦ لاپەرە، قەبارە: (٢٢×١٤.٥)سم، نرخ: (٢٥٠٠)دینار.

٢٩. خوان ئایریاس، دانپێدانانەکانی حاجی پاولۆ: دیمانەیەکە لەگەڵ نووسەر و فەیلەسوفی بەرازیلی پاولۆ کۆیلۆ، وەرگێران لە عەرەبییەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٠٩، ٢٧١ لاپەرە.

٣٠. ســـەلام ئەلئیمـــام، مۆســـاد، وەرگێـــران لە عەرەبیـــیەوە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٩، چاپی

دووەم، هەولێر، ٢٠١٠، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣، ٢٨٨ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠) دینار.

٣١. سەلام ئەلئیمام، حیکایەتەکانی غەدر و خوێن: بەشێک لە گێرانەوەی تیرۆرە گەورەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_بەرێوەبەرایەتی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٩، ٢٨٦ لاپەرە.

٣٢. غەسان شەربل، نهێنییەکانی سندووقە رەشەکە، ئامادەکردن، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان/ بەرێوەبەرایەتی گشتیی رۆژنامەنووسی و چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠٠٩، ٩٤ لاپەرە.

٣٣. دەسەڵات و نەخۆشی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری_خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ٢٠١٠.

٣٤. میخائیل دارمۆن و ئێیف دیریە، برادەرە جوانەکە ... رەشیدە داتی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٣٦ لاپەرە.

٣٥. کارۆلین جیسوب، دەربازبوون، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠، ١٢٠ لاپەرە.

٣٦. سیاسەتی دڵ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٧. گەشتێک بەرەو ئەوروپای نوێ، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠١٠.

٣٨. ئەمـال عەویـزە، مافیـا: دەوڵەتـی سـامان و خـوێن، ئامـادەکردن و وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چـاپ و بڵاوکـردنەوەی ئـاراس، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠١٠، ١٥٥ لاپەرە، ، بایی: (٤٠٠٠) دینار، قەبارە: (١٩ × ١٢)سم.

٣٩. جیهـــان لە دیـــدی کۆشـــنێر، وەرگێرانـــی لە عەرەبیـــیەوە، بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری لێکـۆڵینەوەی فیکـری و ئەدەبـی نمـا، چاپـی یـەکـەم، هەولێر، ٢٠١٠.

٤٠. سـیڤییەکان ٢، کۆمەڵێک راز و دیمـانە، وەرگێـران، چاپکراوەکـانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١١.

٤١. مهنـــاس کراماشـــاد، غانـــدی، چیرۆکـــی ئەزموونەکـــانم لەگەڵ حەقیقەتـدا، وەرگێرانـی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١. سێ جار چاپ بووە.

٤٢. بیۆگرافیـای ئـامووس ئۆز، چیرۆکێک لە خۆشەویستی و تـاریکی، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ٨٠٠ لاپەرە.

٤٣. کـازیوە ژنەکەی نـاو فێسبوک، نۆڤلێت، بڵاوکراوەکـانی سـەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نمـا، چاپـی یـەکـەم، چاپخانـەی شـەهاب، هەولێر ٢٠١١.

٤٤. هینینـگ مانکیـل، سـەگەکان لە رێگـا، رۆمـان، وەرگێرانـی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١، ٣٠٤ لاپەرە، قەبارە: (١٧×٢٤)سم.

٤٥. ئەسـتێرە سـەرگەردانەکە، رۆمـان، وەرگێرانـی لە عەرەبیـیەوە، بڵاوکراوەکـانی کتێبخـانەی ئـاوێر، چـاپی یەکەم، چاپخـانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١١.

٤٦. عەلی بەدر، تووتنەوانەکە: بەسەرهاتی جوولەکەیەکی عێراقییە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١١، ٤١٥ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠) دینار.

٤٧. عەلی بەدر، بابا سارتەر، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی ئاوێر، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٢، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٤٨. بودوان بۆلایر و مارک رۆش، دەسەڵاتی دوو ژن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان، چاپی یەکەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٢، ١٧٢ لاپەرە، قەبارە: (١٦.٥×٢٣.٥)سم.

٤٩. غاردان بەدوای گورگەکاندا، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٢، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٥٠. چراکانی ئۆرشەلیم، رۆمان، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥١. شۆرشەکانی جیهان، ئامادەکردن، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٢. هەولێر: ئیبن مستەوفی، رۆمان، بەرگی یەکەم، بڵاوکراوەکانی مەڵبەندی گشتی: یەکێتی نووسەرانی کورد، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٢.

٥٣. هەولێر: سیتاقان، رۆمان، بەرگی دووەم، بڵاوکراوەکانی خانەی ئەربل و چاپخانەی شەهاب، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٤. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، گێلە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بلاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٥. زستانی خێزانەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠١٣.

٥٦. کەسایەتییە مەزنەکانی جیهان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

٥٧. سیڤییەکان ٣، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٥٨. سیڤییەکان ٤، کۆمەڵێک راز و دیمانە، وەرگێران، چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان، چاپی یەکەم، ٢٠١٣.

٥٩. رێنسانسی ئەوروپا، مێژوو، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٣.

٦٠. بۆ ئامێزێکی بۆنی تۆ، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێران، سەنتەری لێکۆڵینەوەی فیکری و ئەدەبی نما، چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠١٤.

٦١. فەلەکەدین کاکەیی، چرکەساتی حیکمەت، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر، ٢٠١٤.

٦٢. فەلەکەدین کاکەیی، حەلاجیات، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپی یەکەم، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٤.

٦٣. هەولێر: تەعجیل، رۆمان، بەرگی سێیەم، لەسەر ئەرکی نووسەر، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٤، ٢١٦ لاپەرە، نرخ: (٨٠٠٠)دینار.

٦٤. هەولێر: تەیراوە، رۆمان، بەرگی چوارەم، بە یارمەتی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٥، ٢١٩ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.

٦٥. هەولێر: چۆمان، رۆمان، بەرگی پێنجەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی رۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٥، ٢٢٤ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٦٦. گابریل گارسیا مارکیز، دەریاوانە خنکاوەکە، رۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی دووەم، بڵاوکراوەکانی دەزگای چینی، هەولێر، ٢٠١٥.

٦٧. هەولێر: سەعدی گچکە، رۆمان، بەرگی شەشەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٢٨ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.

٦٨. هەولێر: سەفین، رۆمان، بەرگی حەوتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٣٢لاپەرە، نرخ: (٧٠٠٠)دینار.

٦٩. فەلەکەدین کاکەیی، کودەتای رۆحی، وتاری فەلسەفی، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی، چاپی یەکەم، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦، ٢٨٩ لاپەرە، نرخ: (٣٠٠٠)دینار.

٧٠. فەلەکەدین کاکەیی، گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوێن، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، چاپی یەکەم، لەسەر ئەرکی زریان کاکەیی چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٦.

٧١. فیۆدۆر دۆستۆیڤسکی، پەیامەکانی ژێرزەوی، ڕۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی ناوەندی ئاوێر بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ٢١٤ لاپەرە، نرخ: (٥٠٠٠)دینار.

٧٢. خافییەر سێرکاس، سەربازانی سارا مینا، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٢٢ لاپەرە، نرخ: (٦٠٠٠)دینار.

٧٣. مەلیکە موقەدەم، ژنە یاخیبووەکە، ڕۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧.

٧٤. هەولێر: قەرەچوغ، ڕۆمان، بەرگی هەشتەم، لەسەر ئەرکی هێرش خۆشناو: خاوەنی گرووپی کۆمپانیاکانی: (٧٧) چاپکراوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٧، ٢٣٢ لاپەرە، قەبارە: (٢٣ × ١٧)سم.

٧٥. ژنێک پرچم ڕەش دەکاتەوە، شیعر، چاپخانەی شەهاب هەولێر ٢٠١٧ .

٧٦. ژنە کافرەکە، ڕۆمان، وەرگێرانی لە عەرەبییەوە، بڵاوکراوەکانی دەزگای مەحمود زامدار بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٧.

٧٧. ئەبەنووس، ڕۆمان، لەسەر ئەرکی هێمن زەندی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەلات، هەولێر، ٢٠١٨، ١٢٧ لاپەرە، نرخ: (٣٠٠٠) دینار، قەبارە: (٢١×١٤)سم.

٧٨. هەولێر عەنکاوە، ڕۆمان ڕۆژهەڵات ٢٠١٨ لەسەر ئەرکی بنەماڵەی شەهید سۆران عەنکاوەیی چاپکراوە، ٢١٦ لاپەڕە، قەبارە ٢٣. ١٧ سم.

٧٩. ژن له ژیـــانی کاســـترۆ وەرگێـــڕان، ١٢٢ لاپەڕە، ١٣.٢٢ســـم، کتێبخانەی مێخەک سۆران ٢٠١٨
٨٠. هەولێر کوران زانیاری، رۆمان ٢٠١٨، ٢٣.١٧سم، لەسەر ئەرکی د. محەمەد عوزێری چاپکراوە، هەولێر چاپخانەی رۆژهەڵات.
٨١. ژنه خامۆشـەکه، نووسـینی مەلـیکه مەقەدەم، وەرگێـڕان، رۆمـان، سۆران مێخەک ٢٠١٨. ١٣٨لاپەڕە.
٨٢. کلاشـینکۆف، رۆمـان، بەهاوبەشـی لەگەڵ د. مـحەمەد عـوزێری نووسراوە. هەولێر ٢٠١٨ . ٢٠٠ لاپەڕە ١٤.٢١سم.
٨٣. هەولێر رینکەبی رۆمان هەولێر ٢٠١٩
٨٤. مافیا دەوڵەتـی سـامانی و خـوێن، وەرگێڕان ناوەنـدی سـارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨٥. پـاوەری سـەرۆکە نەخۆشـەکان، وەرگێـڕان ناوەنـدی سـارا چ ٢، سلێمانی ٢٠١٩.
٨٦. خزمەتگوزارەکـانی کۆشـکی سـپی وەرگێـڕان، ناوەنـدی سـارا سلێمانی ٢٠١٩
٨٧. منداڵی دیکتاتۆرەکان وەرگێران ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٨٨. به لیڤل بینیم به قەڵەم دەینووسمەوە. یادنووس  هەولێر ٢٠١٩.
٨٩. سیڤییەکان بەرگی ٥ ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.
٩٠. دەریاوانه خنکاوەکه مـارکیز رۆمـان چ ٣ ناوەنـدی سـارا سلێمانی ٢٠١٩.
٩١. خزمەتگوزارەکانی کۆشکی سپی ناوەندی سارا سلێمانی ٢٠١٩.